
ڕۆشنبیری گشتی و ئیسلامی، زانست و ئیمان
پەیامی قیبلە

زنجیرەی
١٧

# پەیامی ئیسلامی قیبلە



د.عومەر عەلی

٢٠١٨

زنجیره (١٧)

# پەیامی
# ئیسلامی قیبلە

د. عومەر عەلی
٢٠١٨

پەیامی قیبلە

رۆشنبیری گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان


**ناوی کتێب:** پەیامی ئیسلامی قیبلەعومەر عەلی

**نوسەر:** توانا ئەحمەد

**دیزاینی ناوەوەو بەرگ:**

**چاپخانە:**

**تیراژ:**

**نرخ:**

**ژمارە (       )ی ساڵی (       )ی**

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە**

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی:

ئەم پەرتوکە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك وتاری هەمەجۆر کە بۆ گۆڤارو پێگەو بڵاوکراوەو چالاکی جۆربەجۆر نوسراوە، لێرەدا کۆکراوەتەوە لە دوو توێی ئەم پەرتوکەدا بە ئومێدی سودی زیاترو خزمەت بە بواری ئیسلامی و ڕۆشنبیری.

د عومەر عەلی

## ئەوەی پێویستە بوترێت.
## لە ڕوانگەی قورئانەوە

تەنها پەروەردەی کەسێك سالانێکی تولانی دەوێت گەر بە دروستیش و لە لە دۆخێکی ئارامیشدا بێت دەیان ساڵی دەوێت تا ببێتە کەسێکی پسپۆڕ لە بوارێکدا، خۆ ئەگەر گەورەتری بکەین و لە چوارچێوەی خێزانێکدا سەیری بکەین پێداویستی و ڕێگاکانیان چەندی شێوازی جۆربەجۆری دەوێت، تا گەورەتربێت تەنها بە بیرکردنەوەیەکی خێراش دەرك بەوە دەکەین چەند هەوڵەکان دەبێت فراوانتر بێت.
گەر خانویەکی سادەش بۆ ماوەیەکی کەمی دیاریکراویش بێت پێویستی بە چەندین کەرەستەو کەسی کارامە دەبێت بۆ دروستکردنی، خۆ ئەگەر گەورەتربێت و ماوەکەشی درێژتربێت بێگومان کەرەستەی زیاترو کەسی کارامەی بە تواناتری دەوێت، خۆ ئەگەر باڵەخانەبێت دەبێت ئەوسا کۆمپانیای زەبەلاح کاری تێدا بکات، خۆ ئەگەر دروستکردنی وڵاتێك بێت ئەوا پێویستی بە کەرەستەو کەسانی زۆر پسپۆڕو کارامەتری دەوێت بۆ بونیادنان و پاراستنی کیانەکەشیان، خۆ ئەگەر بۆ بونیادو دروستکردنی تەواوی جیهان بێت لە جێگەیەکی تەندروست و دۆخێکی دروستدا ئەوسا دەگەین بەو ئەنجامەی لە توانای مرۆڤ بەدەرە، چوون کە سەیرو لێکۆڵینەوە لە دەستوور پلانە دونیایەکان دەکەین و دەبینین تەواو پێچەوانەی چارەسەری کێشە گشتیەکانە جگە لە قورئان نەبێت کە تەنها سەرچاوەی دروستەو بە بێ جیاوازی گشت دۆخەکانی لەبەرچاو گرتووە، گەورەیی ئەوەش بۆ ئەو زاتە خۆی دەگەڕێتەوە کە هەرخۆی دروستکەری گشت بەشەریەتە.

گشـت پێداویسـتە مرۆڤایەتیـەکان و گشـت یاسـا دادگـەرەکان پێویسـتە کۆمەڵێـك ئامانـج لەبەرچـاو بگـرن کـە ئـەو لەبەرچاوگرتنـە ببێتـە مایـەی پاراسـتنی بەرژەوەنـدی گشـتی و وەك هێڵـی سـەرەکی کاری لەسـەر بکـەن و دایمەزرێنـن، کـە سـەیری ئامانجەکانـی قورئـان دەکەیـن وەك ئـەوەی کـە زانـاکان دیاریـان کـردووە دەبینیـن ئەرکـی قورسـی مرۆڤایەتـی قورئـان سـوکی کـردووە، قورئـان وەك تاکـە کتێبـی پارێـزراوو کـە ماوەتـەوەو بووەتـە کۆتـا پەیامـی ئیلاهـی گشـت بەرژەوەندیـە مرۆیەکانـی لـەو کتێبـەدا کۆکردووەتـەوە، بـە جیـا لـە کتێبـە ئاسـمانیەکانی تـر کـە وەك قورئـان فـراون نەبـووە چـوون بـۆ سـەردەمێك هاتـووەو پارێـزراو نەبـووە لـە دەسـتی مرۆڤـەکان و دەسـتکاری کردنیـان بـۆ لەبەرژەوەنـدی چینێکـی دیاریکـراودا.

هەربۆیـە تەنهـا لـەم ٥ ئامانجـەوە سـەیری بکەیـن و دواتـر ئـەو دەقانـەی کـە دەچێتـە چوارچێـوەی ئـەو خاڵانـەوەو گشـت ئالیەتەکانـی دەگەیـن بـەو ئامانجـەی کـە ئـەم قورئانـە تەنهـا کتێبێکـی ڕۆحـی نـی یـەو بـۆ خوێندنـەوەی مرۆڤـەکان دانرابێـت لـە نێـوان خۆیـان و خوایانـدا...

ئەوتـا خاڵێکیـان زیاتـر لـەو بـوارەدا دەخولێتـەوە کـە ئەویـش هـەر لـەو پەیوەندیـەدا قەتیـس نەکـراوە، هەتـا نوێـژەکان بـە کۆمـەڵ و بـە ڕابەرایەتـی کردنـی کەسـێکی تـر خێـری زیاتـرە، وە باقـی عیبادەتەکانـی تریـش.

دواتـر پاراسـتنی مـرۆڤ دێـت، داواتـر پاراسـتنی ژێـری مرۆڤەکـە، دواتـر پاراسـتنی وەچـەو منداڵـەکان دواتـرو کۆتایـی پاراسـتنی سـەروەت و سـامان و ماڵـی مرۆڤـەکان...

تەنهـا بـە دیقەتـدان لەسـەر نـاوەکان بەبـێ هیـچ شـیکردنەوەیەکیش ئـەو پرسـیارە جدیـە خـۆی قـوت دەکاتـەوە ئـەم ئامانجانـە چـۆن دەبێـت بپارێزرێـت ئەگـەر ئالیەتـی نەبێـت وە کـە ئالیەتـی هەبـوو ئـەو ئالیەتـە چ

ناوێکـی لـێ دەنرێت؟ ئـەوەش وەڵامەکەیەتـی کـە قورئـان ناکرێت دەخاڵەتـی لـە چۆنیەتـی بەڕێوەبردنـی مرۆڤەکانـدا نەبێت، ئەوەتـا دووکـەس کـە دەکەونـە کێشـەوە کەسـێکیان قبوڵـە دادوەریـان بێـت بەرژەوەنـدی لەگـەڵ کەسـیاندا نەبێـت و بـێ لایـەن بێـت، کـێ هەیـە لـە اللـە بـێ نیازتـرو دادگەرتـر بێـت کـە خـۆی مرۆڤـەکان دروسـتکردووەو خـۆی زانایـە بـە گشـت ئاکاروکـردارەکان تـا خـۆی ببورێنێـت لـەوەی مرۆڤـەکان هـەروا وێـڵ بـکات و بیداتـە دەسـتی بەرژەوەنـد خوازەکانـی دونیـا، ئەوەتـا جگـە لـە سـزای دونیایـی خـوای گـەورە سـزای قیامەتیشـی دانـاوە بـۆ مرۆڤـەکان لەسـەرەنجامی تاوانەکانـدا، بـۆ ئـەوەی مرۆڤـەکان لـە ناخـەوە ڕابهێنێـت لەسـەر ئـەوەی کـە هیـچ تاوانێـك لای ون نابێـت و مرۆڤـەکان هـەوڵ بـدەن بـەری ڕەنجـی خۆیـان بخـۆن نـەك بەرانبـەر بـە خیانـەت...

گشـت ئـەو ئامانجانـە کـە ورد دەبینـەوە لێـی دەبینیـن پەیوەندیشـیان پێکـەوە هەیـەو لەیـەك جیانابنـەوە، گـەر تەنهـا پاراسـتنی دینەکـە بـە نموونـە وەرگرین دەبێـت لـەو کردارانـەی کـە دانـراوە بـۆ ئـەو پاراسـتنی پەیوەنـدی توندوتۆڵـی لەگـەڵ خاڵەکانـی تریشـدا هەیـە، تـۆ ئەوەتـا کار لەسـەر پاراسـتنی دینەکـە دەکەیـت لـە عیبادەتـدا سـودی بـۆ جەسـتەش هەیـە، وە باقـی پاراسـتنەکانی تریـش هیچـی خاڵـی نـی یـە لـە عیبـادەت، عیبـادەت تەنهـا لـە مزگـەوت و سـەربەرماڵ و جێگـە پیـرۆزە دیـاری کراوەکانـدا نـی یـە، هـەر کردارێـك لەبـەر خـوای گـەورەو لـە چوارچێـوەی قورئانـدا کـە دەکرێـت هەمـووی هـەر عیبادەتـە، هەربۆیـە سـەرنجدان و وردبوونـەوە زیاتـر ڕاسـتیەکان ڕوونـتر دەکاتـەوەو بەوەنـدە وازی لـێ دەهێنیـن و دەچینـە نـاو خاڵەکانـەوە.

# ئیسلام و ئامانجەکانی

١-پاراستنی دین.
کاتێـك کـە مرۆڤـەکان زانیاریـان نەبـوو لەسـەر بەرنامـەی ئیسـلام تەنهـا بـە ڕۆتینێکـی عیبـادەت وا دەزانـن ئەرکـی خۆیـان بەرانبـەر ئیسـلام بەجـێ گەیانـدووە، هەشـە سەرسـام بـە بەرنامـە حیزبـی و جیهانـی و دونیایەکانـی سـەردەم بـە کـەم سـەیری ئیسـلام دەکات و بـە بـێ کەڵکـی دەزانێـت بـۆ پەیـڕەوی کـردن، لـە کاتێکـدا کـە سـەیری قورئانـی بـەرزو ڕاسـت دەکەیـن دەبینیـن گشـت ئـەو بەهـا بـەرزو پێویسـتانەی کـە پێداویسـتی ژیـان و مرۆڤایەتیـن لـە قورئانـدا وەك دەق تۆمارکـراون، سـەردەمانێك تەنهـا زانـاکان پەییـان بـەو ڕاسـتیە بـردووە، دواتـر زانـاکان کـە هەوڵـی خۆیـان خسـتووەتە گـەڕو هەوڵەکانیـان هاتووەتـە بەرهـەم هۆکارێکـی گـەورەو ئاسـان بـوون بـۆ تێگەشـتنی دوای خۆیـان لـە دەقـە قورئانیـەکان بـە باشـی، گەرچـی لـە کۆمەڵگـەی کوردەواریـداو لـەم سـەردەمەی ئێسـتەدا خوێندنـەوەی خراپـی بـۆ دەکرێـت و دەسـتێك لـە پشـت ئـەو خوێندنانـەوەدا هەیـە، چـوون زانایانـی پێشـین هەرچـی هەوڵیـان دابێـت و تەدویـن کرابێـت دەکرێـت تێـدا کۆمەڵێك لـەو هەوڵانـە زیاتـر بـۆ سـەردەمی خۆیـان بـوو بێـت و بـۆ ئێسـتە لەبـواری کرداریـدا جێگـەی سـود نەبێـت زیاتـر وەك تێگەشـتن و زانیـاری لەبـواری مێـژووی پێشـیندا ئـەو دەقانـە کەڵکـی لـێ وەرگیرێـت، بـەڵام بـە گشـتی هەوڵـی زانایـان چـوون مەشروعیەتـی شـەرعی لەسـەر هەوڵەکانیـان هەیـەو بـە پێـکان و نەپێکانیـان خێریـان دەسـت کەوتـووە بـەڵام بـە پەیڕەوکردنـی ئێمـە لـەو هەوڵانـەی کـە نەیـان پێـکاوە خەیرمـان دەسـت ناکەوێـت بـەڵام ناکرێـت ئێمـە هەوڵـی ئـەو زانایانـە لەبەرچـاو نەگریـن و بیکەیـن بـە هـۆکاری

ناشرینی دینەکەش، چوون هەرچی زانای ئێستەش هەیە دەکرێت هەوڵ و ئیجتهادەکانیان بە گشتیش بۆ ئێستە بەسوود بێت ناکرێت بۆ داهاتوو وەچەکانی داهاتووی ئێمەش ئەو ئیجتهادانە هەمووی هەروەك خۆی بمێنێتەوە.
هەتا سەرباسی ئەم ووتارەو ئەوانەی تر کە بە دوایدا دێت کە خۆیان لە ٥ ووتاردا دەبیننەوە، سەردەمانێك زانا هەبووە دژی پۆلێنکردنی ئەم باسە بووەو خراپ لێکدراوەتەوە کە چۆن دەبێت قورئان بەم شێوەیە سەیربکرێت، ئەوانەش لە ئیمان بەرزی خۆیاندا بووە کە جێگەی مشتومڕنی یە، ئەم باسانەو مرۆڤ دەبێت تەسلیمی فەرمانەکانی خوای گەورە بێت بەبێ ئەوەی لەم هۆکارانە بکۆڵێتەوە، بەڵام زانای تریش هەن بەڵگەیان پێیە لەوەی ئەم هەوڵانەو دیارکردنی ئەم ئامانجانەی کە ئیسلام لە پێناویدا هاتووە هۆکاری لاوازی ئیمان نی یە بەڵکو بۆ تێگەشتنی زیاترو قوڵترو بەهێزی دڵە، ئەوەتا ئیبراهیم سەلامی خوای گەورەی لێ بێت داوا دەکات لە خوای گەورە کە چۆن مردوو زیندوو دەکاتەوە، لە کاتێکدا یەکێکە لە پێغەمبەرانی ئولول عەزم کە بەو ٥ پێغەمبەرە دەژمێردرێت زۆر ئەزیەتیان لە پێناوی خوای گەورەدا چەشتووە، ئایا دەکرێت داواکردنی چۆنیەتی زیندوو بوونەوە ئەم پێغەمبەرە ئەزیزە باوەڕی پێی نەبێت؟ بێگومان ناگونجێت بەڵکو بۆ زیاتر دڵ پتەوییە، هەروەك چۆن ئەمە بەڵگەیەکە بۆ ئەم زانستەو زۆر دەرەنجامی لێکۆڵینەوەی تریش لەسەر قورئان. دەقی داواکەی ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێت لە قورئاندا تۆمارکراوەو ئیبراهم زانستی یەقینی بەوە هەبووە بەڵام ویستوویەتی بە چاوی یەقینیش بیبینێت وەك قورئان بەم شێوەیە باسی دەکات:
﴿وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ رَبِّ أَرِنِي كَيۡفَ تُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰۖ قَالَ أَوَ لَمۡ تُؤۡمِنۖ قَالَ بَلَىٰ

وَلَٰكِن لِّيَطۡمَئِنَّ قَلۡبِيۖ قَالَ فَخُذۡ أَرۡبَعَةٗ مِّنَ ٱلطَّيۡرِ فَصُرۡهُنَّ إِلَيۡكَ ثُمَّ ٱجۡعَلۡ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٖ مِّنۡهُنَّ جُزۡءٗا ثُمَّ ٱدۡعُهُنَّ يَأۡتِينَكَ سَعۡيٗاۚ وَٱعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ) (البقرة ٢٦٠)

ئیبراهیم ( كە باوكە گەورەی هەموو پێغەمبەرانە) ووتی: خودایە پێم نیشان بدە كە چۆن مردوو زیندوو دەكەیتەوە؟! خودایش فەرمووی: مەگەر باوەڕت نیە؟! ووتی: بەڵێ باوەڕدارم، بەڵام حەزدەكەم دڵنیابم و بەچاوی خۆم زیندووكردنەوەكە ببینم.. خودایش پێی فەرموو: چوار باڵندە بهێنەو باڵییان بكەو ئینجا سەریان ببڕەو پارچە پارچەیان بكە.. ئەمەیە مانای {فصرهن اليك...} پاشان هەر پارچەیەكیان بخە سەر لوتكەی شاخێك، دوایی بانگیان بكە، بەچاوی خۆت دەیانبینیت كە چۆن بەپەلە، بە فڕین یاخود بە ڕۆیشتن دینەوە بۆ لات!.. جا چاك بزانە كە خودا فەرمان بە بوونی هەرشتێك بدات، كتوپڕ دێتە دی و دەخوڵقێت.. بێگومان خودا زۆر بەتواناو دانایەو كارەكانی پڕ حیكمەتە. (تەفسیری گوڵشەن)

مرۆڤ گەر بە سادەیش بیربكاتەوە لەو پێداویستیانەی كە پێویستی پێیەتی دەكرێت بە دوو بەشەوە، بەشێكیان مەعنەوین و بەشێكیان مادین، ئەڵبەت پەیوەندی زۆر پتەویش لە نێوان هەردوو بەشەكەدا هەیەو هەروەك پەیوەندی ڕۆح و جەستە.

ڕۆح گەرچی وەزنێكی نی یە زانستێكە نهێنیەكەی لای خوای گەورەیە هەروەها كۆمەڵێك بیروباوەڕیش تریش وەك ڕۆحەكە ڕاستن و بوونیان هەیەو زانیاریەكەشی بۆمان ئاشكراكراوە، هەروەك چۆن جەستە بە یارمەتی ڕۆح هەڵدەستێت بەكردنی كارەكان هەروەها دەبێت بیروباوەڕیش هەڵسوڕێنەری جەستەبێت لە دروستی كارەكاندا، چوون گەر بیروباوەڕ

نەبـوو جەسـتە بـە هیلاكـدا دەچێـت و ڕۆحیـش بەهـۆی جۆریەتـی هەڵـەی پێچەوانـەوە ئـازاری پـێ دەگات، کەوابێـت گرنگـی بیروبـاوەڕو دینـی ڕاسـت لێـرەدا دەردەکەوێـت کـە سـەرگەورەیە لەنـاو ئـەم مرۆڤـەدا، گـەر دینـی بـە چاکـی و پاکـی تێـدا بـوو، ئـەوا ڕۆحەکـەی لـە دونیـاو قیامەتـدا شـاد دەبێـت و جەستەشـی بـەو کردارانـە هـەڵ دەسـتێت کـە ڕەزامەنـدی خاوەنـی دینەکەیە.
خودی دین خۆی نیعمەتێکە لە دوو حاڵەتدا بەجوانی دەردەکەوێت:
یەکەم: لە کەسێکی دینداردا کە بە ڕاستی ئیمان لە دڵیدا چەسپیووە.
دووهەم: لە کەسێکی بێ دیندا کە زۆر دوورە لە دینەوە.
کاتێـك دیـن بـە گشـت چەمکەکانیـەوە بـە جوانـی لـە دڵـدا جێگیربـوو قەناعەتێکـی پتـەوی وا بـۆ خاوەنەکـەی دروسـت دەکات لـە گشـت نیعمەتەکانـی دونیـا سوپاسـگوزار بێـت لەسـەری و لـە ئـازارو ناڕەحەتیەکانـی دونیـاش ئارامگربێـت لەسـەری، چـوون هەردووکـی تاقیکردنەوەیەکـی خواییـەو کاتیـەو کۆتایـی پـێ دێـت.
نیعمەتـی دیـن ئەوەنـدە گەورەیـە بـە سـەرەوەتی دونیایـی بـەراورد ناکرێـت، هـەروەك چـۆن بەبـێ ڕۆح هیـچ بەهایەکـی نامێنێـت و دەبێـت پەلـە بکرێـت لـە شـاردنەوەیدا ئـاواش مـرۆڤ بەبـێ دیـن دەبێـت بـە بوونەوەرێکـی زۆر سـەیر لـە قورئانـدا وەسـفی ئـەو کەسـانەش لـە خـوار ئاژەڵـەوە کـراوە، وەك بـەم شـێوەیە هاتـووە:
(وَلَقَدۡ ذَرَأۡنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِۖ لَهُمۡ قُلُوبٌ لَّا يَفۡقَهُونَ بِهَا وَلَهُمۡ أَعۡيُنٌ لَّا يُبۡصِرُونَ بِهَا وَلَهُمۡ ءَاذَانٌ لَّا يَسۡمَعُونَ بِهَآۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَٱلۡأَنۡعَٰمِ بَلۡ هُمۡ أَضَلُّۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡغَٰفِلُونَ) (الاعـراف ١٧٩)
بەڕاسـتی ئێمـە زۆرێـك لـە جنۆکـەو ئادەمیزادەکانمـان بەهـۆی بـێ باوەڕیـی و خراپەکاریـی خۆیانەوەبـۆ ئاگـری دۆزەخ هێناوەتـە دی، خـۆ ئەوانـە بیـرو

هۆشـیان هەیـە، بـەڵام وورد نابنـەوەو بـەکاری ناهێنـن تـا ڕێـگای ڕاسـتی ئاییـنیـان بـۆ دەربکەوێـت و چـاك و خراپیـان لا ئاشـکرا ببێـت.. هەروەهـا چاویـان هەیـە، بـەڵام سـەرنج نـادەن تـا ڕێـگای ڕاسـتی پـێ ببینن، گوێیشـیان هەیـە، بـەڵام زەیـن نادەنـە قسـەی بـاش و نابیسـتن تـا تێـی بگـەن. ئەوانـە لـە نەفامـی و تێنەگەیشـتندا وەکـو مـاڵات وان، بەڵکـو لـە ماڵاتیـش گومڕاتـرن، چونکـە مـاڵات بـە پێـی ئـەو زانییـن و فیترەتـەی کـە خـودا پێـی داوە ژیانـی خـۆی دەباتـە سـەر، بەڕاسـتی ئەوانـە بەهـۆی خراپـی کـردەوەی خۆیانـەوە، ئاگایـان لـە خۆیـان نیـەو، غافڵـن لـەو سـزا سـەختەی کـە لـە ڕۆژی دواییـدا چاوەڕوانیـان دەکات. جنۆکـە جـۆرە درووسـتکراوێکی خـودان، خاوەنـی ژیریـی و هۆشـن، شـێوازیان جیایـە لـە شـێوازی ئادەمیـزاد، وە لـە ئێمـە بـزرن و نایانبینیـن.. ئەوانیـش ئیمانـدارو بـێ باوەڕیـان هەیە.(تەفسـیری گوڵشـەن)

ڕێگـرە نەفسـی و دونیایـەکان زۆرن لـە وەرنەگرتنـی دیـن و ڕەد کردنـەوەی بـەڵام گەرچـی خاوەنەکـەی لـە نیعمەتێکـی ڕواڵەتیـدا دەرکەوێـت بـەڵام هەرگیـز لـە ناخـەوە وا نـی یـە، زۆرن ئـەو کەسانەی کـە دواندوومانـن لەسـەر ئـەم پرسـەو وە مسـوڵمانیش بـوون دوای دواندنەکـە.

یەکێـك لەوانـە گەنجێکـی پۆڵەندنـی بـوو ئـەوکات لـە مزگەوتـی نـوور بـووم لـە شـاری بێرمینگهـام لـە بەریتانیـا، گەنجەکـە هـات بـۆ مزگـەوت و داوای کـرد باسـی ئیسـلامی بـۆ بکـەم، منیـش پێـم ووت پێـش ئـەوەی مـن باسـی ئیسـلامت بـۆ بکـەم تـۆ باسـی دینەکـەی خۆتـم بـۆ بکـە، ئەویـش ووتـی: ئـەوەی کـە لەسـەر دینەکـەی خـۆم دەیزانـم بـاوەڕم پێـی نـی یـە و جۆرێکـە لـە شـتی منداڵانـە، کـە باسـی ئیسـلامم بـۆ کـرد بـە خۆشـحاڵیەوە مسـوڵمان بـوو، ئێسـتە نزیکـی ٧ سـاڵ بەسـەر مسـوڵمانێکی ئـەو کەسـەدا تێپەڕیـووەو

ئـەو هـەر لـە بەریتانیـا دەژی و ئـاگادارم لەسـەر ئیسـلامەتیەکەی ماوەتـەوەو ئاسـوودەیە.
جارێکـی تـر لەگـەڵ ئافرەتێکـدا گفتوگۆیـی ئاینـی کەوتـە نێوانمـان کـە باسـی دینەکـەی خـۆی دەکـرد کوڕێکـی ئیسـپانی گوێـی لێدەگرتیـن و پێدەکەنـی و بـەرز دەبوویـەوە بـۆ ئاسـمان و دەیـدا بەڕانـی خۆیـدا! وتـم بـۆ پێدەکەنیـت ووتـی ئـەوەی ئـەم ئافرەتـە باسـی دەکات لەگـەڵ ژێریـدا ناگونجێـت لـە کاتێکـدا خاوەنـی دینێکـی تـر بـوو جگـە لـە ئیسـلام و هیـچ تێبینـی لەسـەر قسـەکانی مـن نەبـوو.
دونیـای بـێ دینـی دونیایەکـی ئاڵـۆزەو هەڵگرەکـەی لـە دونیـادا دەکات بـە قـوڕاو لـە قیامەتیـدا دەیـکات بـە ئاگـردا، هەربۆیـە یەکـەم ئامانـج زانـاکان لـە قورئانـدا هەڵیـان هێنجـراوە خـودی دینـە، چـوون هەبوونـی دیـن و بیروبـاوەڕ دامـەزران لەسـەری دەبێتـە هەڵگـری گشـت پایەکانـی تـر، هەربۆیـە نەبوونـی دیـن و ڕەدکردنـەوەی سـزای سـەختی بـۆ دانـراوەو جێگـەی مەترسـیە لـە کۆمەڵگـەدا.
زۆرن ئـەو زانایانـەی گرنگیـان بـەم زانسـتە داوە لەوانـە: الجوینـي والغـزالي والعـز بـن عبـد السـلام والقـرافي وشـيخ الإسـلام ابـن تيميـة والشـاطبي.
مەبەسـت لـە پاراسـتنی دیـن چـی یـە الديـن : هـو مجمـوع العقائـد والعبـادات والأحـكام التـي شرعهـا اللـه سـبحانه وتعـالى لتنظيـم علاقـة النـاس بربهـم وعلاقـات بعضهـم ببعـض.
بریتیـە لـە کۆمەڵـە بـاوەڕو پەرستشـێك بنەماگەلیـك کـە خـوای گـەورە ڕەوایەتـی پێـداوە بـۆ ڕێکخسـتی پەیوەندیـە مرۆیـەکان و پەیوەنـدی مرۆڤـەکان بـە خـوای گـەورەوە. جا کەسـێك پشـت لـەو بنەمایانـە بـکات ئـەوە دەگەیەنێت کـە پەیوەندیەکانـی بـە دروسـتی نامێنێتـەوە چ لەگـەڵ خەڵکـدا چ لەگـەڵ

خـوای گـەورەدا.
حيـث قصـد الشـارع بتلـك الأحـكام إقامـة الديـن وتثبيتـه في النفـوس.. وذلـك باتبـاع أحـكام شرعهـا.. واجتنـاب أفعـال أو أقـوال نهعنهـا... حفاظـا عـلى الديـن.
مەبەسـت لـەم بنەمايانـە جێگيركردنـی ديـن و چەسـپاندنيەتی لـە ناخـی كەسـەكانداو وە شـوێنكەوتنی و خۆپاراسـتن لـە گوتـەو كـردارەكان ئەوانـەی كـە لـە شـەرعدا جێگيـر بـووە، هەمـوو ئەمانـە لـە پێنـاوی پاراسـتنی دينـدا.
قـال أبـو حامـد الغـزالي " : إن مقصـود الـشرع مـن الخلـق خمسـة : وهـوأن يحفـظ عليهـم دينهـم ونفسـهم وعقلهـم ونسـلهم ومالهـم.. فكل ما يتضمن حفظ هذه الأصولال خمسة فهو مصلحة..
وكل مايفوت هذه الأصول فهو مفسدة ودفعها مصلحة.[1].
ئەبـو حامـدی غەزالـی ڕوونـی دەكاتـەوەو دەڵێ مەبەسـتی شـەرع لە پاراسـتنی ئـەم ٥ شـتە ئەوەيـە كـە ديـن و جەسـتەو ژيـروی و منـداڵ و ماڵيـان پارێـزراو بێـت، هەرشـتێك ببێتـە مايـەی پاراسـتنی ئـەو پێنـج شـتە ئـەوە بەرژەوەنديـەو دەبێـت پارێـزگاری لـێ بكرێـت و وە بـە پێچەوانەشـەوە ئـەوە لـە بەرژەوەنديـدا نـی يـەو دەبێـت دژی بوەسـترێتەوە.
للإمـام الغـزالي :أن كافـة الشرائـع والملـل قـد أطبقـت عـلى حفـظ الضروريـات ا لخمس
ئيمامـی غەزاليـش دڵنيامـان دەكاتـەوە لـەوەی كـە نـەك تەنهـا ئاينـی ئيسـلام بەڵكـو ئاينـە ئاسـمانيەكانی پێشـووتريش بـۆ پاراسـتنی ئـەو ٥ مەبەسـتە گرنگـە هاتـوون.
قورئانـی ڕاسـت و پيرۆزيـش لـە ئايەتێكـدا بـە ڕوونـی گرنگـی دينـمان دەخاتـە

1 http://www.123arab.com/vb/showthread.php?t=55623

پێش چاو، کە هەرکەس جگە لە ئیسلام هەرچی تر هەڵبژێرێت وەرگیراو نی یە لای خوای گەورەو ئەنجامی خراپی دەبێت، وەك دەفەرموێت:
(وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِيالْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ) آل عمران الاية ٨٥
ولأجل الحفاظ على الدين شرع الجهاد للدفاع عن عقيدة التوحيد (وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّىلَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ فَإِنِ انْتَهَوْا فَلَاعُدْوَانَ إِلَّا عَلَى الظَّالِمِينَ)١٩٣ البقرة
وقاتلوهم حتى لاتكون فتنة لە کوشتنیان کۆڵمەدەن هەتا ئاژاوەو فیتنە لەناو دەچێ و، هێزو توانایشیان نامێنێ عەزیەت و ئازاریشتان بدەن و، بۆخۆیان سەرشۆڕو ریسوا دەبن ئایین و دین و بەرنامەی ژیان ، هەر بەرنامەو دینی خوا دەبێ و، زاڵیش دەبێ بەسەر گشت بەرنامەکانی تردا فإن انتهوا فلا عدوان إلا على الظالمين ئینجا ئەگەر ئەوان دەسبەردار بوون و کۆتاییان بەشیرك هێناو، کوڵیان بەدوژمنایەتی و کاری نامەردانەیان دا، ئیتر هیچ دوژمنایەتییەك بەرامبەریان نییە، مەگەر لەسەر ئەوانەیان ستەمەکارو شەڕفرۆشبن، هەرکاتێکیش ئەمانە دەستیان لەناهەقیی وبێ باوەڕی هەڵگرت، ئیتر لەگەڵ ئەوانیشدا جەنگ ناکرێ.
هەر لەبەر پاراستنی دینە جیهادیش شەرعیەتی پێدراوە لە قورئانداو کە ڕێگە نەدرێت بیروباوەڕی چەوت ناخی مرۆڤەکان بخوات، چوون پاککردنەوەی ناخی مرۆڤەکان لە هاوەڵ پەیداکردن بۆ خوای گەورەو بێ دینی جێگەی ئەوەیە جەنگی لە پێناودا بکرێت.
خوای گەورە دەفەرموێ (وَمَاخَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ * مَا أُرِيدُ مِنْهُم مِّن رِّزْقٍ وَمَا أُرِيدُ أَن يُطْعِمُونِ) سورةَالذاريات/ الآيتين ٥٦و٥٧

واتە جنۆکەو ئینسانم بۆ هیچ شتێکی تر دروست نەکردووە تەنها بۆ عیبادەت نەبێت، وە هیچیشم لێ ناوێن نە ڕزق و ڕۆژی نە خۆراك.

خوای گەورە کە ئینسانی دروست کردووە هەرخۆی لە هەموو کەس زاناترە بەو پێداویستیانەی کە هەیانە وە یەکێك لەو گرنگیانەو پێداویستیانەی کە ئینسانی مسوڵمان پێیەتی و بەبێ ئەوە ژیانی ئاستەمە دینە، هەربۆیە ئاینی پاکی ئیسلام ئەو ئامانجانەی لە پێناویدا هاتووە یەکێکیان دینە واتە بۆ پاراستنی دینە، فەراغێکە نەفسیەتی ئینسانەکان دەیخوازێت و داوای دەکات کە شتێك بپەرستێت یادی بکات ئەو فەراغە دەرونیە پڕ بکاتەوە، وە باشترین شتێکیش بۆ پڕکردنەوەی ئەو فەراغە پەرستن و یاد کردنەوەی خوای گەورەیە، وەگەر لەوە لاماندا و ویستمان پێشکەوتنی تێدا ئەنجام بدەین بێ گومان دوا دەکەوین و پێش ناکەوین بۆ نمونە ئەو کەسانەی کە خوای گەورە ناپەرستن و بۆ پەرستنی شتی تر ڕۆشتوون کوا چیان کردووە وازیان لە خوای گەورە هێناوە کەچی شتانێك دەپەرستن منداڵەکانی ئێمە گەمەیان پێ دێت.

سروشتی ڕۆحی مرۆڤەکان داوای پەرستن دەکات هەروەك چۆن سروشتی جەستە داوای خۆراك دەکات، لە شەرعدا هەردوو پێداویستیەکە دەستنیشانکراوەو ئاگادارکراوین لەوەی چ زیانی هەیەو توخنی نەکەوین، خۆراکە جەستەییەکان حەرامکراوەکان پۆلێنکراوە بۆمان و هەتا ئەوەشی بۆنی زیانی لێ دەکرێت دەبێت لێوەی دووربین و بەکاریان نەهێنێت، خۆراکە ڕۆحیەکانیش پێش خۆراکە جەستەییەکان مەشروعیەتی لە قورئاندا هاتووە، چوون دین دەبێت ئەو باوەڕی خۆی لە خۆراکە حەرامەکان بگێڕێتەوە، هەربۆیە کاتێك دینەکەی سالم بوو جەستەکەش

سـالم دەبێـت و بـەم شـێوەیە ژیانـی مرۆڤـەكان لەسـەر سـكەو ڕێـڕەوی بەهەشـتی هەنـگاو دەنێـت و بـە پێچەوانـەوە مرۆڤـەكان لـە زەلـكاوی بـێ بـاوەڕی و دونیـا تـاڵاوی ڕۆحـی دەچێـژن و لـە قیامەتیشـدا تـاڵاوی جەسـتەیی.
سـەیری قورئانـی پیـرۆز بكەیـن پڕیەتـی لـە بەئاگابوونەوەمـان لـە بـێ دینـی و موڵحیـدی كـە چەندیـن نـاوی جۆربەجۆریـان هەبـووەو هەیـەو قورئـان جەختـی لەسـەر دەكاتـەوە بـۆ ئـەوەی ئێمـە لێـی بێئـاگا نەبیـن.
مەدرەسـەیەكی فەلسـەفی تایبەتـی بـەو شـێوە نـی یـە كـە فكـری ئیلحـادی هەمـووی پێكـەوە كـۆ بكاتـەوە، بـەڵام ئاشـكرایە ئـەم هـزرە پێـش ئیسـلامیش هەبـووە وەك بـە دەهریـەكان نـاسراون كـە دەڵێـن ئـەم جیهانـە سـەرەتاو كۆتـای نـی یـە قورئانـی ڕاسـتیش ئـەم باسـەمان بـۆ دەكات و دەفەرموێـت {وقالـوا مـا هـي الا حياتنـا الدنيـا نمـوت ونحيـا ومـا يهلكنـا الا الدهـر ومـا لهـم بذلـك مـن علـم ان هـم الا يظنون}الجاثيـة ٢٤
واتـە: بێبـاوەڕەكان دەیانـووت ئـەم دونیـا چـی یـە دەژیـن و دەمریـن سروشـت و ڕۆژگارە دەمـان ژێنێـت و لەناومـان دەبـات، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئـەوان ئـەوەی ئـەوان دەیڵێـن لـە ڕێگـەی زانسـتەوە نـی یـە تەنهـا گومانـە.
جەمالەدینـی ئەفغانیـش كتێبێكـی هەیـە بەنـاوی بەرپـەرچ دانـەوەی دەهریـەكان، الـرد علـی الدهرييـن، وە بەكارهێنانـی ئیلحادیـش بـۆ ئەوەیـە كـە باوەڕیـان بـە دیـن نـی یـە، ئیـتر دەكرێـت دەسـتەواژەی جیـا جیـا بەدەركـەون وەك لێـرەدا دەهـری دەركـەوت گرنـگ ئەوەیـە گەرچـی ناوەكانیـش جیابـن، بـەڵام هەمـووی لـە ژێـر ئیلحـاددا یـەك دەگـرن، بـەڵام هەتـا نـاوی ئیلحـاد خۆشـی لـە قورئانـدا هاتـووە وەك لـەم ئایەتانـەدا دەبینرێـت:
{وللـه الأسـماء الحسـنى فادعـوه بهـا وذروا الذيـن يلحـدون في اسـمائه سـيجزون مـا كانـوا يعملـون} سـورة الأعـراف١٨٠

واتـە: هـەر بـۆ خوایـە هەمـوو نـاوە جـوان و پیـرۆزەکان، جـا (ئـەی ئیمانـداران) بـەو ناوانـە دۆعـا و نـزا بکـەن و هانـاو هـاوار بـۆ ئـەو زاتـە بـەرن، وازبهێنـن لەوانـەی کـە لـە نـاوە پیرۆزەکانـی خـوادا لادان دەکـەن و (سـیفەت و ناوەکانـی خـوا بەکاردەهێنـن بـۆ غەیـری خـوا)، لـە ئاینـدەدا پاداشـتی ئـەو کارو کردەوانەیـان وەردەگـرن کـە ئەنجامیـان دەدا.

لێـرەدا بـە ئاشـکرا خـوای گـەورە ناوەکانـی خـۆی بـە بیـر مسـوڵمانان دەخاتـەوەو فەرمـان دەکات کـە بـەو ناوانـە دوعـا بکـەن و واز لەوانـە بهێنـن کـە کـە باوەڕیـان پێـی نـی یـەو گرنگـی پـێ نـادەن بـە نـا ئـاگا لەڕاسـتی خـوای گـەورە ناویـان دەبـات.

{ولقـد نعلـم انهـم يقولـون انمـا يعلمـه بـشر لسـان الـذي يلحـدون اليـه اعجمي وهـذا لسـان عـربي مبـين} سـورة النحل١٠٣

واتـە: سـوێند بـە خـوا ئێمـە بەڕاسـتی دەزانیـن بـێ بـاوەڕان دەڵێـن: ئـەم قورئانـە تەنهـا کەسـێك فێـری دەکات، (بەمەرجێـك) زمانـی ئـەو کەسـەی ئـەوان دەڵێـن قورئـان فێـری محمـد دەکات، عەجەمیـەو عەرەبـی نیـەو ڕەوان نیـە، لەگـەڵ ئـەوەدا ئـەم قورئانـە بـە زمانـی عەرەبـی و پـاراوو ڕوون و ئاشـکرا داڕێـژراوە.

{ان الذيـن يلحـدون في اياتنـا لا يخفـون علينـا افمـن يلقـى في النـار خـير ام مـن يـاتي امنـا يـوم القيامـة اعملـوا مـا شـئتم انـه بمـا تعملـون بصـير} سـورة فصلـت ٤٠

واتـە: بەڕاسـتی ئەوانـەی کـە سەرسـەخت و بـێ بـڕوان و دژایەتـی ئایـەت و فەرمانەکانـی ئێمـە دەکـەن و لێـی لادەدەن. خۆیـان ناشـارنەوە لـە ئێمـە، باشـە، ئـەوەی فـڕێ بدرێتـە نـاو ئاگـری دۆزەخـەوە چاکـترە یـان ئـەو کەسـەی کـە بەدڵنیایـی و ئارامـی و هێمنیـەوە دێـت لـە ڕۆژی قیامەتـداو بـەرەو

بەهەشـت بەڕێـزەوە بـەڕێ دەکرێـت؟! ئـەی بـێ بـاوەڕان هەرچیتـان لـە دەسـت دێـت بیکـەن، چونکـە لـە دەسـتی خـوا دەرناچـن، دڵنیـاش بـن خـوا بینایـە بـەو کردەوانـەی دەیکـەن.
دەبینـی لەهـەر سێ ئـەو ئایەتانـەی کـە هێنامانـەوە ووشـەی ئیلحـاد بێبـاوەڕ هاتـووە، بـەڵام ئـەم بێبـاوەڕی و ئینـکاری کردنـە وەك لـە سـەرەوەش ئاماژەمـان پێـدان جۆریـان زۆرە. هەیـە بـۆ نمونـە بـاوەڕی هەیـە بەخـوای گـەورە بـەڵام ئینـکاری شـتی تـر دەکات کـە ئەویـش هـەر لـە ژێـر ئیلحـادی نایباتـە دەرەوە وەك قورئانـی پیـرۆز ئەمەشـمان بـۆ بـاس دەکات و دەفەرموێـت {ولـئن سـالتهم مـن خلـق السـماوات والأرض وسـخر الشـمس والقمـر ليقولـن اللـه فـانی یؤفكون}العنكبـوت ٦١
موئەریخێکـی ئیغریقـی بەنـاوی بلوتـارك وەڵامێکـی جوانـی دەداتـەوە وەك دەڵـێ( لقـد وجـدت في التاريـخ مـدن بـلا حصـون، و مـدن بـلا قصـور، و مـدن بـلا مـدارس، ولکـن لم توجـد أبـدا مـدن بـلا معابـد) واتـە لـە مێـژوودا شـارم بینـی بەبـێ خشـت و بـەرد ، شـارم بینـی بەبـێ باڵەخانـە، شـارم بینـی بەبـێ قوتابخانـە، بـەڵام هەرگیـز شـارم نـەدی بەبـێ پەرسـتگا، یانـی ئـەوە چ باوەڕێکـە ئـەوە ڕەد بکاتـەوە، لەکاتێکـدا ئـەو هەمـوو شـتە گرنگـە دونیایانـە زۆرجـار لـە شـاردا بوونـی نەبـووە بـەڵام پەرسـتگا هەبـوون.
هەروەهـا لقـی تـری لـێ دەبێتـە ئـەم ئیلحادانـە وەك لا دینیـەکان کـە ئەسـڵەن دەڵێـن دیـن مرۆڤـەکان خۆیـان دروسـتیان کـردووە یانـی هـەر بوونـی نەبـووە خـۆی، وە لا أدري یـەکان کـە نازانـن هەیـە یـان نـا!، وە ڕەبانیـەکان کـە باوەڕیـان بـە خـوا هەیـە بـەڵام دینیـش بـە گرنـگ نازانـن.
بـەڵام ئـەم هـزرە کـە لـە ئێسـتەدا هـەر ئـەو هـزرەی پێـش ئیسـلام نـی یـە بەڵکـو لەنـاو مەسـیحیەکاندا زیاتـر ئەمـە دروسـت بـوو لـە دژی مەسـیحیەت

و بڕوایــان وایــە کــە دیــن مرۆڤــەکان کــۆت دەکات و ڕێگــری دەبێــت لــە داهێنــان جا گـەر بێـت و خۆتـی لـێ داماڵـی دەتوانیـت پێـش بکەویـت، کـە مشــتومڕێکی یەکجــار زۆری لەســەرە.
هەمــوو ئــەم هزرانــە هەڵقــوڵاوی ناوچــە مەســیحیە نشــینەکانن بــەڵام لەگــەڵ فراوانیــان و هــۆی پشــتگیریان لەلایــەن زۆرێکــەوە ئیــتر خۆیــان لا زیاتـر گـەورە بـووەو بـە پێـوەری خۆیـان پێوایانـە بـۆ وولاتانـی تریـش دانـاوەو ووتوویانــە دیــن هــەر دینــە، بــۆ ئــەوەی ئێــوەش وەك ئێمــە پێــش بکــەون دەبێـت وازی لێبهێنـن و خۆتانـی لـێ دابماڵـن، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا دیـن هـەر دیــن نــی یــە چونکــە ئەحکامــی شــەرعەکانیان جیــاوازی هەیــە، هەربۆیــە کاتێــك لــە وولاتانــی ئیســلامی بــەدوای ئــەم جــۆرە هزرانــە کەوتــن بینیــان هــەم دینەکەشــیان لــە دەســتداو وە هــەم پێشــیش نەکەوتــن بەڵکــو دواکەوتــن، ئــەو ســاتەی کــە دەســتەکان بــە ئیســلامەوە پابەنــد بــوون لــە قیمــەی پێشــکەوتندا بــوون و ئەوروپــاو ئەمەریــکا بەدەســت پیاوانــی کەنیســەوەو بەدەســت شــەڕەوە دەیــان ناڵانــد لــە لەندەنــدا تــا ئەژنــۆ لــە قــوڕدا دەچەقــی لــە ئەندەلــوس کــە ئیســپانیای ئێســتەیە هەمــوو کۆڵانــەکان ڕوونــاك بــوون، کــە ئێســتەش ئاســەواری ئیســلامی ئەوکاتــەی پێــوە دیــارە. لــە ڕێگــەی ڕۆژهەڵاتناســەکانیانەوە دیســان توانیــان گــورزی بەهێــز لــە وولاتانــی ئیســلامی بــدەن و داگیریــان بکــەن و بەســەرخۆیاندا دابەشــیان بکــەن و وە ســود لــە زانســتە ئاینیەکانیــش بــۆ خۆیــان وەربگــرن و بەرگــی تــری بەبــەردا بکــەن و بیکــەن بــە هــی خۆیــان، هەربۆیــە ئێســتە کــە ســەرنج لــە هەندێــك یاســاکانیان دەدەیــن لــە ڕاســتیدا ئیســلامین و پێــش هەمــوو کــەس ئیســلام دایهێنــاوەو پیــادەی کــردووە، ئەوانیــش ئەکفــەرەو ئەلحەدەیــان کــردووە بــۆ خۆیــان، نمونــە ئــەو حەســانەی کــە بــە منــداڵ دەدرێــت و مافــی منداڵــی لــە

ژێـردا دەپارێزرێـت ئاشـکرایە لەسـەردەمی ئیمامـی عومـەردا ڕەزای خـوای لـێ بێـت داهێـنرا لـە ئەنجامـی گریانـی منداڵێکـدا وە لـە بەشـەکانی داهاتـوودا دێنـە سـەر بەشـێکی تـری گرنگـی ئـەم دینـە کـە پاراسـتنی وەچەیـەو بـە درێـژی باسـی دەکەیـن، وەیـان سیسـتمی پۆسـت و گەیانـدن، لەسـەروی هەموویانـەوە پەرلەمـان و هەڵبـژاردن لـە ڕووی دیموکراسـی و ئـازادی خۆیانـی تێـدا دەردەبـڕن لـە ئیسـلامەوە هاتـووە، تەنهـا ناوەکـە گۆڕانـکاری بەسـەردا هاتـووە لەگـەڵ هەندێـك ئالیـەت و شـوێنی دانیشـتندا، کەچـی ئێسـتە لـە ئەوانـەوە بـۆ ئێمـە دێتـەوە هێشـتا ئێمـەش قبوڵـمان نـی یـە! ئەوەتـا زۆرێـك لـە وولاتانـی عەرەبـی و ئیسـلامی پەرلەمـان هـەر بقەیـە! مافـی ئافـرەت کـە کردوویانـە بـە موڵکـی خۆیـان ئاشـکرایەو هیـچ بەڵگـەی ناوێـت کـە تـا پێـش ئیسـلام ئافـرەت چـۆن دەچەوسایەوەو زینـدە بەچاڵیـان دەکـردن، کـە ئیسـلام هـات چـۆن ئـەو کەلتـورەی گـۆڕی و خۆشـی بـۆ دەکردن کـە بـە عەقیقـە نـاسراوە لـە نـاو مسـوڵمانانـدا دایهێنـاو تـا ڕۆژی قیامـەت هـەر سـونەتە، هەرکـەس دوو کـچ بەچاکـی بەخێـو بـکات جێگـە بەهەشـتە پێکـرد، لـە هەمـوو کارو چالاکیـە دینیەکانیشـدا دەبینیـن ئافـرەت هاوکاربـووە لەگـەڵ پیاوانـداو هیچیـش عەیـب و عـار نەبـووە، لـە پەرستنەکانیشـدا لەگـەڵ پیاوانـدا نوێژیـان کـردووە، بـەڵام ئەمـڕۆ پێچەوانەکـەی دەبینینـەوە ئافـرەت لـە ڕۆژئـاوا ڕۆڵێکـی گرنگـی هەیـە لـە بـەرەو پێشـبردنی وولاتـداو لـە وولاتانـی ئیسـلامی دەسـتیان ناوەتـە بینەقاقەیـان بـە زینـدووی لـە ماڵـدا وەك کوژراویـان لێهاتـووە، پشـتگیری مـن ڕەهایـی نـی یـە بـۆ ئافـرەت وەك ئـەوەی لـە ڕۆژئـاوا هەیـەو زۆرێـك لـە بەرەڵایـی تێکـەڵ کـراوەو دژی ئـەو ئافرەتانـەش نیـم کـەوا حەیـای خۆیـان دەپاریـزن و چاودیـری مـاڵ دەکـەن، بـەڵام ئافـرەت گەرتواناکانیـان بخەنەگـەڕ کاری زۆریـان پـێ دەکریـت و

دەتوانــن لەگــەڵ پیاوانــدا چمکێکــی ژیــان بەرزبکەنــەوە، وەك ئاشکراشــە هەندێـك کار بـە ئافـرەت نەبێـت ناکرێـت لـە فیقهـی ئیسلامیشـدا گرنگـی ئافـرەت بەسـەر پیـاودا دراوە لـەو ڕوانـەوە مەگـەر لەبـەر ناچـاری نەبوونـی ئافـرەت پیـاوان بـە مەرجـەوە قبـوڵ بـکات.

زۆرن لـە مێـژووی ئیسـلامی کـۆن و نوێـدا بیـری تیژیـان خسـتۆتە گـەڕو لـە ژێـر ڕۆشـنای دەقـە شـەرعیەکاندا ئیجتیهـادی خۆیـان کـردووە، بەبـێ مانـدوو نەبـوون و تـا سـەرەنجام کاریگەریەکـی یەکجاریـان لەکاتـی خۆیـان و دوای خۆشـیاندا دروسـت کـردووە، نزیکترینیـان ئـەو مەدرەسـە وەسـەتیەی کـە زۆرێـك ئێسـتە پشـتگیریەتی و لەسـەری دەڕۆن، ئـەو کەسـانەش لای مسـوڵمانە فیکریـەکان بەتایبەتـی نـاسراون وەك: جەمالەدینـی ئاڤغانـی، محەمـەد عەبـدە، عەبدولڕەحـمان کەواکبـی، محەمـەد غەزالـی، عەبدولـڕەزاق سـنهوری، حەسـەن بەنـا، ئەبـو ئەعـلای مـەودودی، سـەید قوطـب، غیلانـی دیمەشـقی، حەسـەنی بـەسری. وە ئیمامـی عەلـی ڕەزای خـوای لـێ بێـت.

وە زۆرن ئـەو کەسـانەی کـەوا داهێنانـی زۆریـان کـردووە لەسـەرەنجامی هزرەکانیانـەوە دەرگایـەك بـوون بـۆ پیشـکەوتن و ووردەکاریەکانـی ئەمـڕۆ، هەندێـك لـەو مسـوڵمانانەی کـەوا دەستپێشـخەربوون ئەمانـەن نـاو لەگـەڵ ئـەو مەجالـەی کـە کاریـان تێـدا کـردووە:

| الاسم | مجــال الدراســة |
|---|---|
| جابر بن حيان | الكيمياء |
| الأسمائي | علم النبات, علم الحيوان, الزراعة الحيوانية |
| الخوارزمي | الجبر, الرياضيات, علم الفلك, جغرافيا |
| الجاهز | عالم الحيوان, تأليف المعاجم, قواعد اللغة العربية |
| الكندي | الفلسفة, الفيزياء, علم البصريات, الطب, الرياضيات, علم المعادن |
| عباس بن فرناس | تقنية الطيران, جهاز حركة الشمس |
| ابن سينا | الطب, الفلسفة, الرياضيات, علم الفلك |
| ابن النفيس | الطب, الفلسفة, الفقه, الحديث |
| ابوالصلت | الهندسة, الأدب, الموسيقى |
| الرازي | الطب, طب العيون, علم الفلك, الكيمياء |
| عبد القادر الكيلاني | فكر إسلامي تصوف إسلامي, |
| الطبري | فن الخط, الطب, الأدب, والرياضيات |
| ابن الهيثم | الهندسه, البصريات, والرياضيات |
| ابن رشد. | علم الفلك, الطب, الفلسفة, والالحساب |

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هزر ئەنجامی ژیری مرۆڤەکانەو خۆی بۆخۆی سەرچاوەی بنەبڕی کارەکان نی یە، جگە لەوەی کە ئەو سەرچاوانەی کەوا بۆ هزرەکان پشتی پێ دەبەسترێت ئەوانیش کاریگەری بنەڕەتیان لەسەر هزرەکان هەیە، وە کاتێك بۆ سەرچاوەکانیش دەگەڕێینەوە ئەوانیش هەر سەرەنجامی هزری مرۆڤەکان بووە تەنها پەرتوکێك نەبێت کە ئەویش قورئانە، لێرەدا دەتوانین بڵێین لە هزرەکان بگەین و کامیان لە پێشەو کامیان لە پاشە ڕیزبەندیان بکەین،

بەبێ هیچ دوو دڵیەك لای ئێمە تەنها ئەو هزرە ڕاستە کە پشت بە قورئان دەبەستێت لەگەڵ دەقە شەرعیە بڕاوەکاندا بەبێ خستنە پێش ژیریەوە، چونکە ژیری دەرك بەهەموو شتەکان ناکات و جیاوازی دروست دەکات، بوونی ئەو هەمووهزرەش ڕاستی ووتەکانمان دەردەخات، ئەگەر وا نەبوایە نەدەبوو ئەو هەموو هزرە جیا جیایە هەبوایە، بەڵام ژیریش سەرچاوەیەکی گرنگی دەرك پێ کردنە هەربۆیە خوای باڵا دەستیش پشت گوێی نەخستووەو بەشی خۆی لە دەقە شەرعیەکاندا بۆ هێڵاوەتەوە تا ئەسپی خۆی تێدا تاو بدات، هەربۆیە کە سەیری قورئان و سەرچاوە زانیاریە قورئانیەکان دەکەین بۆمان دەردەکەوێت کە قورئان لەسەدا هەشتای ڕوون و بڕاوەیە، بەڵام لە سەدا بیستەکەی تر لێك چووەو مانای جۆراو جۆر هەڵدەگرێت، کاتێك کە مرۆڤەکان دێن و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی خۆیانی لەسەر دەکەن ژیری پێ ئاو دەدەن و ڕێگەش بۆ خەڵکی ڕۆشن دەکەن و کاریگەری نا دروستیشی لەسەر ئەو لە سەدا هەشتاکەی تریشی نابێت، وەك لە ئەو مەزهەبانەی کە دروست بوون و بوونەتە چرای ڕووناکی بۆ سەرانسەری جیهان و ئەو زانایانەی کە لەسەرەوە باسمان کردن، بەڵام دەبینین هەندێك زیادە

ڕۆیـان لـە سـەدا بیسـتەکە کـردووە دەسـتیان بـۆ کارانێـك بـردووە کـە خـۆی بـۆ خـۆی بـڕاوە بـووەو پێویسـتی بـە ئەزیـەت نەکـردووە، لەسەرەنجامیشـدا دەسـتیان لـە هەمانەکـەوە دەرچـووەو بـێ بـاوەڕ بـوون بـە ئاینەکـەو خۆیـان بـە قوربـان هزرەکەیـان کـردووە، چونکـە ئـەو شـتانەی کـە بڕاوەیـە لـە ئاینـدا، چونکـە هـزر ناتوانێـت باشـتر لـەو دابهێنێـت هـەروەك لـە ئیعجازەکانـی قورئـان و سـونەتدا بۆمـان دەردەکەوێـت، هەندێـك نکۆڵـی لـەم ڕاسـتیانە دەکـەن و بـێ ئـاگا لـەو زیـان و کێشـانەی کـە بەهـۆی سـەرچاوەی ئـەم هـزرەوە دونیـای ڕۆژئـاواو ئەمەریـکا چەنـد توشـی گرفتـاری ئـەم پشـتگوێ خسـتنە بـوون، بۆنموونـە ئەوانـەی لـە شـەرعدا حەرامـی بڕاوەتـەوەو بەپێـی زەمـەن و پێشکەوتنیشـی حوکمەکـەی وەك خـۆی دەمێنێتـەوە تاوانەکانـی زینـا، مادەی سەرخۆشـکەر، قومـار، ڕیبـا، گـەر سـەرنجی هەمـوو ئـەو وڵاتانـە بدەیـن کـە یاسـای جیـاواز لـەوەی کـە قورئـان هێناویەتـی دانـاوە بـۆ ئـەو تاوانانـە دەبینیـن چـۆن توشـی گرفتـاری و سـەدان کێشـەو نـا دادگـەری بوونەتـەوە بەهۆیـەوە، چونکـە هەرگیـز ناتوانـن لـەوەی کـە خـوای گـەورە دایـنـاوە باشـتر بەرهـەم بهێنـن، کـە لـە بەشـەکانی داهاتـووداو لە بەشـەکانی تـری ئامانجـە دینیەکاندا بـە وردی باسـیان دەکەیـن.

دیـن زۆر لـەوە گەورەتـرە بـە کورتـی ببڕێتـەوە، بـەڵام ئەوەنـدەی لەسـەرەوە باسـمانکرد تەنهـا خسـتنە ڕووی ڕاسـتیەکانی و گرنگـی پێدانیەتـی گەرنـا باقـی باسـەکانی تریـش هـەر پەیوەسـتن بـە دینـەوە، بـەڵام دیـن بناغـەو بنچینـەی گشـت کارەکانـەو بـە بـاوەڕی پتـەووە دەبێـت کردارەکانـی لەسـەر بەرزبکرێتـەوە، هەربۆیـە دینـی ئیسـلامیش بـووە بـەو دینـەی کـە خـوای گەورە خـۆی پێـی ڕازیـە، هەربۆیـە ڕەدکردنـەوەی ئـەم ئامانجانـەش لەلایـەن هەندێك زانـاوە لـەو ڕوانگەیـەوە دێـت کـە ئەوەنـدە ئیمانیـان بـە خـوای گـەورە پتـەوە

وەك بڵێـی چ پێویسـت بـەو ئەزیەتـە دەكات، دینێـك خـوای گـەورە پێـێ ڕازی بێـت ئێمـە چیـن ڕەدی بكەینـەوە، بـەڵام وەك لەسـەرەوە باسـمانكردن و ئـەم وردەكاریـە بـۆ زیاتـر دڵ پتەوییـە، چـوون كـردارەكان لەسـەر پتـەوی و دڵنیایـی دادەمەزرێـت.

ئـەو دەقانـەی كـە زانایـان توانیویانـە جیـای بكەنـەوەو بـە بەڵگـەی پاراسـتنی دیـن نـاوی ببـەن یەكجـار زۆرن، پاراسـتنی دیـن ئالیەتەكانیشـی زۆرن و كـە لـە نێـوان خـۆت و خـوای گـەورەوە دەسـت پێـدەكات تـا دەگاتـە نێـوان خـودی كەسـەكەو وە بەرانبـەرو وە دەسـتەڵات، لـە كات نەپاراسـتنیدا جۆرێـك لـە شـێواندنی بەرژەوەنـدی گشـتی دێتـە ئـاراوە بـە تایبـەت گـەر كەسـەكە كەسێكی خراپـەكارو دەم پیـس بـوو لـەوەی سـوكایەتی بـە پیرۆزیەكانـی ئایـن كـرد، ئەوسـا دەبێـت سـنوری بـۆ دابنرێـت، خۆگـەر سـنورەكەی نەپاراسـت ئەوسـا سـزای بـۆ دانـراوە، هەربـۆ پاراسـتنی دیـن خوای گـەورە پەرستشـەكانی دانـاوە تـا لـە ڕێگەكـەوە دینـی پـێ پتـەو بكەیـت و پارێـزگاری بەینـی خـۆت و خـوای گـەورەو دواتـر بەینـی خـۆت و كۆمەڵگەشـی پـێ خـۆش بكەیـت، كاتێك سـەیری قورئانـی بـەرزو ڕاسـت دەكەیـن دەبینیـن بـۆ پاراسـتنی دیـن نوێـژ دانـراوە، وە بـۆ پاراسـتنی نوێـژ چەندیـن وەسـیلەی جۆربەجـۆری تـری دانـاوە، لـە جێگەیەكـدا هەواڵـی بەشـێك لەوانەمـان پـێ دەدات كـە لـە جەهەنەمـدان و هۆكارەكـەی كـە دەستنیشـان دەكات لـە ئایەتـی ٤٢ وە ٤٣ سـورەتی المدثیر كـە نەكردنـی نوێـژ بـووە لـە دونیـادا وەك دەفەرموێـت :

(مَا سَلَكَكُمۡ فِي سَقَرَ)

ئەوە چی بووَ ئێوەی ڕاپێچی دۆزەخ كرد؟!

(قَالُواْ لَمۡ نَكُ مِنَ ٱلۡمُصَلِّينَ)

بە كەساسیەوە دەڵێن: ئێمە لە نوێژگەران نەبووین.

ئـەوە کـە پاداشـتی قیامەتیـە لەسـەر نەکردنـی نوێـژ، وە دیسـان لـە چەندیـن ئایەتـی تـردا باسـی چۆنیەتـی نوێـژو پارێـزگاری کـردووە وەك ئـەوەی شـەرع دەیەوێـت و بـەو نوێـژە حسـاب دەکرێـت کـە نوێـژە نـەك عـادەت و وەرزشـێکی دونیایـی!، کـە نوێـژ بـۆ پاراسـتنی دینـەو لـە کاتـی خۆیـدا جەختـی خراوەتەسـەر، نوێـژی بـە کۆمـەڵ گرنگـی خـۆی هەیـە، پاراسـتنی نوێـژ کـە بـە ئەخـلاق و ڕەوشـتیا نوێـژە ببینێـت، چـوون نوێژکـەرەکان خۆیـان لـە مزگـەوت یەکـتر دەبینیـن بـەڵام چـۆن تـام و ڕەنگدانـەوەی ئـەو نوێـژە لـە کۆمەڵگـەداو لـە کـردارو گوفتـاردا دەردەکەوێـت، هەربۆیـە نوێـژ مۆرێکـی ڕەشـە بەناوچـاوی ئەوانـەی کـە پارێـزگاری لـێ ناکـەن هەتـا هـەر لـە دونیـادا، ئـەوە نـی یـە لـە ئەنجامـی کارێکـی خراپـی نوێژکـەردا بـە تانـەوە پێـی دەڵێـن خـۆ لـە خۆیـا نوێژکـەرە، کارگەلێـك کـە لەگـەڵ خولقـی نوێـژدا ناگونجێـت نوێژگـەر بـۆ پارێـزگاری لـە دینەکـەی نابێـت ئـەو کارانـە بـکات، خـۆ ئەگـەر کردیشـی دەبێـت زوو پەشـیمان بێتـەوە نـەك ببێتـە بـە خەسـڵەتێك و پێـی بناسرێتـەوە، نابینـی دینـدارە ڕاسـتەقینەکان لـە کۆنـدا کـە کارێکـی خراپیـان لـێ بوەشـیایەتەوە ئامـادەی باجەکـەی بـوون بـۆ پاراسـتنی دینەکـەو خۆیـان پێداگریـان لـە سـزادانیان کردووەتـەوە نـەك پۆلیـس و کارمەنـدی حکوومـەت بـە زۆر بیانگرێـت.

ئەمـەش بەشـێوەیەکی تـر وەڵامێکیشـە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە دیـن تەنهـا قەتیـس دەکـەن لـە نێـوان بەنـدەو خـوای گـەورەداو دەڵێـن ئیسـلام بریتیـە لـە پەیوەنـدی ڕۆحـی نێـوان مـرۆڤ و خـوا، کەچـی هـەر خۆشـیان خۆیـان بـە درۆوە دەخـەن و لـە ئەنجامـی یـەك خراپـی نوێژکەرێکـدا دەڵێـن خـۆ لـە خۆیدا نوێـژ دەکات، ئەمـە سـەلمێنەری ئـەو ڕاسـتیەیە کـە دیـن تەنهـا یـەك جـۆر پەیوەنـدی نـی یـەو پەیوەندیـەکان زۆرن و دواتـر هەمـووی دەبێـت لـە پێنـاو

یەك ئامانجی پاكدا پارێزگاری لێ بكرێت، هەروەها عیبادەتەكانی تر وەك گرتنی ڕۆژووی ڕەمەزان و زەكات دان و حەج و باقی كارە سونەتەكانی تر، لە ڕواڵەتداو وە بە بنەڕەتی لە پێناو خوای گەورەدایەو بەشێكی گەورەی ڕۆحیە لە نێوان خودی كەسەكەو خوای گەورەدا بەڵام دواتر پەیوەندی بە دەوروبەرو كۆمەڵگەوە هەیە، نوێژ دەكەت دەبێت ئەخلاقت لە دەرەوە بە عیبادەت بزانیت، ڕۆژوو دەگریت دەبێت ئارامی لێوەفێربیت و چاوت لە برسیەكان بێت، زەكات دەدەیت دەبێت ئەو چینانە بدۆزیتەوە كە قورئان دەستنیشانی كردووە، حەج دەكەیت نابێت لەوێ كەس ئەزیەت بدەیت وە تا كۆتایی.

كورت و پوختی كە سەیری دین دەكەین دەبینین بۆ پاراستنی ٥ پایەی گرنگ هاتووە لەسەروی هەموویانەوە پاراستنی دین خۆیەتی، چوون دین خۆی بنچینەی كارەكان و عامودی فەقەری پایەكانی ترەو تا بنچینەو پایەكان بەهێزتر بێت باقی پایەكانی تر ئاسان دەبێت، وە بۆ پاراستنی ئەم بنەماو بنچینەیە عیبادەتی داناوە وە هەروەها سزای دونیایی و قیامەتیشی داناوە، كاتێك مرۆڤەكان واز لە دینی ئیسلام دەهێنن یان بێ دینن بە هەرناوێكەوە بێت لە ڕاستیدا ئەوە تەنها بێ دینن بە ئیسلام گەرنا نەیان توانیووە بەبێ گەورەدانانی شتگەلێك لە جێگەی دیندا وەك پەرستراو بمێننەوە، دەبینین لە دونیادا چەند دین هەن؟ چەندین پەرستراوی جۆربەجۆر هەن! هەموو ئەوانە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن كە مرۆڤەكان بەبێ دین ناتەواون و سروشتی مرۆڤەكان داوای پەرستراوێك دەكات، خوای گەورەش خۆی داناوە بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییەو وە بە دروست پڕكردنەوەی كاتێك مرۆڤەكان سەریان لێ دەشێوێت بەهەرجۆرێك لەبری خوای گەورە ناچار دەبن شتگەلێك بپەرستن كە جێگەی مەنتیق و ژیری

نی یە خودی پەرستراوەکە وەك لەسەرەوە باسمکرد خاوەن دینێك خوایەکی خۆی بە دیاری پێمدا، ڕۆح پێویستی بە خواردنە خواردنی دروستیش بۆی دینی پاکی ئیسلامە، کە ئەو خواردنە پاکەت دەرخوارد نەدا ناچار هەر دەبێت شتێك بخوات بۆ ڕاکردن و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەوسا کە دینێکی تر دەکاتە بەدیل یان هەر شتێکی تری فکری و ئایدۆلۆژی ئەوسا ڕۆحەکەی نەخۆش دەکەوێت و خواردنەکەی چوون دروست نەبووە پێی ناکەوێت، هەربۆیە دەبینین چەندین زانای گەورەیە هەیە لە بوارە دونیایەکدا بەڵام لە ڕووی پەرستنەکەوە شتانێك دەپەرستێت خۆشی لە ڕووی نایەت باسی بکات و لەگەڵ ژیری و کارەکەی هەتا خۆشیدا پێك نایەتەوە، مامۆستایەك سەرپەرشتی یەکێك لە توێژینەوەکانی دەکردم لە خوێندنی باڵا لە بەریتانیا بۆیە وردتر نایڵێم تا نەناسرێت چوون بەداخەوە بەو شێوەیە مرد، لە ئۆفیسی خۆیدا لە زانکۆ خوای هەبوو لە مەکتەبەکەدا دایبنابوو، یان هەیە خۆم ئاخافتنم لەگەڵی کردووە کە منداڵەکەی لە جێگەی خوادا پیرۆز کردووە، هەیە زۆر شتکەلێکی لە دونیای خەیاڵدا دروستکردووەو دەیپەرستێت بەجۆرێك خۆی ئاسودەبێت پێی و پەنای بۆ دەبات بەبێ ئەوەی ئالیەتێکیشی وەك دەق لەبەردەستدا بێت بۆ ئەو پەرستنە، بەڵام لە ئیسلامدا هێڵەکان بە ڕوونی کێشراوە، ئاراستەکەی دیاری کراوە، کردارو گوفتارەکانیشی دەستنیشانکراوە! چ ڕەحمەتێکە بەبێ ئەزیەت ئەو سەروەتە لەبەردەستدایە...

لە مزگەوت کابرایەکی ئینگلیز هات بۆ مزگەوت و مسوڵمان بوو، دوای ماوەیەك باسێکی نووسی لەسەر خۆشەویستی خوا! گشت ئەو ناسۆرو نارەحەتیانەی کە چەشتبووی لە بێ دینیدا لەو توێژینەوەدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، کورتی توێژینەوەکە گەشتبوو بەو ئەنجامەی کە ئەگەر بیناسیت

خۆشـت دەوێـت واتـە ناسـینی اللـە، وە کەسـێك کـە خۆشـی ناوێـت بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە نایناسـێت، چـوون کـە ناسـیت شایسـتەی ئـەوە نـی یـە لێـی دووربکەویتـەوە، وە دوورکەوتنـەوە لێـی دەبێتـە مایـەی زیانـی خـۆت.
جـا بـۆ ئـەوەی چاکتریـش بیپەرسـتین پێویسـتە چاکـتر بیناسـین وە بـۆ ئەوەی چاکـتر بیناسـین دەبێـت سـەیری ئـەو قورئانـە بکەیـن کـە دانـراوی خۆیەتـی و شـیکاری ناسـینەکەی تێدایە.

٢-پاراستنی جەستە.
سـەدان دەق و یاسـاو ئەحـکام لـە چوارچێـوەی ئـەم ئامانجـەدا کۆدەبێتـەوە، وەك حەرامێتــی خــۆ کوشــتن، وەك بەدواداچــوون و دەواکردنــی خــود و خودپاراسـتن و زیـان نەگەیانـدن بـۆ خـۆت، ئەحکامـی قصـاص و جیهـاد و زۆر شـتی تـر هەمـووی لـە چوارچێـوەی پاراسـتنی مرۆڤەکاندایـە.

٣-پاراستنی ژیری.
ئیسـلام وەك چـۆن بەهـۆی ژیریـەوە مرۆڤـی جیاکردووەتـەوە لـە گیانلەبەرانـی تــر، یاساشــی دانــاوە بــۆ پاراســتن لــەو ژیریــە. بــە پاراســتنی ژیــری و رۆشـنفکرکردنمان بـە دەقـە ئاسـمانیەکان مـرۆڤ وەك خـۆی بـەرز دەکاتـەوە، بـە پێچەوانـەوە خـۆی ئاسـتی خـۆی دادەبەزێنێـت و هێـمای پرسـیار لەسـەر کاملّــی مرۆڤبوونــی خــۆی دروســت دەکات.
-ژیری سەرچاوەی ژیان و خۆشگوزەرانی مرۆڤە.
-لە المعجم الوسیط دا هاتووە (عقل) ادراك الاشیاء علی حقیقتها.
-لە لسان العرب یشدا بە مانای گرتن و بەردان هاتووە.
-زیاتر لە ٣٠ جار لە قورئاندا باسی ژیری هاتووە (عقل).

(إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ) النحل ٦٧
(وَلَقَد تَّرَكْنَا مِنْهَآ ءَايَةَۢ بَيِّنَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ) العنكبوت ٣٥
پاراستنی ژیری دەکرێت بە دوو بەشەوە:
یەکەم: پاراستنی لایەنی فیزکیەکەی وەك نەخواردنی مادەی هۆشبەرو سرکەر.
(يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ٩٠ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ فِي ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِۖ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ ٩١) المائدة ٩١
(لعن الله الخمر وشاربها وساقيها وبائعها ومبتاعها وعاصرها ومعتصرها وحاملها والمحمولة إليه وآكل ثمنها) رواه ابو داود
خۆ دوورگرتنەوە لە مامەڵەکردن پێیانەوە پشت بەستن بە ڕەزاقی خوای گەورە.
-چەند گەنجێکی سعودی دەچن بۆ تورکیا بۆ بەسەربردنی کاتانێکی غەفڵەت و دوور لە دین و یادی خوای گەورە، وەك خۆیان دەڵێن بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش، بەڵام چ خۆشیەك لە لە دەستدانی عەقڵ و بێهۆشی و خۆ نزمکردنەوەی بۆ ئاستی خوارتر لە ئاژەڵدا هەیە؟ دەچنە هوتێل و شتومەکیان دادەنێن و ئیسراحەت دەکەن و دوای ئەوە دەردەچن بۆ بارو مەشروبخانەکان، شەو بەهەرحاڵ دەگەڕێنەوەو وەزعیان زۆر خراپ دەبێت ئەوەندەیان خواردووە، هەر کە دەگەنە ناو ژوورەکەیان هەریەکەو بەلایەکدا دەکەوێت و توانای خۆچاککردنیان نامێنێت و لەسەر زەوی ناو تەوالێتەکەدا لێی دەکەون، بۆ بانگی بەیانی کەسێك دێت دەدا لە دەرگاکەیان و زۆری لێ دەدا تا یەکێکیان دەیکاتەوە،

سەیر دەکات ئەو کەسەیە لە ئیستعلاماتەکەدا کار دەکات و دەڵێ ئێوە خەڵکی سعودیەن و دوێنێ لە کاتی وەرگرتنی پاسەپۆرتەکەدا بۆ تۆمارکردن زانیمان و خۆشتان وتان لە مەدینە دەژین، منیش یەکێکم لەوانەی بەردەوام نوێژەکانم بە جەماعەت لە مزگەوت دەکەم و ئەمەم بە ئیمامی مزگەوتەکەمان وت، ئەویش وتی توخوا ئەو گەنجانە بهێنن با یەکێك لەوان بەرنوێژیمان بۆ بکات! من چۆن بەرنوێژی کەسێك بکەم لە لای پێغەمبەرەوە هاتووە درودی خوای لەسەر بێت! کابرا تا ئەو کاتە هەندێك بەری داوەو هەست بە شەرمەزاریەکی یەکجار زۆر دەکات! بەڵام خۆ ئەوان پیسن و چۆن ئەو کارە بکەن! دەڵێ برۆ باشە ئێستە دێینە خوارەوە! دەڵێ دوای ئەوە کابرا هەم دیسان خەویان لێ کەوتەوە! دوای ماوەیەك چاوەڕوانی هەم دیسان هاتەوە بانگی کردن، دەڵی وتی باشە هەر ئێستە دێین و هاوڕێکانی بە پەلە هەڵ دەستێنێت و بە خێرای ئاو دەکەن بە خۆیانداو دەچن! سەیر دەکەن مزگەوت پڕە لە خەڵك و هەمووی چاوەڕوانی ئەوان دەکەن! ئەوانیش هەرچۆن بێت نوێژەکە دەکەن و هەست بە شەرمەزاریەکی زۆر دەکەن و دەبێتە مایەی گەڕانەوەیان بۆ سەر ئیسلام.

-پیاو چاکێك دەفەرمێت: بەهەشت بە خۆڕاییەو جەهەنەم بە پارەیە! دەڵێن چۆن شتی وا دەبێت؟ دەفەرموێت: مزگەوت بە بەلاش دەچیت بۆی و دیسکۆو مەشروب بە پارەیەو دەتبات بۆ جەهەنم.

دووەم: لایەنی فکری و پەروەردەکردنی ئەم ژیریەیە لەسەر قورئان و بنەما دروست و پتەوەکان، ئەوەی لایەنی بیروباوەڕە لە قورئاندا جێگیربووە، ئەوەشی لایەنی تەجروبیە مرۆڤ ئازادکراوە ئەسپی خۆی تێدا تاو بدات. زۆرجار کێشە فکریەکان لە مادە هۆشبەرەکان خراپترە!

مـادەی هۆشـبەر کاتیـەو بـە گشـتی خەڵکـی بـە خراپـی دەزانێـت و هەوڵـی خـۆ دوورخستنەوەشـی دەدات، هەتـا لـە وڵاتـە پێشـکەوتووەکان لەگـەڵ ئـەوەش کـە خواردنـەوە کحولیـەکان زۆرە دەزگایـان هەیـە بـۆ یارمەتـی دان لەسـەر دوورکەوتنـەوەی هـەروەك چـۆن بـۆ کێشـانی جگـەرەش هەیـە، چـوون ئەمانـە هەمـووی کێشـە دروسـت دەکات و بارگرانـی دەبێـت بـۆ سـەر دەوڵـەت. بـەڵام کێشـە فکریـەکان زۆرجـار مـرۆڤ لـە غەفڵەتێکـی گـەورەو قوڵدایـەو خۆشـی بەڕاسـت دەزانێـت و ئامـادەی پیاویشـی لەسـەر بکوژێـت و دونیـای لەسـەر وێـران بـکات.

هەربۆیـە پـەروەردەی عەقـڵ و ژیـری گرنگیەکـی یەکجـاری لـە ئیسـلامدا هەیـە، بووەتـە جێگـەی تەکلیفـی شـەرعی و کەسـێك کـە عەقڵـی لەدەسـتدابێت لـە شـەرعدا حیجـری دەخرێتـە سـەر، نابێـت کارەکانـی بەدەسـتی خـۆی بێـت چـوون سـودو زیـان لەیـەك ناکاتـەوە.

حفظ العقل في الإسلام

حفـظ العقـل هـو أحـد الكليـات المقاصديـة في الإسـلام والتـي أكـد عليهـا كثـيراً. فـأول أوجـه عنايـة الإسـلام بالعقـل جعلـه مناطـاً للتكليـف، وشرطـاً قبـل الحسـاب مقابـل الثـواب أو العقـاب في الدنيـا والآخـرة. وهـو شرط لفهـم العقائـد والأحـكام وتطبيقهـا. وجعلـه اللـه ميـزة للإنسـان عـلى البهائـم والـدواب، وأثنـى بتكـرار عـلى المتدبريـن. كما أن الـشرع منع عليه المسـكرات والمخـدرات حفاظـاً عليـه مـن الضيـاع. وحث الإسـلام عـلى العلـم وذم الجهل، وأمـر بمحاربـة الأميـة، لمـا في ذلـك مـن تعطيـل لأهـم وظائـف العقـل وهـو حسـن التفكـر والنهـوض بالإنسـانية. وفي نفـس الوقـت حـد الشـارع للعقـل حـدوداً وسـن لـه ضوابـطَ وقيـوداً.

وسائل حفظ العقل في الإسلام

حرص الإسلام على حفظ العقل من المفسدات الحسية والمعنوية. فمن المفسدات الحسية الخمر وما في حكمها. يقول تعالى (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٩٠ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ فِي ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ ٩١) (المائدة ٩١). فنصوص تحريم الخمر كثيرة في الكتاب والسنة حفاظاً على جوهر ما يملك الإنسان وهو عقله، حتى وإن كان غيابه لفترة مؤقتة والتي قد يرتكب فيها المرء ما يندم عليه طول حياته. فالخمر سبب لانتهاك كل الضروريات الخمس للشريعة من دين ونسب وعرض ومال، فهي أصل كل شر وبلاء.

والنوع الثاني من مفسدات العقل التي حرص الإسلام على درءها، هي المفسدات المعنوية، كالتصورات المفسدة للدين والمجتمع أو سائر أنشطة الحياة البشرية. ودليله آيات كثيرة جداً تذكر بوجوب إعمال العقل، منها قوله تعالى: (أَمۡ تَحۡسَبُ أَنَّ أَكۡثَرَهُمۡ يَسۡمَعُونَ أَوۡ يَعۡقِلُونَۚ إِنۡ هُمۡ إِلَّا كَٱلۡأَنۡعَٰمِ بَلۡ هُمۡ أَضَلُّ سَبِيلًا ٤٤ أَلَمۡ تَرَ إِلَىٰ رَبِّكَ كَيۡفَ مَدَّ ٱلظِّلَّ وَلَوۡ شَآءَ لَجَعَلَهُۥ سَاكِنٗا ثُمَّ جَعَلۡنَا ٱلشَّمۡسَ عَلَيۡهِ دَلِيلٗا ٤٥ ثُمَّ قَبَضۡنَٰهُ إِلَيۡنَا قَبۡضٗا يَسِيرٗا ٤٦) الفرقان ٤٤- ٤٦

فهذه الآيات وغيرها تحث العقل على الابتعاد عن الحياة البهيمية المفسدة للنفس والفكر.

٤-پاراستنی وەچە.

دونیا کە زۆر پێشکەوتووەو مرۆڤایەتی بەناو شیوی زۆر گەورەی نەزانیدا رۆشتووە ئەوسا هەستیان بە بۆشایەك كردووە كە ئەویش پاراستنی منداڵە، ئێستە یاسای پاراستنی منداڵ رێكخراوەكان جەختی لەسەر

دەکەنـەوە، چ وڵاتێـك زۆر پێشـکەوتووەو مافـی منـداڵ دەدات هیچـی وەك ئیسـلام بـە وردی رەچـاوی مافەکانـی نەکـردووە، ئیسـلام ئەوەنـدە وردە لـەم خاڵـەدا هەتـا لـە سـەیرکردنێکی گەنجێکـەوە مەترسـی پێشـێلکاریەکی وامـان دەخاتـە پێش چـاو نەبـادا منداڵێـك ببێتـە قوربانـی ئارەزویەکـی پیس.

پاراسـتنی منـداڵ زۆر لـەوە گەورەتـرە لـە ئیسـلامدا کـە تەنهـا لـە کاتـی هەبونیـدا مـاف بیگرێتـەوە، یـان تەنهـا مافەکانـی مـادی بـن..

بۆچی زینا حەرامە؟

بۆچی ئافرەت کە شـوەکەی مرد یان تەڵاقدرا ناتوانێت یەکسـەر شـوو بکاتەوە؟

بۆچی لەباربردن حەرامە؟

دەبینیـن لـە ئیسـلامدا گشـت ئـەو ڕێکارانـە دەبێتـە مایـەی پاراسـتی منـداڵ چ مـادی و چ مەعنـەوەی و چ پێـش دروسـتبوونی منداڵەکـەو چ لـە کاتـی حەمـل و دواتـر هاتنـە دونیایـەوە ڕێسـاو یاسـای خـۆی بـۆ دانـاوە.

وقـد شرعـت الشريعـة الإسـلامية إجـراءات متعـددة لحفـظ النسـل، وحفـظ الفـرج، وحفـظ النسـب، ومـن ذلـك تحريـم النظـر إلى المـرأة الأجنبيـة، إجـراءات احترازيـة قبـل وقـوع الجريمـة، وإجـراءات معهـا، وإجـراءات بعدهـا، وتحريـم الخلـوة بالأجنبيـة، وتحريـم الزنـا، وتحريـم اللـواط، وفي المقابـل شرع النـكاح، وتحريـم كل مـا يـؤدي إلى وقـوع الفاحشـة، وحفـظ النسـل مـن الركائـز الأساسـية في الحيـاة، ومـن أسـباب عـمارة الأرض، وفيـه تكمـن قـوة الأمـم، وبـه تكـون مرهوبـة الجانـب، والإسـلام قـد عنـي بحمايـة النسـل، ودعـا إلى تكثـيره مـن وجهـين:

الأول: الحث على ما يحصل به استمرار النسل وبقاؤه وتكاثره.

والثاني: منع ما يقطع النسل بالكلية، أو يقلله، أو يعدمه بعد وجوده.

فأمـا بالنسـبة لـلأول فقـد جـاءت الشريعـة لتحقيقـه بالحـث عـلى النـكاح،

والترغيب فيه، وجاءت النصوص الشرعية بذلك، قال عز وجل: وَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تُقْسِطُواْ في الْيَتَامَى فَانكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاء مَثْنَى وَثُلاَثَ وَرُبَاعَسورة النَساء:3، وهذا ولا شك أمر ترغيب في قوله: فَانكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاء، وكذلك قال عليه الصلاة والسلام: (تزوجوا الودود الولود؛ فإني مكاثر بكم الأمم يوم القيامة) الولود من عرف عنها كثرة الولد، إن كانت ثيباً بسابقتها، وإن كانت بكراً فمن حال أقاربها كأمها وعماتها وخالاتها.

وقد حث النبي صلى الله عليه وسلم على نكاح الأبكار، ومن أسباب ذلك قال: (فإنهن أعذب أفواهاً، وأنتق أرحاماً) ، ومعنى: (أنتق أرحاماً) أي: أكثر أولاداً؛ لأنها شابة ونشيطة، وقوية على المواصلة في الإنجاب، وقال عليه الصلاة والسلام: (يا معشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج) ، وقد ذكر العلماء حالات يجب فيها النكاح، ومنها إذا وقع في الحرام أو كاد أن يقع فيه، أو خشي على نفسه العنت يجب عليه النكاح، فانظر إلى هذه الشريعة التي حثت على النكاح، ونكاح الولود بالذات، وأباحت التعدد، كل ذلك لأجل المحافظة على استمرار النسل، والله خلق البشرية وهو أعلم بما يصلحها.

٥-پاراستنی ماڵ.

دوای چەندین قەڕن لە پشێوی و ستەم لەسەر مرۆڤایەتی و نەپاراستنی ماف و سەروەت و سامانیان، سستمە دونیایەکان هاتن و یاسایان داڕێژا بۆ پارێزگاری لێکردنی، وەك شوعیەت و رەئسمالی، لەگەڵ ئەوەشدا سستمە یەك لە دوای یەکەکان فەشەل دەهێنێت و هەمووی ئەوەی دوای خۆی و ئەوی تر تاوانبار دەکات بە قۆرخکاری و پێشلکاری مافە داراییەکانی

مـرۆڤ، بـەڵام قورئانـی پیـرۆز لەگـەڵ دابەزانـا بـە پارێـزگاری کـردن لـە مافـە داراییـەکان هاتـووەو پێـش ئـەوەش بـە دروسـتکردنی عەقیـدەو بیروباوەڕێـك کـە گـەر کامیـراش چاودێـر نەبـوو تـۆ ئـاگات لـە چاودێـری خـوای گـەورە بێـت.
لـە قورئانـی پیـرۆزدا ٨٦ جـار باسـی باسـی مـاڵ و پـارەو پاراسـتنی هاتـووە، بـە تـاك بـە کـۆ بـە ڕاسـتەوخۆ و بـە ناڕاسـتەوخۆ.
١-هەوڵـدان بـۆ پەیداکردنـی بژێـوی و پشـت بەسـتن بـە خـوای گـەورەو توانـای خـۆت، توانـای هـزرو بیرکرنـەوەت، توانـای بـازو عـەزەڵات.
وەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:
(هُـوَ الَّـذِي جَعَـلَ لَكُـمُ الْأَرْضَ ذَلُـولًا فَامْشُـوا فِي مَنَاكِبِهَـا وَكُلُـوا مِـنْ رِزْقِـهِ وَإِلَيْـهِ النُّشُـورُ) الملـك/١٥
لە فەرمودەشدا هاتووە بوخاری ریوایەتی کردووە بە ژمارە ١٤٠٤:
(الْيَـدُ الْعُلْيَـا خَـيْرٌ مِـنْ الْيَـدِ السُّـفْلَى وَابْـدَأْ بِمَـنْ تَعُـولُ وَخَـيْرُ الصَّدَقَـةِ عَـنْ ظَهْـرِ غِنًـى وَمَـنْ يَسْـتَعْفِفْ يُعِفَّـهُ اللَّـهُ وَمَـنْ يَسْـتَغْنِ يُغْنِـهِ اللَّـهُ)
لە فەرمودەیەکی تردا هاتووە کە بوخاری ریوایەتی کردووە ٢٠٧٢:
(مَـا أَكَلَ أَحَـدٌ طَعَامًـا قَـطُّ خَـيْرًا مِـنْ أَنْ يَـأْكُلَ مِـنْ عَمَـلِ يَـدِهِ وَإِنَّ نَبِـيَّ اللَّـهِ دَاوُدَ عَلَيْـهِ السَّـلَام كَانَ يَـأْكُلُ مِـنْ عَمَـلِ يَـدِهِ)
حەڵاڵی مەحامەلەو حەرامی ڕیبا
(إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا ۗ وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا)
نەخواردنی ماڵی منداڵ و شێت و کەم ئەقڵ
(وَلَا تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمُ الَّتِي جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ قِيَامًا)
بە فیرۆ نەدانی ماڵ
(وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ)

دەستی بێ ئیش ئیشی بۆ دەدۆزرێتـەوە، دەسـتی ئیشـکەر بەرزدەکرێتەوەو ماچ دەکرێت، دەسـتی دز و خیانەتکاریـش دەبڕدرێت:
﴿وَالسَّـارِقُ وَالسَّـارِقَةُ فَاقْطَعُـواْ أَيْدِيَهُـمَا جَـزَاء بِمَـا كَسَـبَا نَـكَالاً مِّـنَ اللّـهِ وَاللّـهُ عَزِيـزٌ حَكِيـمٌ﴾

أهمية المال في الإسلام

ورد لفـظ المـال في القـرآن الكريـم ٨٦ مـرة، مفـردا وجمعـا، معرفـا ونكـرة، وفي ذلـك بـلا شـك دليـل عـلى الاهتـمام القـرآني الشـديد بالمـال، والنظـرة الإسـلامية الخاصـة إلى مـا يعتـبر اليـوم عصـب الحيـاة.

قـال تعـالى: { وَلَا تُؤْتُـوا السُّـفَهَاءَ أَمْوَالَكُـمُ الَّتِـي جَعَـلَ اللَّـهُ لَكُـمْ قِيَامًـا.... } النسـاء/٥، قـال ابـن كثـير: «قيامـا» أي: تقـوم بهـا معايشـهم مـن التجـارات وغيرهـا.

عَـنْ النَّبِـيِّ صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ قَـالَ: ﴿الْيَـدُ الْعُلْيَـا خَـيْرٌ مِـنْ الْيَـدِ السُّـفْلَى وَابْـدَأْ بِمَـنْ تَعُـولُ وَخَـيْرُ الصَّدَقَـةِ عَـنْ ظَهْـرِ غِنًـى وَمَـنْ يَسْـتَعْفِفْ يُعِفَّـهُ اللَّـهُ وَمَـنْ يَسْـتَغْنِ يُغْنِـهِ اللَّـهُ﴾

عـن أَبِى هُرَيْـرَةَ رضي اللـه عنـه قـال: قَـالَ رَسُـولُ اللَّـه - صـلى الله عليه وسـلم- ﴿أَيُّهَـا النَّـاسُ إِنَّ اللَّـهَ طَيِّـبٌ لاَ يَقْبَـلُ إِلاَّ طَيِّبًـا وَإِنَّ اللَّـهَ أَمَـرَ الْمُؤْمِنِـينَ بِمَـا أَمَـرَ بِـهِ الْمُرْسَـلِينَ فَقَـالَ ﴿يَـا أَيُّهَـا الرُّسُـلُ كُلُـوا مِـنَ الطَّيِّبَـاتِ وَاعْمَلُـوا صَالِحًـا إِنِّى بِمَـا تَعْمَلُـونَ عَلِيـمٌ﴾ وَقَـالَ ﴿يَـا أَيُّهَـا الَّذِيـنَ آمَنُـوا كُلُـوا مِـنْ طَيِّبَـاتِ مَـا رَزَقْنَاكُـمْ﴾ ». ثُـمَّ ذَكَـرَ الرَّجُـلَ يُطِيـلُ السَّـفَرَ أَشْـعَثَ أَغْـبَرَ يَمُـدُّ يَدَيْـهِ إِلَى السَّـمَاءِ يَـا رَبِّ يَـا رَبِّ وَمَطْعَمُـهُ حَـرَامٌ وَمَشْرَبُـهُ حَـرَامٌ وَمَلْبَسُـهُ حَـرَامٌ وَغُـذِىَ بِالْحَـرَامِ فَـأَنَّى يُسْـتَجَابُ لِذَلِـكَ﴾

قـال تعـالى: { إِنَّمَـا جَـزَاءُ الَّذِيـنَ يُحَارِبُـونَ اللَّـهَ وَرَسُـولَهُ وَيَسْـعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَـادًا أَنْ يُقَتَّلُـوا أَوْ يُصَلَّبُـوا أَوْ تُقَطَّـعَ أَيْدِيهِـمْ وَأَرْجُلُهُـمْ مِـنْ خِـلَافٍ أَوْ يُنْفَـوْا مِـنَ الْأَرْضِ ذَلِـكَ لَهُـمْ خِـزْيٌ فِي الدُّنْيَـا وَلَهُـمْ فِي الْآخِـرَةِ عَـذَابٌ عَظِيـمٌ } المائـدة/ ٣٣

## ئەركانەكانى ئيمان (أركان الايمان)

١-ئيمان بە خواى گەورە (أن تؤمن بالله)
٢-ئيمان بە فريشتەكان (والملائكتة)
٣-ئيمان بە كتێبە ئاسمانيەكان (وكتبه)
٤-ئيمان بە پێغەمبەران (ورسله)
٥-ئيمان بە ڕۆژى دوايى (واليوم الآخر)
٦-ئيمان بە قەزاو قەدەر (وبالقدر خيره وشره من الله تعالى)

## ئەركانەكانى ئيسلام (أركان الاسلام)

١-شـايەتيدان بەخـواى گـەورەو بـە پێغەمبەرێتـى محمـد درودى خـواى لەسـەر بێـت (تشـهد أن لا الـه الا اللـه و أن محمـدا رسـول اللـه)
٢-نوێژ كردن (وتقيم الصلاة)
٣-زەكات دان بەخشين (وتؤتى الزكاة)
٤-ڕۆژوو گرتنى مانگى ڕەمەزان (وتصوم رمضان)
٥-حەجكردنى ماڵى خواى گەورە (وتحج البيت ان استطعت اليه سبيلا)

# بانگەواز (الدعوة)

هەرکارێك[1] لەپێناو خزمەت کردن و گەیاندنی ئەم ئاینەماندا بێت ئەگەر وا دیار بێت لامان بچوکە ئەو کارە، وەیان کەمەو کاریگەریەکی نیە، وەیان توانایەکمان هەبێت لەخزمەت کردن و گەیاندنی ئیسلامدا ئەگەر بەلاشمانەوە بچوك بێت نابێت ببێتە مایەی دڵ ساردیمان لە نەکردنی وەیان نەگەیاندنی. نمونەمان هەیە لەسەر ئەم وتانە:

١- خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێ (( لایکلف الله نفسا الا وسعها ))[2] واتە خوای گەورە ئەرك ناخاتە سەر هیچ کەسێك مەگەر بەقەدەر توانایی خۆی نەبێت.

٢- پێشەوامان درودو سەلامی خوای لێ بێت دەفەرمووێ ((بلغوا عنی ولوا ایە )) [3]

واتە بیگەیەنن لەمنەوە ئەگەر ئایەتێکیش بێت.

٣- لە فەرموودەیەکی تر درودو سەلامی خوای لێ بێت دەفەرمووێ (( اتقوا النار ولوا بشق التمرە ))[4] واتە خۆتان لە ئاگر بپارێزن ئەگەر بە لەتەخورمایەکیش بێت، وەهەروەها چەندەها ئایەت و فەرموودەی تر لەو بارەوە هاتووە کەهاندەرمانن ئەوەی لەتواناماندا هەیە دریغی نەکەین ئەگەر بەلاشمانەوە کەم بێت وەیان بەلای کەسانێکی ترەوە کەم بێت ! بەڵام لە تەرازووی پەروەردگاردا بەدڵنیاییەوە زۆر گەورەیە. ئەگەر وانەبوایە پێشەوامان درودی خوای لەسەربێت نەیدەفەرموو بیگەیەنن لەمنەوە ئەگەر ئایەتێکیش بێت خۆ ئایەتێك لە چاو ئەو هەموو ئایەتەی تردا کە هەیە ئاشکرایە کە زۆر کەمە، وە یان نەیدەفەرموو خۆتان لە ئاگر بپارێزن ئەگەر بەلەتە خورمایەکیش بێت

خۆ لەتە خورمایەك نرخی دونیایەکەی دەبێت چەند بێت ! بەهەرحاڵ هەرکارێك لە پێناو ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بکرێت نابێت بەکەم و کەم بەها سەیر بکرێت. لەوانەیە پرسیارێکتان لا دروست بێ و بڵێن بۆ ئەم قسانە دەکەن زۆر دڵنیاین زۆرن ئەو کەسانەی کە توانایان هەیەو نایخەنە گەڕ !! وە زۆر لە هۆکارەکانیش دەتوانم بڵێم ئەوانەن وە من داواکارم لە خوای گەورە، وە هیوادارم کە هەرکەسێك ئەم پرسیارانەی لا گەڵاڵە بووە بەخوێندنەوەی ئەم چەند دێڕە ببێتە ڕچە شکانێك لای و دەست پێ بکات.

## سەرم سوڕماوە

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان
درودو سڵاو لەسەر گیانی پاکی پێشەوامان محەمەد ئەو محەمەدەی کە توانی گۆڕانکاریەکی وەها بەسەر مرۆڤایەتیدا بهێنێت کە لە پێش ئەو دا نەهاتبوو.
ئەگەر بێت و سەرنجی میدیاکان و ماڵپەڕەکان بەشێوەیەکی گشتی بدەین دەبینین هێرشێکی زۆر توندو بەربڵاو دەکرێتە سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام، زۆر جار ئەم هێرش کردنە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەکرێت، وە زۆر جار بە ناڕاستەوخۆ، وە هەرجارەو لەژێر ناوێکدا... وە زۆر جاریش هیچ کام لەوانە نیە بەڵکو بەشێوەیەکی ترەو هەمان شتەو جۆرەکەی جیاوازە بۆ نموونە بڵاو کردنەوەی بەدڕەوشتی چ بە فلیمی ڕووت یان گۆرانی ڕووت و گۆرانی بێژی نیمچە ڕووت!!! زۆر جار بەکاریکاتێر و زۆر جار زۆر جار بەشتی تر...وە هەروەها دەبینین زەختێکی زۆر لەسەر

مسـولْمانان هەیـە چ لـە وولاتـی ئیسـلامی وە چ لـە غەیـری ئیسـلامی وە هەرجـارەو لـە ژێـر ناوێکـدا...وە زۆر جـار هـەر بـە گومـان، ئەڵبـەت مـن دیفـاع لـەو گیراوانـە هەمـووی ناکـەم بـێ گومـان تـاوان باریـان تێدایـە، بـەڵام ئـەوەی جێگـەی پرسـیارو سەرسـوڕمانە ئەوەیـە کـە هەردەگیرێـن بەشـێوەیە ك هەڵسـوکەوتیان لەگـەڵ دەکـەن وەکـو وابێـت دادگای کرابـن و هەمـوو شـتێکیان بەسـەردا سـەپی بێـت!

وە بەرانبـەر ئـەو هەمـوو هێرشـە جـۆراو جـۆرەی کـە باسـمان کـرد زۆر بـە سەرسـوڕمانەوە دەبینیـن کەسـانێکی زۆر لـە هەمـوو لایەکـەوە بەتایبەتـی لـە ئەوروپـاو ئەمەریـکا دێنـە نـاو ئیسـلامەوە بەڕاسـتی جێگـەی سەرسـوڕمانە بـۆ چونکـە نـە زۆریـان لەسـەرە کـە ببنـە ئیسـلام نـە پێشـەوایەکمان هەیـە کـە یەکـمان بخـات نـە وولاتێکـی وەهامـان هەیـە کـە تەمسـیلی ڕاسـتەقینە ئیسـلام بـکات، وە لەهەمـان کاتـدا زۆرێـك لەوانـە دووچـاری زۆرێـك گرفـت دەبنـەوە، سیاسـی کۆمەڵایەتـی وە هەروەهـا... لێـرەدا پرسـیارك دروسـت دەبێـت دەبـێ چ هێزێـك لـە پشـت ئـەوەوە بێـت کـەوا لـەو خەڵکانـە بـکات بێنـە نـاو ئیسـلامەوە، وەڵامەکـەی زۆر ڕوونـە تەنهـا ئـەو هێزەیـە کـە هیـچ هێزێـك خـۆی لـە بـەردا ناگرێـت، وە منێـش دەڵێـم ڕۆژێکێـش دێـت هـەر ئەوهێـزە هەمووومـان کـۆ بکاتـەوە.

## کورتەیەك لەسەر حەڵاڵ و حەرام

هەرچەنـد سـەردێڕەکەش بـە نـاوی کورتەیەکـەوە بێـت، ناتوانیـن لـە بابەتێکـی بـەم شـێوەدا کورتـەی کورتەیەکیش لـەو بابەتـە بنوسـین. بـەڵام بەلانـی کەمـەوە ئەوەندەمـان بـۆ دەردەکەوێـت حـەڵاڵ چـی یـەو حـەرام

چـی یـە لەگـەڵ هەندێـك بنەمـای سـەرەكیدا، باشـتر وایـە وەك پێناسـەیەك سـەیری بكەیـن. وە بەرچـاو ڕونیـەك لـەو بـارەوە. ئەگـەر سـەیرێكی شـەریعەی ئیسـلامی بەگشـتی بكەیـن دەربـارەی حـەڵاڵ و حـەرام دەبینیـن، بەشـی كەمـی لەسـەر حـەڵاڵ و حەرامـە وە بەتایبـەت تـر حەرامكـراوەكان هـەر زۆر زۆر كەمـن لەچـاو حـەڵاڵ و موبـاح ڕێپێدراوەكانـدا.

حـەڵاڵ: هەرشـتێك لـە شـەرعدا ڕێگـەی پێـدراو بێـت ئـەوە حەڵاڵـە، بـە مانایەكـی تـر هەرشـتێك لـە سـودو قازانجـی مرۆڤەكانـدا بێـت ئـەوە حەڵاڵـەو كردنیـان كارێكـی بـاش و ئاسـاییە. بەكردنیـان پاداشـتی لەسـەر وەردەگیـرێ.

حـەرام: حـەرام بـە پێچەوانـەی حەڵاڵـەوە، هەرشـتێك لـە شـەرعدا ڕێگـەی پێنەدرابێـت ئـەوە حەرامـە، بـە مانایەكـی تـر هەرشـتێك لـە زەرەرو زیانـی مرۆڤەكانـدا بێـت ئـەوە حەرامـەو كردنیـان تاوانـە، توشـی سـزای دونیایـی و دوارۆژیـش دەبێـت.

بـۆ ناسـینەوەی حـەڵاڵ و حـەرام دەبێـت بگەڕێینـەوە بـۆ شـەرع، لەوێـوە ڕاسـتێتیمان بـۆ دەردەكەوێـت نـەك ژیـری ئینسـانەكان. لێـرەدا پرسـیارێك دروسـت دەبێـت بـۆ دەكـرێ شـەرع دژی ژیـری بێـت لـە وەڵامـدا دەڵێیـن نەخێـر، هەرگیـز شـەرع دژی ژیـری نیـە، دەشـبینین یەكێـك لـە هـۆكارە سـەرەكیەكانی هاتنـی ئـەم ئیسـلامە بـۆ پاراسـتنی ژیریـە، ئیـتر چـۆن دەكـرێ دژی ژیـری بێـت. بـەڵام خـوای گـەورە كـە دروسـتكەری هەمـوو ژیریەكـە هەرخۆشـی دەزانـێ چ لـە سـودو زیانەكانـی مرۆڤـن. جـا بۆیـە هـەر پێوەرێكـی تـر بێـت و یاسـایەك بـۆ ئەمـە دابنـێ گونجـاو نیـە، بـۆ نمونـە یەكێـك دەڵـێ مەشروبـات حەڵاڵـە! بـۆ چونكـە دكتـۆر وتویەتـی چاكـە، وەڵامەكەشـی ئەوەیـە بـا دكتۆریـش وتبێتـی چاكـە بـەڵام هـەر حەرامـە چونكـە، خـوای گـەورە دروسـتكەری ژیـری ئـەو دكتۆرەیـە، لـە شەرعیشـدا

بێگومـان ئـەوە باسـکراوە کـە مەشروبـات سـودیان تیایـە بـەڵام زیانەکەیـان زۆرتـرە. ئـەوە تەنهـا وەك نمونەیـەك. ئەگـەر سـەیریکی شـەریعەتی ئیسـلامی بکەیـن دەبینیـن شـتانێکی زۆر کـەم حەرامـن بـە بـەراورد لەگـەڵ حـەڵاڵ کراوەکانـدا، لەبەرانبـەر هەمـوو حەرامکراوێکیشـدا حـەڵاڵ هەیـە بـۆ نمونـە، زینـا حەرامـە ژن مارەکـردن حەڵاڵـە، مەشروباتـی سەرخۆشـکەر حەرامـە، بـە هەزارەهـا مەشروباتـی حەڵاڵـمان هەیـە، قانعـی شـاعیر دەڵـێ:

تاشەربەتی هەرمێ لەت و دۆشاوی سرکەم بۆ دەست بدا

عارەق و تریاکی هەروەك ژەهرە مارم بۆ چیە

گۆشـتی بـەراز حەرامـە، گۆشـتی مانـگاو بـەرخ و حوشـترو مریشـك و بەهـەزارە پەلـەوەری تـر حەڵاڵـە. گـەر بێـت و مـرۆڤ خـۆی بیـر بکاتـەوە دەبێنـێ لەبەرانبـەر هەمـوو حەرامێکـدا بەچەندەهـا حـەڵاڵ کـراو هەیـە. بـۆ ناسـاندن وەیـان ئـەو بنەمایانـەی کـە حـەڵاڵ و حەرامـی لەسـەر دادەمـەزرێ تەنهـا ئاماژەیـەن پـێ دەکەیـن وەك لـە پەرتوکـە بەنرخەکـەی یوسـف القرضاویـدا هاتـووە. بـەم شـێوە

پڕەنسیپەکانی ئیسلام دەربارەی حەڵاڵ و حەرام

*ئەصڵ یاخود ڕەسەنایەتی لە شتەکاندا ڕێگە پێدانە.

*حەڵاڵ کردن و حەرامکردن تەنها مافی خوای گەورەیە.

* حەرامکردنـی حـەڵاڵ و حـەرام هاوڕێـی هاوبەشـی بڕیاردانـە بـۆ خـوای گـەورە حەرامکـردن ڕووبـەڕووی شـتانی پیـس و زیانبەخـش ئەبنـەوە.

* لە حەڵاڵکرندا پێویست بە حەرام کردن ناکات.

* هەرشتێك سەربەرەو حەرام بکێشێ ئەوا حەرامە.

* بەهانە دۆزینەوە (حیلە) بۆ حەرام، حەرامە.

* نیەتی پاك و دروست پاساو نییە بۆ حەرام ئەنجامدان.

* سڵەمینەوە لە گومان لێکراوان (الشبهات).
*چاوپۆشی و جیاوازی لە حەرامەکاندا نییە.
* ناچاری، ڕێگە ئەدات بە حەرامکراوەکان.

## هۆکاری لاچونی تاوان لەسەر تاوانبار[٢]

ئەگەر مرۆڤی ئیماندار کەوتە تاوانەوە، خوای گەورە کۆمەڵێك دەرگای ڕەحمەت و بەزەی خۆی کردۆتەوە بۆ لاچونی ئەو تاوانانەی کەتێی کەوتوون ئەگەر وازی لێ بێنن و لەخوا بترسن. لای کۆمەڵێك لەزاناکان ئەمەجێگیر بووە ئەگەر یەکێك کەوتە تاوانەوە چۆن تاوانەکەی لەسەر نەمێنێ بەپێی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت. وە کورتیان دەکەینەوە بۆ خوێنەرانی بەڕێز، ئەوەی کەلەشەرحی عەقیدەی تەحاویدا هاتووە لەسەر ئەم باسە. وەك دەڵێ: ( مرۆڤی تاوانبار تاوانەکە لادەچێ لەسەری واتە سزای جەهەنەم بە دە هۆکار، زانیم لەقورئان و فەرمودەکان).
هۆرکاری یەکەم: تەوبەرکردن: وەك خوای گەورە دەفەرموێ: {فَخَلَفَ مِنْ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلَاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا*إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ شَيْئًا}٣ واتە لەدوای ئەوان کەسانێك لەنەوەکانیان بوونە جێنشین، کەنوێژەکانیان بەزایەداو شوێنی ئارەزووەکانی نەفسیان کەوتن، ئەوانە تووشی

٢ وەرگێراوەلەکتێبی الایمان محمد نعیم یاسین. مانای ئایەتەکان لەتەفسیری ئاسان بۆتێگەیشتنی قورئان برهان محمد امیین.

٣ مريم ٥٩

گومـڕای و سـەرگەردانی و سـزا دەبـن (لەدونیـاو قیامەتدا)*جگـە لەوانـەی کەتەوبەدەکـەن و بـاوەڕی دامـەزراو دەهێنـن و کارو کـردەوەی چـاك ئەنجـام دەدەن، ئـا ئەوانـە دەچنـە بەهەشـتەوەو هیـچ جـۆرە سـتەمێکیان لـێ ناکرێـت.

وەهەروەهـا دەفەرمـوێ {إِلَّا الَّذِيـنَ تَابُـوا وَأَصْلَحُـوا وَبَيَّنُـوا فَأُولَئِـكَ أَتُـوبُ عَلَيْهِـمْ وَأَنَـا التَّـوَّابُ الرَّحِيـمُ}٤ واتـە جگـە لەوانـەی تەوبەیـان کـردووەو چاکسـازیان ئەنجامـداوەو ئـەو حەقیقـەت ڕاسـتیان ڕوونکردۆتـەوە کـە جـاران شـاردبوویانەوە، ئائەوانـە گەڕانەوەکەیـان لـێ وەردەگـرم وتەنهـا منیشـم زۆر تەوبـە وەرگـرو دلوڤـان و میهرەبانـم.

تەوبـە، ئـەو تەوبـەی کەسـزا لەسـەر مـرۆڤ لادەبـات تەوبەیەکـی ڕاسـتییە(النصوح)ەئەوەیە کـە لەدڵەوەیـەو وە بـە دڵسـۆزیەوە تەوبەکـە دەکات، وە بەووتـە دانـی پێـدا دەنـێ و وەپەشـیمان دەبێتـەوە لـەوەی کەکردوویەتـی لەتـاوان، وەبەگوڕێکـی بـاش دەدات بەخـۆی کەجارێکـی تـر نەچێتـەوە سـەریان و کاری باشـە دەکات.

تەوبـە دەبێتەهۆیـەك بـۆ لێخۆشـبوونی تـاوان، وەسـزا نەدانـی تاوانبـار، ئەمـەڕا جیـاوازی تێـدا نیـە لەنێـوان زانایانـدا، وە جگـە لەمـە هیـچ شـتێکی تـر نابێتـە لێخۆشـبوونی تـاوان بەتەواوەتـی جگـە لەتەوبـە، وەك خـوای گەورەدەفەرمـوێ {قُـلْ يَـا عِبَـادِيَ الَّذِيـنَ أَسْرَفُـوا عَـلَى أَنْفُسِـهِمْ لَا تَقْنَطُـوا مِـنْ رَحْمَـةِ اللَّـهِ إِنَّ اللَّـهَ يَغْفِـرُ الذُّنُـوبَ جَمِيعًـا إِنَّـهُ هُـوَ الْغَفُـورُ}٥ واتـە ئـەی پێغەمبـەر صلـی اللهعلیەوسـلم پێیـان بڵـێ: خـوا دەفەرموێـت: ئـەی بەندەکانـم ئەوانـەی کەخۆتـان گوناهبـار کـردووەو غەڵەتتـان زۆرە، نائومێـد مەبـن لەرەحمەتـی خـوا، چونکـە بەڕاسـتی ئەگـەر ئێـوە تەوبـەی ڕاسـت

٤ بقرة ١٦٠
٥ الزمر ٥٣

بکـەن، خـوا لەهـەر هەمـوو گوناهـو هەڵەکانتـان خـۆش دەبێـت، چونکـە بێگومـان ئـەو خوایـە زۆر لێخۆشـبوو لێبوردەیـەو زۆر بەسـۆزو میهرەبانیشـە.
هـۆکاری دووەم: داوای لێخۆشـبوون کـردن (الاسـتغفار): وەك خـوای گەورەدەفەرمـوێ {وَمَـا كَانَ اللَّـهُ لِيُعَذِّبَهُـمْ وَأَنْـتَ فِيهِـمْ وَمَـا كَانَ اللَّـهُ مُعَذِّبَهُـمْ وَهُـمْ يَسْـتَغْفِرُونَ}٦ واتـە بێگومـان خـوای گەورە(بەقسـەی ئـەوان نـاکات) بـەڵاو سـزا نـادات بەسـەریاندا، لەکاتێکـدا تـۆ لەناویانـدا ببیـت (بـە ئومێـدی ئـەوەی هەندێکیـان بـاوەڕ بهێنـن)، هەروەهـا خـواش سـزا دەر نیـە لەکاتێکـدا ئـەوان داوای لێخۆشـبوون بکـەن.
خـۆی لەڕاسـتیدا ئـەم داوای لێخۆشـبوونەش دەچێتـە ڕیـزی تەوبەکردنـەوە، چونکـە ئیسـتیغفار داوای لێخۆشـبوونە لـەو تاوانانـەی تێـی کەوتـووە پەشـیمانی دەسـەلمێنێ ئـەوش بەداواکردنەکـە. بـەڵام تەوبـە ئەوەشـی تیایـە کـە لەداهاتـوودا جارێکـی تـر نەگەڕێتـەوە سـەر تاوانـەکان.
هـۆکاری سـێهەم: کـرداری چاکەیـە: خـوای گەورەدەفەرمـوێ {وَأَقِـمِ الصَّـلَاةَ طَـرَفَيِ النَّهَـارِ وَزُلَفًـا مِـنَ اللَّيْـلِ إِنَّ الْحَسَـنَاتِ يُذْهِـبْنَ السَّـيِّئَاتِ ذَٰلِـكَ ذِكْـرَىٰ لِلذَّاكِرِيـنَ}٧ واتـە نوێـژ بەچاکـی ئەنجـام بـدە لەهـەردوو سـەری ڕۆژەوە(کەنیـوەڕۆ و عـەسرە) و لەسـێ کاتەکـەی شەویشـدا کـە( مەغریـب و عیشـاو بەیانی)یـە نزیکـن لـە( ئەمسـەرو ئەوسـەری ڕۆژەوە، بەڕاسـتی کـردەوە چاکـەکان کـرداره خراپـەکان لادەبـەن و گوناهـەکان دەشـۆنەوە، ئـەوە ئامـۆژگاری و بیرخەرەوەیـە بـۆ ئەوانـەی یـادی خـوا دەکـەن.
هـۆکاری چـوارەم: کەوتنـە نـاو کێشـەی دونیاییـەوە: پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت دەفەرمـوێ: { مـا يصيـب الؤمـن مـن وصـب، ولا نصـب، ولا غـم ، ولا

٦ الأنفال ٣٣
٧ هود ١١٤

هم ، ولا حزن، حتى الشوكة يشاكها الا كفر الله بها من خطايان}٨ هەر ناخۆشی و خەم و خەفەت و توشی مسوڵمان ببێت دەبێتەهۆی لاچونی تاوانەكان هەتا ئەگەر دڕكێكیش بێت. بزانە كەوتنە ناو ناخۆشی یەوە دەبێت هۆكارێك بێت بۆ لاچونی تاوان، وەئەگەر ئەو كەسەی دەكەوێتە ناو ناخۆشیەوە ئارامی گرت لەسەری ئەوكاتە خێریشی دەست دەكەوێت لەسەروی ئەوەشەوە كە دەبێتە هۆی لاچونی تاوانەكانیشی. بەڵام ئەگەر ئارامی نەگرت لەسەری ئەوكاتە تاوانێكی تر زیاد دەكاتە سەری تاوانەكانی لەسەروی ئەوەشەوە كە ئەم ناخۆشیەنا بێتە هۆی لاچونی تاوانەكانی.

هۆكاری پێنجەم: سزادانی ناو گۆڕە.

هۆكاری شەشەم: نارەحەتیەكانی دواڕۆژە.

هۆكاری حەوتەم: شەفاعەت كردنی ئەو كەسانەیە كەخوای گەورە فەرمانی شەفاعەت كردنیان پێ بدات لەرۆژی دوایدا.

هۆكاری هەشتەم: لێخۆشبونی خوای گەورەیە كە بەرەحەمترین كەسە، جگە لەشەفاعەتكردن. وەك خوای گەورە خۆی دەفەرموێ {إِنَّ اللَّـهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا}٩ واتە بەراستی خوا خۆش نابێت لەوە كە هاوەڵ و شەریكی بۆ بڕیار بدرێت و جگە لەو (هاوبەش دانانە) لەگوناهەكانی تر بۆ هەركەس بیەوێت و شایستەی بێت و (پەشیمان بێت) خۆش دەبێت، جا ئەوەی شەریك و هاوەڵ بۆ خوا بڕیار بدات، ئەوە بەڕاستی گومڕا بووە بە گومڕایەكی زۆر دوور.

هۆكاری نۆیەم: دوعاو پاڕانەوەی مسوڵمان بۆ یەكتری پێش مردن و

٨ بخاري
٩ النساء ٤٨

دوایـی مـردن.
هـۆکاری دەیـەم و کۆتایـی: ئەوشـتانەی کەدەبنـە هـۆی گەیاندنـی چاکـە دوای مـردن وەك: حـەج کـردن، ڕۆژوو گرتـن وەهەروەهـا.
لەکۆتاییـدا داواکاریـن لەخـوای گەورەلەهەمـوو گوناهەکانمـان خـۆش بێـت و ئارامیـمان پـێ ببەخشـی لەسـەر نارەحەتیـەکان بـۆ ئـەوەی دوو پاداشـتی تیـا وەرگریـن. وە بـەدەم خەمەکانـی یەکتریـوە بیـن و دوعـای خێـر بـۆ یەکـتر بکەیـن تـا پاداشـتی لەسـەر وەرگریـن. زوبانمـان پـاراو بێـت بەتەوبـەو داوای لێخۆشـبوون لەخـوای گـەورە تـا پاداشـتی لەسـەر وەرگریـن و ببنەمایـەی سـڕینەوەی تاوانەکانمـان بەشـێوەیەکی وا بەپاکـی بگەینـە خزمـەت خـوای گەورەامیـن.

# مسـوڵمان لـە نێوان عـەقڵ و شـەیتاندا

بـە دەروازەیەکـی کورتـدا دەچینـە نـاو ئـەو بابەتـەی کـە سـەردیڕەکەمان بەنـاوەوە نـاو نـاوە، لـەو کاتـەوە فەلسـەفە سـەری هەڵـداوە تـا ئێسـتا خـۆی لـە چوارچێوەیەکدا دەخولێنێتـەوە بـۆ ئـەوەی وەڵامـی پرسـیارەکانی دەسـت بکەوێـت و وە بـە بەردەوامـی پرسـیاری تـر دێتـە ئاراوە...!، لـە زانکـۆ قوتابیەکم لەگەڵـدا بـوو لـە قسـمی فەلسـەفە دەیخوێنـد هەمـوو ئاواتـی چەند پرسـیارێك بـوو لەڕێگـەی قسـمی ناوبـراوەوە دەسـتی بکەوێـت، زانکـۆی تـەواو کـردوو دەسـتی نەکـەوت و وازی لـە فەلسـەفەش هێنـا، هەمـوو ئەوا زانا ئیسـلامیانەش کـەوا چوونـە نـاو فەلسـەوەو لـە ڕوانگـەی ئـەو فەیلەسـوفانەوە بـۆ فەلسـەفەیان ڕوانـی زەمەنێکـی زۆریـان لەگـەڵ فەلسـەفەدا کوشـت و دواتر تەوبەیـان کردوو گەڕانـەوە سـەر بنەمـا سـەرەکیەکەی خۆیـان، هەتـا هەیانـە زۆر بـە تونـدی دژی

فەلسەفە دەوەستێتەوە، ئەڵبەت دیارە لەو ڕوانگەی کە باسمان کرد، لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی قیت دەکاتەوەو دەپرسێ ئەم بابەتە چ پەیوندی بە فەلسەوە هەیە؟ وەڵامەکەشی خۆ دیارە مادام باسی عەقڵی تێدا هات گرنگە ئەم بۆچوونانەی لەگەڵدا باس بکەین و گرنگی و لاوازی عەقڵ لە ژیانی مسوڵمانانداندا بە کورتی بخەینە ڕوو، کاتێك فەلسەفە جەخت دەخاتە سەر عەقڵ و عەقڵەکە دەفەلسەفێنێ و دەی هێنێ و دەیبات دەیەوێت هەرچی عەقڵ دەرکی پێ نەکرد وەیان لە تەرازی عەقڵدا کێشی خۆی نەبوو ئیتر بە نا لۆژیکی لە قەڵەم بدات و لاوازی بکات، بەڵام کە دیراسەی ئیسلامی دەکەین بەو شێوەیە نی یە، بەڵکو هاوسەنگیەکی زۆری پاراستووە لە نیوان جەستە، ڕۆح، عەقڵ، نەفس وە دڵدا، هیچ لایەنێکی لەو لایەنانە پشتگوی نەخستووەو گرنگی هەموویانی خستووەتە ڕوو بە تایبەت دڵ گرنگی تەواوی پێ داوە، لە کاتێکدا لە فەلسەفەدا جێگەی ئەوەندە بایەخ نی یە وەك لەوەی باسی عەقڵ دەکرێت، وە کە دێینە سەر زەمینەی کرداری پێچەوانەکەی فەلسەفەو پڕاو پڕی ئەوەی ئیسلام دەی بینێ دەی بینین، هەربۆیە سەرەنجام ناتوانم باوەڕم بەو ووتەی دکتۆر محێدین محەمەد ئەحمەدی خانی نەبێت کە دەڵێ : کرمێك لە دارێکدا چۆن دەتوانێت لە تەواوی دارەکە تێ بگات، وە ئینسان چۆن دەتوانێت بە تەمەنێکی حەفتا ساڵە لە هەموو ئەم گەردون و ژیانە تێ بگات و ئەوەی ئەو بە لۆژیك باوەڕی پێ نەکات ڕەدی بکاتەوە. وەیان بانگخوازی بەناو بانگی ئەمریکی یوسف ئیستەس لەسەر حیجاب دەڵێ: ئەگەر بە لۆژیك بوایە دەبوایە ئینسان جلی لەبەر نەکردایە چونکە بە ڕووتی لە دایك بووە. هەرکەس لە ئێمەش لە ژیانی ڕابردوو ڕۆژانەی خۆماندا دەتوانین عەقڵی خۆمان تاقی بکەیتەنەوەو دیسان بیدەنەوە لە

چوارچێـوەی عەقڵـی ئێسـتەمان... دەبینیـن زۆر لـە شـتە ڕابردووەکانمـان باوەڕمـان پێیـان نەمـاوە، بگـرە زۆرجـار پێکەنینیشـمان پێیـان دێـت، وەیـان هەندێکـی پەنجـەی خۆمانـی بـۆ دەگەزیـن و زۆر لێیـان پەشـیمانین، لـە کاتێکـدا لـە کاتـی خۆیـدا بـەو پـەڕی عەقڵیەتمانـەوە کردوومانـە، مـن تەنهـا باسـی خـۆم بکـەم زۆرکارم کـردووە لـە ژیانمـدا ئێسـتە لێـی پەشـیمانم، وەیـان بەشـێوەیەکی تـر بڵێـم ئەگـەر ئـەو کارو کردەوانـە بگەڕێنرایەتـەوە بـۆ ئێسـتە بەشـێوەیەکی تـر دەم کـردن، هەندێکـی نـەم دەکردنـەوەو هەندێکـی تریـان باشـترم دەکـرد، هیـچ کـەس وا نازانـم هـاوڕا نەبێـت لەگەڵمـداو هەمـان بۆچۆنـی لا دروسـت نەبـوو بێـت، کاتێـك نووسـەرێکیش کـە کتێبەکـەی چـاپ دەکاتـەوە دەبینیـن هەندێـك دەسـتکاری تـازەی دەکات، کتێبـی وا هەیـە بیسـت جـار چـاپ کراوەتـەوە لـە هەمـوو چاپـە تازەکانیـدا گۆڕانـکاری بەخۆیـەوە بینـووە، ئەگـەر بـە ووردی تەنهـا لـەم خاڵـە بڕامییـن ئـەوا بۆمـان دەردەکەوێـت کـە عەقـڵ بـەردەوام لەگەشـەدایەو سنورێکی دیـاری کـراوی بـۆ نـی یـە، وەگـەر بمانەوێـت کارەکانیشـمان تەنهـا بـە عەقـڵ بکەیـن ئـەوا بـەرەو تیاچوونمـان دەبـات، ئەمـەش مانـای وا نـی یـە عەقـڵ بـێ نـرخ بکـەم، چونکـە سـەرچاوەی عەقڵـە ئێسـتە مـن ئـەم بابەتـە دەنووسـم، وە سـەرچاوەی عەقڵـە ئێـوەش دەیخوێننـەوە بـەڵام عەقـڵ هەمـوو شـتێك نـی یـەو نابێـت ئینسـان بکەوێتـە داوی عەقڵـەوەو کردەوەکانـی تەنهـا بـە قوربانـی ئـەو بـکات. ئـەی شـەیتان چـی پەیوەنـدی بـەم مشـتوو مڕەوە بـوو، کـە عەقڵمان ناسـی ئەوسا شـەیتان زوو پەردەکـەی لەسـەر لا دەچێـت و کارە دزێوەکانـی ئاشـکرا دەبێـت، ئـەوەی شـەیتان بـە مسـوڵمانی دەکات و بـە بەردەوامـی لـە خشـتەی دەبـات نموونـە گەلێکـی عەقڵیـەو بـە عەقـڵ بـاوەڕی پـێ دەکات کـە زۆر کـرداری خراپـە بـکات، ئەڵبـەت لـە ڕووەکانـی تریشـەوە، بـەڵام ئێمـە زیاتـر لایەنـە

عەقڵیەکانی لەم ووتارەدا ئاشکرا دەکەین بە چەند نموونەیەك:
١-شەیتان بە ئینسان دەڵێ نوێژ مەکە نارەحەتە بیری لێ بکەرەو هەموو ڕۆژێك پێنج جار ئەمە چی یە! چۆن دەکرێت! کەچی زۆرکەس باوەڕی پێ دەکات بە عەقڵ و نایکات، ئەو نموونانەش کە شەیتان پێی ووتووە دەیهێنێتەوە، لە کاتێکدا ئەگەر پێی بڵێی بۆ نوێژ ناکەیت؟. وە ئێمەش دەڵێین ئایە ئەمە لۆژیکە ئەو کەسەی کە نوێژ ناکات کاری لە نوێژ گرانتر ناکات، لەکاتێکدا نوێژ بە هەموو شێوەیەك ئاسانکاری تێدا کراوە.
٢-شەیتان کاڵ و کرچی لە نوێژدا بە مسوڵمان دەکات، بۆ نموونە پێی دوادەخات بە بیانوی هیلاکیەوە ئایا دواتر هەر نابێت هەمان کردار بکات، وەیان نوێژی بەیانی زۆر ختوکەی دەدات و بە بیانوی خەوەوە نوێژەکەی لە کیس دەبات!. زۆرکەس دەڵێ کە نوێژی بەیانیم کرد خەوم لێ ناکەوێتەوە جا خۆ ئەگەر بیانوەکەی شەیتان لە جێگەی خۆیدا بوایە دەبوایە خەوی لێ بکەوتایەتەوە.
٣-شەیتان دەڵێ ڕۆژوو زۆر نارەحەتە بابە لەو گەرمای کوردستانە! لەو ڕۆژگارە درێژە چۆن دەتوانیت بیگریت؟!. بەڵام هەمان کەس ئەگەر توشی نەخۆشیەك بێت و دکتۆر نەخواردنی خواردن و خواردنەوەی بۆ دابنێت زیاتر لەو کاتە دەیکات، خۆ ئەگەر سەرپێچیش بکات هەموو خەڵك سەرزەنشتی دەکات، کەواتە نەتوانینەکە لە جێگەی خۆی نەبوو تەنها گرفتەکە ئەوە بوو کە بۆ خوای گەورە بوو، زۆرکەس هەر بۆ خۆ لاوازکردن ئامادەن چەندەها مانگ بەڕۆژوو بن بەڵام بۆ خوا ئەو مانگەیان لێ دەبێت گران دەبێت.
٤-شەیتان دەڵێ حەج بۆ چی دەکەیت پارەکەی بدە بە هەژار کەی خوا پێویستی بەو حەجەی تۆیە خەڵکی وا دەمرن لە برسا! بەو شێوەیە

قەناعـەت بـە کەسـەکە دەکات کـە حـەج نـەکات، دوای پارەکەیـش نابەخشـێ!
هـەر ئەوەنـدە فکـری حەجەکـەی لا دەرکـردی ئیـتر دوای بیانـوی تـری زۆرە بـۆ ئـەوەی فکـری بەخشینەکەشـت لا دەرکات، وەیـان هەمـان کـەس کـە بیانـوی بـۆ حەجەکـە دەهێنێتـەوە بەهـۆی پـارە یـان نارەحەتـی، ئامادەیـە بەچەندەهـای زیاتـر لـەو پـارە سـەرف بـکات و زیاتـر نارەحەتیشـی ببێـت، بـۆ چـوون بـۆ وولاتانـی تـر بـۆ سـەفرەو سـیاحەت، کەچـی ئـەو سـیاحەتە دینیـە هـەزارو یـەك بیانـوی بـۆ دەهێنێتـەوە.
٥-شـەیتان دەڵـێ زەکات مـەدە، بـە ئارەقـی خـۆت ئـەو پارانـەت پەیـدا کـردووە پێویسـتت پێـی دەبێـت، زۆرە ئـەوەی شـەرع داوای دەکات! وا دەکات ئـەو پایـە گرنگـە پشـتگوێ بخـات لـە کاتێکـدا ئەهلـی مزگەوتیشـە، لـە کاتێکـدا زەکات بەپێـی دەقـی شـەرعی لـە مـاڵ کـەم نـاکات، بـەڵام زیاتـر لـەو پـارەی پـێ سـەرف دەکات بـە شـتی لاوەکـی و نـا پێویسـتدا، خانوەکـەی کـە عەیبـی نـی یـە پێـی دەرووخێنێـت و بـە چەندەهـا پـارەی زیـادە پێـی دروسـت دەکاتـەوە لـە کاتێکـدا کاتـی خـۆی کـە خانووەکـەی دروسـت کـردووە بـە ئەوپـەڕی عەقڵیەوە وای دروسـت کـردووە نـەك خـۆی کـوڕی کوڕیشـی تێیـدا بـژی، سـەیارەکەی پـێ دەفرۆشـێت کـە هیـچ عەیبـی نـی یـە بەبیانـوی ئـەوەی کیلۆمەترەکـەی سـفر نـی یـە! ئـەی خـۆ سـەیارە هـەر سـلفت لێـداو خسـتە گێـڕی یـەك و یـەك تـەکان بـدات ئیـتر کیلۆمـتر سـفریەکەی نامێنێـت، ئیـتر بـەو شـێوەیە لـە هـەردوولاوە شـەیتان لـە خشـتەی دەبـات کارە خێـرەکان نـەکات بەهـۆی پـارەوە ئیـسراف و تەبزیـر بـکات هـەر لەسـەر پـارە! توخـوا ئەمـە چ عەقڵێکـە.
ئەوانـە تەنهـا چەنـد نموونەیەکـی ئاسـایی بـوون کـەوا مسـوڵمان لەنێـوان عەقڵـی و شـەیتاندا چـۆن لـە خشـتە دەبرێـت.

## دیاردەی خۆ کوشتن لە ئەوروپا دیوی نادیار

ڕوکەشـی ژیـان خەڵەتێنـەرە و پێویسـتی بـە دووربینـی و ڕاسـت بینـی یـە. ئـەوەی لـە ڕووکەشـدا و بەئاشـکرا دەبینرێـت مـەرج نیـە دیـوی نـاوەوەش هەمـان شـێوە بێـت. کـە لـە کوردسـتان بوویـن دەمـان بیسـت کەسـانێك هـەن لـە ئەوروپـا خۆیـان دەکـوژن! ئێمـەش سـەرمان سـوڕدەماو دەمانـووت دەبێـت بۆچـی بێـت؟ نـان نـی یـە بیخـۆن؟ ژیانیـان ناخۆشـە؟ منداڵـی زۆر بێـزاری کـردوون؟ زوو زوو دەربـەدەر دەبـن؟ شـەڕو شـۆڕ بێـزاری کـردوون؟ گرانـی و بێکارەبـای و خزمەتکوزاریـەکان بێتاقەتـی کـردوون؟ کاریـان دەسـت ناکەوێـت؟ ئەمانـەو چەندەهـا پرسـیاری تـر دروسـت دەبـوو لامـان، لەبـەر ئـەوە گرفتەکانـی ئێمـە ئەوانـە بـوو هەربۆیـە واش بیرمـان دەکـردەوە. بـەڵام لـە ڕاسـتیدا هیچێـك لەوانـە نـی یـە!!! ئـەی دەبێـت چ بێـت وا لـە مرۆڤـەکان بـکات بەدەسـتی خـۆی خـۆی بکوژێـت؟ لـە کاتێکـدا خەڵکـی خـۆی لێـی ڕادەکات بـە شـێوەیەکی گشـتی؟ وە زۆرجـا زۆر کـەس بـە چەندەهـا کاری نابەجێـش دەکات لـە پێنـاو مانـەوەی خۆیـدا! زۆرێـك کەسـانی تـر دەکات بـە قوربانـی لـە پێنـاو مانـەوەی خۆیـدا! زۆرێـك گەورەتریـن ڕاسـتی لەبیـر دەچێـت لـە پێنـاو مانـەوەو هورگـی خۆیدا؟! هەمـوو ئـەو پرسـیارانە و زۆرێکـی تریـش بەبیرمانـدا دەهـات و وەدەکرێـت هەمـان پرسـیارو زیاتریـش بەبیـری کاسـانێکی تریشـدا هاتبێـت و بێـت. بەڵام لە ڕاسـتی دا ئەوانە هیچـی وەڵامی ڕاسـتێتی ئـەو خـۆ کوشـتنانە نیـن! چونکـە دەبینیـن ئـەو گرفتانـە هیچیـان نیـن وە خۆشـی دەکوژێـت! تەنهـا لەبـەر شـتێکە ئەویـش نەبوونـی بـاوەڕ بـە پـەروەردگار، باوەڕێکـی وا کـە بزانێـت ڕاسـتێتی ئـەو چـی یـەو وە کاری خۆشـی چـی یـە لـە ژیانـدا. ئەوەشـە کـە وا دەکات لـە ئاسـت ناڕەحەتیەکانـی

ژیانـدا نەتوانێـت خـۆی ڕابگرێـت و مـردن بـە باشـتر بزانێـت! سـەرەنجامی ئـەم کارانـە بۆمـان دەردەکەویـت کـە فەلسـەفەی دیـن بـۆ ژیـن چەنـد جوانـە... چـۆن مرۆڤـەکان پـەروەردە دەکات کـە خۆگربـن لـە ئاسـت هەمـوو تەنـگ وچەڵەمەکانـی ژیانـدا... چـۆن خۆیـان لەهەمـوو بارودۆخەکانـدا بگونجێنـن بەشـێوەیەکی چـاك... چـۆن مرۆڤـەکان پێدەگەیەنێـت بـۆ خۆیـان و دەوروبەریان...چـۆن وا لـە مرۆڤـەکان دەکات بەکەمیـش قەناعـەت بن...ئەوانـەو زۆرێکـی تـر لـە فەلسـەفەکانی دینـدا دەردەکەوێـت بـۆ ژیـان... بەڕاسـتی ڕاسـتە خـوای گـەورە فەرموویەتـی [الَّذِيـنَ آمَنُـوا وَتَطْمَـئِنُّ قُلُوبُهُـمْ بِذِكْـرِ اللَّـهِ أَلَا بِذِكْـرِ اللَّـهِ تَطْمَـئِنُّ الْقُلُـوبُ] . بێگومـان بەیـادی خـوای گـەورە دڵـەکان ئـارام دەبـن ئەگـەر لەهـەر باردۆخێکـدا بێـت. وە بەیـادی خـوا نەبێـت بەهیـچ شـتێك دڵـەکان ئـارام نابـن. هـەر بۆشـە دەبینیـن کەسـێك کـە مسـوڵمانی ڕاسـتەقینەیە بەهـەزار دەردەسـەری ژیـان دەباتەسـەرو ئـەو کارانـەش بەبیریـا نایـەت. لـە کۆتایـدا داواکارم لـە خـوای گـەورە ئارامـی بـەردەوام لـە دڵەکانمانـدا جێگیـر بـکات.

ئەمـەش دیمەنێکـە لـە چەندەهـا دیمەنـی هەمـان شـێوەی شـاراوەی نـاو کۆمەڵگـەی ئەوروپـی. فەرمـوون بـە فیدیـۆ بەچـاوی خۆتـان ببینـن کـە چـۆن هەوڵـی خـۆ کوشـتن دەدات دوو کچـی گەنجـی سـویدی لـە بەریتانیـا.

http://news.bbc.co.uk/1/hi/uk/7636577.stm

# ئامۆژگاری بۆ خەڵکی بەسرە[10]

ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم ڕەحمەتی خوای لێ بێت ڕۆژێك بە بازاڕی بەسرەدا تێپەڕی خەڵکی کۆ بونەوە لێی و پرسیاریان لێ کرد ووتیان: ئەی باوکی ئیسحاق خوای گەورە لە کتێبەکەیدا دەفەرموێ : (ادعوني استجب لكم)[11] واتە داوەم لێ بکەن وەڵامتان دەدەمەوە، ئێمە ساڵێکە داوا دەکەین کەچی وەڵامان ناداتەوە! ئیبراهەم ووتی: ئەی خەڵکی بەسرە دڵتان مردووە لە دەشت:

یەکەم: خواتان ناسی و وە مافیتان نەدا.

دووەم: کتێبەکەی خواتان خوێندەوەو وە کارتان پێ نەکرد.

سێهەم:بانگەشەی خۆشەویستی پێغەمبەر دەکەن و سونەتەکەیتان واز لێهێناوە.

چوارەم: بانگەشەی دژایەتی شەیتان دەکەن کەچی کارەکانتان بە پیچەوانەوەیە.

پێنجەم: ووتتان بەهەشتمان خۆش دەوێت کەچی کارتان بۆ نەکرد.

شەشەم: ووتان لە ئاگر دەترسین وە جستەی خۆتان کردە بارمتە بۆی.

حەوتەم: ووتتان مردن ڕاستە کەچی خۆتان بۆ ئامادە نەکرد.

هەشتەم: سەرقاڵ بوون بە کەمو کوڕی خەڵکەوەو کەمو کوڕی خۆتان لەبیر کرد.

نۆهەم: نازوی نیعمەتی خواتان خوارد کەچی سوپاسگوزاریتان نەکرد.

---

10 http://forums.graaam.com/73231.html

١١ غافر ٦٠

دەهەم: مردووەکانتان ناشت پەندتان لێ وەرنگرت.

بسم الله الرحمن الرحيم

مر ابراهيم ابن الادهم رحمه الله يوما في اسواق البصرة فأجتمع الناس عليه فقالوا : يا ابا اسحاق ان الله يقول في كتابه : ( ادعوني استجب لكم ) ونحن ندعوه منذ دهر فلا يستجيب لنا فقال ابراهيم : يا اهل البصرة ماتت قلوبكم من عشرة اشياء :

اولها : عرفتم الله ولم تؤدوا حقه

ثانيها : قرأتم كتاب الله ولم تعملوا به

ثالثها : ادعيتم حب رسول الله وتركتم سنته

رابعها : ادعيتم عداوة الشيطان ووافقتموه

خامسها : قلتم نحب الجنة ولم تعملوا لها

سادسها : قلتم نخاف النار ورهنتم انفسكم بها

سابعها : قلتم ان الموت حق ولم تستعدوا له

ثامنها : اشتغلتم بعيوب الناس ونبذتم عيوبكم

تاسعها : اكلتم نعمة الله ولم تشكروها

عاشرها : دفنتم امواتكم ولم تعتبروا بهم

# گەڕانەوە بۆ ئیسلام بە نموونە

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورەو پێغەمبەرە نازدارەکەی و شوێنکەوتوانی تا ڕۆژی دوای لە پاش سەلامی خوای گەورە لە ئێوە برایان و خوشکانی بەڕێز.

دانیشتنێکی خێرەو پشت بەخوا بە بەرەکەت دەبێت، کەوا کەسانێك هاتوون بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر ئیسلام، ئێمە ئەوەمان لا ئاشکرایەو بڕوامان پێی هەیە کەوا هەموو کەس کە لە دایك دەبێت خوای گەورە بە مسوڵمانی ئەیهێنێتە دونیایەوە چونکە خەیرو چاکە تەنها لە ئیسلامدایە.

«كل مولود يولد على الفطرة فأبواه يهودانه أو ينصرانه أو يمجسانه»

دەبینین دواتر کەسانێك ئەم منداڵە پاکە لە ئەسڵو ڕێچکە سەرەکیەکەی خۆی لایدەدەن، هەربۆیە کەسێك کە دەیەوێت مسوڵمان ببێت وە دواتر کە مسوڵمان دەبێت پێی ناڵێین دینەکەی خۆی گۆڕی بۆ ئیسلام, بەڵکو دەڵێین گەڕایەوە بۆ ئیسلام، چونکە سەرەتا ئیسلام بووە دواتر دینەکەی گۆڕیوە بۆ دینی تر کە مسوڵمان دەبێتەوە دەڵێین گەڕایەوە، لەبەر ئەوە شتێکی غەریب نی یەو سروشتی مرۆڤ خۆی داوای دەکات.

ئەوەی زۆرگرنگە لەم جۆرە دانیشتنانەدا بەلای منەوە ئاسانکاری و درێژ نەکردنەوەیەتی هەرچەند دانیشتنەکە خۆی بۆ خۆی خۆشەو ئینسان حەزی پێیەتی، بەڵام لەبەر ئەو کەسەی کە دەبێتە مسوڵمان ئیحراج نەبێت هەر لە یەکەم دانیشتندا بێزاری ڕووی تێبکات و کارەکەی لا نارەحەت ببێت.

ئیسلام ئاینێکی ئاسانەو هەموو ئەوانەش کە داوای کردوون هەر ئاسانەو

**یەكێك لە تایبەتمەندیەكانی ئیسلام ئاسانە، جا باشترو چاكتر وایە ئێمە ئاسانی بكەین بۆ خەڵك و سەری دونیای لێ نەهێنینە یەك.**
**قال صلى الله علیه وسلم : ( یسروا ولا تعسروا وبشروا ولا تنفروا ) رواه البخاري ومسلم .**
**بە تایبەت كەسێك كە مسوڵمان دەبێت پێویستی بە دڵ ڕاگرتن هەیە هەر بۆیەش زەكاتیشیان پێ دەشێ بۆ ئەوەی دڵیان ڕاگیر بكرێت.**
**ئەوەی زۆر گرنگە شەهادەی پێ بهێنرێت و بۆی ڕوون بكرێتەوە، ئیتر بە هێنانی شەهادە دێتە ناو ئیسلامەوەو حسابی مسوڵمانی بۆ دەكرێت. برایان و خوشكانی بەڕێز بەلاتانەوە شتێكی سادە نەبێت ووتی شەهادە هەروا ئاسان نی یەو هەموو كەس ناتوانیت دانی پێدا بنێت، لەسەردەمی پێغەمبەردا درودی خوای لەسەر بێت زۆرجار پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت پێداگربووە لەگەڵ كەسانێكدا بۆ ئەوەی شەهادە بهێنن بەڵام دەمیان نەیهێناوەو نەیانتوانیووە بیڵێن، جا كەسێك ئێستە كە شەهادە دەهێنێت با ڕێزی لێ بگرین و تۆمەتی بۆ دروست نەكەین و نەڵێین بەخوا ئەمە لەبەر ئەوەو ئەمەیە، ئەوە شتێكە پەیوەستە بە نیەتی خۆیەوە با ئێمە حوكم لە سەر نیەت نەدەین، من بڕواشم وا نی یە ئەم مسوڵمان بوونانە لەبەر شتی تر بێت، تەنها فەراغێكی نەفسیەو كەسەكە گەشتووەتە ئەو بڕوایەی كە بگەڕێتەوە بۆ سەر ئەسڵەكەی خۆی، ماوەیەك پێش ئێستە ئافرەتێك هات بۆ ماڵمان بۆ ئەوەی شوو بە كوردێك بكات منیش زۆر قسەم لەگەڵیدا كردوو مەرجەكانی تێدا نەبوو، چونكە ئاشكرایە كەسێكی مسوڵمان كە بیەوێت كەسێكی نا مسوڵمان بهێنێت ئەگەر كەسەكە مەسیحی وەیان جولەكە بێت دروستە بەڵام مەرجی هەیە ئەویش مەرجەكانی تێدا نەبووە لەبەر ئەوە چار نەما كە دەبێت مسوڵمان بێت**

بۆ ئـەوەی کوڕەکـە بتوانێـت بیخوازێـت، ئەویـش ڕازی نەبـوو کـە مسـوڵمان ببێـت، ووتـی ئەگـەر ئـەو هـەر لەسـەر دینـی خۆشـی بێـت لـە دینـی ئێمـەدا هـەر مـارە دەبڕێـت دوای دوو سـێ سـەعات کەوتـە بیرکردنـەوە منیـش ووتـم بـا زەمەنێکـت هەبێـت بـۆ بیرکردنـەوە چونکـە نامەوێـت لـەم مەجلیسـەدا بـە ڕووگیـری مسـوڵمان بیـت، ئەویـش ڕۆشـت و هێشـتا نەهاتووەتـەوە.

لەو شتانەش کە گرنگن لەم کۆبوونەوەیەدا ئافرەتەکە بزانێت.

١-کە مسوڵمان دەبێت نابێتە دوژمنی عیسا سەلامی خوای لێ بێت.

هــەر دەبێــت خۆشــی بوێــت و پێغەمبــەر خوایــەو جیــاوازی لەنێــوان پێغەمبەرانــدا نیــە.

٢-کە مسوڵمان دەبێت تەنها عیبادەت بۆ خوا دەکات نەك بۆ پێغەمبەر.

٣-دینی ئیسلام کۆتا دینەو دەبێت پەیڕەوی ئەم دینە بکرێت.

٤-هەمـوو دینـە ئاسـمانیەکانی تـر سـەرچاوەیان خـوای گەورەیـەو خـوای گـەورەش خـۆی شـارەزایە کـە بـۆ ئیسـلامی بـۆ دواهەمیـن دیـن هەڵبـژارد.

٥-فێـری هەندێـك ئادابـی سـەرەتای بکرێـت، وەك خۆشـتن و نەخواردنـی بـەرازو مەشروبـات و دواتـر ووردە ووردەە ڕاهێنانـی لەسـەر نوێـژ و ترسـاندنی بـە سـزای تاوانـی و ئومێـد بەخشـین پێـی لەسـەر چاکـەو چاکـەکاری.

ئافرەتێکی ئینگلیز مسوڵمان دەبێت

مسـوڵمان بـوون ئێسـتە بووەتـە یەکێـك لـە دیـاردە ئاشـکراکانی نـاو کۆمەڵگـەی ئەوروپـی و بـەردەوام گوێبیسـتی ئـەم جـۆرە هەواڵانـە دەبـن کـەوا ئیسـلام بـە پەرۆشـەوە خەڵکـی بـۆی دەگەڕێتـەوە، چ وەك نـا مسـوڵمان و گەڕانـەوەی بـۆ باوەشـی ئـەو ئیسـلامەی کـەوا لەسـەری لـە دایـك بـوو وە دواتـر بەهـۆی دایـك و بـاوك و بارودۆخـی جیـاوە لێـی دابـڕا دوای تـاڵاوی بـێ ئیمانـی و پڕنەبوونـەوەی ئـەو بۆشـایە گەورەیـەی لـە دڵـداو دۆزینـەوەی

ڕێگـەی ڕاسـت بـۆ جارێکـی تـر بـە خۆشـحاڵیەوە بـۆ ئیسـلام دەگەڕێنـەوە، هەروەهـا ئـەو کەسـانەش کـەوا وازیـان لـە زۆرێـك پەرستشـە ئاینیـەکان هێنـاوەو تووشـی تـاوان و سـەرگەردانی بـوون دوای تێرنەبوونـی ڕۆح و بۆشـای دروسـت بوونـی بـۆی ئەوانیـش هـەم جارێکـی تـر بـۆ ئیسـلامەکە دێـن و هـەردوولا دەگـەن بـەو بڕوایـەی کـەوا لـە ئیسـلامدا نەبێـت لـە هیـچ شـوێنێکدا ئـەو بۆشـایە پـڕ نابێتـەوەو وە مرۆڤـەکان ئاسـودە نـاکات، لـە دانیشـتێکی تایبەتـدا کـە بـۆ ئافرەتێکـی ئینگلیـز ڕێکخرابـوو لەسـەر قسـەو بـاس لەسـەر ئیسـلام و ڕوونکردنـەوەی ئەحکامەکانـی تـازە ئیسـلام و چۆنێتـی بـوون بـە ئیسـلام ئافرەتەکـە مسـوڵمان بوونـی خـۆی ئاشـکرا کـردوو بەبەرچـاوی ئامادەبوانـەوەو بـە خۆشـحاڵیەوە شـەهادەی هێنـاو بـوو بـە مسـوڵمان، لەلایـەن سـتافی قیبلـەوە دیـاری و هەندێـك کتێبـی سـەرەتایی پێشـکەش کـراو بـە خۆشـحاڵیەوە کۆبوونەوەکـە کۆتایـی پـێ هـات.

دوو ئافرەتی ئەوروپی پێکەوە مسوڵمان بوون

لـە دانیشـتنێکی تایبەتـدا کـە بـۆ دوو ئافرەتـی ئەوروپـی ڕێکخرابـوو لەگـەڵ سـتافی قیبلـەدا لەسـەر قسـەوباس لەسـەر ئیسـلام و چۆنێتـی بـوون بـە ئیسـلام و ڕوونکردنـەوە لەسـەری، دوابـەدوای ڕوونکردنەوەکـەو ووردەکاری چۆنتـی دروسـت بوونـی ئاینـەکان و ئـەو جیاوازییـەی لـە نێوانـدا هەیـەو زۆرێکـی پێـوە سـەرگەردان بـووەو هەمـوو ئـەو گومانانـەی کـە هەبـوو ڕەوانـەوەو هـەردوو ئافرەتەکـە پێکـەوە مسـوڵمان بوونـی خۆیـان لەبەرچـاوی کۆمەڵێـك کـە ئامـادەی دانیشـتنەکە بـوون شـەهادەیان هێنـاو خۆشـی و خەنـدە لـە ڕوومەتیـان دەبـاری، هەمـوو ئامادەبوانیـش بـەم کارە دڵخـۆش بـوون و هیـوای سـەرکەوتنیان بـۆ خواسـتن، شـایەنی ووتنـە لـە لەلایـەن سـتافی قیبلـەوە هەریـەك لـە خوشـکەکان دیاریـان پێشـکەش کـراو بـە ڕوویەکـی خۆشـەوە

دانیشـتنەکە کۆتـای هـات.

**لاوێکی پۆڵەندی ئیسلام بوونی خۆی ڕاگەیاند**

گومـان هەڵنەگـرە کـە ئیسـلام کۆتـا ئاینـە لـەلای خـوای گـەورەوە، هەربۆیـە خـوای گـەورە خۆشـی پاڵپشـتیەتی و خەڵکـی بـۆ دروسـت دەکات لـە هەمـوو سـەردەم و گشـت شـوێنەکاندا، ئـەوەی لـە بیـری زۆرێکـەوە دووره بـە واقـع زۆرجـار دێتـە ڕێگەمـان، بەبـێ ئـەوەی کارێکـی زۆریشـمان لەسـەری کردبێـت، بڵاوبونـەوەی ئیسـلام بـە گشـت کـون و قوژبنەکانـی دونیـادا زەنگـی بـە گوێـی هەمـوو لایەکـدا داوە، هـەر ئـەو زەنگـەش چونکـە پاڵپشـتە ئیلاهیەکـەی لـە پشـت بـووە بەبـێ ووردەکاری زانینـی ئـەو زەنگـە بـە ووردی و کاریگـەری لـە دڵـی داون و لـە ڕێگـەی ئـەو زەنگـەوە وای لـێ کـردوون خۆیـان بـەدوای ڕاسـتێتی و ئـەو زەنگـەدا بـن و ووردەکاریەکانـی بزانـن، لـە سـەردانێکی ئامادەکـراودا بـۆ گەنجێکـی پۆڵەنـدی قسـەو بـاس لـە سـەر ئـەو دەنگـەی بـە گوێکانـدا چرپـاوە بـڕوات و دوای قسـەوباس و ڕوونکردنـەوەی ئیسـلام و پێناسـەکردنی لەلایـەن سـتافی قیبلـەوە لاوەکـە ئامادەیـی خـۆی بـۆ ئیسـلام دەربـڕی و شـەهادەی بـۆ ڕوونکرایـەوە، لاوەکـەش بـە زمانێکـی پـاراو توانـی دانـی پێـدا بنێـت، دوا بـەدوای مسـوڵمان بوونـی کۆمەڵێـك دیـاری پێشـکەش کـراو ئـەوەی پێویسـت بـوو بـۆی لـە ئێسـتەدا بـۆی ڕوونکرایـەوە، ئامادەبوانیـش خەنـدە لـە لێوەکانیـان دەبـاری بـەوەی کەسـیك بـە کافـری هاتـە مزگـەوت و بـە مسـوڵمانی دەرچـوو.

## لێخۆشبوون ومیهرەبانی بەڕێوەیە

هەرگیز گونجاو نیە کەسێك لە بەرژەوەندی خۆیدا نەبێت، مەگەر کەسێك خاوەنی ژیری نەبێت، ئەوکەسەش نە گلەی نە گازندەی لەسەرە، وە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامیشدا هەروەها. وا ئێستە مانگی لێخۆشبوون بەڕێوەیە با هەموومان بگرین بۆ هەر هەڵەو تاوانێك لە ڕابوردوودا کردوومانە، وە لەدڵەوە پەیمان بدەین بە خوا کە جارێکی تر نەگەڕێینەوە سەریان و بەهێزێکی پڕ باوەڕەوە بۆ ئایندەمان هەوڵ بدەین ئەگەر خاوەنی ژیرین، گەر وانەکەین لە بەرژەوەندی خۆماندا نین و دەبێتە مایەی پەشیمانیمان، جا با ژیریمان بخەینە کارو ئەم هەلە لە دەست نەدەین و بیقۆزینەوە.

بۆ گۆڤاری ڕاساڵ نوسراوە وەك پەیڤێکی بچوك لەسەرمانگی ڕەمەزان لەکاتی نزیك بوونەوەیدا

## هەڵوێستەیەك لەگەڵ خۆمان و ڕەمەزەندا

چەند خاڵێك لەبەرچاوگرتن

كُلُّ أُمَّتِي يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ إِلَّا مَنْ أَبَى قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَنْ يَأْبَى قَالَ مَنْ أَطَاعَنِي دَخَلَ الْجَنَّةَ وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ أَبَى[١٢]

١-پاك كردنەوەی نیەتمان بە ڕاستی: نیەت عادەت لە عیبادەت جیا دەكاتەوە.

٢-عەزیمە وەرگرتمان لەسەری: یانی باوەڕمان بەخۆمان هەبێت.

12 البخاري http://www.saaid.net/Doat/aljefri/63.htm

٣-موحاسـبەکردن: چیـمان کـردووە، چاوێـك بـە خۆمانـدا بخشـێنینەوەو خۆمـان ئاپدەیـت بکەینـەوە.
((یا أیها الذین آمنوا اتقوا الله ولتنظر نفس ما قدمت لغد))
قال ابن کثیر رحمه الله : أي حاسبوا أنفسکم قبل أن تحاسبوا
حسن البصري یقول: یا ابن آدم إنما أنت أیام فإذا ذهب یوم ذهب بعضك
٤-تەوبەکردن: مسوڵمان بێ کەموکوڕی نی یە لە تاوان
((کلُّ بني آدَمَ خطّاء، وخیرُ الخطّائین التوّابون))
((والّـذي نفـسِي بیَـدِه، لـو لم تذنِبـوا لذَهَـب اللـه بکـم، ولجـاءَ بقـومٍ یذنِبـون فیسـتغفِرون اللـهَ فیغفِـر لهـم))[١٣]
٥-ڕەمـەزان فرسـەتە بـۆ پاککردنـەوە: دڵـی کەسـێکمان عاجـز کـردووە ئاشـتی بکەینـەوە، ئاگامـان لـە دەمـمان بێـت لـە ئەخلاقـمان بێـت، ئـەم فرسـەتە بقۆزینـەوە.
أن النبـي صـلی اللـه علیـه وسـلم قـال : لا تباغضـوا ولا تحاسـدوا ولا تدابـروا وکونـوا عبـاد اللـه إخوانـاً. وَلَا یَحِـلُّ لِمُسْـلِمٍ أَنْ یَهْجُـرَ أَخَـاهُ فَـوْقَ ثَـلَاثِ لَیَـالٍ
وعندمـا سُـئل النبـي أي النـاس أفضـل؟ قـال: { کل مخمـوم القلـب صـدوق اللسـان } قالـوا: صـدوق اللسـان نعرفـه فـما مخمـوم القلـب؟ قـال: { هـو التقـي النقـي، لا إثـم فیـه ولا بغـي ولا غـل ولا حسـد }[١٤]
٦-گرتنی ڕەمەزان بە ڕێك و پێکی:
قـال علیـه الصلاة والسـلام: کُلُّ عَمَـلِ ابْـنِ آدَمَ یُضَاعَـفُ الْحَسَـنَةُ عَـشْرُ أَمْثَالِهَـا إِلَی سَـبْعِمِائَة ضِعْـفٍ، قَـالَ اللَّـهُ عَـزَّ وَجَـلَّ: إِلَّا الصَّـوْمَ ، فَإِنَّـهُ لي وَأَنَـا أَجْـزِي بِـه یقـول النبـي صـلی اللـه علیـه وسـلم : إِذَا کَانَـتْ أَوَّلُ لَیْلَـةٍ مِـنْ رَمَضَـانَ ، فتّحَـتْ

١٣ أخرجه مسلم
١٤ رواه ابن ماجه

أَبْـوَابُ الْجَنَّـةِ ، فَلَـمْ يُغْلَـقْ مِنْهَـا بَـابٌ ، وَغُلِّقَـتْ أَبْـوَابُ جَهنّـم ، فَلَـمْ يُفْتَـحْ مِنْهَـا بَـابٌ ، وصُفِّـدَت الشَّـيَاطِينُ ، وينـادَى مُنَـاد : يَـا بَاغـيَ الْخَـيْرِ أَقْبِـلْ ، وَيَـا بَاغِـيَ الـشَّرِ أَقْصر ، وَلِلَّـهِ عُتَقَـاءُ مِـنَ النَّـارِ ، وَذَلِـكَ فِي كُلِّ لَيْلَـة

))مَنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا ، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِه((

))مِنْ قَامَ لَيْلَةَ الْقَدْرِ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا ، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِه((

٧-پێداگـری لەسـەر بەرنامەیەکـی ئیمانـی لـە مانگـی ڕەمەزانـدا: بـۆ نموونـە بـەژداری لـە کارو چالاکیەکانـی مزگـەوت، دوورکەوتنـەوە لـە سـەیر کردنـی بەرنامـە تەلەفزیۆنیـەکان.

٨-دوورکەوتنـەوەی لـە ئیـش و کاری دونیـای: تـا بۆمـان بکرێـت هـەوڵ بدەیـن ئیـش نەکەیـن خۆمـان تەنهـا بـۆ عیبـادەت کـردن تەرخـان بکەیـن.

٩-دوعاکردن: کە دوعاکردنی تێدا دروستە.

١٠-بەردەوامیمان لەسەر ئەم چاکەکاریە دوای ڕەمەزان.

## کاریگـەری دراماکـان لـە مـانگـی ڕەمـەزانـدا

بێگومـان تەلەفزیـۆن یەکێکـە لـە نیعمەتەکانـی خـوای گـەورە کـە بـە هۆیـەوە سـودێکی باشـمان پێـدەگات، بـە ئاسـانی و لـە ماڵەکانـی خۆمانـدا بەبـێ ئەزیـەت، بـەڵام پێویسـتە لەسـەرمان کـە بزانیـن چـۆن ئـەم ئامێـرە بەکاربێنیـن و سـودمەندبین لێـی، بـە پێچەوانـەوە بێگومـان زۆر زەرەرمەنـد دەبیـن و توشـی سزای دواڕۆژی دەبیـن لەسـەری، لێـرەدا زۆر کـەس وا دەزانـن یـان بیردەکەنـەوە کـە زانینـی بەکارهێنانـی تەلەفزیـۆن وەیـان فراوانـتر بڵێـم سـەتەلایت ئەوەیـە کـە، کەناڵـی خراپـی تیـادا پاشـکەوت نەکەیـت ئیـتر تـەواوە، لێـرەدا مـن مەبەسـتم ئـەوە نیـە چونکـە بێگومـان ئـەوە لەگـەڵ

خـو ڕەوشـتـی ئێمـەدا ناگونجـێ و زۆر دووره لێمانـەو انشـاءالله. ئـەوەی زیاتـر مەبەسـتە كات بەفیڕۆدانـە بـە هـۆی ئـەم ئامێـرەوە زۆر بەداخـەوە كەسـانی وا هەیـە كـە، بـە تـەواوی عەودالـی بـوون بەشـێوەیەكی وا كاریگـەری خراپـی دروسـت كـردووه هـەم لەسـەرخۆی وه هەروەهـا خێـزان منداڵەكانیـش، ئەویـش بـە سـەیركردنی درامـا بێكەڵكـەكان وەك دراماكـان كـە ئێسـتە بەناوبانـگ بـووەو، وه بووەتـە هـۆی ناكۆكـی نێـوان هەندێـك خێـزان، وه هەتـا گەشـتووەتە ئـەو ڕادەی كـە لێـك جیـا ببنـەوه بەهۆیـەوە، خـۆ لێـرەدا ئەگـەر گرفتـی لـەم شـێوەش دروسـت نـەكات بەڕاسـتی كات زۆر لـەوه گرنگـتره كـە لەگـەڵ درامـای بـێ سـوددا بەسـەر ببرێـت، ئـەوه بـاس لـە خراپـی و ناوەرۆكـی دراماكانیشـش بـا لـەولاوه بوەسـتێت، ئـەو هەمـوو كاتـە كـە وەك بیسـتوومە ئـەو درامایانـە نزیكـی ٢٠٠ ئەڵقەیـەك دەبێـت هـەر ئەڵقەیەكـی نزیكـی كاتژمێرێـك دەبێـت ئەگـەر هەمـووی كۆبكەیتـەوه نزیكـی بەلانـی كەمـەوه ١٥٠ كاتژمێـر دەكات خـۆ ئەگـەر بەقـەدەر ئـەو كاتژمێرانـە كاری خێـر بكەیـت، توێشـویەكی زۆر بـاش دەكات بـۆ دواڕۆژوو پلـەی پـێ بەرزدەبێتـەوه لـە دواڕۆژدا. ئەمـەش مانـای وا نـی یـە ئیـتر تەلەفزیـۆن یـان سـەتەلایت ئـەوه ناهێنـی سـەیری بكەیـن نەخێـر بێگومـان ئامێرێكـی بەكەڵـك و باشـە بـەڵام بـە گوێـرەی خـۆی و لـە كاری بەجێـداو بـە پێـی پێویسـت و هاوسـەنگی.

ئاشـكرایە مانگـی پیـرۆزی ڕەمـەزان مانگـی خـوا پەرسـتی زیاتـرو ڕۆژوو تەراویـح و قورئـان خوێندنـە. مانگێكـە بەڕاسـتی هەلـە بـۆ كۆكردنـەوەی زیاتـر پاداشـت، مانگێكـە پڕیەتـی لـە خێـرو فـەڕ، تەنهـا ئەوەنـدە بەسـە كـە مانگێكـە قورئانـی پیـرۆزی تێـدا دابەزیـووە، هیـچ شـت لـەوه گرنگـتر نـی یـە كـە سـەرقاڵمان كات و بیرمـان ببـا بـۆلای خـۆی و كاتمـان بگرێـت لـە مانگـی ڕەمـەزان. ئـەوەی جێگـەی نیگەرانیـە كەناڵەكانمـان لـەم مانگـەدا لـە

بـری ووتـاری ئاینــی و ئامــۆژگاری خەڵكــی كۆمەڵێــك دراما نیشـان دەدەن كـە نـەك بـۆ ڕەمـەزان بـۆ هیـچ كاتێـك ناشـێت پڕیەتـی لـە شـتی بـێ مانـاو دوور لـە كەلتــورو ئاینــمان كـە بەئاشـكرا بانگەشــەیە بـۆ بەدڕەوشـتی هـەر كەناڵێـك دەكەیتــەوە هــەر ئـەم بەزمەیـە وەك وابێـت بـەم كارانـە خزمـەت بەخەڵكــی دەگەیەنــن! زۆر ووتــراوە لەســەر كەناڵــە كوردیــەكان نامەوێــت زۆر لەسـەریان بـڕۆم بـەڵام هـۆی ئـەم كارانـەو وە زۆرێكـی تـر لـە هاوشـێوەیان ئــەو متمانەیــان لــەلای خەڵكــی نەمــاوە هــەردەم بەگومانــەوە ســەیری هەمــوو بەرنامەكانیــان دەكرێــت هــەر لەهەواڵەكانــەوە كـە گرنگترینیانـە تـا دەگاتــە یــاری منــداڵان و فلیــم كارتــۆن. بــەڵام ئــەوەش جێگــەی نیگەرانیــە كۆمەڵیـك خەڵـك عەوداڵـی ئـەو دراما بـێ مانانـە بـوون هەیـە تەراویحەكانـی دەفەوتێنــێ لەبــەر خاتــری ئــەو درامانــە!! وە هەیــە زۆر بــە كــرچ و كاڵــی دەیــان كات! وا نزیكــەی نیــوەی مانگــی ڕەمەزانمــان بەرێكــرد وە خەریكــە ئــەو نیوەكــەی تریــش لەدەســتمان دەچێــت جێگــەی خۆیەتــی بەخۆمانــدا بچینــەوە چیــتر ئــەم درامانــە نەبێتــە مایــەی لەدەســتدانی پەرســتش و كارەكانمــان، ئەگــەر كەمــو كوڕییەكــمان كردبێــت هێشــتا كات لەبەردەمــمان مـاوەو بـا ئـەم چەنـد ڕۆژەی كۆتایـی ئـەم مانگـە پیـرۆزە بـە گوڕێكـی باشـەوە هەوڵــی تیــا بدەیــن و لەهەمــووی گرنگــتر شــەوانی قــەدری تیایــە بــا زیندوویــان بكەینــەوە بــە ئومێــدی لێخۆشــبونمان لای خــوای پــەروەردگار... جـا خوایـە گیـان بـەدڵ لێـت دەپاڕێینـەوە لەگوناهەكانمـان خـۆش ببـەو ئـەم مانگـی ڕەمەزانـە بووبێتـە مایـەی لێخۆشـبونمان وە ئـەم ڕۆژانـەی داهاتـووش بكەیتــە مایــەی بــەرز بوونــەوەی پلەمــان لــە بەهەشــتەكەی خۆتــدا آمیــن.

# تێگەیشتن لە قورئان

«هـەر لەیەکـەم «بسـم اللـە»ی قورئانـەوە پێـش چـواردە سـەدە تـا ئەمـڕۆ دوو هێـز شـەڕیانە لەسـەر قورئـان .. یەکێکیـان ئەیپارێـزێ و بـە مەردوومـی رائەگەیەنـێ ..ئـەوی تریـان ئەیشـارێتەوەو تورەکـەی سـەوزو سـووری بـۆ هـەڵ ئـەدورێ و هـەردەم بەنـاوی شـتێکەوە لـە مەیدانـی پەیـڕەوی دووری ئەخاتـەوە. بێگومـان هـەر دوکیشـیان ناحەقیـان نـی یـە..! چونکـە ئـەو تامـەو لەزەتـەی قوتابیانـی قورئـان وەریـان گرتـووە لـە قورئـان زۆر لـەوە گەورەتـرە لـە سـەرو مـاڵ و خوێـن و گیـان و گـەل و نیشـتیمان .. هەروەهـا ئـەو چەپۆکـەی دووژمنانـی قورئـان بەریـان کەوتـووە لـە قورئـان زۆر شـایانی ئەوەیـە لـەوە زیاتـر هەوڵـی خوێنـاوی بـۆ بـدەن بـۆ دواخسـتنی مەرگـی پـڕ لـە شـەرمەزاریان. بـەڵام دژایەتـی قورئـان زۆر لـە شـەڕە قـۆچ لەگـەڵ بەردەکانـا بـێ جێگـە تـرە.. چونکـە قورئـان فەرمایشـتی خوایـەو لەگـەڵ خـوادا ئەمێنـێ .. هەرکاتـێ ئـەو ناحەزانـە توانیـان بـەری ڕەوڕەوی مانـگ و خـۆرو گـژو گیـا سـەوز بـوون و بـاران باریـن و مـردن و ژیـان بگـرن ئەوسـا ئیزنیـان بـێ، رێ بـە ڕەوڕەوی دەسـتوری ژیاننامـەی خـواش بگـرن. قورئـان دەفتـەری نـووسراوەی ئـەم بوونـەوەرەو جیهانەیـەو تەعلیماتـی چۆنێتـی خەلیفایەتـی خوایـە لەسـەر زەویـدا.. بۆیـە تـا زەمیـن بمێنـێ و تاکـە مرۆڤێکـی لەسـەر بمێنـێ ئەبـێ قورئانیشـیان بـۆ بمێنـێ»

زۆر بەداخـەوە دەڵێیـن زۆر جـار دەبینیـن و دەبیسـتین لێـرەو لـەوێ کەسـانێك دەنوسـن لەسـەر قورئـان، بەشـێوەیەکی وا نیشـانی دەدەن بەپێچەوانـەی ئـەوەی کـە قورئانەکـە خـۆی باسـی دەکات. شـتەکان لنگـەو قـوچ دەکەنـەوە، ئەمـەش کارێکـی تـازە نیـە کـە لەوبـارەوە دەکرێـت ئەگـەر بێتـو سـەیرێکی

مێـژووی ئیسـلامی بکەیـن هـەر لەسـەرەتای هەڵهاتنـی ئـەم ڕووناکیـەوە کۆمەڵێـك دژایەتیـان کـردووە و هەمـوو هەوڵێکیـان خسـتۆتەگەڕ بـۆ لەناوبـردن و ناشریـن کردنـی لـەلای تـەواوی خەڵکـی و بەتایبـەت مسـوڵمانان و وە گومـان دروسـت کـردن لەدڵیانـدا بەرانبـەر قورئـان. هەوڵەکانیشـیان بـەزەرەری خۆیانـدا شـکاوەتەوە، بـۆ چونکـە نەیـان توانیـوەو وە ناتوانـن بـە هیـچ شـێوەیەك بەربەسـت بـن لەبـەردەم ئـەو ڕووناکیـەدا، هەتـا ئەگـەر کەسـیش نەبێـت پشـتیوانی بـکات... واقیعەکـە شـایەتی ئەمەیـە دەبینیـن هـەر هێرشـێك دەکرێتـە سـەر ئیسـلام چ بەنوسـین فیلـم وێنە...هتـد دەبینیـن چـۆن لـە هەمـوو لایەکـەوە بەرپـەرچ دەدرێنـەوە! خـوای گـەورە خۆی ئـەو بەڵێنـەی داوەو وە هـەر قورئانەکـە خۆشـی شـاهیدحاڵی ئـەو ڕاسـتیەیە (إنـا نحـن نزلنـا الذکـر وإنـا لـە لحفظـون) الحجـر ٩ واتـە ئێمـە قورئانمـان دابەزانـدووەو وە هەرخۆشـمان دەشـی پارێزیـن، تەنهـا ئـەو ئایەتـە بەڵگەیەکـی زۆر زۆر بەهێـزە بـۆ ڕەد دانـەوەی زۆرێـك لـە ناحـەزان و دژە قورئانـان، لەگـەڵ گۆڕانـی ئـەو هەمـوو سـەردەمە جیاوازانـەوە کـە دوای دابەزانـدی قورئـان هاتـوون، هیـچ کۆمەڵێـك نەیـان توانیـوە هەتـا گۆڕانکاریەکـی بچوکێـش لـە قورئانـدا بهێنـن، لەگـەڵ ئـەو هەمـوو ناحەزانـی ئیسـلامە جـۆراو جـۆرەدا هـەر لەسـەردەمی پێغەمبەرمانـەوە درودی خـوای لـێ بێـت هەتـا ئێسـتا، هـەر ئەمـە خـۆی بـۆ خـۆی وەڵامدانەوەیەکـی زۆر گرنگـە ئەگـەر بێتـو تۆزێـك بـە وردی بڕوانینـە مەسـەلەکە، وەلەگـەڵ ئەوەشـدا سـوپاس بـۆ خـوا زانایـان و خۆشەویسـتانی ئیسـلام و قورئـان لێنەگەڕاون هـەروا ناحەزانـی ئیسـلام تانـەو تەشـەر لەقورئـان و ئیسـلام بـدەن، لەهەمـوو لایەکـەوە بەهەمـوو شـێوەیەك بەرپـەرچ دراونەتـەوە، وە ئـەم بەرپـەرچ دانـەوەش نهێنیەکـی زۆر گـەورەی تیـا دەبینیـن، ئەویـش ئەوەیـە چ وا لەزانایـان وەیـان دۆسـتانی قورئـان

دەکات کە هەستن بەم کارە، خۆ ئەگەر ناحەزان دەسەڵاتیان لە پشتەو بۆ کۆمەڵیك مەرام و بەرژەوەندی ئەم کارە دەکەن!!! خۆ مسوڵمانان بەپێچەوانەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ئازار دەدرێن بە هەستانیان بەم کارە!! وە بەشیوەیەکی خراپ وەسف دەکرێت، لەگەڵ ئەوەدا ئازاردان و بریندار کردنی هەست و نەستی ئەو هەموو مسوڵمانە بەئاسایی و ئازادی وەسف دەکرێت!!! بەڕاستی زۆر سەیرەو حوکمێکی زۆر نا عادیلانەیە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لایەك لێی بێدەنگە!!؟ پێمان وایە ئەم ڕاستیانە شاراوە نیە هەموومان تاڕادەیەك ئاگامان لێیە لەبەرئەوە وازی لێدێنین بۆ بەڕێزتان... ئەوەی کە جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە شتێکی بەڵگە نەویستە کە قورئان و ئیسلام پارێزراوە لەلایەنی خواوە، بەڵام هۆی تانەو تەشەرو بەخراپ باسکردنی کاریگەری دەبێت لەسەر مسوڵمانان ئەگەر بێت و ئاگایان لە قورئان نەبێت هەر بۆیە زۆر جەخت دەخەینە سەر ئەوەی کە گرنگە شارەزایمان هەبێت لەسەر ئیسلام و وە قورئان بەتایبەتی چونکە قورئان یەکەم سەرچاوەو وە گرنگترین سەرچاوەیە، وە هۆی شارەزایمان دەبێتە کلیلی گۆمان و دودڵی و هەموو ئەو شتانەی کە ناحەزانی ئیسلام دەیانەوێت مسوڵمانانی توش بکەن، وە لێرەدا جێگەی خۆیەتی تۆزێك لەسەر قورئان بنوسین بە ئومێدی زیاتر چونمان بەرەو قورئان و وە ڕەواندنەوەو لابردنی هەر گومانێك ئەگەر دروست بوو بێت، هەرچەند ئەو شتانەی کە ناحەزانی ئیسلام دەیدەنە پاڵ ئیسلام لەڕاستیا شێکی تازە نیە لە پێشتریشدا هەمان دژایەتی بووە، وە ئەمەی کە ئەمڕۆ دەکرێت زۆرێکی هەر دووبارە کردنەوەی ئەوانی پێشووە!! وە تاڕادەیەك ئەمەش دڵخۆشمان دەکات، بۆ چونکە ئەوانەی پێشتر هیچیان پێ نەکرا گومانمان لەوەدا نیە ئەمانیش هەروا دەبن،سەرەتا مسوڵمانێتی

کە سەری هەڵدا تەنها لە یەك کەسەوە دەستی پێ کرد کە پێشەوامان بوو درودی خوای لێ بێ چونکە هێزێکی ئیلاهی لە پشتەوە بوو گەیشتە مەرحەلەی دەوڵەت و وە تەشەنەی کرد بۆهەموو چواردەوری لەگەڵ ئەو هەموو دژایەتیەشدا،وە بێگومان ئەوانەی ئەمڕۆش بەهێچ ناچێ جگە لە سەرشۆڕبوون و ئاخیرەت شەڕی نەبێ. هەرچەند خوێنەرانی بەڕێز قورئان زۆر لەوە گەورە ترە کە ئێمە بتوانین حەقی تەواوی خۆی پێ بدەین، بەڵام هەتا ئەگەر کەمێکیش بێت ئومێدمان وایە بەرەو زیاترو زیاتر بڕوات و وە دڵەکانمان پێی گەش بێتەوە. وە ئەوەی کە مەبەستمانە لەم نوسینەدا جوابدانەوە نیە بەڵکو تەنها ناسینی قورئانە. نوسین لەسەر قورئان چەند لایەنێك دەگرێتەوە١- چونێتی خوێندنەوەی و وە زانیاری تەجوید. ٢- زانیاری قورئان «علوم القران». ٣-تەفسیری قورئان و هۆی دابەزاندی ئایەتەکان.وە بۆ هەریەکێك لەوانە چەندەها کتێب هەیە زۆر بە وردی باسی دەکات، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بەکورتی تیشك بخەینە سەری تەنها ئاماژە کردن و ناساندن و تایبەتمەندیەکانیەتی بە شێوەیەکی گشتی بەئومێدی دروست بونی خۆشەویستیمان بۆی زیاتر. وە بۆ ئەوەی سەرەتایەك بێت بۆ چونەناو زانیاریەکانی تری بەدرێژی إن شاء الله.

قورئان پیرۆز دابەزێنراوەتە خوارەوە لەلایەنی پەروەردگاری جیهانیانەوەو لە ڕێگەی جبرەئیلەوە بە وەحی بۆ پێشەوامان محمد درودو سەلامی خوای لێ بێت، کە دەست پێدەکات لە سورەتی فاتیحەوە وە کۆتایی پێدێت بەسورەتی الناس لێرەدا جێگەی ئاماژە پێکردنە ووشەی عەرەبی سەرەنجامی ئەو دژایەتیانەی کە کراوە، زۆر بەداخەوە دەڵێین زۆرێك لە کوردەکانمان وایان لێهاتووە حەساسیەتیان بەو ووشە بێت، وەکو ناحەزان دەڵێن قورئان بە عەرەبیەو بۆ عەرەب هاتووە، بەڵام ئەو قسانە هەمووی

پڕو پوچ و بێ ئاگاییە لە قورئان وە قورئان هەر خۆی ڕەدی ئەوانەی تێدایە، وە قورئان هیدایەت و ڕەحمەتە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی بە بێ جیاوازی لە نێوان هێچ تیرەو هۆزێکا، ئەگەر عەرەبیش بە هی خۆی بزانێ و شانازی پێوە بکات ئەویش هەر هۆی نەشارەزاییە، چونکە قورئان بۆ خۆش بەختی هەموولایەکە، دەبێت جێگای خۆشبەختی هەموو لایەکیشمان بێت، لە مێژووی ئیسلامەتیشدا ئەو ڕاستیانە دەبینین بۆ نمونە ئەگەر هەر سەرنجێکی خێراش بەسەردەمی پێشەوامان درودو سەلامی خوای لێ بێت بدەین، دەبینین چۆن هەموو ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی پەروەردە دەکردو وە دەیکردن بە برای یەکتر، لەسەر ئەو بنەما پەروەردەی دەکردن. ئەگەر تەنها ووشەیەکی ببیستایە بۆنی دەمارگیری لێبهاتایە زۆر بە توندی توڕە دەبوو لەگەڵ ئەوەدا کە خۆی سەلامی خوای لێ بێت زۆر زۆر هێمن بووە. بەڵام ئێستە لەسەدەی بیست و یەکدا زۆر بەئاشکرا دەمارگیری و عونصوریەت لەناو خەڵکانی بەناو پێشکەوتووە دەبینین، ئەوە ڕاستیەکە لای هەمووان ئاشکرایە. یەکێك لە چاکەکانی خوای گەورە بەسەرمانەوە ئەوەیە کە هەروا وازی لێنەهێناوین بەڵکو ئەم قورئانەی بۆ ڕەوانە کردووین تابێتە مایەی ڕێنمونیمان، ئەو قورئانەی کە فیترەتی پاك خۆی دەگەڕێتەوە لای .

ناوەکانی قورئانی پیرۆز

قورئان خوای گەورە ناوی بردووە بە چەندەها ناو وە بەناوبانگترینیان قورئانە وەکو دەفەرمووێ ((ان هذا القرآن یهدی للتی هی اقوم)) واتە «بەڕاستی ئەم قورئانە هیدایەت بەخشە بۆ چاکترین ڕێگەو ڕێبازو بەرنامە. هەروەها «الکتاب» وەکو دەفەرموێ((لقد انزلنا الیکم کتابا فیە

ذكركـم)) واتـە «سـوێند بەخـوا بێگومـان ئێمـە كتێبێكـمان ڕەوانەكـردووە بۆتـان كـە یاداوەریـە و سـەربەرزی ئێـوە لـە شـوێنكەوتنیایەتی «الفرقـان» وەك دەفەرمـوێ ((تبـارك الـذی نـزل الفرقـان علـی عبـده لیكـون للعالمیـن نذیـرا)) واتـە «بـەرزو پیـرۆزو پـاك و بڵنـدە ئـەو زاتـەی كـە قورئانـی دابەزانـدووە تـا ببێتە جیاكـەرەوەی ڕاسـت و ناراسـت، بـۆ سـەر بەنـدەی خـۆی (محمـد صلـی اللـە علیـە وسـلم) تـا ببێتـە هوشـیاركەرەوەو بێداركـەرەوەی دانیشـتوانی جیهـان لـە هەمـوو سـەردەمێكدا»وە «الذكـر» وەك دەفەرمـوێ ((انـا نحـن نزلنـا الذكـر وانـا لـە لحافظـون)) واتـە ئێمـە قورئانمـان دابەزانـدووەو وە هـەر خۆشـمان دەیپارێزیـن.وە «التنزیـل» وەك دەفەرمـوێ ((وانـە لتنزیـل رب العالمیـن)) واتـە «بەڕاسـتی ئـەم قورئانـە لەلایـەن پـەروەردگاری هەمـوو جیهانەكانـەوە ڕەوانەكـراوە» (برهـان محمـد امیـن). ئـەوە چەنـد ناوێـك بـوون لـە ناوەكانـی قورئانـی پیـرۆز.

سیفەتەكانی قورئانی پیرۆز

خـوای گـەورە قورئانـی وەسـف كـردووە بـە چەندەهـا وەسـف بـۆ نمونـە «النـور» وەكـو دەفەرمـوێ ((یاایهـا النـاس قـد جاءكـم برهـان مـن ربكـم وانزلنـا الیكـم نـورا مبینـا)) سـورەتی النسـاء ١٧٤ واتـە «ئـەی خەڵكینـە بەڕاسـتی لـە لایـەن پەروەردگارتانـەوە بەڵگـەو نیشـانەی ئاشـكراتان بـۆ هاتـووە ( كـە محمـد پێغەمبـەرە صلـی اللـە علیـە وسـلم)و نـوورو ڕووناكیەكـی ئاشكراشـمان بـۆ دابەزانـدوون (كـە قورئـان)ە. وە هەروەهـا «مبـارك» وەك دەفەرمـوێ ((وهـذا كتـاب انزلنـاه مبـارك مصـدق الـذی بیـن یدیـە)) سـورەتی الانعـام ئایەتـی ٩٢ واتـە» ئـەم (قورئانـە) كتێبێكـی پیـرۆزە ، دامـان بەزانـدوە، ڕاسـتی كتێبەكانـی پێشـوو دەسـەلمێنێت (بـە تایبـەت تـەورات وئینجیـل، كـە ئەوانیـش لـە

لایـەن خـواوە رەوانـە کـراون)» وەهەروەهـا «مبیـن» وەکـو دەفەرمـوێ ((جاءکـم مـن اللـە نـور وکتـاب مبیـن)) سـورەتی المائـدە ١٥ واتە»بەڕاسـتی لەلایـەن خـواوە رووناکیەکـی ئاشـکراتان بـۆ هاتـووە (کـە محمـدی پێغەمبەرمانـە صلـی اللـە علیـە وسـلم) هـاوڕێ لەگـەڵ کتێبێکـی روونکـەرەوەدا (کـە قورئانـە)». وە «بـشری»وەك دەفەرمـوێ ((مصدقـا لمـا بیـن یدیـە وهـدی وبـشری للمؤمنیـن)) سـورەتی البقـرة ٩٧ واتە»کتێبـە پێشـوەکان بەڕاسـت دادەنێـت و ڕێموویـی (بۆ چاکـە) دەکات و مـژدە بەخشیشـە بـە ئیمانـداران». وە «عزیـز» وەك دەفەرمـوێ (( ان الذیـن کفـروا بالذکـر لمـا جاءهـم وانـە لکتـاب عزیـز)) سـورەتی فصلـت ٤١ وەتە»بەڕاسـتی ئەوانـەی کـە باوەڕیـان نەبـووە بـەو قورئانـە لەکاتێکـدا بۆیان هـات، بێگومـان ئـەو قورئانـەش کتێبێکـی زۆر بـە نـرخ و نـاوازە و سـەرکەوتووە» . وە «مجیـد» وەك دەفەرمـوێ ((بـل هـو قـرآن مجیـد)) سـورەتی الـبروج ٢١ واتە»(ئـەوەی ئـەوان دژایەتـی دەکـەن) ئـەو قورئانـە بـەرزو بڵنـدو پایەدارەیـە» وە «بشـیر و نذیـر» وەك دەفەرمـوێ ((بشـیرا ونذیـرا)) سـورەتی فصلـت ٤ واتـە ئـەم قورئانـە مـژدە دەرو ترسـێنەرە.

گـەر بێـت و سـەرنج بدەینـە ئـەو نـاو سـیفاتانە زیاتـر گـەورەی و فـەرو بەرەکەتـی قورئانەکەمـان بـۆ دەردەکەوێـت.

تایبەت مەندیەکانی قورئان

١-قورئانـی پیـرۆز وتـەی خـوای گەورەیـە، دابەزێنراوەتـە سـەر پێشـەوامان درودی خـوای لـێ بـێ لـە ڕێگـەی جبرەئیلـەوە وەکـو لـە سـەرەوەش ئاماژەمـان پـێ کـرد بـەڵام لەبـەر ڕیـز بەنـدی خاڵـەکان بەگرنگمان زانـی لێـرەش ئامـاژەی پـێ بکەینـەوە.

٢-دەربڕیـن و مانـای لەلایـەن خواوەوەیـە، فەرموودەکانـی پێشـەوامان

دروودی خــوای لــێ بێــت پێیــان ناوترێــت قورئــان .

٣-هەمــووی عەرەبیــە وەکــو خــوای گــەورە خــۆی دەفەرمــوێ (( کتــاب فصلــت آیاتــە قرءانــا عربیــا لقــوم یعلمــون)) ســورەتی فصلــت ٣ « کتێبێکــە؛ ئایــەت و فەرمانەکانــی بــەش کــراوە و جیاکراوەتــەوە (ئیــمان وکوفــر، حــەڵاڵ و حــەرام چاکــەو خراپە..هتــد)، قورئانێکــە بــە عەرەبیەکــی رەوان بــۆ کەســانێك کــە دەیزانــن و شــارەزاییان هەیــە (لــە زمانەوانــی و زانســتەکان). « هەروەهــا دەفەرمــووێ (( وهــذا لســان عربــی مبیــن)) ســورەتی النحــل ١٠٣ واتــە « ئــەم قورئانــە بــە زمانــی عەرەبــی پــاراو روون و ئاشــکرا دارێــژراوە « .

٤-بەشێوەیەکی ڕاست و دروست گەشتووە پێمان (قطعی الورود الینا) بــێ کــەم و کــوڕی وەك خــۆی هــەر چــۆن لەلایــەن خــواوە هاتــووە، وە خــوای گــەورە دەفەرمــووێ (( واوحــی إلیّ هــذا القــرءان لانذرکــم بــە ومــن بلــغ )) ســورەتی الانعــام ١٩ واتــە «مــن ئــەم قورئانەشــم بەوەحــی و نیــگا بــۆ هاتــووە تــا ئێــوەو هەمــوو ئەوانــەی پێیــان گەیشــتووە ئــاگادارو بێــدار بکــەم» .

٥-پارێــزراوە لــە هەمــوو بــۆ زیــاد کــردن و کــەم کردنــی وەك خــوای گــەورە دەفەرمــووێ (إنــا نحــن نزلنــا الذکــر وإنــا لــە لحافظــون) الحجــر ٩ واتــە ئێمــە دامــان بەزانــدووەو وە هــەر خۆشــمان دەی پارێزیــن، هــەر لەســەردەمی پێشــەوامان دروودی خــوای لــێ بێــت ئــەو هەوڵــە دراوە عیلــم و تەکنەلۆژیــای ئەمــڕۆش دەسەوســانە لــەو جــۆرە هەوڵانــە.

٦-خــودی قورئــان خــۆی موعجیزەیــە، ئەمــە تایبەتمەندیەکــی قورئانــە کــە هیــچ وتەیــەك ناتوانێــت هاوشــان و هاوشــێوەی بــێ، هێــچ کەســێك ناتوانێــت نــە ســورەتێك وە یــان زیاتــر و کەمــتر بهێنــێ وەك قورئــان. وەك خــوای گــەورە دەفەرمــووێ (( قــل لــئن اجتمعــت الانــس والجــن علــی ان یاتــوا بمثــل هــذا القــرآن لا یاتــون بمثلــە ولــو کان بعضهــم لبعــض ظهیــرا)) ســورەتی الاوسراء

٨٨ واتـه «ئـەی محمـد صلـی اللـه علیـه وسـلم پێیـان بڵـێ: سـوێند بەخـوا ئەگـەر هەمـوو ئادەمیـزاد و پەریـەکان کۆببنـەوەو (هەوڵـی بـەردەوام بـدەن تـا) قورئانێکـی وەکـو ئەمـە دانێـن و بیهێننـە (مەیـدان) ناتوانـن کاری وا بکـەن و ناتوانـن لـە وێنـەی بهێنـن، ئەگـەر چـی هەمـوو لایەکیـان ببنـە پشـتکیرو یارمەتیـدەری یەکـتری» . هیـچ کـەس ناتوانێـت هەتـا وەکـو لەفـزی قورئانیـش بهێنـێ وەکـو خـۆی دەفەرمـووێ (( اللـه نـزل احسـن الحدیـث کتابـا متشـابها مثانـی تقشـعر منـه جلـود الذیـن یخشـون ربهـم ثـم تلیـن جلودهـم وقلوبهـم الـی ذکـر للـه )) سـورەتی الزمـر ٢٣ واتـە «خـوا جـل جلالـه جوانتریـن و پیرۆزتریـن فەرمایشـتی ناردۆتـە خـوارەوە کـە ئـەم قورئانەیـە ، (لـە خوانـی دارِشـتندا) بابەتەکانـی لەیـەك دەچـن ، هەندێـك باسیشـی بەشـێوازی جیـاواز تیـادا دووبـارە بۆتـەوە ، جـا کارکـردی ئـەم قورئانـە ئەوەیـە کـە: تـەزوو دەهێنێـت بـە گیـان و پێسـتی ئـەو کەسـانەدا کـە ترسـی پەروەردگاریـان لـە دڵ و دەروونـدا هەیـە ، پاشـان گیـان و پێسـت و دڵیـان نـەرم ئامـادە و چـالاك دەبێـت بـۆ یـادی خـواو خواپەرسـتی» . هەروەهـا کـەس ناتوانێـت حوکمێـك بهێنـێ وەکـو حوکمـی قورئـان وەك دەفەرمـووێ (( ومـن احسـن مـن اللـه حکما لقـوم یوقنـون )) سـورەتی المائـدە ٥٠. واتـە «کـێ هەیـە بەقـەدەر خـوا حوکمی جـوان و چـاك و بەجـێ بێـت، (بەتایبـەت) لای ئـەو کەسـانەی کـە بەوردیـی سـەرنج دەدەن و ویـژدان و هەسـتی زیندوویـان هەیـە» (برهـان محمـد امیـن).

ئەو حوکمانەی کە لە قورئاندا هەیە

ئەو حوکمانەی کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە سێ جۆرن.

یەکـەم: ئـەو حوکمانـەی کـە پەیوەنـی بـە عقیـدەوە هەیـە بیـرو بـاوەڕ بـۆ نمونـە بیـرو بـاوەڕ بـە خـوا، فریشـتەکان، کتێبـە ئاسـمانیەکان، پێغەمبـەران ڕۆژی دوای..هتـد

**دووەم: ئەو حوکمانەی کە پەیوەندی بە ڕەوشت و ڕەفتارمانەوە هەیە.**

**سـێیەم: ئـەو حوکمانـەی کـە پەیوەندیـان بـە کـردارەوە هەیـە، ئەمـەش دەکرێـت بـە دوو بەشـەوە.**

**بەشـی یەکـەم: پەرسـتنەکان (عیبـادات) ئـەو کردەوانـەی کـە پەیوەنـدی هەیـە بـە مرۆڤـەکان لەگـەڵ خـوای پـەروەردگارا وەکـو نوێـژو ڕۆژو زەکات و حـەج و ئـەو جـۆرە شـتانە.**

**بەشـی دووەم: پەیوەدنـی مرۆڤـەکان لەگـەڵ یەکتریـدا بـۆ نمونـە وەکـو پەیوەنـدی ژن و ژنخـوازی، جیابونـەوە، کڕین و فرۆشـتن، کوشـتن، سـنورەکان، سیاسـەتی دینـی و وە چەندەهـای تـر . کـە لـە قورئانـدا هەمـوو قورئـان خوێنێـك چـاوی پێیـان دەکەوێـت، جـا ئـەو کەسـانەی کـە دەڵێـن ئیسـلام تەنها پەیوەنـی مرۆڤەکانـە لەگـەڵ خـوادا ئەگـەر بـەو مانـا بڵێـن کـە هەمـووی دەچێتـە ئـەو چـوار چێـوەوە ئـەوە ڕاسـتەو وایـە چونکـە هـەر کارێـك دەکەیـن دەبێـت وەکـو پەرسـتش و عیبـادەت سـەیر بکرێـت، ئەگـەر مەبەسـتیان ئـەوە بـێ کـە تەنهـا پەیوەنـدی مرۆڤەکانـە لەگـەڵ خـوادا وەك دەڵێـن بۆخـۆت نوێـژو ڕۆژو بگـرەو تـەواو، ئیسـلام و سیاسـەت نابـێ!!، ئـەوە شـتێکە لەگـەڵ ئاینـی ئیسـلام دا نەگونجـاوە قورئانەکـە شـاهیدی حاڵـی ئـەو ڕاسـتیەیە ئەگـەر بێت و سـەیری قورئـان بکەیـن ئـەو ڕاسـتیەمان بـۆ دەردەکەوێـت ئـەو هەمـوو ئایەتەی کـە باسـی حوکـم و دادگـەری و بەڕێـوە بـردن دەکات دەبێـت سـەرنجیان بـۆ ئـەو ئایەتانـە چـی بـێ!! بـەڵام زۆر ئاشـکرایە تەنهـا بـۆ چەواشـەکاریە وە هـەر لەبـەر ئەوەیـە کـە بەلامانـەوە گرنگـە جەخـت کردنەسـەر زانیـاری دەربـارەی قورئـان.**

**سەرچاوەکان**

١-قورئانی پیرۆز چۆن بخوێنینەوە نوسینی مامۆستا صلاح الدین محمد بهادین چاپی دووەم ١٩٩٧ ز (ناوەندی ڕۆشنبیر : سلێمانی)

٢-تیسیر علم اصول الفقه تألیف عبدالله بن یوسف الجدیع ١٤٢٥ه -٢٠٠٤م (مؤسسة الریان: لیدز بریتانیا)

٣- مباحث فی علوم القران ، مناع القطان ١٤١٨ ه ١٩٩٨ (مؤسسه الرساله: بیروت لبنان)

٤- تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان نووسینی بورهان محمد امین ٢٠٠٢

زۆر لای دنیا چووم، بۆ دەرس ، بۆ سەیران
لە چوار وەرزەدا، گەرمەسێر ، کوێستان
بۆ ساکنیی دڵ، بۆ ئارامیی گیان
نەگەشتە سایەی ئارامگەی قورئان

گوڵ و گوڵاڵەی گوڵشەن و بێستان
هەڵاڵەی باغان، سەوزە گیای دەشتان
ئای بە تاسەوە چەندم بۆن کردن!
نەگەشتنە بۆنی پیتێکی قورئان

بە ناڵەی شمشاڵ، زریکەی کەمان
ئاوازەی بولبول، جۆشی نەغمەوان
هیچکام ئارەزووی ڕۆحی نەشکان
هیچکام وەك قورئان مێشکی نەبزووان

لە قووڵی گۆمی وێژە و زەماندا
لە تیژیی و تینی بیری پەخشاندا
مەلەی زۆرم کرد، قووڵیی و تیژییان
چەن هیچ بوون لە چاو بیری قورئاندا!!

تەمەنم ڕۆی بە بەرهەم چنین
زۆر بەرم تام کرد ڕستەی سەرزەمیین
هیچکام تاسوقیی قورئانیان نەبوو
بۆ لەش و بۆ گیان تامخۆش و شیریین

بۆ چاری دەردان زۆر پزیشك گەڕام
زۆر دەرمانم چەشت، تامدارو بێ تام
بۆ دڵ و دەروون، بۆ لەش و بۆ گیان
سەدیەکی قورئان نەیان بوو ئەنجام

زۆر زانکۆی بەرز و قوتابخانم دی
بیری فەلسەفیی و چەن ئەفسانەم دی
نە گەشتنە ئەوەی لەم قورئانەم دی

یاسای چەندەها چین و هۆزم خوێند
بیردۆزی قوڵ و پڕ لە سۆزم خوێند
بەڕاستیم زاین، هەڵە دەرچوون کە:

**یاسای قورئانی زۆر پیرۆزم خوێند**

زۆر ڕێی ڕازاوەی دنیام گرتە بەر
بەرەو بەرزیی کێو، نزمی دەشت و دەر
نەگەشتمە مەبەس، گشت فریودان بوون
ڕەنجی چەند ساڵەش ڕۆیی بە هەدەر

بەتیشکی قورئان کەوتمەوە سەر ڕێ
دڵ ئارام بیرساف ڕێگەی ڕاس ئەگرم
بە شادیی هەنگاو ئەنێم بەرەو جێ
تاکو ئەو کاتەی ئەجەل دەستی دێ

ئای ئەم قورئانە چەن گیانپەروەرە!
چەن مێشك و دەروون، دڵ زاخاودەرە!
هەرکەس پەروەردەی باخی قورئان بێ
چەندێ سەربەرزە، چەند بەختەوەرە!

وەرگیراوە: لە پەرتوکی سروەی بێداریی/ جمال حبیب الله
نوسینەوەی: قیبلە

# گەورەترین و بەهێزترین کۆبونەوە (زەنگێك بۆ حەجخوازان)

هەرکەس دیراسەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بکات بە ڕوونی دەبینێت ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆر جەخت دەخاتە سەر کۆبۆنەوەی خەڵکی و، زۆر زۆر مەبەستیەتی کە خەڵك هەمووی کۆکبن. لە چەندەها شوێنی قورئان و وە هەروەها فەرموودەکاندا دەقی ڕاستەوخۆ لەوبارەوە دەبینین وەك لێرەدا دەفەرموێ [واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا] لە ژیانی پێغەمبەرادا هەروەها دیارە کە چۆن هەوڵی کۆ کردنەوەی دەداو وە هەرگیز ڕێگەی نەداوە هاوەڵێکی کارێکی وا بکات بۆنی جیاوازی و دووبەرەکی لێ ببێتەوە، جا ئەم کۆبوونەوە چەندەها جۆری هەیە وە دەبینرێت لە پەرستشەکاندا هەروەها لەوێوە بۆ ناو خەڵکەکەو بەبیرهێنانەوەی ئەو کارە گرنگە، چونکە ئەگەر هەرکەس خۆی بۆخۆی بژی و دوور لە کۆمەڵگە بێگومان ناگاتە هیچ ئەنجامێك، ژیان خۆی بۆخۆشی بەو شێوە بەڕێوەناچێت... وەرن با سەرنجێکی کورت بدەین و بزانین کوا لەکوێدا ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەوڵی داوە خەڵکی کۆ بکاتەوە. ئەگەر بێت و سەیرێکی تەنها پەرستشەکان بکەین دەبینین بۆ نمونە نوێژێکی کۆمەڵ جیاوازی هەیە لە نوێژێك کە بەتەنها بکرێت بە بیست و حەوت پلە وەك بەم شێوە هاتووە [عن عبد الله بن عمر رضي الله عنهما أن النبي صلى الله عليه وسلم قال: «صلاة الجماعة تفضل صلاة الفذ بسبع وعشرين درجة.»] دەبینین لە ناخەوە دەمانجولێنی بۆ کردنی ئەم کارە بە کۆمەڵ هەمان ڕکاتە، هەمان هەڵسان و دانیشتن بەڵام جیاوازیەکی زۆری هەیە لەبەر ئەوە شانمان

بەشـانی براکانمانەوەیـە، خـۆ ئەگـەر نەکـرا یـان کات نەبـوو لـە مزگەوتیـش بکرێـت، هـەر باشـەو هەمـان مەبەسـت دەپێکێـت ئەگـەر لەگـەڵ خێـزان، دایـك و بـاوك، خوشـك و بـرا وەهەروەهـا ئەگـەر لـەماڵیشـەوە بکرێـت. ڕۆژوو گرتـن دەبینیـن هیـچ کەسـێك نـی یـە لـە دونیـادا ئێسـتە بـەڕۆژوو بێـت و بڵـێ ئەمـە مانگـی ڕەمەزانـەو بـە ڕۆژوو دەبم..بـۆ چونکـە کاتەکـەی بەسـەر چـوو پێـش ماوەیـەك ڕەمـەزان بـوو وە گشـت مسـوڵمانان پێکـەوە لـە سەرانسـەری جیهـادا بـەڕۆژوو دەبـوون هەمـوو وەك یـەك کـە بانگـدرا ئیـتر تـەواو کاتـی خـواردن نەمـا تـا بانگـی ئێـوارە، هەرکەبانگـی دا هەمـوو زوو بـە پەلـە هـەوڵ دەدا بیشـکێنێ بەدەنگـە خورمایـەك بـۆ؟ چونکـە لـە دڵـی هەموویـدا چەسـپیوە هەرکەبانگـی دا زوو بیشـکێنن، هەرکـە نانیـش خـورا دوای ئـەوە لـە خەمـی تەراویحەکانـدا لـە مزگـەوت، کـە هـەر هەمـووی دیسـان پێکەوەیـە، بـەردەوام لەسـەر هەمـان ڕێـڕەو تـا شـەوانی قـەدر دێـت هەمـوو بـە گوڕێکـی زیاتـرەوە هەوڵـی گرتنـی ئـەو شـەوە بـە فەڕانـە دەدات خـۆ ئەگـەر هـەر نەشـتوانێت هەمـوو هەوڵێکـی دەخاتـە گـەر هـەر نەبێـت شـەوی بیسـت و حـەوت دابنیشـێ. بـەم شـێوە مانگەگـە کۆتایـی پێهـات دوا بـەدوای ئـەوە جەژنـە[ اللـە اکـبر] و جەژنـە پیـرۆزەو گـەردەن ئـازادی کەسـێکیش نەتوانێـت سـەردانی کەسـێك هاوڕێیەکـی بـکات تەلەفۆنێکـی هـەر بـۆ دەکات یـان نامەیەکـی بـۆ دەنێرێـت وە هەمووشـی چونکـە ئـەم ڕاسـتیانە لـە دڵیانـدا چەسـپی وە خـوا خوایانـە کەسـێك بێـت و نانیـان بخـوات سـەیری ئـەم بیـرو بـاوەڕە!!! چ دینێـك هەیـە وا خەڵـك پـەروەردە بـکات؟ دواتـر بـە دوومانـگ و شـتێك کاتـی حەجـی ماڵـی خـوا دێـت هـەر دوای ڕەمـەزان خەڵکـی خـۆی بـۆ ئامـادە دەکات، ئـەو حەجـەی کـە خـوای گـەورە لەبارەیـەوە دەفەرمـوێ [وللـە عـلی النـاس حـج البیـت مـن

استطاع إليه سبيلا ومن كفر فإن الله غني عن العالمين ] ئەمەیە لەم بابەتەدا مەبەستە بخرێتە ڕوو حەجی ماڵی خوای گەورە گەورەتین و بەهێزترین کۆبونەوە، لەوانەیە بڵێین گەورەو بەهێزی ئەم کۆبونەوە لە چیدایە بەڕاستی وەسفی بەنوسین ناکرێت مەگەر یەکێك خۆی بۆخۆی ئەوێی دیبێت، وەگەر بینی بێتی بێگومان ئەو پرسیارە ناکات. ئەوەی لە حەجدا دەبینرێت زۆرگەورەترە لەوەی بەدەم وەسف بکرێت ویان بنوسرێت ئەو هەموو خەڵکە لە سەرانسەری جیهادا بە پیرو گەنج و ژن و پیاوەوە هاتوون تێیدایە دەوڵەمەندەو میلیۆنەر، تێیدایە هەژارو داماو،تێیدایە بازرگان، تێیدا حەماڵ و تەماتە فرۆش و پەتاتە فرۆش، تێیدایە سەرکردەو بەدەستەڵات، تێیدایە بێ هێزو بی دەستەڵات، تێیدایە لەش ساغ و چالاك، تێیدایە ناتەواو نەخۆش، تێیدایە سپی پێست، وە هەروەها تێیدایە ڕەش پێست، ئەو هەموو چینە پێکەوە یەك جلی لەبەردایە ئەویش دوو پارچە قوماشی سپی جوان، یەك شیعاریان هەیە ئەویش [لبیك اللم لبیك، لبیك لا شریك لك لبیك، ان الحمد والنعمە لك و الملك لا شریك لك] هەمووی شانبەشانی یەکتر ئەو هەموو چین و هۆزە بە ئافرەت و بەپیاو هەمووی بەیەك دەنگ ئەو شیعارە بەرز دەکەنەوە پیاوەکان بەدەنگی بەرزو ئافرەتەکان بەدەنگی نزم، بەشێوەیەکی زۆر جوان بەبێ ئەوەی پرۆڤەیان کردبێت بەکۆمەڵ پێشتر، هاوشانی یەکتر هەرکە گەشتنە میقات ئیحرامەکانیان دەبەستن ئەگەر لە ناو فڕۆکەشدا بن، ئەو شیعارە دەڵێت تا دەگەنە ناو حەرەمی پیرۆز، وە دواتر هەر پێکەوە حەوت جار بەدەوری کەعبەدا دەسوڕێنەوە سێ جار بەهەروەلەو چوار جار بەئاسای، کە تەواویان کرد دێنە مەقامی ئیبراهیم و دووڕکات نوێژ دەکەن، لە نوێژ بوونەوە ئاوی

زەم زەم نۆشـەکەن، وە دەڕۆن سـەعی هاتووچـۆی نێـوان سـەفاو مـەروە، هەمـوو ئـەم ئـەم کارانـە بـە هیمەتێکـی زۆر چـاك و پاکـەوە وە زۆربـەی بـەدەم گریانـەوە، دواتـر کـە تـەواو بـوون سـەریانی جـوان لـێ دەتاشـن یـان کورتـی دەکەنـەوە بـەم شـێوە عەمرەیـەك حاسـڵ بـوو دواتـر سـەرقاڵی خواپەرسـتی و زەخیـرە کـۆ کردنـەوە نوێـژەکان بـە کۆمـەڵ بـەم شـێوە تـا کاتـی حـەج دێتـە پێشـەوە هـەر کـە کاتـی هـات هەمـووی بەجارێـك بـە پـێ و بەقافڵـە دەچـن بـۆ مینـا لـەوێ دەمێننـەوە لـەو دەشـت و نـاو چادرانـەدا، وە بـۆ ڕۆژی دوای هـەر هەمـووی دیسـان پێکـەوە بـەڕێ دەکـەون بـۆ کێـوی ڕەحمـە بەحەماسـەو هەمـووی دەپاڕێتـەوە تـا مەغریـب، وە دواتـر دەکەوێتـە ڕێ بـۆ موزدەلیفـە، کێـو شـەقام کەسـی تـر ناگرێـت وا دەزانـی هەمـوو ئـەم جیهانـە لەوێـدا کـۆ بوونەتـەوە، ئـەو شـەوە لـە موزدەلیفـە دەکەنـەوە، هـەر کـە نوێـژی بەیانیـان کـرد هەمـووی دەچیـن بـۆ بەردبارانکردنـی شـەیتان، دوای بەردبارانکردنەکەیـان هـەم دیسـانەوە سـەریان دەتاشـن وەیـان کورتـی دەکەنـەوە، بـەم شـێوە حەجەکـە بـو بـە نسـیب انشـاء اللـە، وە دواتـر دەچـن بـۆ مەککـە بـۆ تەوافـی ئیفـازە هـەم پێکـەوە حـەوت جـار دەسـوڕێتەوە و نوێـژ دەکـەن و زەم زەم نـۆش دەکەنـەوەو هاتووچۆکەیـان هـەم دەکەنـەوە لـە سـەفاو مـەروە، بەتـەواو بوونـی دەگەڕێنـەو بـۆ مینـا لـەوێ شـەو دەکەنـەوەو بەیانیەکـەی دێنـەوە بـۆ بەردبارانکردنـی شـەیتان، دوای بەردبـاران کردنـی هـەر سـێ بەشـەکە، دەگەڕێنـەوە بـۆ مینـا لـە خواپەرسـتی هـەر بەردەوامـن و، هـەم دیسـان بـۆ بەیانـی دێنـەوە بـۆ بەردبارانکردنـی شـەیتان، وە گـەر ویسـتان ئەمجـارە دەگەڕێنـەوە بـۆ مینـاو جارێکـی تـر شـەیتان بـەرد بـاران دەکەنـەوە وەیـان دوای ئـەوە دەگەڕێنـەوە بـۆ مەککـە، لـەوێ دەبێـت تـا کاتـی ڕۆشـتنەوەیان وە هـەرکات کاتـی ڕۆشـتنەوەیان هـات تەوافـی ماڵئاواییـان

دەکـەن خـوا حافیـزی لـەو جێگـە پیـرۆزە دەکـەن وەهەموویـان پـڕ بـەدڵ بـێ تاقـەت دەبـن بـەم ماڵئاواییـە. دەبینیـن ئـەو هەمـوو کارەو، وە دووبـارە بوونەوەیـان هەمـووی پێکـەوە، ئەمانـە هەمـووی بـێ مانـا نیـن بەڵکـو پـڕ پـڕ مانـان بەئاشـکرا خـوای گـەورە دوامـان لـێ دەکات یەکگریـن یەکگـرن، وە منیـش دەڵێـم ئایـا کاتـی ئـەوە نەهاتـووە یەکگریـن!؟

## چۆن کەسێکی سوپاسگوزاربم؟ ئەوەش وەڵام:-

سوپاسـگوزاری خـوای گەورە لەسـەر گشـت نـازو نیعمەتەکانی بەسـەر بەندەوە تەنهـا بـە زار ناتوانرێـت مافـی پـێ بدرێـت، بەڵکـو زار تەنهـا بەشـێکی ئـەو سوپاسـگوزاریەیە، کـە تەنهـا زوبـان تێیـدا بەشـدارە، ئەڵبـەت زوبـان بەشـێکی گەورەیـە لـە سوپاسـگوزاریداو ئیعترافێکـی گرنگـە لـە ژیانـی مرۆڤەکانـدا بەڵام نابێـت بەشـەکانی ترمـان لەیـاد بچێـت.
هەمـوو نیعمەتەکانـی خـوای گـەورە بەسـەر بەندەکانیـەوە پێویسـتە سوپاسـگوزاری خـوای گـەورە بکـەن، ئەویـش بـە بەشـداری کردنیـان لـەو کارە پەسـەندانەی کـە شـەرع داوای کـردووە بـۆ نمونـە:
سوپاسـگوزاری دەسـت بـە یارمەتـی دانـی خەڵکـی و دەسـتی هـاوکاری درێژکردنـە بـۆ نـەداران، بـەم شـێوەیە دەسـتت بـە زوبانـی حـاڵ هەڵدەسـتێت بـە ئەرکێکـی گـەورەی ئیلاهـی و بـە کـرداری سوپاسـگوزاری خـۆی نیشـان دەدات، ئەڵبـەت ئیعازیشـی بـۆ زوبـان گرنگـی خـۆی هەیـە، ئەوکاتـە بـە وتنـی سوپاسـگوزاری کـردن لەسـەر ئـەوەی کـە خـوای گـەورە دەسـتی پـێ داوەو ساغەو دەتوانێـت ئـەو کارانـەی پـێ ئەنجـام بـدات.
بـۆ گشـت نیعمەتەکانـی تـری جەسـتە بـە هەمـان شـێوە بەشـداری پێکردنیـان

لە کاری خێروچاکەدا واتای ڕاستەقینەی سوپاسگوزاری کردنە.
هەروەها لەسەر ئەو نازو نیعمەتانی تر چ مادی بێت و چ مەعنەوی تەنها یەکی نمونەیەك دەهێنینەوە:
خوای گەورە ئوتومبێلێکی پێداویت، شوکرانە بژێری ئەو نیعمەتە بە پابەندیە بە ڕێنومایەکانی هاتووچۆ و بەکارهێنانیەتی لە کاری خێرو یارمەتی دانی کەسانی پێویست.
لە ڕووی مەعنەویشەوە کەسێکی بەناوبانگیت و لەناو کۆمەڵگەدا ڕێزلێگیراویت و قسەت جێگەی خۆی دەگرێت، دەبێت ئەو هێزە مەعنەویە چ بۆ ماوەیی بێت چ خۆت بەدەستت هێنابێت بە هۆی هەر هۆکارێکەوە بێت پێویستە ئیستغلالی بکەیت بۆ کاری چاکە، بۆ نمونە دووکەس قسە لەگەڵ یەکتر ناکەن، پێویستە لەوێدا تۆ بکەویتە ئەو نێوەندەو ئەو دووکەسە بگەیەنیتەوە یەك.
بەم شێوەیە پێویستە گشت نیعمەتەکانی خوای گەورە سوپاسگوزاری لەسەر بکرێت بە کرداری چاکە، خوای گەورە لە سورەتی النحل ئایەتی ٩٧دا دەفەرموێت:
مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً ۖ
وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ

## ڕووت و قوتی ئازادەو داپۆشراوی قەدەغە دەکرێت

ئەگەر خاوەنی هیچ بیروباوەڕێکی ئاینیش نەبیت و بەچاوێکی وێژدانیانەوە بیر لە ڕووتی و داپۆشراوی بکەیتەوەو دەنگی بۆ بدەیت ویژدانت داپۆشراوەکە هەڵدەبژێرێت، ئەگەر ویژدانەکەش ویژدانی تێدا نەمابێت و

ڕووتـی هەڵبژێرێـت لـە بەرانبـەردا ناتوانێـت داپـۆشراوی ڕەد بکاتـەوە.
ئەگـەر بـەراوردی ڕووتـی و داپـۆشراوی بکەیـن و بیـدەن لـە تـەرازووی ژێـری و سـوود و زیانەکانیـان لێـك بدەینـەوە هیـچ گومانـم نـی یـە لـەوەی تـەرازووی داپـۆشراوی حەبلـی تـەرازووی ڕووتـی دەپچڕێنێـت و بـە ئاسـمانیدا دەبـات، تـا ئەوروپامـان نـەدی بـوو تێڕوانیـمان بـۆ داپـۆشراوی تـا ڕادەیـەك کـز تـر بـوو وەك لـەوەی دونیـای ڕووتـی ئەروپـاو بەنـاو ئـازادو دیموکراسـی و مافـی کەسـێتی و ئیـتر ئـا لـەو جـۆرە ناوانـە... بـەڵام کـە ئەورپامـان دی زیانەکانیـمان زیاتـر بـۆ دەرکـەوت، لـە کۆمەڵگەیەکـی ئیسـلام پـەروەرو بابەنـد بـە کەلتـورەوە ئەگەرچـی کەسـێکی نیمچـە ڕووتیـش هەبێـت لەبـەر پابەنـدی کەسـەکان بـە ئایـن و کەلتـورەوە تـا ڕادەیـەك کەسـەکە بـەدوورە لـە کۆمەڵێك زیانـی دەرەکی، بـەڵام لـە وڵاتانێـك کـە کەسـەکان هەڵگـرو پـەروەردە کـراوی ئیسـلام نیـن و کەلتـور بەلایانـەوە گرنـگ نـی یـە ئـا لەوێـدا مەترسـی ڕووتـی بەتەواوەتـی و بەبـێ پـەردە دەردەکەوێـت، کـە چەنـد ئافرەتانـی ڕووت بەهـۆی دەرخسـتنی ئەندامانـی جەسـتەیانەوە تووشـی گرفـت و کێشـەی کۆمەڵایەتـی دەبـن، هەرچەنـد کەسـانێکی نـا ئـاگا لەمـەی مـن باسـی دەکـەم لەوانەیـە بەلایـەوە سـەیر بێـت و هـاوڕا نەبێـت لەگەڵمـداو بڵـێ ئـەوە نـی یـە هەمـوو بـە ئاسـایی بـە بـازاڕدا دەسـوڕێتەوەو هیـچ کێشەیەکیشـی دروسـت نەکـردووە، بـەڵام ئەوە تەنهـا ڕووکەشـی کارەکانـەو بەڵکـو نـەك کێشـەی دروسـت کـردووە چەندەهـا ئافـرەت خۆیـان بـەو جـۆرە ڕەفتارانـەوە گیـرۆدە کـردووەو بـوون بـە قوربانـی کردەوەیەکـی هـەرزەی خۆیـان، داوێـن پیسـی، توندوو تیـژی، دەسـت درێـژی سێکسـی، کاریگـەری نێگەتیڤـی ڕووتـی لەسـەر بیرکردنـەوە، لەسـەر زانسـت، لەسـەر هـەر قیەمێکـی گرنگـی نـاو کۆمەڵـگا هەمـوو کەسـێك دەتوانێـت بـە ئاسـانی دەرکـی پـێ بـکات، ئافرەتێـك ئەگـەر جێگەیـەك لـەو جێگانـەی کـە

دەبێـت بشـاررێتەوەو ئـەو دەری خسـتووە کـە بەرچـاوت دەکەوێـت وێنەکـەی ڕاسـتەوخۆ چـاو تۆمـاری دەکات و بیـری بـۆلای خـۆی دەبـات، ئیـتر لـەوەوە بـۆ سـەرەوە خۆتـان داینێن...بـەڵام لـە بەرانبـەر ئـەوەدا باسـی داپۆشراوی بکەیـن و بـەراوردی بکەیـن لەگەڵیـدا ئەوسـا قورسـی تەرازووەکەمـان بـۆ دەردەکەوێت و وێنـەی پچڕانـی حەبلەکەمـان دێتـە پێـش چـاو، بیـر لەچـی دەکەیتـەو لـە چادرێـك؟ لـە پارچـە قومـاش؟ خـۆ بیـر لـە هەرچـی بکەیتـەوە وەك لایەنـە دەرونیـە پیسـەکە هـەر لـەوە باشـترە؟ کەوابـوو داپۆشراوی نـەك کێشـە نـی یـە، بەڵکـو گەورەتریـن سـەرمایەیە یەکـەم بـۆ ئافرەتەکـە خـۆی، دواتر بـۆ بەرەو پێشـچوونی کۆمەڵگـە، مـن نامەوێـت هێـرش بکەمـە سـەر ئـەو ئافرەتانـەی کـە ڕووتـن و بـە داوێـن پیـس و خـراپ بیـان ژمێـرم، بـەڵام کارەکەیـان هـۆکارو هانـدەرە بـۆ خراپـەو بـەرەو خراپـە، لەوانەیـە خۆشـیان بەهـۆی کـەم...... دەرك بـەم ڕاسـتیە نەکـەن و ئـەوان پێویسـتیان بـە ئامـۆژگاری و ڕینموونـی هەیـە، دەبـوو ڕێکخراوەکانـی مافـی ئافـرەت دەوریـان تێیـدا هەبوایـە نـەوەك بـە پێچەوانـەوە، دەمیـان یـەك مەتـر درێـژ بکـەن بەرانبـەر پیاوەکانیـان و بـە تەڵاقدانیـان بـدەن و دواتریـش چـی دەسـت دەکەوێـت، یـان بـە بێوەژنـی دەمێنێتـەوە یـان شـوو بـە پیاوێکـی تـر دەکات ئەگـەر لـە ئەوروپـاش بێـت زۆر ڕقـی هەسـتێت شـوو بـە ژنێـك دەکات!، کەچـی وڵاتانـی ئەوروپا کـە نموونەی ئـازادی و دیموکراسـی و مافـی مـرۆڤ و ئـازادی تاکـن دێـن پەچـەی ئافرەتـان قەدەغـە دەکـەن، وەك ئەمـڕۆ لـە بەلجیـکا ڕۆشـتە بـواری جـێ بەجـێ کردنەوە، لـەڕووی دینیـەوە منیـش وەك مەلایـەك لەوانـە لەسـەر ئـەو ڕایـە بـم کـە پەچـە فـەرز نەبێـت، بـەڵام مـن وازم لـە لایەنـە دینیەکـە لـەم باسـەدا هێنـاوە، بـۆ ئافرەتێـك تـا پانتۆڵەکـەی لەسـەر بێـت و کراسـەکەی لـە خـوار بێـت ئاسـاییە؟! بـۆ ئەگـەر هـەر پانتۆڵیشـی لـە پێـدا نەبێـت و کراسیشـی لەبـەردا نەبێـت

ئاسـاییه؟! بـۆ تـا دەرمـان بـكات و خـۆی تەزویـر بـكات ئاسـاییه؟! بـۆ خـۆی بـكات بـه پیـاوو جلـی پیـاوو تەمسـلی پیـاو بـكات ئاسـاییه؟! بـۆ ...بۆ...بـۆ... بـەڵام لـه بەرانبـەر ئـەوەدا ئافرەتێـك كـه خـۆی و كۆمەڵگەشـی خـۆش دەوێـت هەمـوو مافەكانـی لـه ووڵاتـی مافـدا لـێ بسـەننەوەو فیـری درۆی بكـەن لەگەڵ خۆیـدا لەبـەر بسـتێك قومـاش، خۆزگـه لەگـەڵ لـێ سـەندنەوەی ئـەو بسـته قوماشـەدا بستێكیان بـه ئافرەتانـی تـر زیـاد بكردایـه، ئەوسـا ئێمـەش دەمـان ووت ئاسـاییه بسـتێك بـۆ هەمـان بسـتی هاوڕەگـەزی خـۆی.

## ڕەوشـی ئافـرەتانی كـورد لـه ئـەوروپا



بـۆ لێكۆڵینـەوە لەسـەر هـەر بابەتێـك پێویسـت بـه كۆمەڵێـك سـەرچاوەو ئامـار دەكات بـەڵام باسـێكی وەك ئـەم بابەتـه كـه لـه ڕەوشـی ئافرەتـان دەدوێ لـه ئەوروپـا پشـت نابەسـتێت بـه هیـچ سـەرچاوەیەك ئەویـش لەبـەر هـەواو ئـارەزوو نـی یـه بەڵكـو لەبـەر نەبوونـی سـەرچاوەیه لـەم بـوارەدا. چونكـه مێـژووی كـورد لـه ئەوروپـا تـا ڕادەیـەك تازەیـه هـەر ئەمـەش هۆكارێكـه بـۆ

نەبوونـی سـەرچاوە تێیـدا. بـەڵام بـە پشـت بەسـتن بـە ئـەو ئەزموونـەی کـە بینیومانـە و تێیـدا ژیاویـن بـە کورتـی لەسـەر ڕەوشـی ئافرەتـان دەدوێیـن لـە ئەوروپـا، وە پۆلێنیـان دەکەیـن بـەم شـێوە:

١-کۆمەڵێـك لـەو ئافرەتانـەی کـە لەلایـەن پیاوەکانیانـەوە دێنـە ئەوروپـا دوای ماوەیەکـی کـەم پێکـەوە ژیـان لێـك جیـا دەبنـەوەو کاریگەریەکـی یەکجـار زۆر دەکاتـە سـەریان ئـەم جیابوونـەوە. وە هـۆی پێـك نەهاتنـی ئـەم دوولایەنـە دەگەڕێتـەوە بـۆ چەنـد هۆکارێـك لەوانـە:

أ-تێنەگەیشـتنی هـەردوولا پێـش ئەنجامدانـی زەواج ئەویـش بەهـۆی پەلـە پەلـەوە بـۆ نمونـە کەسـێك لێـرە سـەفەری کوردسـتان دەکات سـێ مانـگ لـە کوردسـتان دادەنیشـێت چەنـد ڕۆژێکـی ئەمسـەرەو سـەرەو ماوەیەکـی زۆریشـی سـەردان و میوانداریـە کەمێکـی دەمێنێتـەوە بـۆ گـەڕان و دۆزینـەوەو لێـك گەیشـتن، کـە دەچنـە نـاو کـەژاوەی هاوسـەریەتیەوە ئەوجـا بیردەکەنـەوە کـە پەلەیـان کـردووە. مەبەسـت لـەم خاڵـە خوانەخواسـت ئـەوە نـی یـە کـە دەبێـت ماوەیەکـی زۆر ئـەم کـوڕو ئافرەتـە پێکەوەبـن، هـەروەك لێـرە بـاوە لـە ناوچینـی ئەوروپیـدا، بـەڵام خـۆ هەردەبێـت بەلانـی کەمـەوە یەکـتر بناسـن و وە حـەزو ئارەزووەکانـی یەکـتر لـە پێـش هەموویانـەوە دەبێـت یەکتریـان بـەدڵ بـوو بێـت نـەك ناچـاری وای لێکردبێـت.

ب-هەندێـك بـە تەلەفـۆن لەلایـەن خـزم و کەسـو کاریـەوە ئافـرەت بـۆ کوڕەکانیـان دەدۆزنـەوەو کارەکـە ئەنجـام دەدەن دوای هیـچ کامیـان بەیەکـتر ناخـۆن.

ج-هەندێـك کچەکانیـان ناچـار دەکـەن کـە شـوو بکـەن بـە ئەوانـەی لـە ئەوروپـان لەبـەر پـارەو سـەروەتی دونیایـی وەدواتـر کـە کارەکـە ئەنجـام دەدرێـت دەبینرێـت بەوشـێوە نەبـوو کـە چاوەڕێـی دەکـرد! هـەروەك چـۆن

کچەکـە ناچـار کـرا لەسـەر ئـەم زەواجـە بەشـێوەیەکی تـر دیسـان ناچـار دەکرێتـەوە لەسـەر تـەڵاق.
وە مـەرج نـی یـە هـەر لەلایەنـی پیاوەکـەوە ئـەم کارە ڕووبـدات هەنێـك جـار لای ئافرەتەکەشـەوە بـۆ نمونـە ئافرەتەکـە پیاوەکـە دەهێنـێ.
د- هەندێـك هـەر بـۆ ئەوروپـا شـویان کـردووەو! کوڕەکەیـان بـەدڵ نەبـووە، وەیـان پیاوەکـە بـۆ ئەوروپـا کچەکـەی مـارە کـردووەو کچەکـەی بـەدڵ نەبـووە!.
٢-هەندێـك ژیانێکـی ناخـۆش پێکـەوە بەسـەر دەبـەن کـە هیـچ لایەکیـان خۆشـبەخت نـی یـە بەیەکـتری، هـۆی ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ لێـك تێنەگەشـتن بەرانبـەر وولاتەکـە بـۆ نمونـە ئافرەتەکـە لـە کوردسـتان بەچاوێکـی زۆر بـەرزەوە سـەیری ئەوروپـای کـردووەو وای زانیـوە بەهەشـتی سـەرزەمینە! کـە هاتووەتـە ئێـرە دەبینێـت زۆرینـەی کات لـە چوارچێـوەی دیوارێکدایـە دوور لـە دایـك و بـاوك و کـەس و کار، دەبێتـە مایـەی بیـر کردنـەوەی بـەردەوام و ناتوانێـت لەگـەڵ کۆمەڵگـەی ئێـرەدا خـۆی بگونجێنێت کـوردی خۆمـان دەڵـی وادەزانـێ لـە قـەل و کۆتریـش بـووە، پیاوەکـەش ئـەم ناخۆشـیەی ئـەوی ناوێـت خـۆی زۆر ئەزیـەت داوە تـا خێزانـی پێـك هێنـاوەو گەشـتۆتە ئـەم ئاسـتە بەکورتـی چاوەڕێـی ئەمـەی نەکـردووە ئیـتر لـەم گێـرەو کێشـەدا دەژیـن پێکـەوە هـەردوولا بـەم جـۆرە ژیـان دەبەنەسـەر.
هەروەهـا بـە پێچەوانەشـەوە هەیـە ئافرەتـەو پیاوێکـی هێنـاوەو پیاوەکـە ناتوانێـت خـۆی بگونجێنـێ.
٣-هەنێـك گیریـان خـواردووە بەدەسـت مێردەکانیانـەوە لەبـەر خـراپ هەڵسـوکەوت کـردن لەگەڵیـاو خیانەتکـردن لێـی بەچـاوی سـوکەوە سـەیری خێزانـی خـۆی دەکاو بەچـاوی بـەرزەوە سـەیری ئافرەتانـی ئەوروپـی

دەکات!!! ئەمــەش بێگومـان هــۆی لادانیەتــی لــە ڕێگــەی ڕاســتی ئیســلام.
٤-کۆمەڵیــك ژیانێکــی ســادەو خــۆش لەگــەڵ مێردەکەیــدا دەباتەســەر و تاڕادەیەکــی بــاش خــۆی دەگونجــێ لەگــەڵ کوردەکانــدا، هەندێکــی کەمیــش لەگــەڵ کۆمەڵانــی بێگانــەدا. دەتوانــم بڵێــم ئــەم کۆمەڵــە هــەرە زۆرینــەن.
٥-هەندێــك کاریگــەری ئەوروپــی زۆر بــووە لەســەری دەتوانــم بڵێــم کــوردە بــەڵام لــە پێســتی ئەوروپیــدا!.
٦-هەندێــك زۆر ژیــرو لێزانانــەو دوور بینانــە بیــر دەکاتــەوە هــەردەم دەخوێنــێ و لەبیــری پاشــەڕۆژێکی چاکــتر دایــە، وە ئــەم کۆمەڵــە هــەرە کەمترینــی هەمــوو کۆمەڵەکانــی تــرن وە لەشــارەکاندا بــە پەنجــەی دەســت دەژمێرێــن.
٧-هەندێــك کاتژمێــرو چرکــە دەژمێــرێ کــە کــەی بێــت و بتوانێــت بگەڕێتــەوە کوردســتان و وەك دەڵێــن هەرچــۆن بێــت ڕای دەکێشــێت، ناتوانیــت دڵ بــە ئێــرە خــۆش بــکات.
هەمــوو ئەوانــەی باســمان کــرد بەئاشــکرا دەبینرێــن لــە ئەورپــادا بــەڵام ئاســان نــی یــە ئەگــەر بمانەوێــت ڕێژەکانیــان بــە تــەواوی دیــاری بکەیــن. بــەڵام دەتوانیــت تەخمینیــان بکەیــن بــەم شــێوەیە:
کۆمەڵەی یەك ٥٪
کۆمەڵەی دوو ١٠٪
کۆمەڵەی سێ ٢٪
کۆمەڵەی چوار ٧٥٪
کۆمەڵەی پێنج ١٥ ٪ بەتایبەت ئەمانە ئەوانەن کە لە کۆنەوە لە ئەورپان
کۆمەڵەی شەش ١٪
کۆمەڵەی کۆتایی ٣٠٪

# عەقیقە وەك مافێكی گەورەی منداڵ



گـەورەی و گشـتگیری ئاینـی ڕاسـتی ئیسـلامە كەوایكـردووە ئیسـلام بـە زینـدووی و درێـژی بمێنێتـەوە لـە كاتێكـدا وەك هێـزو دەسـتەڵات هیچێكـی واشـمان لەدەسـتدا نەمـاوە، سـەرەنجامی ئـەو گشـتگیریەو بایەخدانـی هەمـە لایەنیەیـە ناحەزانـی ئیسـلامی قەڵـس كـردووەو بەهانـە بـۆ یاسـاو ڕێسـاكانی دەهێننـەوە، بـۆ ئـەوەی لەبەرچـاوی مسـوڵمانانی ناشریـن بكـەن، هەرچەنـد ئـەو هەوڵانـە پڕوپـوچ و بـێ سـەرەنجامن و دەبێتـە زیاتـر مایـەی پابەنـدی مسـوڵمانان بـە ئیسـلامەوەو زیاتـر ناسـاندنی ئیسـلام لای گەلانـی تـر.

كاتێـك چـاو بـە دەقـە قورئانـی و فەرمـوودە ڕاسـتەكانی پێغەمبـەردا دەخشـێنین گشـتگیری و بایەخـی بەرفـراوان بـە هەمـوو لایەنەكانـی ژیـان بـە ئاشـكرا بەرچاومـان دەكەوێـت، زانایانیـش زیاتـر ئـەو وردەكاریەیـان لێـك داوەتـەوەو بـۆ مسـوڵمانانیان زیاتـر ڕوونكردۆتـەوە، هـەر بۆیـە زۆرێـك لـەم

زانسـتە ئیسـلامیانەی کـە ئێسـتە لـە سەرانسـەری جیهانـدا هـەن و لـە زانکـۆو خوێندنگەکانـدا دەخوێنرێـت سـەرەنجامی هـەوڵ و تێکۆشـانی زانایـان بـووە لـە بەرژەوەنـدی پێویسـتیەکانی مسـوڵمانانەدا بـن، وەك دڵسۆزیشـیان بەرانبـەر ئیسـلام، لـە کاتێکـدا لەسـەردەمی پێغەمبـەری مەزنـدا تەنهـا قورئـان هەبـوو وەك دەق و وە پێغەمبەریـش لەناویانـدا بـوو، ئیـتر وجـودی پێغەبـەر درودی خـوای لـێ بێـت لەنـاو مسـوڵمانانداو تێگەشـتنی ئـەو بـۆ قورئـان پیویسـتی هەبوونـی زۆرێـك لـەو زانسـتانەی کـە ئێسـتە هـەن نەبـوو، بـەڵام بـە نەمانـی ئـەو لەناویانـداو دوورکەوتنـەوەی خەڵکـی لـە زمانـی ڕەسـەنی قورەیشـی و فـراوان بوونـی ئیسـلام بـە چـواردەوری خۆیانـدا پیویسـتی هەبوونـی زۆرێـك لـەو زانسـتانەی کـە ئێسـتە هـەن و سـەرچاوەکانیان قورئـان و فەرموودەکانـن بهێنێتـە کایـەوە.

گشـتگیری ئیسـلام و فراوانـی ڕێسـاکانی ئەوەنـدە فراوانـن تەنهـا شـتێکی گرنـگ نـی یـە کـە ئامـاژەی پـێ نەکـرا بێـت، ئێسـتە کـە باسـەکەمان لەسـەر عەقیقـەی منداڵـەو تۆزێـك لەسـەر ئـەو باسـە دەدوێیـن زیاتـر ئـەو گشـتگیریەمان بـۆ دەردەخـات.

مسـوڵمان هـەر لـە یەکـەم بیرکردنـەوەی بـۆ چوونـە نـاو کـەژاوەی خێزانداریـەوە ئیسـلام ڕێنمونـی کـردووە کـە ئافرەتێکـی داوێـن پـاك و بـە شـەرەف بهێنێـت، چونکـە لـە ئاینـدەدا دەبێتـە دایکـی منداڵەکانـی، هـەر ئەمـە خـۆی بـۆ خـۆی پەیامێکیشـە بـۆ ئافرەتـان بـە گشـتی کـە بـۆ ئـەوەی مافەکانیـان پارێـزراو بێـت و شـایەنی ئەوەبـن بـبن بـە دایـك و هەڵبژاردنیـان لەلایـەن مسـوڵمانەوە خۆیـان بـە پاکـی بهێڵنـەوەو بـەدوور بـن لـە بەدڕەوشـتی و خراپـەکاری. سـەرەنجامی خراپەکاریـە ئافـرەت موعـەرەز دەکات بـۆ دەسـت درێـژی کردنـە سـەریان و پێشـێل کردنـی مافەکانیـان.

ئـەوەی ئەمـڕۆ بەنـاو مافـی مـرۆڤ و مافـی ئافرەتـەوە کار دەکـەن ئیسـلام هـەر لەسـەرەتای سـەرهەڵدانیەوە لەگـەڵ کۆمەڵـە مافێکـی تـەواو پێیانـەوە هاتـووە، بـە ئاشـکرا لـە باسـی عەقیقـەدا بۆمـان دەردەکەوێـت، کاتێـك ئافـرەت کـە حاملیەیـە ئیسـلام یاسـاو ڕێسـای خـۆی بـۆ دانـاوە وەك مافێـك بـۆ ئافرەتەکـەو وە دیسـان بـۆ منداڵەکـەش، کـە هێشـتا نەهاتووەتـە دونیـاوە مافـی خـۆی هەیـە، هەربۆیـە دەبینیـن لـە ئیسـلامدا کـە ڕۆژوو پایەیەکـی گرنگـی ئیسـلامە لـە کاتـی حەملـدا لەسـەر ئافرەتەکـە هەڵگیـراوە، ئـازادە لـەوەی بـە ڕۆژوو نەبێـت، بـۆ ئـەوەی ئەزیەتـی نەبێـت بەهـۆی برسـێتی و تونێتیـەوە لـە کاتـی حەملـدا، مافێکـی منداڵەکەشـە دایکەکـەی خواردنـی پێویسـت بخـوات بـۆ ئـەوەی بـە شـێوەیەکی ئاسـایی گەشـەی خـۆی بـکات و بـە جەسـتەیەکی تـەواوو بـێ نوقسـتانی بێتـە دونیـاوە، ئیـتر ئافرەتەکـە دەبێـت پیـاو یارمەتـی دەری بێـت و ئەرکێکـی زیاتـر نەخرێتەسـەری کـە لـە توانـای بـەدەر بێـت، یارمەتـی دانـی ئافـرەت لەلایـەن پیـاوەوە پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت سەرمەشـقمانە کـە خـۆی بەدەسـتی خـۆی ماڵـی گسـك داوەو یارمەتـی خێزانەکانـی داوە.

کاتێـك ئافرەتەکـە منداڵەکـەی دەبێـت لـە ئیسـلامدا ماوەیەکـی زۆر حەسانەوە بـۆ ئـەو ئافرەتـە دانـراوە کـە نوێژیـش نـەکات کـە کۆڵەکـەی دینـە، ئیـتر ئـەو ماوەیـە لـە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی تـر جیـاوازی هەیـە مانگێکـە دوو مانگـە هەرچەندێکـە تـا پـاك دەبێتـەوەو جەسـتەی ئاسـایی دەبێتـەوە، هەتـا جەسـتەی ئاسـایی نەبێتـەوە کـە بـە پـاك بوونەوەکـە دیـاری دەکرێـت، ئـەم وازهێنـان لـە نوێـژو ڕۆژووە لـە کاتـی حەمـل و منـداڵ بوونـدا مافێکـی ئافـرەت و منداڵەکەیـە، هـەر بۆیـە دەبینیـن ئیسـلام تەنەزولـی کـردووە لـە ئاسـتی ئـەو دوو پایـە گـەورەدا لـەو کاتانـەدا لەبـەر ئافـرەت و منـداڵ، بەڕاسـتی

تـا لێـی ووردبینـەوە زیاتـر گـەورەی ئیسـلام و گرنگـی دان بـە ئافـرەت و منـداڵ و تـەواوی مرۆڤایەتیـمان بـۆ دەردەکەوێـت.
وە دواتریـش بەهـۆی مافـی منداڵەوەیـە ئەگـەر کەسـێك توشـی تاوانێکـی گـەورە بـوو لـەوەی کـە ئیسـلام سـزای کوشـتنی بەسـەردا داوە، نایکوژێـت تـا حەملەکـە دادەنێـت و منداڵەکـە گـەورە دەکات، وەك لەبەسـەرهاتی ژنێکـدا کـە هـات بـۆلای پێغەمبـەرو دانـی نـا بـە تاوانەکەیـدا پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت نەیکوشـت تـا منداڵەکـەی بـوو، وە تـا گەورەشـی کـرد بـە شـێوەیەك پێویسـتی بـە شـیری ئافرەتەکـە نەبێـت.
دەبینیـن پلـە بـە پلـە ئیسـلام بەرنامەڕێـژی هەیـە بـۆ کارەکان تـا کۆتایـی، هـەر لـە سـەرەتای ژن هێنانـەوە کـە پەیوەنـدی نێـوان دوو کەسـە، بـە گـرێ بەسـتێکی شـەرعی و ئاشـکرا دەکرێـت، دواتـر چۆنێتـی حەمـل و منـداڵ دانـان و پەروەردەکـردن و شـیر پێدانـی تـا دوو سـاڵ بەلانـی کەمـەوەو دواتـر تەربیـەت کردنـی لەسـەر خوڕەوشـتی پـاك، فەرمـان پـێ کردنـی بـە چاکـە هـەر لەسـەرەتاوە وە کـە گەشـت بـە حـەوت سـاڵی فێـری ئـاداب و خـو ڕەوشـتە ئیسـلامیەکانی بکرێـت و لەسـەر ئـەو بنەمانـە بنەمـای داڕێژێـت.
وە کاتێـك منداڵەکـە لـە دایـك دەبێـت، داینـاوە خۆشـی و شـادی بـۆ بکرێـت، لـە کاتێکـدا لـەو کاتـەدا کـە کەسـێك کچـی بوایـە لەنـاوی دەبـردوو زینـدە بەچاڵـی دەکـرد، ئیسـلام گـۆڕی بـە عەقیقـەو حەیـوان سـەربڕین بـۆی و شـای و خۆشـی کـردن بـۆی و مـژدەدان بـە خەڵکـی لـەوەی کـە خـوای گـەورە منداڵـی پـێ بەخشـیوون، ئـەو کچـەی کـە لـە پێـش ئیسـلامدا سـەر دەبـڕا ئیسـلام هـات و هانـی دایـن لـەوەی کـە هەرکـەس سـێ کـچ بـە چاکـی پـەروەردە بـکات جێگـەی بەهەشـتە؟! سـەیر ئـەو پەیامـە چەنـد گـەورەو شـکۆمەندە، کـوا ئـەو هزرانـەی کـە دژایەتـی ئیسـلام دەکـەن کۆمەڵگەیـان

بەو شێوەیە گۆڕا بێت، لە کوشتنەوە بۆ شای بۆ کردن، لە عەیبەوە بۆ شانازی پیوەکردن، لە شاردنەوەوە بۆ مژدە پێدان، گۆڕانکاریەکان زۆرن مەگەر کەسێك مێژووی پێش ئیسلام بزانێت و مێژووی دواشی تا بەجوانی و ڕوونی لە هەمووی تێ بگات.
لە سەردەمی پێش ئیسلام و کاتێك کە ئیسلام هات کەسێك منداڵی بوایە پێی قەڵس دەبوو وەك قورئان بۆمان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت:
{وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِالْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ} النحل ٥٨
واتە کاتێك مژدە بە کەسێکیان بدرایە کە کچێکی بووە، دەبینی دەم و چاوی ڕەش هەڵدەگەڕێ و دەرونیشی بەرانبەر بە خوا پڕ لە ڕق و کین دەبێت و پیش دەخواتەوە هەر خەریکە دەتەقێتەوە لەبەر ئەوەی کچی داوەتێ.
ئەم ڕەوشتە ڕەوشتێکی پێش ئیسلام بووەو قورئان وەك نمونە باسی دەکات بۆمان بەڵام ئێستەش هەندێك لەم خەسڵەتانە لەناو کوردی خۆماندا ماوەو پێی ناخۆشە کچی هەبێت، کە دەبێت ئەو کەسانە بەخۆیاندا بچنەوە. هەر کە منداڵتان بوو کچ بوو یان کوڕ مژدە بدەن بە خەڵکی و دڵی پێ خۆش بکەن کە خوای گەورە منداڵی پێ داون، چەندن ئەو کەسانەی کەوا خوای گەورە بێ بەشی کردوون لە خۆشی و نیعمەتی منداڵ، بەوە تاقیان دەکاتەوەو ئەم دکتۆرو ئەو دکتۆر دەکەن و داوای دوعای خیر لە خەڵکی دەکەن کە دوعایان بۆ بکەن بۆ ئەوەی منداڵیان بداتێ. هەر بۆیە کە منداڵی پێ دان جێگەی خۆیەتی مژە بدەن بە خەڵکی لەوەی خوای گەورە کۆرپەیەکی پێ بەخشیون.
وەك چۆن خوای گەورە مژدەی دا بە پێغەمبەر ئیبراهیم و زەکەریا سەلامی خوایان لێ بێت، وەك دەفەرموێ{أن الله يبشرك بيحيى} وە

{فبشرناهـا باسـحاق ومـن وراء اسـحاق يعقـوب}
منـدالٌ ڕزقـی خـۆی لەگـەڵ خۆیدایـەو خـوای گـەورە بەشـی هەمـوو کەسـێك لـە ڕزق و ڕۆزی خـۆی بـۆ دیـاری کـردووە، پێویسـت بـە تـرس و بیـم نـاکات لـەوەی کـە بەهـۆی منداڵـەوە توشـی برسـێتی بـبن، بەڵکـو زۆرجـار خـوای گـەورە بەهـۆی منداڵەکانمانـەوە کـە بـێ تاوانـن زیاتـر نـازو نیعمەتـی خۆیـمان بەسـەردا دەڕژێنێـت.
وە کاتێـك ئـەم منداڵـە لـە دایـك دەبێـت بـۆ ڕێزلێنانـی دەبێـت ئـەم کارانـە بگیرێتـە بـەر:
١-نـاو لێنانـی، بەناوێکـی جـوان و شایسـتەو گونجـاو کـە گـەورە بـوو دڵـی پێـی خـۆش بـکات نـەوەك پێـی سـوك ببێـت و شـەرم بـکات لـە ناوەکـەی کـە بـە داخـەوە هەندێـك کـەس نـاوی وایـان لـە منداڵەکانیـان نـاوە بەڕاسـتی پیـاو تەریقـی دەبێتـەوە لـەوەی بـەو نـاوەوە بانگـی بـکات، چونکـە ئـەو منداڵـە بـێ تاوانـەو هیـچ ئیختیارێکـی نـی یـە لـەوەی کـە هـەر ناوێکـی لـێ بنێـن، ئەگـەر لـەو کاتـەدا ئەقـڵ و زوبانـی هەبوایـە ڕازی نەدەبـوو پێـی، چونکـە نـاو کاریگـەری زۆری لەسـەر دەرونـی منداڵەکـە دەبێـت لـە دوا ڕۆژدا، چ خۆشـە ناوێکـی بنرێـت کـە مانایەکـی ئاسـانی هەبێـت و پیویسـت بـە ڕوونکردنـەوە نـەکات، وەیـان ناوێکـی ئاشـکرا بێـت و لای خەڵکـی نامـۆ بێـت، چونکـە نـاوی وا هەیـە لـەم ڕۆژەدا لـە قاموسیشـدا نـی یـە، برایـەك تەلەفۆنـی بـۆ کـردم ووتـی منداڵـمان بـووە ناوێکـی عەرەبیـمان بـۆ هەڵبـژاردووە بـەڵام نازانیـن مانـای چـی یـە قاموسـێکی عەرەبیـم هەیـە نزیکـی ١٠٠٠لاپەڕەیـە بەنـاوی المنجـد، هێنـام و بـردم نەمدۆزیـەوە.
وە باشـترین نـاو لای خـوای گـەورە عبداللـە و عبدالرحمـن ە وەك لـە فەرموودەیەکـدا هاتـووە{ أحـب الأسـماء الـى اللـه تعالـى عبداللـه و

عبدالرحمـن} رواه مسـلم.
٢-سەرتاشـین، وەك پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت دەفەرموێـت {احلقـي رأسـه وتصدقـي بـوزن شـعره فضـة عـلى المسـاكين} رواه أحمـد و الطـبراني.
نیشـانەی خۆشـحاڵی ئـەو منداڵەیـە لـە ئاینـدەدا کـە دەزانـێ بایەخێکـی بـەو جـۆرە پیـدراوە، وە ڕاسـتێتی خۆشویسـتی بـاوك و دایکەکـەش دەردەخـات کـە فعلـەن پێیـان خـۆش بـووە منداڵیـان بـووەو شـوکریان لەسـەری کـردووە، نیشـانەش ئەوەتـا هەسـتاون بـە کارەکـەو خیریـان بـۆ کـردووە، ئیسـلامیش زیـوی دانـاوە کـە شـتێکی باشـە بـۆ خێـر، وە ئاڵتونیشـی دانەنـاوە چونکـە گرانـەوە پـێ دەچێـت هەمـوو کـەس توانـای کڕینـی نەبێـت، هەرچەنـد خـۆی توکەکـە ئەوەنـدەش نـی یـە لـە ڕاسـتیدا بـەڵام خـۆ دەبینیـن هەندێـك کـەس ئەوەنـدە چروکـە ئـەو توکـە کـە هەمـووی لـە چەنـد غرامێـك تـێ ناپەڕێـت نایـکات.
٣-گۆێزەبانـە وەیـان حەوتەوانـە، پێغەمبـەری خـوا فەرموویەتـی: (کل غـلام رهينـه بعقيقتـه, تذبـح عنـه يـوم سـابعه ويسـمى فيـه ويحلـق رأسـه) رواه (اصحـاب السـنن, والحديـث صحيـح, والترمـذی, والحاكـم) واتـە: هەموومنداڵێکـی تـازە لەدایـك بـوو گـەردن بەنـدی ئـەو گوێزەبانەیـە کەلـەڕۆژی حەوتەمـی تەمەنـی دا بـۆی سـەر دەبڕێت,وهـەر لـەو ڕۆژەش دا ناودەنرێـت و سەریشـی دەتاشرێـت. ئەمـە کردارێکـە پێغەمبـەر خـۆی پێـی هەسـتاوەو وە فەرمانـی بـە کردنیشـی کـردووە، ئـەو حەیوانەشـی کـە دەکرێـت بـە گوێزەبانـە، قسـەو بـاس هەیـە لەسـەری کـە دەبیـت حەیوانێکـی پـاك و چـاك بێـت وەك چـۆن کاتێـك حەیوانێـك دەکەیـن بـە قوربانـی ئەمیـش بەهەمـان شـێوە.
٤-خەتەنەکردنـی، ئـەوەش کارێکـی گرنگـە کـە تـا زووبکرێـت باشـترە، وە لـە

سـودی منداڵەکەدایـە، هـەر بۆیـە زۆرێـك هەتـا نـا مسـوڵمانەکانیش ئێسـتە دەیکەیـن، وە فەرمـوودەی خیتانیـش دەفەرمـوێ لـە سـونەتی فیطریـە. وە پێغەمبـەر (صـلی اللـە علیـە وسـلم) بـۆ حەسـەن و حوسـەین لـە حەوتـەم ڕۆژدا بـۆی کردوون{عـق رسـول اللـە صـلی اللـە علیـە وسـلم عـن الحسـن والحسـین وختنهـما لسـبعة أیـام} خەتەنەکـردن واجبـە بـۆ پیـاوان.

٥-کۆکردنـەوەی خەڵـك بـۆ نـان خـواردن ، ئـەو منداڵـەی کـە توانـای ئەوەشـی نـی یـە بەخێرهاتنـی خەڵـك بـکات ئیسـلام ئـەو ڕیـزەی لـێ نـاوەو خەڵکـی بـۆ کـۆ دەکاتـەوەو بـە بـاوك و دایکەکەشـی دەڵـێ شـانازی پێوەبکـەن و سوپاسـی خـوای لەسـەر بکـەن و دوعـای بەخێـری بـۆ بکـەن، بـەڵام پێـش ئیسـلام دەیان بـرد بـۆ چۆڵەوانیـەك و زینـدە بەچاڵیـان دەکـرد، بـەڵام ئیسـلام ئـەوەی گـۆڕی بـۆ خۆشـی و شـادی و خێـرو چاکـە بـۆ کـردن.

٦-بانـگ و قامـەت دان بـە گوێیـدا، بـۆ ئـەوەی هـەر لەسـەرەتای ژیانیـەوە ئاشـنای بکەیـن بـە بەرنامـە پـاك و ڕاسـتەکەی خـوای گـەورە، ئەوەتـا ئیسـلام چ ڕێزێکـی لـێ ناویـت تـۆش بـە وەفابـە بەرانبـەری کـە گـەورە بوویـت.

باسـت و خواسـتی عەقیقـە بێگومـان ووردەکاری زیاتـری تێدایـە، ئـەوەی کـە دەیـکات توشـی چـی خێرێـك دەبێـت هەتـا لـە دواڕۆژیشـدا بەهـۆی ئـەو عەقیقـەوە وەك شـەفاعەت کردنـی منداڵەکـە بـۆ ئـەو دایـك و باوکـە، بـەڵام ئەگـەر نەیـکات بـەر ئـەو شـەفاعەتە نـاکات، وە زۆر شـتی تـر بـەڵام بەوەنـدە ئیکتیفـا دەکەیـن و بەهیـوای سـودمەندبوون لێـی.

<u>سەرچاوەکان</u>

سایتی مامۆستا سەید ئەحمەد

سایتی دەنگی ئیسلام

سایتی خوشکانی ئیسلامی

# قۆناغی هەرزەکاری

بالغ بوون زاراوەیەکە لە فیقهی ئیسلامیدا بەکارهاتووە بۆ بە جێهێشتنی قۆناغی منداڵی و دەستپێکردنی قۆناغی هەرزەکاری قۆناغێک کە مرۆڤ تیایدا دەبێت بە خاوەنی ئەهلیەتی یاسای تەواو,وەک مرۆڤێکی پێگەیشتوو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت هەروەها بەپێ نانە ناو ئەم قۆناغەوە کۆمەڵێک ئەرکی شەرعی روو دەکەنە مرۆڤی موسڵمان هەروەها مرۆڤ لە رووی شەرعی و یاساییەوە لە هەموو کردەوەکانی لێپرسراو دەبێت و لەلایەن خودای گەورە و کۆمەلگەودادگاوە لێی دەپرسرێتەوە هەلبەت دەبێت بوترێت پێ نانە ناو قۆناغی باڵغ بوون ، بە ساڵ دیاری ناکرێت بەڵکو بە روودانی هەندێک گۆرانی جەستەیی و دەروونی لە کوڕ و کچدا دەستنیشان دەکرێت...
یەکەم-نیشانەکانی بالغ بوون : نیشانەی بالغ بوون لە کوران و کچاندا بە دروستبوونی هەستی سێکسی و پێگەیشتنی ئامرازەکانی زاووزێ لە هەردوو رەگەزدا دەست پێ دەکات...
دووەم-ئەوەی لە (باڵغ) بوون دەکەوێتەوە: هەروەک باسمان کرد (بالغ ) بوون مرۆڤی موسڵمان روو بەرووی قۆناغ و ئەرک و مافی نوێ دەکاتەوە لەوانەش:
١-لەم کاتەوە عیبادەتەکانی وەکو نوێژو و رۆژوو نوێژی جومعە دەبن بە واجب بە ئەنجام نەدانییان مرۆڤ تووشی تاوان و سەرپێچی خودای گەورە دەکات...
٢-کچان دەبێت پۆشاکێک لەبەر بکەن (محتشم) بێت و لەگەل کەسایتی موسڵمانێتیاندا گونجاو بێت.
٣-کوران و کچان دەبێت ژووری خەوتنیان جیابکرێتەوە

٤-کور و کچ یاخود ژن و پیاوێکی نامەحرەم نابێت بە تانها لە شوێنێکی داخراودا بە یەکەوە بمێنەوە.
٥-ناروانیینە رەگەزی بەرامبەر بە چاوی شەهوەتەوە
ئەرکەکانی هەرزەکاری مسوڵمان : ئەرکەکانی هەرزەکاری موسڵمان بریتین لە بە جێ هێنانی پێنج عیبادەتە:
یەکەم:نوێژ کردن
دووەم :رۆژوگرتن
سێیەم:قورئان خوێندن
چوارەم ناسینی ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ)
پێنجەم و کۆتایی:ناسینی کەسایتییە مەزنەکانی ئیسلام.
گەشەکردنی جەستەیی- فیسیۆلۆژی- جوڵەیی: قۆناغی هەرزەکاریی جیادەکرێتەوە بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری جەستەیی خێرا، بەتایبەت لە سێ ساڵی یەکەمیدا بەهۆی زۆری ڕژێنی هۆرمۆنی گەشەکردنەوە، لەگرنگترین ڕوخسارەکانی گەشەی جەستەیی درێژبونێکی بەرچاوە لە باڵادا، زیادبونی کێش، ئەمەش لەدەرئەنجامی گەشەیە لە خانەکانی ئێسکو و ماسولکەکانی دا، زۆربونی چەوری بەتایبەت لای کچان، هەروەها گەشەکردنی پەیکەری مرۆڤ. بە شێوەیەکی گشتی، لە ڕوخسارەکانی گەشەکردنی فیسیۆلۆژی بریتین لە گەشەکردنی قەوارەی دڵ، گەشەکردنی گەدەو گەورەبونی، کەئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی هەرزەکار توانای وەرگرتنی خواردنی هەیە بەشێوەیەکی زیاتر، بەهۆی ئەو گەشەکردنە خێرایەی کە ڕودەدات، وزەی زیادی لێدەبات. گەشەکردنی جەستەیی- فیسیۆلۆجی، جێماوی دەرونیی، لەسەر هەرزەکار بەجێدەهێڵێت، بۆیە پێویستە لەسەر پەروەردەکاران و دایکان

و بـاوکان ئەمانــە لەبەرچــاو بگــرن، گۆڕانکاریــە جەســتەییە سێکســیەکان ڕۆڵێکــی بەرچاویــان هەیــە لــە تێگەشــتنی هەرزەکاریــدا، بــۆ نمونــە کچــان وەڵامدانەوەیــان بــۆ ئــەم گۆڕانکارییــە جەســتەییانە دولایەنەیــە، لەلایەکــەوە شــانازی بــە کچێتــی خۆیــەوە دەکات و لەلایەکیشــەوە شــەرمەزارە لــە دەرئەنجامــی ئــەو گۆڕانکاریانــە و هەســت بــە دڵەڕاوکــێ و ماندوبــون دەکات، بــە تایبــەت لەکاتــی ســوڕی مانگانــەدا، بــەڵام لــە ڕووی گەشــەکردنی جوڵەییــەوە هــەرزەکار سســت و بێتاقــەت و مانــدو بەدەردەکەوێــت، زۆر جــار جوڵەکانــی هــەرزەکار هاڕمۆنیــەت و گونجــان و وردیــی پێــوە دیارنیــە وەکــو، خۆپێداکێشــان و بەرکەوتنــی کەلوپەلــی ناومــاڵ، یاخــود کەوتنــە خــوارەوەی شــتومەک لــە دەســتی، هەمــوو ئەمانــە دەگەڕێنــەوە بــۆ نەبونــی هاوســەنگی ٢-گەشــەکردنی ژیــری: گەشــەکردنی زیرەکــی گشــتی و زیادبونــی توانــا لــە پرۆسێســە ژیریــە باڵاکانــدا، وەکــو بیرکردنــەوە، وەبیرهێنانــەوە، بەنــدن لەســەر تێگەیشــتن و هەڵێنجــان، و فێربونــو خەیاڵکردنــەوە، هــەرزەکار لــەم قۆناغــەدا توانســتە ژیریەکانــی وەکــو ماتماتیــک زیــاد دەکات، توانــای مامەڵکردنــی هەیــە لەگــەڵ ژمــارەو زمانەوانــی و وردی لــە گوزارشــت کــردن، و توانــی میکانیکــی و هونــەری و داهێنانــی لا بەدەردەکەوێــت، وەکــو چالاکــی بەرهەمێکــی عەقڵــی ، بەدەرلەمانــەش هــەرز

ئامادەکردنی قیبلە

# خوازبێنی و ژن هێنان

یەکێك لەو نەریتە جوانانەی کە لە ئیسلامەوە فێربووین مەسەلەی ژن هێنان و چوونە ناو ئەو پرۆسەوەیە، چونکە ئاشکرایە هۆکاری ئاینی راستی ئیسلام پێنج شتن یەکێك لەوانە پاراستنی وەچەیە، وەچە واتە منداڵان چۆن دەپارێزرێت بەوەی کە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی دروست واتە شەرعی بچنە ناو پرۆسەی خێزانیەوەو بە شێوەیەکی دروست منداڵ دروست بکەن، وەگەر وا نەکرا وەك ئەو هەرکێ بۆخۆیەی ئێستەی ئەورووپاو ئەمەریکای لێ دێت کە لە ژێر مافی مرۆڤ و ئازادی و ناوی جیا جیادا گاڵتە بە مرۆڤەکان بکرێت بە بەرگ و ڕوکارێکی جواندا، منداڵەکان مافیان دەخورێت بەهۆی پەیوەندی ناشەرعی و هێنانە دونیایانەوە لە ڕێگەی نا دروستەوە، دواتر ئەو منداڵانە لە سۆزی دایك و باوك کە مافێکی سەرەتایی هەموو منداڵێکە دەخورێت و بەبێ نازی لە ژێر چاودێری سۆسیالدا گەورە دەبێت، ئەو بێ نازی و دوور لە عاتیفەی حەقیقیەوە کاریگەری لەسەر دروست دەکات هەتا دوای گەورە بوونیشی، هەربۆیە ئەو کۆمەڵگانەی کە ئەو کارە نا دروستانەی زۆر تێدا دەکرێت بە وولاتانێکی ترسناك و نا ئارام و زۆری خراپەکاری تێدا ناسراون، لەگەڵ ئەو هەموو ڕێوشوێنە ئەمنیەی ئێستە لە ئەورپاو ئەمەریکادا گیراوەتە بەرو وولاتیان سەدەها ساڵە وولاتن و خاوەنی هەموو کیانێکی بەهێزی خۆشیانن دەبینین لەگەڵ ئەو هەموو هێزەو کامیرانەش کە دانراون هێشتا سەرپێچی یاساو دزی و ڕەگەزپەرستی و خیانەت و کاری ژێر بە ژێری لە وولاتانی ئیسلامی زۆر زیاترە، هەرچەند هاوڵاتیانی ئیسلامی لەم ڕاستیە زۆر ئاگادار نین و هەردەم ئەورووپاو ئەمەریکا بە ماستی

مەیـوو دەزانـن، لەگـەڵ ئـەو شـپرزی و بـێ سـەروبەریەش کـە بـە وولاتانـی ئیسـلامیەوە هەیـە دەبینیـن بەبـێ کامیـرە ئـەو دیاردانـەی کـە لـە ئەوروپـا هـەن لـەوێ زۆر بـە کەمـی بەرچـاو دەکـەون یـان دەبیسـترێن، جگـە لـەوەی مافـی ئافرەتەکـەش لـەم نەکردنـی زەواج و پەیوەندیـە نـا دروسـتەکانەوە دەکرێـت، لـە ئیسـلامدا کاتێـك ئافـرەت گرێبەسـتی لەگـەڵ دەکرێـت و بارودۆخێکـی شـیاوی بـۆ سـاز دەکرێـت پێـش ئـەوەی بچنـە ئـەو کـەژاوەوە هەندێـك مافـی ئافرەتەکـە بەسـەر پیاوەکـەوە دروسـت دەبێـت ئەوسـا ڕێگـە دەدرێـت ژیـان پێکـەوە دەسـت پـێ بکـەن، وە بـە بەسـتنی ئـەو گرێبەسـتەش کۆمەڵێـك مافـی تـری ئافرەتەکـە دەکەوێتـە سـەر پیاوەکـە، ئـەی ئەگـەر ئـەم گرێبەسـتە دروسـت و شـەرعیە نەکـرا ئەوسـا ئافرەتـی قـوڕ بەسـەر ئەگـەر کێشـەیەکی لەگـەڵ پیاوەکـە بـۆ دروسـت بـوو بەڵگـەی چـی دەبێـت بەرانبـەری هەتـا ئەگـەر ڕووبـەڕووی دادگاش بکرێتـەوە، مەگـەر هـەر خـوا حافیـز خـوا حافیـز لەیەکـتر بکـەن و ئافرەتەکـە هـەم بـێ سـەر بکەوێتـەوەو کچێنـی و سـۆزو دایـك و بـاوك و هەتـا بگـرە تەمەنێکـی زۆریشـی بـە بەلاشـدا دەڕوات و پیاوەکـەش وەك بەرزەکـی بانـان بـۆ دەردەچێـت، لـەم نێوەنـدەدا بێگومـان ئافرەتەکـە خەسـارەمەند بـوو، ئـەم ڕاسـتیە جێگـەی هێـما بـۆ کـردن و بیرکردنەوەیـە لێـی و ئەوەمـان پـێ دەڵـێ هـەم سـتەم لـە ئافـرەت وە هـەم لـە منـداڵ کـرا، ئیـتر هەمـوو ئەوانـەی لافـی پاراسـتنی مافـی مـرۆڤ دەدەن بەڕاسـتی نەیـان توانیـوە ئـەو مافانـە وەك ئیسـلام بپارێـزن، ئاینـی ڕاسـتی ئیسـلام چونکـە یاسـاکانی پەیوەسـتە بـە قیامەتـەوە هەتـا لـەم سـەردەمی بـێ خەلافەتـی و بـێ سـەروبەری و نەهامەتیانـەی کـە داڵـدەی وولاتانـی ئیسـلامی داوە هـەر خەڵکەکـە خـۆی بـەرەو ئیسـلام دێـت و بەبـێ سـەپاندن بەسـەریدا خـۆی لـە دڵـەوە شـتەکان

دەگۆڕێت، گەرچی ئەم ڕاستیە زۆرجار دەشێوێنرێت لەلایەن دەستەڵاتداران و میدیا جۆر بە جۆرەکانەوە، کۆمەڵگەی کوردی خۆشمان وەك کۆمەڵگەیەکی ئیسلام و ئیسلام پەروەر هەتا ئەم ساتە وەختە مەسەلەی ژن و ژنخوازی و داواکردنی حاڵەتێکی تایبەتی خۆی وەرگرتووەو لە مێژەوە لەنێو کوردەکاندا وەك ڕاستێتی خۆی جوان ڕەنگی داوەتەوە لە نێوماندا کاتێك کەسێك دەیەوێت ژن بهێنێت پێش هەموو شتێك کۆمەڵێك شت ڕەچاو دەکات، چونکە وەك ئەوروپیەکە نی یە بڵێ خۆ گرێبەست و شتن لە نێوانماندا ناکرێت و دەی خۆ ئەگەر نەگونجا دەچمەوە بۆ بارێکی تر یان سیتی سەنتەرو یەکێ تر پەیدا دەکەم. بەڵکو دەگەڕێ بەدوای ئەو دەقانەدا کە لەو مەدارەدا دەسوڕێتەوە ئەگەر بۆ خۆشی نەزانێت پرسیار لە کەسانی تر دەکات، ئەوسا ئەو ڕاستیانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا لەبەرچاوی دەگرێت و بەبیری دەهێنرێتەوە کە ژن هێنان هەم مافی ئافرەت و هەم منداڵیشی پێوە بەندە، کە هەردووکیان کۆمەڵگە بەتەواوی پێك دێنن، جا چونکە مەسەلەکە زۆر گرنگە گرنگانەش بیری لێ دەکرێتەوە، پێش هەموو شت ئامادەکاری دەکات لە خودی خۆیدا لە ڕووی مادی و مەعنەویەوە، ئەگەر ئەوەی بۆ نەکرا مەسەلەکە ڕۆژوو دوو ڕۆژ نی یە بەسادە بیگرێت دەبێت دواى بخات بۆ کاتێك تا بەتەواوی ئامادەکاری بۆ دەکات، چونکە ئەگەر ئامادەیی تەواوی تێدا نەبوو پەلەی تێدا ناکات چونکە ئەوە لە ناخی مسوڵمانی ڕاستەقینەدا چەسپیوە کە ئافرەت مافی هەیە نابێت بەهۆی ئەم نا ئامادەییەوە خۆت لەو پرۆسە بدەیت چونکە دەبیتە هۆی ستەم کردن لە ئافرەتەکەو بۆ ئەوەی ئەو ستەمە نەکەیەت ئیسلام دەڵێ جارێ پەلە مەکە، ئەگەر هەر نەشت توانی بەڕۆژوو بە زیاتر خوا

بپەرستە بۆ حەزێکی جنسی ستەمی جەستەی مەکە، ئافرەتێکی بەڕێز لای خوای گەورە لە ماڵی باوکی بکەیت و لای تۆش ژیانی نەبێت، کورد دەڵێ لە قەل و کۆتری بکەیت، هەربۆیەش ئەو کەسانەی کە دەخوێنن زۆرجار ژن هێنان دەخەنە دوای تەواو کردنی خوێندنەکەیانەوە، چونکە دەڵێن ئێستە کاتی ئەوە نی یەو من خۆمم بۆ دەبر ناکرێت چ جای ئافرەتێکیشی بێتە سەر، وە کە ئامادەکاری تەواو کرا ئەوسا بیر لەوە دەکرێتەوە چۆن ئەو ڕێگەیە بە دروستی بگیرێتەبەر، کوڕەکە ناڕوات بۆ باڕو قومار خانە بەدوای ئافرەتدا، ئافرەتێك ناهێنێت دەری کردبێتە ماڵ و وەك ڕێبوارێك لە ماڵدا بێت، ئافرەتێك ناهێنێت بووبێتە سەرباست و خواستی خەڵکی و لەکەدار بێت لای خەڵکی، بە ووردی دەگەڕێ و پرسیار دەکات پێش کچەکە لە ماڵ دایك و باوکی دەپرسێت وەك دەوترێت لە کوردەواریدا دایك ببینەو دوێتە بخوازە، کاتێك دڵنیا بوو لەوەی دایك و باوکێکی باش و خانەوادەیەکی پاکن ئەوسا هەر پەلە ناکات تێیداو سەیری ئەوەش دەکات بزانێت ئایا ئەو ئافرەتە ئەوەندە دەهێنێت ئەم هەموو ئامادەکاریە لە پێناویدا بکات، هەربۆیە پرسیار لە ڕەوشت و خوا پەرستی دەکرێت، ئەگەر هاوڕێیەکی بناسێت لە ڕێگەی دایك و خوشکیەوە دەپرسن و دەچنە بنج و بناوانی بزانن چۆن بووە، ئەگەر قوتابخانەی تەواو کردبێت پرسیار لە هاوڕێیانی داخلی دەکرێت، لە مامۆستاکەی کە ئەم کچە چۆن بووە لە پۆلدا، هەر کە دڵنیا بوون و چەند کەسێکی متمانە پێکراو گەواهیان بۆدا ئەوسا ناوی خوای لێ دەهێنێ و ئەمیش پرس بە براو دایك و باوك و هەتا زۆرێك لە کەسەکانیشی دەکات، وە پێش وەخت ئاگادار دەکرێنەوە کەوا نیازی شتێکی وامان هەیەو دەمانەوێت بێینە خزمەتتان، ئەوانیش بە

ماریفەتـەوە دەڵێـن خزمـەت لـە ئێمەیـەوە ماڵـی خۆتانـە یاخـوا بەخێـر بێـن، ماڵـی کـوڕ تەشریـف دەبـەن و چەنـد پیـاو ماقوڵێکـی لایەنـی پیاوەکـە بـۆ ماڵـی باوکـی کـچ یـان سەرپەرشـتیاری ئەگـەر باوکـی نەمابێـت دەچـن، هەندێـك جـار کـوڕەش لەگەڵـی خۆیـان دەبـەن و ئەویـش خـوا خوایەتـی کـەس پرسـیارێکی لـێ نـەکات و لـە شـەرمان تـف لـە دەمـی وشـك دەبێـت و ئەگـەر زانایەکیـش بێـت لەوێـدا دەبێتـە کەسـێکی عەشـایەرو هـەژار بەشـێوەیەك ئامادەبـوان بەزەییـان پێیـدا بێتـەوە، دوای هەندێـك قسـەو بـاس و بـاس و خواسـتی دونیـاو گرانـی و هەرزانـی بـازاڕوو بارودۆخـی گشـتی باسـەکە لار دەکەنـەوە بـەلای ژن و ژنخوازیـداو ئـەو هەسـتەیان بـۆ دەردەبـڕن کـە بـە شایسـتەی ئەوەمـان زانیـوون بمـان کـەن بـە بچوکـی خۆتـان و حەتمەن ئەوانیـش گـەر پێشـتر زانیبێتیـان پرسـیاریان لەلایەنـی پیاوەکـە کـردووەو گەواهـی چەنـد کەسـێکیان وەرگرتـووە کـە دەزانیـن شایسـتەی ئـەوەن ئەوسـا دەڵێـن بچوکـی لـە ئێمەوەیـەو پێشکەشـتان بێـت، وەگـەر پرسـیاری تەواویـان نەکردبێـت داوای مۆڵـەت دەکـەن کـە خۆیـان جـواب دەگێڕنـەوە، دواتـر کـە پرسـیار کـرا دانیشـتن ڕێـك دەخرێتـەوەو دەمەتەقـەو شـەوچەرە دەخـورێ و چـای ڕەشـیش ئـەوە هـەر مەپرسـە یـەك لـە دوای یـەك دێـت، ئەوسـا مەجلیـس بـەو ڕێکەوتنـە نووریـن دەکرێـت و لەلایـەن کەسـێکەوە چەنـد دوعایـەك دەخوێنرێـت و ئیـتر باسـی مارەیـی دێتـە نـاو، چونکـە مافێکـی ئافرەتەکەیـە پێـش چوونـە نـاو گـەژاوەی هاوسـەریەوە، قسـە لـەم و قسـە لـەو چونکـە هـەردوولا یەکتریـان هەڵسـەنگاندووە مارەیەکـە نابێتـە گرفـت و ڕێـك دەکـەون، ڕۆژێـك دیـاری دەکرێـت بـۆ هێنانـی مـەلاو بـۆ مارەبڕیـن، ئـەو شـەوە نـە کـچ نـە کـوڕ لـە ژێـر بەتانیـدا خەویـان لـێ ناکەوێـت و چاویـان زرتـەی دێـت و دڵیـان پـێ دەکەنێـت، بـە ناچاریـش خۆیـان وا

نیشـان دەدەن کـە ئاسـای خەوتـوون و هیـچ لـە گـۆڕێ نـی یـە، ڕۆژگار لای ئـەم دوو کەسـە زۆر درێـژ دەبێـت و ئـەو ماوەیـەی ئەگـەر حەفتەیەکیـش بێـت کاریگـەری حـەوت سـاڵی بەسـەریانەوە دەبێـت، دواتـر مـەلاو حاجـی و مـام کوێخـاو و سـۆفی و مامۆسـتا تەشریـف دەبـەن بـۆ مارەبڕیـن و پـڕی سـەیارە لـە شـیرنی و شـەربەت دەکـەن و منـداڵ لـە خۆشـیاندا لـە بـەر دەرگا حـەشر دروسـت دەکـەن، مـەلاش چونکـە کاری خۆیەتـی و باشـی لـێ دەزانێـت کـەس لـە ئاسـتیدا قسـە نـاکات و ئـەو بـە ووتـەی شـیرینی خـواو پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت دەسـت پـێ دەکات و بـاس و خواسـتی ئاینـی لەسـەر ژن هێنـان دەسـت پـێ دەکات و دەڵـێ ئـەم کارە ئەوەنـدە پیـرزو گەورەیـە پێغەمبـەران هەموویـان کردوویانـەو فەرمـوودەی ژن نیـوەی ئیمانـە بەبیـری ئامادەبـوان دەهێننـەوە، ئـاگاداری بـوك و زاوا دەکات کـە ئـەم پرۆسـە کارێکـی یەکجـار گەورەیـەو ئایـەت و فەرمـوودەی زۆری بـۆ دەهێنێتـەوەو پشـتگیری خۆیانـی بۆ دەردەبـڕن و ترسـی لەبـەر دەڕەوێننـەوەو نـاوی خـوای لـێ دەهێنرێـت گرێبەسـت بـە شـایەتی چەنـد کەسـێکی نوێژکـەرو مسـوڵمان مـارە دەبـڕن و ئەوەنـدە زاواو بـوك مـاچ دەکرێـت ئـەو شـەوەش هـەم دیسـان خەویـان لـێ حـەرام دەبێـت، ئیـتر دواتـر ڕێگـە کـراوە دەبێـت و خۆیـان کاتێکـی تـر بـۆ گواسـتنەوە دیـاری دەکرێـت و لـەو ڕۆژەدا کارێـك دەکرێـت لـە پێشـی ئـەودا وەك وابێـت هیـچ نەکرا بێـت، ئیـتر ماڵـت کەوتـە سـەرو خەمـت کەوتەبـەر بـۆ ئـەم دوو گوڵـە دەسـت پـێ دەکات و سـەرەتای بەرپرسـیاریەتی گـەورەی ژیـان دەسـت پـێ دەکات و کۆمەڵگـەی پتـەو ئـاوا دادەمەزرێـت، کۆمەڵگەیـەك ژن هێنـان ئەوەنـدە بایەخـی پـێ بدرێـت چـۆن کۆمەڵگەیەکـی بەهێـز دەرناچێـت، وەگـەر لەسـەرجادەو دوای هـای و هـاو ئۆلـدار یوێکـی سـادە دەسـت پـێ بـکات چـۆن هـەر زوو

ناشـێوێت و منـداڵ و ئافرەتەکـە قوڕیـان بەسـەردا ناکرێـت، ئـەو ڕێنمونیـە قورئانیانـە لـە کـوێ و هزرەکانـی تـر لـە کـوێ، ئـەم مافانـە لـە کـوێ و ئـەو بەنـاو مافانـە لـە کـوێ، کۆمەڵگـەی ئیسـلامی کاتێـك بایـەخ بـەم کارە گرنگـە دەدات هەمـوو کۆمەڵگەکـە لـە کۆمەڵـە کەسـێکەوە پێـك هاتـووە، ئەگـەر هەمـوو بـەم ڕێگـە دروسـتەدا بـڕوات تـرازان ئاسـان نابێـت، سـەرەجامی ئـەم گرنگـی پێدانەیـە کـە هەتـا ئەگـەر ئـەم دوو کەسـە پێکـەوەش نەگونجـان هـەر مافـی تـری پێـوە بەنـدەو دەبێـت ڕەچـاو بکرێـت، بـە ژمـارە گۆڕیـن و گـود بـای کۆتـای پـێ نایـەت وەك لـە ئەوروپـا دەکرێـت، ئیسـلام بـەم شـێوەیە لـە ئافـرەت دەڕوانـێ و بـەم شـێوەیە ڕێـزی لـێ دەنێـت، پێـش هێنانـی ئەوەنـدە ڕێـزی هەیـە دوای هێنانـی ڕێزەکـەی زیاتـر دەبێـت، وەك بوکـە شوشـەیەك و گوڵێکـی مـاڵ ئەزیەتـی نادرێـت و داوای بـژێ و کرێـی خانـوی لـێ ناکرێـت، پیاوەکـە خـۆی دەکات بـە قوربانـی و ڕۆژوو شـەوی بـۆ لەسـەر یـەك دەنێـت، نانـێ لـە دەرەوە بەبـێ ئـەو پـێ ناخورێـت و هـەر شـتێك بـکات بەبـێ ئـەو بۆی ناکرێت، ئەمە لەکوێ و ئەوە لە کوێ لە ئەوروپاو ئەمەریکا دەکرێ.

# ڕوونکردنەوەیەکی ورد و جوان لەسەر قەزاو قەدەر

ڕوونکردنەوەیەکی ورد و جوان لەسەر قەزاو قەدەر: سوبحانی ئەفەرموێ: ڕووداوەکان پێش ئەوەی ڕوو بدەن،تاکو لەحزەیەک پێش ڕوودانی» غەیبن ، واتە بۆ ڕوودانی هەر کردەوەیەکی باش یان خراپ « دوو ئیحتیمال هەیە ، ٪٥٠ ئەگەری هەیە ئەو کارە بکەیت، ٪٥٠ ش ئیحتیمالە نەیکەیت، دەی ئێستا تۆ مادام نازانیت کامەیان قەدەری خوایە چونکە داهاتوو غەیبە، تەکلیفت لەسەرە کە بڕیار بدەیت باشەکەیان هەڵبژێریت، خوای گەورەش لەسەر ئەو بڕیارو نیەتە یەکلایی بووەوەی تۆ پاداشت و سزا دیاری دەکات، نەک لەسەر ئەنجامی کۆتایی کارەکە...

کاتێ مرۆڤ کارێک ئەکات "خوای گەورە محاسەبەی ناکات لەسەر ئەنجامی ڕووداوەکە ، بەڵکو لەسەر نیەتی دڵ و ئەو بڕیارەی کە داویەتی " محاسەبەی ئەکات ، کە پێی ئەوترێ(عزم) واتە بڕیاری کۆتایی لە ناخی مرۆڤەکەدا،

بۆ نموونە:

کاتێ کەسێ نەخۆشەو دکتۆر وتوویەتی بە گۆشتی کەو چاک ئەبێتەوە، کەسێکیش ئەچێت بۆ ئەوەی کەوێک بکوژێ و ئەو کەسە لە مردن ڕزگار بکات، بەڵام تفەنگەکەی سەر ئەکات و ئەیدا لە کەسێک و ئەیکوژێ، ،( ئەگەرچی ئەم بکوژە لە دنیادا خوێنی لەسەرە، چونکە یاساکانی دنیا بە زاهیری کردەوەکانەوە بەندە)بەڵام لە قیامەتدا نەک هەر قەتلی لەسەر نەنوسراوە، بەڵکو خێرێکی بۆ نوسراوە، کە هەوڵی چاکبوونەوەی نەخۆشێکی داوە ، دەی خۆ ئینسانێکیشی کوشتووە.

یان بە پێچەوانەوە ، کەسێک فیشەکێک ئەنێ بە کەسێکی بێ تاوانەوە تاکو بیکوژێ "؛ بەڵام قەدەری خوا وانیەو کابرا بەرناکەوێ،جا

یـان ئـەم دەسـتی ئەجوڵـێ، یـان ئـەو کەسـە سـەردائەنەوێنێ،واتە شـتێک ڕێـی لـێ دەگـرێ کـە لـە ئیختیـاری ئەمـدا نیـە ، (ئـەم کەسـە لـە دنیـادا خوێنـی لەسـەر نیە،چونکـە کوشـتن ڕوی نـەداوە) بـەڵام قیامەتـدا بـە قاتـل حسـابە و کوشـتنی کەسـێکی لەئەسـتۆیە، چونکـە عەزمـی کردبـوو و بڕیـاری کۆتایـی دابـوو بـۆ ئـەو تاوانـە.

واتـە خـوای گـەورە محاسـەبەت نـاکات کـە بۆچـی ئـەم کەسـە لـەو کاتـەدا گیانـی دەرچـوو، یەعنـی لەسـەر ئەنجامەکـە، بەڵکـو لەسـەر نیـەت و عـەزم و بڕیاردانەکـەی تـۆ ، محاسـەبە ئـەکات، کـە بەدەسـت تـۆی.

وەک ئـەو حەدیسـەی کـە ئەفەرموێ: ئەگەر دوو موسڵمان شمشـێریان کێشـا بـۆ یـەک، بکـوژو کـوژراو لـە جەهەننەمـدان ، وتیـان : ئـەوە بکـوژ دیـارە بـۆ، بـەڵام کـوژراو بۆچـی؟ ئەفەرموێ:چونکـە ئەویـش سـوور بـوو لەسـەر کوشـتنی ئـەم ، عەزمـی کردبـوو بـۆ کوشـتنی، بـەڵام ئـەم دەسـتی خـۆی پێشخسـت}

إذا التقـى المسـلمان بسـيفِهما فالقاتـلُ والمقتـولُ في النـارِ . فقلـتُ: يا رسـولَ اللـهِ هـذا القاتـلُ ، فـما بـالُ المقتـولِ ؟ قال: إنـه كان حريصًـا على قتـلِ صاحبِه. رواه البخاري و مسلم .

کەواتـە باکـەس قـەزاو قـەدەر نەکاتـە پاسـاوی تاوانەکانـی، چونکـە خوا لەسـەر شـتێک لێپرسـینەوەت لەگـەڵ نـاکات کـە بڕیـارو ئیـرادەی خۆتـی تێـدا نیە...

سەرچاوە: کتێبی خواناسی

## ڕێزو وەفاداری بۆ مامۆستا

گەرچی لە دونیای تەکنەلۆژیای سەردەمدا ڕۆڵی مامۆستا بەهۆی کەرەستە زۆرەکانی ئەو فەزا گەورەوە تا رادەیەك کەم بووەتەوە بەڵام ئەو زانستەی کە لە مامۆستا وەردەگیرێت کۆڵەکەی زانستی دروست و یارمەتی دەری ئەو فەزا فراوانەشە.

هەموو ئەو زانستانەی کە بە ئاسانیش دەست دەکەون بەرهەمی مامۆستاکانن و لە خۆڕا نەهاتوونەتە بوون.

هەربۆیە لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهاندا ئەو بڕوانامانەی کە بە شێوەی خوێندنی سەربەخۆ (ئۆنلاین) وە یان (دراسة عن بعد) دەخوێنرێت کەمتر دەنرخێنرێت و هەتا لە هەندێك وڵاتیش ئەو بڕوانامانە دانی پێدا نانرێت! هۆکاری ئەو جیاوازیە ئەوەیە کە مامۆستا ڕۆڵی راستەقینەی لە فێرکاری قوتابیەکاندا نەبینیوە، جگە لەوەی کاتێك قوتابی لە پۆل، هۆڵ وە یان حوجرە لەگەڵ مامۆستادا دەبێت گشت ئەندامەکانی بەژداری فێربوون دەبن جگە لە ئەدەب و شێوازی وانە وتنەوەی مامۆستا کە زۆرجار لە کتێبەکاندا دەست قوتابی ناکەون.

هۆکاری ئەوەیە زۆرکەس وەك زانست زۆری لە کتێبەوە وەرگرتووەو کەمتر تواناو ڕۆڵی پێگەیاندنی هەیە، چونکە بێبەش بووە لە بینین و شێوازو مامەڵەی مامۆستا، گەر خوێندنی وانەیەك لایەنی کرداریشی نەوێت وەك موختەبەرات و ئامێرە ئەلیکترۆنیە فێرکاریەکان ئەوا هەر شیکردنەوەی مامۆستا لەبەرچاوی قوتابی بۆ خۆی بەکرداری کردنی مادەکەیە، بەبڕواو ئەزموونی ئێمە کەمترن ئەو قوتابیانەی بەبێ مامۆستا فێربن و بتوانن ببن بە فێرکار، ئەم بابەتە دەکرێت وەك دەستپێکێکی ڕێزو وەفاداری قوتابی

بۆ مامۆستاکەی سەیر بکرێت و لێرەدا دەرفەتی وردەکاری ئەو هۆکارانە نی یە کە زۆرجار قوتابی بەبێ مامۆستا ناتوانن دەستیان بکەوێت و وە زۆرجار بەهەڵەش بەسەر دەقەکاندا دەڕۆن، زۆرینەی زانستەکان جگە لە لایەنی زانستی کۆمەڵێك بنەمای پێداویستی زانستیش قوتابی لە مامۆستا فێر دەبێت وەك ڕەوشت و هونەری مامەڵەکردن و هاوکاری کردنی یەکتر کە زۆرجار خودی زانستەکە خاڵیە لەو زانستانە.

هۆکاری ئەوەیە لە زۆرینەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا مامۆستا پێشەنگی گشتیە، چونکە لە کارمەندێکی ئاساییەوە بیگرە تا سەرکردەکان لە بەردەستی مامۆستادا بوون و ڕۆژێك هەبووە ئەو گەورەو پێشەنگیان بووە، یەکەمجار کە مشتومڕی ئەوە کرا کە کێ دەستنیشان بکەن بۆ ئەوەی بچێتە سەر مانگ مامۆستایان هەڵبژارد، گەر کاری مامۆستایش بەراورد بکریت بە پیشەکانی ترەوە بە قورسترین کار ئەژمار دەکرێت، چونکە پەیوەندی مامۆستا بە قوتابیەوە پەیوەندیەکی ڕۆحی و ژیریە کە جەستە تەمسیلی دەکات، بۆیەشە دەبینین مەرجەکانی بوون بە مامۆستا لە وڵاتانی پێشکەوتوودا جگە لە لایەنی زانستی و بڕوانامەکان مێژووی مامۆستاو ئەدەب و ئەستۆپاکی جنسی و شەڕەنگێزی لە مەرجەکانی بوون بە مامۆستایە، یانی گەر مامۆستا کێشەیەکی جنسی هەبوو بێت گەر خاوەنی چەندین دکتۆراش بێت بۆی نی یە وانە بڵێتەوە، وەیان لە مێژوویدا کارێکی شەڕەنگێزی و ڕەگەزپەرستی و زۆر شتی تر کە هەن ئاستی زانستیەکەی بێ بەها دەکات و وەك کەسێکی خاوەن بێ بڕوانامە سەیر دەکرێت، چونکە بڕوانامەی ئەخلاقی مامۆستا لەسەروی بڕوانامە زانستیەکەوەیە.

گەر ئێمە بە وردی سەیری ئەو هەمووە هەوڵ و تێکۆشان و پاراستنی

کەسایەتی مامۆستا بکەین دەگەین بەو بڕوایەی کە نابێت وەفاو ڕێزی ئێمە بە تەواوکردنی خوێندنمان لەگەڵ مامۆستادا کۆتایی پێ بێت.
پیشەی مامۆستایی ئەوەندە گرانە دەبێت قوتابی یارمەتی دەری مامۆستا بێت بە ڕێزو وەفاداریەتی بۆی بۆ ئەوەی مامۆستایەکی سەرکەوتوو بێت.
لە هەرکۆمەڵگەیەکدا ڕێزو وەفاداریەتی بۆ مامۆستا کەم بێت ئەوا لەو وڵاتەدا ئاستی زانستیش لاواز دەکات، هۆکاری ئەوەیە لە کۆمەڵگە زۆر کراوەکانداو لەبەر لاوازی کەلتورو دینی ئەو کۆمەڵگە یاسا دانراوە بۆ پاراستنی ئەو ڕێزو حورمەتە، واتە ئەوەندە گرنگی هەیە گەر بە خۆ ویستیش نەویسترا ئەوا بە چەسپاندنی یاسا ئەو ڕێزە دەبێت بەرقەرار بێت.
ڕێزو وەفاداریەتی بۆ مامۆستا دەبێت تاکی قوتابی تێپەڕێنێت و لە ئاستی بەرزی وڵاتیشدا بەرز بنرخێنرێت، وەك دەرفەتی تەواو بە وانەکانی، بەرجەستەکردنی سەرچاوەی زۆر، پێدانی ئەو مادانەی کە تایبەتمەندی مامۆستایە، نەدانی ئەو پیشە بە کەسانی پسپۆڕە جیاوازەکانی تر، هەربۆیە کاتێك دەستێك بیەوێت کۆمەڵگە تێك بدات لەم خاڵانەوە دەست پێدەکات!
گەورەترین ڕێزو وەفاداری بۆ مامۆستاش گرنگیدانە بەو زانستەی کە بە قوتابی دەڵێتەوە.

# خوێندن لە دوورەوە وەیان لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت

بۆ ئەو کاسانەی کە خولیای خوێندنن و وە ڕێگرهەبووە وەیان هەیە لەبەردەمیاندا. ئاشکرایە هۆی پێشکەوتنی وڵات، هۆشیاری کۆمەڵگە، چارەسەری گرفتەکان، وە زۆرێکی تر لە ڕێگەی خوێندنەوەیە. دەتوانین بڵێین خوێندن کلیلێکە بۆ کردنەوەی دەرگاکان، هەر لەبەر ئەمەشە گرنگیەکی زۆری پێ دراوەو لە ئاینی ئیسلامدا ئاشکرای هەموو لایەکە، یەکەم ئایەتی قورئانی پیرۆز کە دابەزی بە (بخوێنە) دەستی پێ کرد وەك دەفەرمووی (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ) سورەتی علق ١ بەڵام بەداخەوە ئەوەندەی کەسانی نا مسوڵمان سودیان لەوە وەرگرتووە بەشیوەیەکی گشی، ئێمە ئەوەندە سودمەند نەبووین لێی. ئەگەر سەیری ڕێژەی نەخوێندەوار بکەین لە وڵاتانی ئیسلامی بە بەراورد لە گەڵ وڵاتانی تردا زۆر زۆرە، نامانەوێت باس لە گرفتەکان بکەین دەکرێت وازی لێبهێنین بۆ بابەتێکی تر. ئەوەی مەبەستە لەم نوسینەدا وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد خوێندن لە دوورەوە وەیان لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێتە، زۆرن ئەو کەسانەی کە حەزیان لە خوێندنە بەڵام بەهۆی کۆمەڵە مەرجێك بۆ خوێندن! وەیان کۆمەڵێ گرفتەوە ناتوانن ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدەن، بەڵام خوێندنی لە دوورەوە وەیان لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت مەجالێکی فراوانترو وە ئاسانکاریەکی زۆر دەخاتە بەردەم قوتابیان بۆ بەهێز کردنیان لەو بارەوە. هەتا بۆ وەرگرتنی بڕوانامەش هەتا پلەکانی زانکۆ و وە بەرەو سەروتریش، زۆرن ئەو زانکۆو مونەزەمانەی کە ئەم جۆرە خوێندنەیان لێوە دەکرێت. بە ئاسانی لە ئەنتەرنێتەوە دەتوانرێت

بدۆزرێنـەوە. نمونـەی ئـەم جـۆرە خوێندنانـە نـاسراوە بـە
} Distance Learning{
ئەوانـەی کـە لـە خوێنـدن دواکەوتـوون وەیـان گرفتێـك لـە گرفتەکانیـان هەیـە یـان هەبـووە دەتوانـن لـەم ڕێگـەوە تەعویـزی بکەنـەوەو، وە بگـەن بـەو ئـاوات و مەرامەکانیـان.

## جیاوازی توێژینەوەی زانکۆکانی ئەوروپا و کوردستان

ئێمـە گـەر سـەرنج لەسـەر توێژینـەوەو بنەماکانـی توێژینـەوە بدەیـن ئـەوا دەبێـت جیـاوازی توێژینـەوە نەبێـت نـەك لـە کوردسـتان و ئەوروپـا بەڵکـو لـە هیـچ وڵاتێـك، چونکـە ئـەو بنەمایانـەی کـە توێژینـەوەی لەسـەر بونیـاد دەنرێـت بـە زمانـە جیـاوازەکان هەمـووی بەردەسـتن و زانکۆکانـی جیهانیـش پشـتیان پـێ دەبەسـتن، ئـەوەی وەك بنەمـای زانسـتی و گـەر لـە ڕوکەشـدا بەجیـاواز دەبینرێـت تەنهـا ڕووکەشـیەو لـە ناوەرۆکـدا جیـاوازی لـە تیـۆری توێژینـەوەدا شـتێکی ئەوتـۆ نـی یـە، گشـت توێژەرانـی بـواری توێژینـەوە کۆکـن لەسـەر ئـەوەی کاتێـك توێژینەوەیـەك دەکرێـت دەبێـت کێشـەیەك یان بابەتێـك هەبێـت بـۆ توێژینـەوە لەسـەرکردن و دواتـر ئەنجامـی توێژینەوەکـە دیـار بێـت، گـەر وەك زانسـتی بیـرکاری لێکـی بدەینـەوە کێشـەکە ئەنجامێـك بـدات بـە دەسـتەوە، هەرچەنـد زۆرجـار توێـژەر ناتوانێـت ئەنجامیـش بـدات بـە دەسـتەوە بـەڵام بەلانـی کەمـەوە دەبێـت لای خوێنـەر قەیرانـەکان بخاتـە ڕوو، هـەروەك چـۆن گرنگـی هەیـە ئـەو سـەرچاوانەی کـە پشـتی پـێ دەبەسترێت

بە ڕوونی لە توێژینەوەدا دیار بێت کە کام بڕگەی بۆ کێ و وە کام بیرۆکەی بۆ کێ دەگەڕێتەوە.
ئەوەی لە زانکۆکانی کوردستان دەبینرێت زیاتر پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە کە بۆی دیارکراوە وەك ڕێژەی نووسین گەرنا چ وەك بنەما تیۆریەکان و چ وەك ڕوونی دەق و بیرۆکەکان زۆجار لادانی بەرچاوی پێوە دیارە، ئەویش زیاتر بۆ لاوازی ئەو سستمە دەگەڕێتەوە کە زانکۆکان کاری پێ ناکەن، بۆ نموونە لە بەریتانیا بۆ زانکۆکان لە ٩٨٪ دەکەن، کە لە ڕێگەی ئەو بەرنامەوە توێژینەوەکەی Turnitin کار بە سستمی تێرنتئن ی تێدا دیار دەکرێت، واتە گەر قوتابی یان توێژەر بەشێوەیەکی Plagia-rism ڕێژەی
نەرێنی سودی لە زانیاری وەرگرتبێت ئەو بەرنامەیە دیار دەکات و توێژینەوەکە وەرگیراو نابێت، لە کوردستاندا جگە لەوەی ئەو بەرنامە یان بەرنامە هاوشێوەکانی کاری پێناکرێت هەتا زۆرجار توێژنەوەکان لە ڕووی تیۆریشەوە پێچەوانەی بنەما زانستیەکان توێژینەوە دەکرێت، بۆ نموونە سەیری توێژینەوەیەك دەکەیت توێژەرە دەکەین چەندین لاپەڕە دەخوێنیتەوە دیار نی یە ئەم دەق و بیرۆکانە هی خودی نوسەرە یان لە سەرچاوەیەکەوە وەرگیراوە، زۆرجار لە سەرچاوەکاندا توێژەر دەیان ناوی کتێب ڕیز دەکات بەڵام لەناو توێژینەوەکەدا هیچ ئاماژەیەکیان بۆی تێدا نی یە، کە ئەمە پێچەوانەی توێژینەوەی زانستیەو خوێنەر چۆن بزانێت کام لە بڕگەکانی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆئەو سەرچاوانەی کە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێکراوە.
هۆکاری نەبوونی بنەمایەکی دروست و زۆر کاری تر وای کردووە ئاستی توێژینەوەی زانکۆکانی کوردستان زۆر بە لاواز ببینرێت، هەربۆیەش


گەندەڵی لەم بوارەدا زۆرجار دۆزراوەتەوە بەشێوەیەك كاكی بەناو توێژەر توێژینەوەی زانكۆیەك یان كەسێكی تری بەناوی خۆیەوە كردووە، لە زانكۆكانی ئەوروپا كاتێك قوتابی توێژینەوەیەك پێشكەش دەكات دەبێت بە شێوەی كۆپی و هەم ئەلترۆنی پێشكەشی بكات بۆ ئەوەی ئەو توێژینەوە بچێتە ناو سستمی ئەلكترۆنیەوە تا لە ئایندەدا كەسێكی تر نەتوانێت بۆ خۆی بەكاری بهێنێت، بەڵام لە كوردستاندا ئەو كاری پێناكرێت و زۆرێك لە توێژینەوەكان دوای چەند ساڵ لە مەخزەنەكاندا تۆزی لێ دەنیشێت و ون دەبێت، جگە لەوەی زمانی كوردی خۆشی بۆ خۆی لەم بوارەدا كێشەیەكی ترە كە تا ئێستە ئەم زمانە نەتوانراوە بخرێتە ناو سستمی ئۆفیس و ئەلترۆنیاتی جیهانیەوە ئەمەش دیسان كاریگەری نەرێنی لەسەر زانستی توێژینەوەكان دەبێت و دەرگای نەرێنی دەكاتەوە.

لەگەڵ نەبوونی ئەو سستمەدا سەرپەرشتیارانی توێژینەوە ئەوەندە چاوكراوە نین خۆیان بتوانن لە ڕێگەی گەڕان لەو ماڵپەڕانەی كە بواری گەڕان تێیدا فراوانە بەدواداچوونی وردی بۆ بكەن، لە زانكۆكانی ئەوروپا كاتێك قوتابی توێژینەوە پێشكەش دەكات دەبێت واژۆی بكات ئەو توێژینەوە لە جێگەیەكی تر پێشكەش نەكرابێت و بە پێچەوانەوە جگە لەوەی فەسڵ دەكرێت لێپێچینەوەی یاسایشی لەسەر دەكرێت و لە ڕووی یاساییەوە بە دز دەژمێردرێت.


# چۆنێتی دانانی ووشەی نهێنی بۆ نوسینەکانمان

زۆر جار وا پێویست دەکات ئەو نوسینانەی کە لە (ۆردەوە) دەینوسین حەز نەکەین کەسانی تر بیبینن. بۆ کردنی ئەم کارە پێویستیمان بەم ڕێگانە دەبێت.


دوای ئەوەی نوسینەکەمان تەواو کردوو وە خەزنمان کرد دەتوانین جارێکی تر بیکەینەوە بە مەبەستی دانانی ووشەی نهێنی. یەکەم کار کە دەیکەین کرتە لەسەر فایل دەکەین لەسەرەوە وەکو لە وێنەکەدا دیارە تا ئەو لیستەمان بۆ دەردەکەوێت.




پاشان prepare هەڵ دەبژێرین بە هەڵبراردنی پەنجەرەیەکی ترمان بۆ دەکرێتەوە





وە لە پاشان لە لیستی بەرانبەردا وەك لە وێنەکەی سەرەوەدا دیارە (Encrypt Document ) هەڵدەبژێرین بە هەڵبژاردنی ئەم پەنجەرەیەمان بۆ دەکرێتەوە



لەو بۆشایەی کە لە وێنەکەدا دیارە ووشە نهێنیەکەمان دەنوسین، وە کرتە دەکەینە سەر  Okجارێکی تر هەمان بۆشایمان نیشان دەداتەوە بەکردنی ئەمانە کارەکەمان سەرکەوتوو بوو، بۆئەوەی جارێکی تر هەمان فایل بکەینەوە پێویستمان بە ووشە نهێنیەکە دەبێت هەر بە کردنەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم پەنجەرەیە دەکرێتەوە بە نوسینی ووشە نهێنەکەمان وە کرتە کردنەسەر ok نوسینەکەمان نیشان دەدات




دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە کە ئۆفیسی ٢٠٠٧ بەکار دێنن

## دزی و ڕۆژمانەنووسی

پێش هەموو شتێك دەستخۆشی لە هەموو نووسەران دەکەم ئەو نووسەرانەی کە ڕەوشتی بەرزیان پاراستووەو، وە لە ڕێگەی نووسینەکانیانەوە توانیویانە خزمەتێك بکەن، وە پێمان خۆش بوو چەند سەرنجێکی کورت بنوسین بۆ هەموو نووسەران بە ئومێدی زیاتر بەرەوپێش چوون. ئەوەی لە زۆرێك لە نوسینە کوردیەکاندا بەدی دەکرێت دزی یە ! بەڵام لەوانەیە نووسەر خۆی بۆخۆی نەزانێ دزی کردووە...خۆ ئەگەر بزانێ بێگومان تاوانەکەی زۆر گەورە ترە هەرچەند لە نەزانینیش بیانوو نی یە بۆ ئەو کارە. لەبیرمە یەکەم ساڵی زانکۆم بوو لە بەریتانیا داوای بەحسێکمان لێکرا وە ماوەکەشی زۆر کەم بوو هەندێك لە قوتابیەکان ڕۆشتن لە ئەنتەرنێتەوە شتیان وەرگرتوو کردیان بەهی خۆیان و پێشکەشی زانکۆکەیان کرد دوای ماوەیەك کە وەڵامەکە هاتەوە، بۆ هەر قوتابیەك نامەیەکی تایبەتی بۆ هاتبوو وەك ئاگادار کردنەوەیەك وە ناوی یەك بەیەکی ئەو سایتانەیان نوسی بوو کە دزی لێوە کراوە! وە بەر پرسی قوتابیەکان ووتەیەکی پێشکەش کرد تا ئێستەش وەك زەنگێك لە گوێمدا دەزرنگێتەوە هەرکات باسی نوسین دەبیستم.

ئەویش ئەوە بوو ووتی: لە ئیسلامدا هەرکەس دزی بکات دەستی دەبڕێت بەڵام بە ڕای من ئەوەی لە نوسیندا دزی بکات حەقە ملی ببڕدرێت... بەڕاستی کارێکی زۆر نەشیاو خەتەرناکە وە لە وولاتاندا یاسایی خۆی هەیە بۆ نمونە لە بەریتانیا ئەگەر قوتابیەك ئەو کارە بکات جاری یەکەم ئاگاداری دەکەنەوەو وە هیچ نمرەشی پێنادەن وەئەگەر

جـاری دووهــەم دووبـارە بـووەوە لـە قوتابخانەکـە دەری دەکـەن و ناویشـی دەخەنـە لیسـتی ڕەشـەوە. وەك کەسـێك تاوانێکـی گـەورەی کردبێـت مامەڵـەی لەگـەڵ دەکـرێ. بـەڵام لای ئێمـە کـێ هەیـە بـەدوای ئـەو جـۆرە شـتانەدا بگـەڕێ بۆیـە دەبینیـن بـێ سـەرو بەریـەك هەیـە. بـەڵام نووسـەر خـۆی بۆخـۆی دەبێـت ڕێگـە نـەدا بەخـۆی ئـەو جـۆرە کارانـە بـکات. بـۆ قسـە کـردن لەسـەر نووسـین زۆر زیاتـر لـەوەی دەوێـت لەبابەتێکـدا بوترێـت کـە چەندەهـا کتێبـی لەسـەر نـوسراوە. وە لەبابەتێکمـدا ئامـاژەم پـێ کـردوون بەنـاوی ( نامەیـەك بـۆ نووسـەران) بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی دەبیـت ئـەم خاڵانـە ڕەچـاو بکرێـت:

١-ئامـاژە کـردن بەسـەرچاوەکان بـە تـەواوی بـۆ نمونـە سـەرچاوەکە، کتێبـە، سـایتە، هـەر چشـتێکە.

٢-ئەگـەر دەقێـك هێـنراو بـوو لـە شـوێنێکەوە دەبێـت بخرێتـە کەوانـەوە لەگـەڵ ئامـاژە پێکردنیانـدا.

٣-ئەگـەر فکرەیـەك هێنرابـوو بـەڵام بـە ووشـەی نووسـەرەکە نوسرابـوو دەبێـت بەشـی کۆتایـی کەوانـەی بـۆ بکرێـت و ئامـاژەی پـێ بکرێـت.

٤-ئەگـەر سـەرچاوەیەك لـە باسـەکەدا ئامـاژەی پـێ نەکرابـوو بەهیـچ شـێوەیەك نابێـت لـە کۆتایـی باسـەکەدا بنوسرێـت وەك لـە زۆر نوسـیندا دەبیـنرێ کۆمەڵێـك سـەرچاوە نـوسراوە لەکاتێکـدا خوێنـەر نازانێـت ئـەم سـەرچاوەیە چ پارچەیـەك لـە نوسـینەکە بـۆ ئـەو سـەرچاوە دەگەڕێتـەوە!.

٥-ئیـزن وەرگرتـن لـە کاری وەرگێڕانـدا بەتایبـەت ئەوانـەی کـە سانسـۆریان لەسـەر دانـراوە، وە تێکـەڵ نەکردنـی لەگـەڵ قسـەی خۆتـدا، دەبێـت بەشـێوەیەکی وابێـت خوێنـەر بتوانێـت جیـاوازی بـکات لـە نێـوان نوسـینی یەکـەم و نوسـینی وەرگێـڕدا بـۆ نمونـە ووتەکانـی خـۆی بخاتـە کەوانـەوە یـان

لـه حاشـیەکەدا بیـان نوسـێت.
جـا ئـەوەی کـە باسـمان کـرد لـە نوسـیندایە خـۆ ئەگـەر تـەواوی نوسـیەنەکە یـان هەواڵەکـە بێـت بێگومـان تاوانەکـەی زۆر گەورەتـرە ... وە ناشـزانم چ ڕێگـرە لـەوەی کـە هەواڵێـك وەرگریـت و ئامـاژەی پێنەکەیـت. وە زۆر ناشـیاوە کـە مـرۆڤ لەسـەر بەرانبـەر خـۆی دروسـت بـکات.

## کات پێشکەوتنە

هەمـوو مرۆڤێـك بریتیـە لـە کۆمەڵـە کاتژمێرێـك، کاتژمێـرەکان لـە یەکـەم سـاتی لـە دایـك بوونیـەوە دەسـتپێدەکات و بـەرەوە کۆتـای دەچێـت، وەك وتراویشـە مـرۆڤ چاوەڕوانـی کات دەکات، بـەڵام کات چاوەڕوانـی هیـچ نـاکات، ئـەو ئیشـی ئەوەیـە نەوەسـتێت، هەتـا گـەر کاتژمێرێکـی دونیایـش بێـت هـەر کـە باتریەکـەی سـوتا دەسـتبەجێ دەبێـت بیگۆڕیـن! گـەر دواکەوتیـن لـە گۆڕینـی هـەرکات کـە گۆڕیـمان دەبێـت ئـەو چەنـد کاتژمێـرەی کـە دواکەوتووە بـە دەسـتی خۆمـان پێشـی بخەینـەوە، کاتژمێرێـك ئیـش نـەکات وەك مرۆڤێك وایـە مۆمیـا کرابێـت، هەمـوو پێشـکەوتن و دواکەوتـن و دەسـتمایە دونیـای و هەتـا دواڕۆژیەکانیـش تەنهـا سـود وەرگرتنـە لـەو کۆمەڵـە کاتژمێـرە، کات ئەوەنـدە بـێ بەهایـە لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا خەڵکـی قێزەونتریـن وشـەی بـۆ بـەکار دێنێـت کـە کوشـتنە! هاوڕێیەکـی خۆشەویسـتت تەلەفۆنـت بـۆ دەکات دەڵـێ: بـا بڕۆینـە دەرەوە کات بکوژیـن، زۆرجـار پرسـیار لـە کەسـێك دەکەیـت چ دەکەیـت؟ دەڵـێ: واللـە هـەر کات دەکـوژم!، لـە زانکۆیـە زۆربـەی کاتەکانـی لـە دەرەوەو بـە نمایشـی جەسـتەی دەکوژێـت!، چ میللەتێکـی قاتڵیـن ئێمـە، سـەیری شارسـتانیەتی دونیـاو ئەوکەسـانە بکـەن کـە پێشـەنگی مرۆڤایەتیـن

هەمووی سود وەرگرتن بووە لە کاتەکانیان.
جیاوازی شارستانی و زانستی وڵاتانی پێشکەوتو لەگەڵ وڵاتانی تر تەنها کاتە، کەسێك خاوەنی بڕوانامەیەکی باڵاو زانستێکی بەهێزە لەگەڵ کەسێکی تری پێچەوانەدا تەنها کاتە، کەسێك بەهەشت بەدەست دێنێت و کەسێکی تر کە لە ئاگردا دەسوتێت لە دوارۆژدا تەنها کاتە، تەنها کاتە ڕاستی و پاکی و پێچەوانەکەی لەیەکتر جیا دەکاتەوە.
لە قورئاندا سوێندنی پێخوراوە (وَالْعَصْرِ).
لە فەرموودەدا جێگەی بۆ دیاری کراوە لە ناڕەحەتترین کاتی قیامەتدا کە وەستانە حەوت کۆمەڵن هەموویان سودیان لە کاتەکانیان وەرگرتووە (سَبْعَةٌ يُظلُّهُمُ اللهُ يوم القيامة في ظلِّه يَوْمَ لاَ ظلَّ إلاَّ ظلُّهُ: إمَامٌ عَادِلٌ، وَشَابٌّ نَشَأَ في عِبَادَةِ الله، وَرَجُلٌ قَلْبُهُ مُعَلَّقٌ في الْمَسَاجِدِ، وَرَجُلاَنِ تَحَابَّا في الله اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْه، وَرَجُلٌ دَعَتْهُ امْرَأَةٌ ذَاتُ مَنْصِبٍ وَجَمَالٍ فَقَالَ: إنِّي أَخَافُ اللهَ، وَرَجُلٌ تَصَدَّقَ بصَدَقَةٍ فَأَخْفَاهَا حَتَّى لاَ تَعْلَمَ شِمَالُهُ مَا تُنْفِقُ يَمِينُهُ، وَرَجُلٌ ذَكَرَ اللهَ خَالِيًا فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ)(رواه البخاري ومسلم وغيرهما).
لە ڕۆژی هەینیدا کاتێکی تێدایە دوعا ڕەد ناکرێتەوە تێیدا (ساعة لا يوافقها عبد مسلم يصلي فيسأل الله فيها شيئا إلا أعطاه إياه).
شەوانی قەدر خەیری لە هەزار مانگ زیاترە (لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ).
کات وەك شمشێر وایە کە نەیبڕیت دەتبڕێت وەك ئیمامی عەلی دەفەرموێت(الوقت كالسيف إن لم تقطعه قطعك).
هەربۆیە زۆرگرنگە کات وەك خۆی تێی بڕوانین و مافی تەواوی خۆی پێبدەین بۆ ئەوەی مرۆڤێکی سودبەخش بین لە دونیاو بەرزترین پلەی

بەهەشتیش بەدەست بێنن کە هەمووی بە کات دەکرێت.
لە ئیسلامدا ئەم کاتە بە بەرنامە دارێژراوە، سود لە شەو وەرگرە بۆ حەسانەوە، هەر لە یەکەم ساتی ڕۆژبوونەوەدا بە دوو ڕکات نوێژ سوپاسی خوای لەسەر بکەو دەست بە چالاکی بکە، ڕۆژەکەت بە هەوڵ و بژێوی و کارکردن ڕەنگین بکەن، هەموو چرکەکان وەك خۆی سەیرکە، سود لە کاتەکانی خوێندن وەرگرە، کۆڕوکۆبونەوەکان یادی اللە بەبیری خەڵکی بهێنەرەوە، کاتە بۆشایەکانت بە بۆشای مەهڵەرەوەو بخوێنەرەوە، لە جێگەیەك زانست هەیە هەنگاوی بۆ بنێ، سود لە توانا ئەقڵی و جەستەییەکانت وەرگرەو بە کات بەرەو پێشی بەرە، نەخۆشێك هەیە سەردانی بکەن، کەسێك دەمرێت شوێنی جەنازەکەی بکەوە، بە تێپەڕبوونی ئەو کۆمەڵە کاتژمێرەی کە بۆت دیاری کراوە، لە کۆتایدا دەبینین گەورەترین سەرمایەت بەهۆیەوە بەدەستهێناوە.

## بۆشای کردنەوە بۆ نەیاران

هەموو دەرونێکی پاك حەزی بۆلای ئەوە دەچێت پەیوەندیەکان ئاسایی بن و هەموولا ئاسودەبن، ئەگەر دەرونەکان پاڵنەرێکی بەهێزیشی نەبێت هەر بە سروشتی خۆی حەز بە خۆشی دەکات، مەگەر دەرونەکە نەخۆش بوو بێت و ئەوساش بە سروشتی دانانرێت و دەبێت بەدوای چارەسەردا بگەڕێت، خۆ ئەگەر خاوەنەکەی هەڵگری ئیسلام بوو ئەوا بە ئاشکراو زۆر بە ڕوونی و بە ووردی ئیسلام چارەسەری بۆ داناوە کە چۆن خۆی چارەسەر بکات و بەردەوام ببێتەوە لەسەر سروشتە پاکەکەی خۆی، بەڵام هەندێك جار گەرد تێکەڵ بەو سروشتە پاکە

دەبێـت، جـا ئەگـەر کەسـەکەش زوو بـەدوای چارەسـەرەکەیدا نـەڕوات ئـەوا نەخۆشـیەکە ووردە ووردە کاری خـۆی دەکات، ئەگەرچـی لەسـەرەتاوە بـە ئاسـانی و بـە حەبێکـی پاراسـتۆڵ چارەسـەر دەکـرا، بـەڵام دواتـر پێویسـت بـەوە دەکات سـەردانی دکتـۆری تایبەتـی بـۆ بکەیـت و ئەزیەتێکـی زیاتـری بـۆ بکێشـی، تـا ئێـرەش هـەر زووە بـەڵام گـەر سروشـتەکە نـا سروشـت بـوو بـوو هـەر کارەکانـی لـە جێگـەی خۆیـدا نەدەکـرد ئەوسـا دەبێـت بـۆ ماوەیـەك لـە نەخۆشـخانە بمێنێتـەوەو دوای گەڕانەوەشـی خـۆی لـە هەندێـك ئـەو خواردنانـەی کـە بەلایـەوە خـۆش بـووە بگرێتـەوە، بـۆ ئـەوەی تەندروسـتی بـۆ ئاسـایی بگەڕێتـەوە، خـۆ ئەگـەر ئەوەشـی پشـگوێ خسـت ئەوسـا دەبێـت چاوەڕوانـی مـەرگ بـکات و لۆمـەی کەسـیش نـەکات جگـە لـە هەڵـەو کەمتەرخەمـی خۆیـان نەبێـت، لـە نێـوان هەریـەك لـەو نەخۆشـیانەدا ماوەیـەك هەیـەو کەسـانێك بـە چـاك و خـراپ لۆمـەی پـێ دەکـەن، بـەڵام ئەگـەر نەخۆشـەکە بـەدوای چارەسـەرەکە بـڕوات ئەوسـا بۆشـای بـۆ کـەس نامێنێتـەوە قسـەی لەسـەر وەیـان بـۆ بـکات، هەربۆیـە گرنگـە مسـوڵمانان نیوانـی خۆیـان بتـەو بکـەن و مسـوڵمانانە ئاسـا بـۆ سروشـتە پاکەکـەی خۆیـان بگەڕێنـەوە، ئەوسـا ئەگـەر نەیارانیشـی بـە نەخۆشـیان بزانـن ئەوسـا خۆمـان دەڵێـن نەخێـر وانـی یـە ئەوەتـا ڕۆژی چەنـد خولەکێـك وەرزش دەکەیـن و نوێژەکانمـان لـە مزگـەوت دەکەیـن و یەکـتر دەلاوێنینـەوەو چالاکـی جـۆراو جـۆر دەکەیـن نەخـۆش کـەی ئـەو هەمـوو کارەی لەدەسـت دێـت، تـۆش قسـەی خـۆت بەبـادا مـەدە خـۆ ئەگـەر هـەر بـەردوام بـوو لەسـەر کارەکـەی ئەوسـا ئێمـە دەڵێیـن تـۆ نەخۆشـیت و چارەسـەری خـۆت بکـە.

# ئائەمەیە سەلیقەو دانایی مسوڵمانێتی!

ڕای جیاواز یان ڕازی نەبوون لەگەڵ زۆر بۆچون لەلایەن یەکتریەوە شتێکی ئاساییەو وەدەبێت بە ئاسایشەوە سەیر بکرێت. زۆر جار لەوانەیە یەکیك بۆچونێکی هەبێت وە بەرانبەرەکەی بۆچونێکی تر وە هەردووکیان خۆیان بەڕاست وەیان باشتر دەزانن، سروشتی مرۆڤەکان وایە ئەم جیاوازیە هەڵدەگرێ، نەك تەنها هەر لەبۆچون و ڕای جیاوازەوە، هەتا لە حەزو ئارەزووشدا وایە، هەموو ئەم شتانە لەزەتێکی تایبەتی داوە بە ژیان، تەسەورکەن هەموو خەڵك یەك حەز وە یەك فکرەیان هەبێت...! ئەوەی کە لێرەدا مەبەستە باس بکرێت ئەوە نیە بەوردی بڕۆینە ناو هەموو ئەو جیاوازیانەوە. بەڵام گرنگە ئەوەمان لەبیر بێت کە سروشتی مرۆڤەکان چۆنە.وەك ئاماژەمان پێکرد بەکورتی. هەر کەسێك خاوەن هەر دین و فکرەیەك بێت ئەو خەسڵەتانەی تیایە، جا دەکرێت ئەو کەسانەش ڕای جیاوازیان هەبێت بۆ زۆرێك لە شتەکان، لێرەدا با باس لە ئیسلام بکەین، مانای ئەم قسانە ئەوە نیە ئیتر هەریەکەو بەئارەزووی خۆی بێت و هەرچی بیەوێت بیکات. زۆر شت هەیە لە دیندا جێگیرە، هەیە بەپێچەوانەوە،هەیە حەرامە، هەیە حەڵاڵە، هەیە بەپێ سەردەم و گۆڕانکاری،هەیە موباحە، هەیە جێهێڵراوە بۆ مرۆڤەکان خۆیان. وە بۆ هەموو ئەوانەو وە زۆرێکی تر زانایان شیتەڵیان کردۆتەوە، قسەیان لەسەر کردووە، هەیە جێگیرەو وە گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، مەگەر بەپێچەوانەیەوە کارێکی وا ڕووبدات کە بەدەربێت لەو مەقسەدەی کە دینی ئیسلام بۆی هاتووە، بۆ نمونە گۆشتی بەراز حەرامە بەڵام ئەگەر ناچار بوویت بەخواردنی دروست

دەبیـت ئەمــەش مانـای وانیــە کـە بــەراز بــاش بێـت. بـەڵام بەنەخواردنـی گیـان دەکەوێتـە خەتـەرەی لەنـاو چونـەوە، چونکـە ئاشـکرایە دینـی ئیسـلام هاتـووە بـۆ پاراسـتی پێنـج شـت.

١-پاراستی دیـن ٢-پاراسـتنی گیـان ٣-پاراسـتنی عەقڵ ٤- پاراسـتنی وەچـە ٥- پاراسـتنی مـاڵ.

کـە زانایـان دێـن و قسـە لەسـەر زۆرێـك مەسـەلە دەکـەن ڕەچـاوی ئـەم پێنـچ خاڵـە دەکـەن، ناکـرێ گـوێ نـەدان بـە ئـەو مەقاسـیدانە. لێـرەدا ئەگـەر بێـت و بـەوردی بڕۆینـە نـاو وردەکاریـەوە، ئەوەنـدە وردەکاری هەیـە لەوانەیـە ئەسـڵی مەسـەلەکەمان لـە بیـر بچێتـەوە، زۆرشـتیش هەیـە بـە خیلافـی ماوەتـەوە. بـەڵام دەبێـت ئەوەمـان لەبیـر بێـت ناکرێـت ئێمـە حـەزو ئـارەزووی خۆمـان وەیـان ڕقـو قینـمان وامـان لـێ بـکات کـە نادادگـەر بیـن هەتـا لەگـەڵ کەسـانی بێدینیشـدا چ جـای مسـوڵمانان. هەمـوو ئـەم شـتانە تەنهـا سـەرزارەکی نیـن هەزارەهـا سـاڵ ئیسـلام لەسـەر حوکـم بـووە، پەنـدو ئامـۆژگاری دەبێـت لێوەربگیـرێ، هـەر لەسـەردەمی پێغەمبـەرەوە درودی خـوای لـێ بێـت هەتـا کۆتایـی دەوڵەتـی عوسـمانی، بەکۆتایـی خەلافەتـی ئیسـلامیش وەنەبێـت مسـوڵمانێتی توابێتـەوە، بەڵکـۆ هەمـان دیـن هـەر پەیـڕەوی دەکرێـت و هەربـەردەوام بـووەو هـەر بـەردەوام دەبێـت. هەمـوو ئـەو حکومەتـە یـەك لـەدوای یەکانـە خاوەنـی سیاسـەت و کیانێکـی خۆیـان بـوون، مایـەی شانازیشـە بـۆ تـەواوی مسـوڵمانان و وە وەك نمونـە دەیـان هێنینەوە.ئەمـڕۆ بەهـۆی پێشـکەوتن و کۆمەڵیـك کەرەسـتەوە کـە دەبووایـە ببوایەتـە مایـەی زیاتـر کارئاسـانی و خزمـەت کـردن، بـەڵام زۆر بەداخـەوە زیاتـر شـڵەژان دەبینیـن، دەبینیـن کۆمەڵێـك بەنـاوی کـەس نازانێـت کێیـەو ئەسـڵی چیـە بـۆ نمونـە باوکـی فـلان یـان ناوێـك کـە

دەکرێت بۆ هەموو کەس بەکار بێت وەك عبدلله،عبدالرحمن...وەیان هەرناوێکی تر. کۆمەڵێك گومان و خراپە بڵاو دەکەنەوە، وە لەهەمان کاتدا خۆشی لە بەرپرسیاریەتی دەردەکات. حەز دەکەم زیاتر ڕوون بێت هەندێك بەناوی جۆراو جۆری ئیسلامیەوە هاتووە، کە پێچەوانەی ئەهلی سونەت و جەماعەت، بەناوی شوێنکەوتووی ئەهلی سونەو جەماعەتەوە. کەچی زۆرێك لەو کارانە بەپێچەوانەی ئەهلی سونەو جەماعەتەوەن، چونکە سونەتی ئەهلی سونەو جەماعەت نەبووە کە پێچەوانە بێت بەم شێوە، هەبووەو وەهەیە زۆرێك ڕا جیاوازی. بەڵام ئەوەی جێی تیا ڕامانە بەگومڕاو سەرلێ شێواوی بەرانبەر لەکاتێکدا کارەکانیان زۆر بەرچاوین و دیارن، بەهۆی ئەو کارانەیانەوە توشی هەزارەها دەردی سەری بوون و دەبن، وەهەزارەها تۆمەت و گومانیان بۆ دروست دەکەن، ئاشکراشە کە ئومەتێك کۆنابنەوە لەسەر گومڕای. چۆن دەکرێ کەسێك بێت و هەمووی ئەوان بە گومڕاو سەرلێشێواو بزانێت، وە خۆی بەچاك. ئەوەی کە جێگەی سەرنجە بەکۆمەڵێك ئایەت و فەرموودە کە دەکرێت هەمان ئایەت و فەرموودە بەدژایەتی خۆیان بەکاربێت، زۆر شت هەیە کە حەز ناکەین بیان وروژێنین، وەك ئەوان دەیان وروژێنن. حەز دەکەین زیاتر هەمەلایەنە بێت، وە خۆمان و هەموو کەسی پێ ئامۆژکاری دەکەین، بەدوور کەوتنەوە لێیان. لێرەدا کۆتایی پێدەهێنین بەوەی لە بەرژەوەندی مسوڵماناندا نیە، دژایەتی مسوڵمانان بەشێوەیکی گشتی. دەکرێت کەسێك ڕقی لەمن بێت وەکو تاکێکی مسوڵمان لەبەر کۆمەڵێك سیفەتی خراپ کە تێمدا بێت بەڵام ناکریت هەموو مسوڵمانان بەگومڕاو سەرلێ شێوا بزانین، ئەی کامەیە حیکمەتی مسوڵمانێتیمان؟ئاوا مسوڵمانان کۆدەبنەوە؟ خۆ ئەگەر توانای

کۆکردنەوەمـان نەبیـت، بـۆ ببینـە مایـەی جیـاوازی و دڵسـارد کردنـەوەی مسـوڵمانان؟ زۆر گرنگـە بـۆ هەمـوو لایەکیـش هەمـوو هەوڵێکـی بخاتـە گـەڕ بـۆ زیاتـر شـارەزایی لـە ئیسـلام تـا ئـەو گومـان و قسـانە کاریـان تێنـەکات، کارەکانمـان لەسـەر زانیـاری ڕاسـت و دروسـت بێـت نـەك گومـان و ڕق و قیـن.

## سەمەرەیەکی تری جیهانی تازەگەری

بەشـێوەیەکی گشـتی لەگـەڵ ئـەو هەمـوو داهێنراوانـەی کـە لـە جیهانـی تازەگـەری ئەمـڕۆدا دەبینرێـت هـەر لـە کەناڵـی ئاسـمانی و ئەنتەرنێتـەوە هەتـا دوایـی... دەبوایـە ئـەم هەمـوو کەرەسـتانە ببوایەنـە هۆکارێکـی زیاتـر لەیەکـتر گەیشـتن و نزیـك بوونـەوە لەیەکـترو یارمەتـی دانـی یەکـتر. بـەڵام زۆر بەداخـەوە ئـەوەی کـە بەشـێوەیەکی گشـتی دەبینرێـت زۆرێـك وەك هەلێکـی دەزانـن بـۆ قوسـتنەوەی مـەرام و ئامانـج و بیروبـاوەڕی خۆیـان بەبـێ گوێـدان و حسـاب کردنـی بەرانبـەر. شـتێکی ئاسـاییە ئەگـەر بـۆ فکـرەو بەرنامەیەکـی تایبـەت ئـەو وەسـیلانە بەکاربهێنرێـت. بـەڵام ئـەوە نائاسـاییە کەلەسـەر حسـابی بەرانبـەر نەبـێ. ئەمـەش نـاوەرۆك و پوچـی و بـێ بەهایـی ئـەو فکـرە دەگەیەنـێ کـە لەسـەر حسـابی بەرانبـەر خـۆی دروسـت بـکات. لەوانەیـە نوسـینەکە زۆر ڕوون نەبـێ، بـۆ ئـەوەی ڕوونـتر بـێ بـەم شـێوە دوبـارەی دەکەمـەوە دەبینیـن بـۆ نمونـە لـە کەناڵێکـەوە ووتـار دەدرێـت یـان لـە سـایتێکەوە بابەتێـك بـڵاو کراوەتـەوە جا چ حکومیـن یـان هـەر ڕێکخراوێکـە، گەمـەو دابەزیـن و گاڵتەجـاڕی بـە موقەدەسـات و

پیرۆزیەکانی ئیسلامەوە دەکرێت. وا دەزانن بەم کارانە خۆیانی پێ جوان دەبێ، ئەوەش بەڕاستی کارێکی زۆر هەڵەیە شتێکی زۆر نەشیاوە بۆ ئەوەی من خۆم بەباشتر نیشان بدەم زەم و لۆمەی بەرانبەرەکەم بکەم. جا دەکرێت هەر ئەوەی کەهەیە لەلایەن هەر لایەن و حکومەتێکەوە هەیە نیشان بدرێت و، بە فکرەو پرۆژەی خۆی خۆی جوان و وەرگیراو بکات لای بەرانبەر. نەك بە دابەزینە سەر بەرانبەر، ئەوەی کە زۆر جێگای تێڕامانە لە پاڵ ئەو هەموو سوکایەتی و کارە ناشیاوانەی کە دەکرێت بەرانبەر ئیسلام و مسوڵمانان. هەق بە مسوڵمانان نادرێت هەر هیچ نەبێت بەرگری لەخۆیان بکەن. ئەوەتە دەبینین و وە زۆریشمان بینی هەر لەسەرئەنجامی ئەو بەرگری کردنەدا دەبینین زۆرێك ڕاپێچی زیندانەکان دەکرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بۆتان نیە تەنانەت بەرگریش لەخۆتان بکەن. وە بەرگری کردن لەخۆ کارێکی سروشتیە (فیطریە) بۆ نمونە ئەگەر یەکێك پەلاماری یەکێك بدات کابرای پەلامار دراو بەبێ بیرکردنەوە بەرگری لەخۆی دەکات، بۆ تاقیکردەوەی ئەم کارە دەتوانین بیری منداڵی خۆمان بکەینەوە کاتێك، کە هەتا هاوڕێیەکی خۆشەویستیشمان ئەگەر زلەیەکی لێدابین ئێمەش هەمان کارمان دوبارە کردووەتەوە، بەشێوەیەکی وا کە کەسمان ڕازی نەبووین زلەیەکی زیاتر لەوی ترمان بدەین. هەر سەرەنجامی قبوڵ نەکردنی ئەوەش بوو کە باوك و زۆر لە خزم کەسوکارمان لەشاخ بەنانە ڕەقەو سەرماو سوڵەو ترس و بیمەو بژین، لەبەر قبوڵ نەکردنی هێرشەکانی بەعس چونکە بەهیچ شێوەیەك بە ڕەوای نەدەبینی بەرانبەرەکەی بڵێ لەل،وەك بەڵگە نەویستە. لە کۆتایدا دەڵێم خۆزگە ئەو هەقەی دەیدەن بەخۆتان دەتاندا بە، بەرانبەریش، بۆ، بۆ ئێوە ڕەوا بێت سوکایەتیمان

پێبکـەن بـەڵام ڕەوا نەبێـت بـۆ ئێمـە بڵێیـن ئـەوە هەڵەیـە یـان سـوکایەتیمان پێمەکەن.ئـەوەی کـە پاڵنـەرم بـوو لـە نوسـینی ئـەم بابەتـە، بابەتەکـەی پێشـوو تـرم بـوو لەسـەر پاپـای ڤاتیـکان، کـە سەرزەنشـتیان کـردم لەسـەر نوسـینی ئـەو بابەتـە لەلایـەن برادەرانمـەوە نـەك لەسـەر ئـەوەی بابەتەکـە نەشـیاو بـووە نەخێـر بەڵکـو لەترسـی ئـەوەی نـەوەك بمگـرن لەسـەر نوسـینی ئـەو بابەتـە، جـا مـن دەڵێـم بـۆ، بـۆ پاپـا دروسـت بێـت بەرانبـەر قورئـان بوەسـتێت کـە لەلایـەن خـواوە دابەزیـوەو شـەرەف وکەرامەتـی مەلاییـن مسـوڵمانە بکرێـت. وە بـۆ ئێمـە نەبێـت بڵێیـن بـۆ ڕاسـتێتی وتەکانـت سـورەتێك بهێنـە پێـش ئـەوەی ئـەو بڵێیـت. وەك قورئانـی پیـرۆز خـۆی تەحـەدای پێکردووە.هـەر ئەمـڕۆ ۰۸/٦/۲ لـە کتێبخانـەی زانکـۆ بـووم هاوڕێیەکـم پێگەشـت و ئێشـێکمان بـۆ دروسـت بـوو بڕۆیـن بـۆ جێگەیـەك لـەوێ کابرایەکـی ئینگلیزمـان پێگەشـت گفتوگـۆ دروسـت بـوو، کابـرا دەسـت پێشـخەری کـرد ووتـی ئێـوە چ دینێکتـان هەیـە مسـوڵمانن ؟ پێـش ئـەوەی ئێمـە جـواب بدەینـەوە خـۆی ووتـی مـن ئیسـلامم زۆر لا قبوڵـە لەکاتێکـدا کـە مەسـیحیم لەگـەڵ ئەوەشـدا نیـم کـە عیسـا علیـە السلام کـوڕی خوایـە. بـڕوام وایـە کـە پێغەمبەرێـك بـووەو بـەس. منیـش ووتـم ئێمـەش بڕوامـان وایـە ووتـی دەزانـم بۆیـە وادەڵێـم ووتـم چـۆن؟ ووتـی تەنهـا لـە ڕێگـەی (ئیسـلام چەناڵـەوە) کەناڵێکـی تازەیـە کـە چەنـد سـاڵێکە دامـەزراوە، خـۆ ئیسـلام چەنـاڵ نەهاتـووە سـوکایەتی بـە عیسـا علیـە السـلام بـکات تەنهـا ڕوونـی کردۆتـەوەو ئەوشـتانەی کـە لـە قورئانـدا هاتـووە بەرانبـەر ئـەو مەسـەلە باسـی کـردوون، خـۆ ئاشـکرای بەڕێزیشـتانە لـە قورئانـدا چـۆن باسـی عیسـا علیـە السلام کـراوە، وە بەهیـچ شـێوەیەك دروسـت نیـە بـە چاوێکـی خراپـەوە سـەیر بکەیـن. وەلـەوەش کرنـگ تـر دەبێـت لـە دڵیشـەو خۆشـمان بوێـت.

## یوتیوب تەمەنێکی کەم جەماوەرێکی زۆر

لەگـەڵ پێشـکەوتنی تەکنەلۆجیـای سـەردەمدا کۆمەڵـە شـتانێك هاتنـە ئـاراوە لـە بیـری زۆرێکـدا نەبـوو بەوشـێوەیە پێشـبکەوێت بەتایبـەت لـە ئـەم دەسـاڵەی ڕابردوومانـدا، زۆرن داهێـنراوە تـازەکان، تامـو چێژێکـی تایبەتیـان هەیـە بـۆ ژیـان لەگـەڵ پاداشـتدا ئەگـەر بـە چاکـی بەکاربێـن، جـا بـۆ کەڵـك وەرگرتـن لـەو داهێنراوانـە بێگومـان پێوسـیتمان بـە بەرچـاو ڕوونـی و چاودێـری خـوای بـاڵا دەسـتە بەسـەرمانەوە، بـە فەرامـۆش کردنـی چاودێـری خـوای گـەورە زۆر کار لـە جێگـەی خـۆی دەترازێـن نمونـەی ئـەم ترازانـە زۆرن...زۆر جـار بیسـتومانە کـە چەندەهـا کـەس بونەتـە قوربانـی بلوتـوس و موبایـل ئەویـش بەهـۆی خـراپ بەکارهێنانیـان، جگـە لـە سـزای دوای. زۆرێـك لەوانـە، لەوانەیـە کاردانەوەیـان بەشـێوەیەکی نەگەتیـڤ وە زۆر زوو دەربکەوێـت بـەڵام زۆرێکیـش درەنـگ. وە هۆکەشـی هەمـوو هەسـت نەکـردن بـە چاودێـری خـواو لەبیرچوونـی ڕاسـتیەکانە، ئەگینـا کەسـێك خـۆی ناکاتـە هـۆی کوشـتنی ئافرەتیـك وەیـان کەسـێك بەهـۆی خـراپ بەکارهێنانـی ئـەم ئامێرانـەوە. ئـەم پێشـەکیە پێـم خـۆش بـوو بیخەمـە پێـش چـاو بـۆ چونـە نـاو باسـەکەوە. یوتیـوب داهێنراوێکـی تـازەو جەماوەرێکـی زۆری هەیـە. کـەم کـەس هەیـە بـەکاری نەهێنـا بێـت ئیـتر بەهەرشـێوەیەك بێـت؟ بـەڵام ئـەوەی بوەتـە جێگـەی سـەرنج کـە ئـەم ئامێـرە بووەتـە جێگـەی هەمـوو شـتیك وە کاردانـەوەی خراپیـان دەبێـت بەتایبـەت لـەو ماڵانـەی کـە منداڵیـان هەیـە، هـەروەك بوبـووە سـەرباس و لێکۆڵینـەوە لـەم چەنـد ڕۆژەی ڕابـوردودا لەلایـەن بەریتانیـاوە، ئەویـش بـە ڕۆشـتنە سـەری ڤیدیـۆ ناشـەرعیەکان، جگـە لـەوەی کاتێکـی زۆری پێـوە دەکوژرێـت کـە

ئەمــەش هــەر خــۆی بۆخــۆی تاوانــەو وە دەبێتــە هــۆی دواکەوتــن و ئاســت نزمــی خوێنــدن. هەرچەنــد لەلایــەن مســوڵمانانەوە لــە تــەواوی جیهانــدا بــە شێوەیەکی فـراوان بابەتـی شـەرعی چاکـی لـێ دادەنرێـت وە پێویسـت زیاتـر مســوڵمانان لەگشــت ئــەو بەرانامانــەی دێنــە ئــاراوە ســودمەدی زۆرو شــەرعی خۆیــان بــبن و بیکــەن بــە توێشــوویەك بــۆ قیامەتیــان.

## بەکارهێنانی کرێدیت کارد

ئێمــە کاتێــك مامەڵــە لەگــەڵ هــەر بانکێــك وەیــان دەزگایەکــی نــا ئیســلامیدا دەکەیــن و مامەڵــەی پــارەی تــێ دەکەوێــت ئیــتر بەهــەر جۆرێــك بێــت دەبێــت زۆر ووریــا بیــن لــەوەی کــە ســووی تــێ نەکەوێــت.
زۆرێــك لــەو بانــك و دەزگانــە لــە دەســتوریاندا مامەڵــە کــردن بــە ســووەوە کارێکــی ئاســاییەو هــەروەك هــەر مامەڵەیەکــی تــری ئاســایی لێــی دەڕوانــن، بــەڵام بــە نســبەت ئێمــەوە بــە پێچەوانەوەیــە چونکــە ســوو ئەوەنــدە تاوانەکــەی گەورەیــە کــە نــە قورئــان وە نــە فەرمــوودەکان لێــی بێــدەگ نەبــوون و هەڕەشــەی توندیــان لــەو کەســانە کــردووە کــە مامەڵــە بــە ســووەوە دەکــەن بــە هــەردوو دیوەکەیــدا.
خوای باڵا دەست لەسەر سوو دەفەرموێ:
{الَّذِيـنَ يَأْكُلُـونَ الرِّبَـا لاَ يَقُومُـونَ إِلاَّ كَـمَا يَقُـومُ الَّـذِي يَتَخَبَّطُـهُ الشَّـيْطَانُ مِـنَ الْمَـسِّ ذَلِـكَ بِأَنَّهُـمْ قَالُـواْ إِنَّمَـا الْبَيْـعُ مِثْـلُ الرِّبَـا وَأَحَـلَّ اللّـهُ الْبَيْـعَ وَحَـرَّمَ الرِّبَـا فَمَـن جَـاءهُ مَوْعِظَـةٌ مِّـن رَّبِّـهِ فَانتَهَـىَ فَلَـهُ مَـا سَـلَفَ وَأَمْـرُهُ إِلَـى اللّـهِ وَمَـنْ عَـادَ فَأُوْلَئِـكَ أَصْحَـابُ النَّـارِ هُـمْ فِيهَـا خَالِـدُونَ} ﴿٢٧٥﴾ البقـرة.
ئەوانــەی کــە ســوو دەخــۆن، هەڵــس و کەوتیــان وەك ئــەو کەســە وایــە کــە

شـەیتان دەسـتی لـێ وەشـاندبێت (هـەر لـە دنیـادا سروشـتی نیـن، لـە قیامەتیشـدا وەك شـێت دەبـن) چونکـە ئەوانـە دەڵێـن: کڕیـن و فرۆشـتن وەك سـوو وایـە (لـە حاڵێکـدا کـە): خـوا کڕیـن و فرۆشـتنی حـەڵاڵ کـردوەو سـووی حـەرام کـردووە، جـا ئـەوەی ئامـۆژگاری پـەروەردگاری پـێ گەیـی و وازی هێنـا، ئـەوەی دەسـتی کەوتـووە، بـۆ خـۆی، کاری (لـێ پرسینەوەشـی) دەکەوێتـە لای خـوا، بـەڵام ئـەوەی دەسـت بکاتـەوە بـە سـووخۆریی، ئـا ئەوانـە جێنشـینی نـاو ئاگـری دۆزەخـن و ژیانـی هەمیشـەیی تیـادا دەبەنەسـەر.

هەر دوا بەدوای ئایەتی پێشوو دەفەرموێ:

{ یَمْحَـقُ اللّـهُ الْرِّبَـا وَیُـرْبِي الصَّدَقَـاتِ وَاللّـهُ لاَ یُحِـبُّ کُلَّ کَفَّـارٍ أَثِیـمٍ} ﴿٢٧٦﴾ البقـرة.

خـوا، سـوو تەفـرو تونـا دەکات و بەرەکەتـی لـێ هەڵدەگرێـت، بـەڵام پاداشـتی خێـرو سـامان بەخشـین بـرەو پـێ دەدات و بەرەکەتـی تـێ دەخـات، بێگومـان خـوا هیـچ کافرێکـی تاوانبـاری خـۆش ناوێـت.

لە هەمان سورەتی بەقەرەدا خوای گەورە دەفەرموێ:

{یَـا أَیُّهَـا الَّذِیـنَ آمَنُـواْ اتَّقُـواْ اللّـهَ وَذَرُواْ مَـا بَقِـيَ مِـنَ الرِّبَـا إِن کُنتُـم مُّؤْمِنِـینَ ﴿٢٧٨﴾}

ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە، پارێـزکارو خوانـاس بـن و واز لـە پاشـماوەی سـوو بێنـن ئەگـەر ئیمانـدارن.

هەمان ئایەتی دوای ئەو دیسان دەفەرموێ:

{ فَـإِن لَّـمْ تَفْعَلُـواْ فَأْذَنُـواْ بِحَـرْبٍ مِّـنَ اللّـهِ وَرَسُـولِهِ وَإِن تُبْتُـمْ فَلَکُـمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِکُـمْ لاَ تَظْلِمُـونَ وَلاَ تُظْلَمُـونَ ﴿٢٧٩﴾}

ئەگـەر وا نەکـەن، ئـەوە وا دەگەیەنێـت کـە جەنگتـان دژی خـوا

پێغەمبەرەکـەی ڕاگەیانـدووە (کـە سـەرەنجامەکەی زۆر سـامناکە)، خـۆ ئەگـەر تەوبـە بکـەن و (لـە سـووخۆری واز بێنـن) سـەرمایەکانتانماڵـی خۆتـان دەبێـت، نـە سـتەم بکـەن و (زێـدە وەرگـرن)، نـە سـتەمتان لـێ دەکرێـت (بـە دەسـت بەسـەراگرتنی سـەرمایەکەتان).

زۆرن ئـەو دەقانـەی لـە سـەر سـوو دەدوێـن و هەریـەك بەجۆرێك لـە جـۆرەکان دەمـان ترسـێنێت لـەوەی کـە خۆمـان بـەدوور بگریـن لێـی و توخنـی ئـەو کارە قێزەونـە نەکەوینـەوە بـە هیـچ جۆرێـك.

کرێدیـت کارد بـەو حسـابیە بانکـە دەوترێـت کـە پارەیەکـی بانکـی لەسـەرەو خـاوەن کارد دەتوانێـت ئـەو پـارەی بانکـە بـەکار بهێنێـت بەهەمـوو جۆرێـك، ئەگـەر بێـت و ئـەو پـارە بـە نەقـدی لـە دەزگای پـارەدەر بهێنێتـە دەرەوە سـووی دەچێتەسـەر ئەگـەر بێـت و زووش پارەکـە بگەڕێنێتـەوە، ئەمـە بـە ئاشـکرا سـووەو حەرامێتـی جێگـەی مشـتومڕ نـی یـەو ئاشـکرایە، بـەڵام گـەر بێـت و شـتی پـێ بکرێـت لـە ڕێگـەی تـۆڕی ئەنتەرنێتـەوە وەیـان کاردەکـەی بـەکار بهێنێـت لـە سـۆپەرمارکێتەوە ئەوسـا ماوەیەکـی هەیـە کـە ئەویـش لـە بانکێکـەوە بـۆ بانکێکـی تـر جیـاوازی هەیـە بـۆ نمونـە مەسـتەر کاردی بانکـی لۆیـدس لـە بەریتانیـا ٥٦ ڕۆژ دەرفـەت دەدەن و سـووی ناچێتەسـەر ئەگـەر بێـت و پێـش ئـەو ماوەیـە پارەکـە بگەڕێنێتـەوە، جـا ئەگـەر هاتـوو کەسـێك بـەو جـۆرە کاردەکـەی بەکارهێنـاو پێـش وەخـت توانـی پارەکـە بگەڕێنێتـەوە ئـەوا بێگومـان توشـی حـەرام نەبـووەو ناتوانرێـت کارەکـەی بـە حـەرام نـاو ببرێـت چونکـە هیـچ سـووی نـەداوە، بـەڵام دەبێـت کەسـی بەکارهێنـەر زۆر وریـا بێـت لـە بەکارهێنانـی، کەسـێك زۆر بیـری لای خـۆی نەبێـت وەیـان ئیهـمال بێـت لـە کارەکانیـدا ئـەوا زۆر بەئاسـانی دەکەوێتـە حەرامـەوە لـە بەکارهێنانـی ئـەم کاردەدا، زۆرجـار بانکـەکان خۆیـان کەمتەرخـەم دەبـن

بـۆ ئـەوەی خـاوەن کارد پـارەی زیـادەی لـێ وەربگـرن، بـۆ نمونـە کەسـێك کاردەکـەی بەکارهێنـاوە دەبێـت چاوەڕوانـی ئـەوە بـکات ئـەوان نامـەی بـۆ بنێـرن تـا پارەکەیـان بداتـەوە هەندێـك جـار کاتێـك ئـەو نامـە دەنێـرن یـان کاتەکـەی بەسـەر چـووە وەیـان زۆر کەمـی مـاوە بـۆ نمونـە ٢ ڕۆژی دەمێنێـت و تـۆش هەینـی بەدەسـتت دەگات لـە کاتێکـدا شـەممەو یـەك شـەممە دەوام نـی یـە، مەگـەر کەسـێك لەسـەر ئەنتەرنێتـەوە بتوانێـت پـارە تەحویـل بـکات و قەرزەکـەی پێـش وەخـت بداتـەوە، جـا لەبـەر ئـەوەی کـە کارەکـە حەساسـە باشـتر وایـە بـەکار نەهێرنێـت و تەنهـا ئـەو کاردانـە بـەکار بهێنرێـت کـە تەنهـا پـارەی خۆتـی لەسـەرە، وەگـەر بـەکار هێـنراو توانـرا بـەردەوام پێـش وەخـت بـەردەوام قەرزەکـەی بداتـەوەو سـووی تـێ نەکەوێـت ئـەوا ئاسـاییە وەگـەر تـێ کـەوت ئەوسـا بێگومـان تاوانـی گـەورەی کـردووە، وەگـەر کەسـێك بـەکاری هێنـاو جارێـك کەوتـە ئـەو تاوانـەوە نابێـت جارێکـی تـر بـەکاری بهێنێتـەوە، داواکاریـن لـە خـوای گـەورە مسـوڵمانان لـە تاوانـی سـوو بـەدوور بگرێـت و حـەڵاڵ نەبێـت حـەرام نەچێتـە لەشـیانەوە.




**هەمووومان دەزانین کەوا نوێژ پایەکە لە پایەکانی ئیسلام و لە چوار جۆر جووڵە پێك دێت، کە بریتین لە : (القیام، الرکوع، السجود، الجلوس) واتە: وەستان، کڕنووش، سوژدە، دانیشتن.**

**ئەگەر بە وردی لە نوێژەکەمان وردبینەوە، ئەوە دەبینین کە لە تەواوی نوێژەکەدا وشەی ئەحمەد دەنووسین: فەرموون خۆتان ئەم وێنە ببینن.**

## قیبلە: بوونم بەسەرنووسەر لە دەریای نوور

دەمێك بوو كەم تا كوت دەمنووسی و وا هەستم دەكرد توانای خۆم لەو بوارەدا دەبینمەوە بەڵام سەرقاڵیم بە خوێندنەوە ڕێگەی نەدەدام وەك پێویست مومارەسەی ئەو توانایەم بكەم، هەر بەو شێوەیە كەم تا كوت جار جارە بابەتێك یان بەحسێكم دەنوسی تا سوپاس بۆ خوا زانكۆم تەواو كرد، هەر چەند ماوە نەبوو لە نیوان تەواو كردنی زانكۆم و وەرگرتم لە زانكۆیەكی تر بۆ بەدەستهێنانی ماستەر، بەڵام وەك چۆن خوێندنەكەم بە گرنگ دەزانی نووسینیش بەهەمان شێوە بەتایبەت خوێندنی ماستەر دەوامێكی وای نی یە بەڵكو ئەویش تەنها هەر نوسینە وە منیش نوسینی كاری ڕۆژنامەوانیم كردە بەشێك لە خوێندنەكەم بەو شێوەیە تێم دەڕوانی چۆن دەبێت ئەو بكرێت بەهەمان شێوە ئەمیش، گەرچی زۆرجار كاریگەری نەگەتیڤیشی لەسەر هەبێت، ئیتر بەشێوەیەكی بەرچاو هاتمە ئەو مەیدانەوە وە ئەو فەراغەی كەلام دروست بوو بوو ساڵانێكی تولانی وای لێ دەكردم هەست بە ماندوو بوون نەكەم و هەمووی بەنووسین تەعویز بكەمەوە تا دڵم ئۆقرەیەك بگرێ و هەست بەكەمی خۆم نەكەم، هەر بەهاتنم بۆ دونیای نووسین وەك وا بێت خوای گەورە ئومێدی خێری پێم هەبێت كۆمەڵێك نووسەری زۆرباش و زیرەك و بەتوانام ناسی لە كوردستان و دەرەوەی كوردستاندا وە پەیوەندیەكی برایانەو، دڵسۆزانە لە نێوانماندا دروست بوو لە نیوەندیاندا ستافی دەریای نوور بوو كە پێش ئەوەی ئەم سایتە دروست بكرێت پەیوەندیمان هەبوو لەسەر نووسین و هەندێك كار كە هەر پەیوەند بوو بە نووسینەوە كە یەكێك لەو كەسانە كاك ماكوان

بـوو زۆر جـار نووسـینەکانیم دەخوێنـدەوەو هەسـتێکی تایبەتـم لا دروسـت بـوو بـوو بەشـێوەیەك هەندێـك جـار لـە گۆگڵـەوە بـەدوای نوسـینەکانیدا دەگـەڕام چونکـە نەمدەزانـی نووسـینەکانی لـە کـوێ بـڵاو دەکاتـەوە، وە لەبیرمـە جارێـك لەسـەر نوسـینێکی هەندێـك پێشـنیارو وە هەتـا جۆرێـك لـە ڕەخنەشـم لـێ گـرت ئەویـش بـێ چەنـدوو چـوون ووتـی وایـەو ئیـتر هـەر ئەوەنـدە توانـام هەیـە پێـم خۆشـە یارمەتـی دەری یەکـتر بیـن، هـەر لەوکاتـەوە خۆشەویسـتیم بـۆی زیاتـر قـوڵ بوویـەوە هەرچەنـد کاك ماکـوان خـۆی پـێ دەچـی هـەر ئەمەشـی لەبیـر نەمابـێ چونکـە ئـا ئێسـتە ڕۆژێـك لـە ڕۆژان ئـەم ووتانەمـان بـاس نەکردۆتـەوە، تـا ڕۆژێـك ئیمەیڵێکـم بـۆ هـات لای کاك ماکوانـەوە منیـش ئیمەیڵەکـەم کـردەوە وەك هـەر ئیمەیڵێکـی تـری ئاسـای هاتـە پێش چـاوم تـا دیتـم مژدەی کردنـەوەی سـایتی دەریـای نـووری تێدایـە ئـەو کاتـە وام هەسـت کـرد ئەرکێکـم لەسـەر سـوك بـووەو ئیـتر پێویسـت نـاکات بـەدوای نووسـیندا ڕابکـەم وە هەمـووی وەك لوقمێـك هاتنـە بەردەسـتم، وە منیـش بـەردەوام نووسـینم بـۆ دەنـاردن هیـچ نووسـینێك نەبـوو بینێـرم بـڵاو نەکرێتـەوە گەرچـی نووسـینەکانیش هەمـە جـۆر بـوون لێـرەدا ئـەوە دەخوێنرایـەوە کـە ئـەم سـایتە سـەربەخۆیە کـە زیاتـر وەرگیـراوە لای مـن و دەتوانرێـت بەڕاشـکاوی ئـەوەی کـە بـە گرنـگ بزانرێـت بووتریـت، هـەر بـەو شـێوەیە بـەردەوام بـوو تـا ڕۆژێـك کاك ماکـوان پەیوەنـدی پێـوە کـردم و ووتـی ئیـتر هـەر نووسـینێکت هەبـوو پێویسـت نـاکات بـۆ ئێمـەی بنێریـت هەرخـۆت دایبەزێنـەو وەك نووسـەرێك لەگەڵماندابـە، وە هەمـوو ووشـەی نهێنـی و شـتی سـایتەکەیان داپێـم هەرچەنـد بەلامـەوە گـران بـوو کردنـی ئـەو کارە بـەڵام لـە دڵـی خۆمـدا ووتـم دەی خـۆ هیچێکـی وا لـە مەسـەلەکە ناگـۆڕێ تـا ئێسـتە هەرچیـم بـۆ نـاردوون بڵاویـان کردۆتـەوە

ئەمــە ئــەوە دەگەیەنــێ متمانەیــان بــە نووســینەکانی مــن هەیــە وە منیــش وە نەبیــت لەبــەر ئەمــان ڕەوتــی خــۆم بگــۆڕم هــەر بەهەمــان شــێوە دەبێــت، ماوەیــەك بەوشــێوەیە هــەر کــە نووســینێکم بنووســیایە خــۆم دەمخســتە ســەر ســایتەکە، تــا دواجــار کاك ماکــوان چەنــد جاریــك پەیوەنــدی کــرد بــە ئیمەیــڵ و تەلەفــۆن وە چەنــد جارێــك داوای لــێ کــردم کــە ئەرکــی سەرنووســەری بگــرم بــە ئەســتۆ منیــش هــەر بێدەنــگ بــووم هیچــم نــەووت چونکــە گــران بــوو لــەلام وە جــاران هــەر ئەرکــی نووســینەکانی خــۆم لــە ئەســتۆدا بــوو ئێســتە هەمــووی نووســینەکانی تــر دێنــە پاڵــی، وە لەلایەکــی تریشــەو متمانەیەکــی زیاتــرم بــە ســتافی دەریــای نــوور لا دروســت بــوو کــە ڕاســتە ئێمــە پەیوەندیــمان پێکــەوە هەیــە بــەڵام ئەمــە ئــەوە ناگەیەنێــت کــە نهێنــی شــتەکانی خۆمــان لای یەکــتری بێــت بەتایبــەت ســایتێك کــە ئەرکێکــی یەکجــاری پێــوە کێــشراوە مــادی مەعنــەوی ئێســتە ئــەو هەمــووە بەحــازری بخرێتــە بەردەســتی مــن، هــەروا بــەو شــێوەیە مایــەوە تــا جارێکــی تــر پەیوەندیــم پێــوە کــرا ئەمجارەیــان بەشــێوەیەکی جیاتــر لــە جارانــی پێشــوو وەك بڵێــی بــۆ بەدەممــەوە نایەیــت وە کاك ماکــوان ووتــی ئێمــە پێــمان خۆشــە تــۆ سەرنووســەر بیــت چونکــە کولیــەی شــەریعەت تــەواو کــردووەو ئــەو بابەتانــەی دێتــە بەردەســت دەتوانــی لــە ڕووی شــەرعیەوە هەڵیــان بســەنگێنی ئەگــەر شــیاو نەبــوون بــڵاو نەکرێتــەوە، ئــەو ووتــە کاریگەریەکــی یەکجــاری لەســەر دڵــم دروســت کــرد وە متمانــەی زیاتــری ئــەوان بــە پابەنــد بــوون بــە شــەریعەتەوە، بــەو شــێوەیە لــە مانگــی ڕەمــەزان ئەرکــی سەرنووســەریم گرتــە ئەســتۆو دواتــر چەنــد گۆڕانکاریــەك بەســەر ســایتەکەدا هــات و بــە گفتوگــۆی لەســەر تــەوەرەکان و بــەرەوە پێــش چوونــی وە گۆڕانــی هــەر شــتێك کــە پێویســتی کردبێــت وە هــەر زۆری بەســەردا نەچــوو

سایتەکە خاوەن ئیمتیازمان بۆ دانا وە ئیتر پەیوەندی من لەگەڵ خاوەن ئیمتیازدا دروست بوو کە خوشکە شەوبۆ ئاریای بوو، هەروەها کاك ڕەنج هەژار کە کاری تەکنیکی یە وە تا ئەم ساتەی ئەم نووسینە دەنووسم تەنها بۆ جارێکیش دڵمان لەیەکتر نە ئێشاوەو وە چەندەها جار کاری زۆر گرانمان بەسەر یەکتریدا داوەو بەڕۆحیەتیەکی زۆر بەرزەوە لەلایەن بەرانبەرەوە وەرگیراوە هەربۆیە دەڵێم وەك کاك ڕەنج ئاماژەی پێ کردووە منیش خۆم بەخۆشحاڵ دەبینم کە خۆم لەناو ئەم ستافە دەبینمەوە.
چەند ساڵێك ئەم پێگەیە بەردەوامی هەبوو بەهۆی سەرقاڵی بەکاری ترەوە، بەندە دەستم لەکار کێشایەوەو، دوای ئەوەش بۆ چەند ساڵێك هەر بەردەوامی هەبوو پێگەکە، دواتر بەهۆی گۆڕانکاری زۆر لە دونیایی تەکنەلۆژیادا ناوەکان گۆڕان و دەزگای تری ڕاگەیاندنی بەدوادا هات و دەریایی نوور دەتوانم بڵێم بناغەیەکی پتەوی خۆی دروستکرد.
بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان
لە ئانوساتێکی لەم شێوەیەدا ئیحساسی منداڵ بوونەوەی خۆم دەکەم کە لەبەردەم باوکمدا بە ئەدەب و شەرمەوە قسە بکەم، وەیان وەك ئەو قوتابیە سەرەتاییەی تازە فێری قەڵەم گرتن بووەو چاوەڕێی دەمی مامۆستاکەیەتی کە تەریقی نەکاتەوە...
هەروەك چۆن باوك و مامۆستا قوتابی و منداڵەکانی خۆیان پەروەردە دەکەن، ئێمەش ئێستە پێویستمان بە هەمان ڕۆحیەتە، ڕۆحیەتی دەستگرتنی یەکتر، ڕۆحیەتی قبوڵکردنی یەکتر، ڕۆحیەتی خەمخواردنی ئەم ئومەتە کە چاوی لە دەستی زاناکانیەتی...
ووتارەکەم لە ٣ خاڵ و پەیامۆچکەدا کورت دەکەمەوە، لەبەر ئەوەی مەراسیمەکە تایبەتە بە دەرچوانی قوتابیانەوە لەوانەوە دەست پێ دەکەم،

دواتـر دەسـتەڵات و دواتریـش زانایـان بـە گشـتی.
١-قوتابیان
کاتێـك پۆلێـك قوتابـی ئاهەنگـی دەرچوونـی بـۆ دەکرێـت، وەك ئـەو منداڵـە دێتـە بەرچـاوم کـە دوای ٧ ڕۆژی ئاهەنگـی مەولـودی بـۆ دەکـەن، سوپاسـی خـوای دەوێـت لـە حەملەکەیـدا سـەرکەوتوو بـووە، وا بـە سـاغ و سـەلامەتی هاتووەتـە دونیـاوە، ئەوەتـا چـاو و گـوێ دەکاتـەوەو بانـگ بـە گوێـدا دەدرێـت... قوتابیـش کـە ئێسـتە ئاهەنگـی بـۆ دەکرێـت ئیـتر مانـای ئـەوە نـی یـە تـەواو و چیـتر پێویسـتی بـە خوێنـدن نـی یـە، بەڵکـو قوتابخانـە بـە گشـتی و قوتابخانە شـەرعیەکان بـە تایبەتـی تەنهـا کلیلێکـە بـۆ کردنـەوە دەرگاکان...
هەربۆیـە لـە شەرعیشـدا زۆر بـە گرنگدانـراوە کارەکان لەسـەر بنەمـای شـەرعی بـن، ئەوەتـا کاتێـك کەسـێك پرسـیاری شـەرعی لـە مامۆسـتایەکی ئاینـی دەکات ئەگـەر لـە خۆیـەوە وەڵامـی بداتـەوەو وەڵامەکەشـی ڕاسـت دەرچێـت هـەر تاوانبـارە! چـوون مومارەسـەی کارێکـی کـردووە نـا شـەرعی بـووە لـە بنەڕەتـدا کـە نەدەبـوو لـە خـۆوەو بەبـێ هەبوونـی یەقیـن قسـە فڕەبـدات...
بـە تایبـەت ئەمـڕۆ کەسـانی زۆر پەیدابـوون لەژێـر نـاوی جیـاوازدا بـە گەڕانـەوە بـۆ ئەقڵـی تەسـکی خۆیـان! کەسـانێك بـە نـاوی قورئانـی دێـن و فەرموودەکانی پێغەمبـەر ڕەد دەکەنـەوەو، کەسـانێك بەنـاوی سـەلەفیەتەوە بـێ ئـاگا لـە سـەلەف و پێشـینانی خۆیـان خەڵکـی بریـندار دەکـەن و خەڵکانێـك لـە ژێـر نـاوی تەسـەوفدا کـە خـودی کارەکانیـان پێچەوانـەی ئـەو نـاوە پاکەیـە کـە تەصـەوف و چەمـك و بنەماکانـی وەریگرتـووە، کەسـانێك بەنـاوی ئەحـزاب و کەسـایەتی دینیـدا هەمـووی لەبـری یەکڕیـزی پەرتەوازەیـی دروسـت دەکات! ئەمـڕۆ خـاوەن بڕوانامـەکان زۆرن، بـەڵام خوێنـدەوارەکان کەمـن، ئومێـد دەکـەم ئێـوە خوێندەواربـن نـەك تەنهـا خـاوەن شـەهادەی دونیایـی، ئـەم

پلەبەندیەش کە دانراوە پێوەرێکی دونیاییە بۆ پێکانی مەبەستێکی گەورە، بەڵام لە کۆندا پێوەرەکە کلاسیکی بووە زیاتر لە بوارە شەرعیەکەدا زانای زۆر گەورەی بەرهەم هێناوە، گەر ئێستە زانایەکی گەورەی وەك ئیمامی شافعی بە نموونە بهێنینەوە دەبێت بە حسابی ئەمڕۆ چ شەهادەیەکی بدەینێ؟

ئیسلام فێرمان دەکات ئاهەنگ و جەژنەکانیش یادی خواپەرستین، لە دوای دوو موهیمەی زۆر گەورە دێن، ئەوەتا هەردوو جەژنەکەمان لە دوای خواپەرستی مانگێکی ڕەبەقی ڕەمەزان دێت و ئەوی تریشیان لە دوای مەراسیمی حەج دێت.

ئاهەنگی دەرچوون ئاهەنگی شوکرو ستایشی تەوفیقی خوای گەورەیە، نابێت قوتابی ئەمڕۆ غرورو لە خۆبایی بوون بیگرێت، ئەوەتا ئیسلام لە کاتی گەورەترین دەستکەوت و فەتحکردنیشدا فێرمان دەکات چی بکەین؟ فسبح بحمد...

٢-دەستەڵات

لەوانەیە لە ئانوساتێکی وەك ئێستەدا گلەی کردن لە دەستەڵات کەمتر جێگەی ئومێد بێت، چوون ئەوەندە نارەزایەتیەکان زۆرن، ئەوەی کە بەلای ئێمەوە زۆر جێگەی هەڵوێستەکردنە لەسەری، بەلایەنداری کردنی مەدرەسەو کەسایەتیە دینی و فکریەکانە، کە هەریەك لەوانەش هەرچەند کەمینەیەك بوون تا ئێستە بەڵام بەشێوازێکیان لێکردووە بەجۆرێك لە جۆرەکان تەمسیل لە زۆرینەی بکات، بەردەوام بینیومانەو دەیبینین بە گژدانەوەی ئەم هێزانەیە لەژێر ناوی جیاوازو بە گرنگیدان بە تایبەت لەکاتی ناکۆکی و پێویستیەکانیاندا، کە نەتوانراوە نە خزمەت بە دین و هەمیش بە خاك بکات.

### ٣-مامۆستایان

ئەگـەر سـەیری مێـژووی بکەیـن، گشـت دەسـتەڵاتداران لـە وڵاتـە ئیسـلامیەکاندا بـە مێـژووی ئیسلامیشـەوە عەرشـی دەسـتەڵات لـە فەتـوای مامۆسـتایەکی ئاینـی ترسـاوە، دڵـی جەمـاوەر بـە ڕاسـتی لـە دەسـت مامۆسـتایانی ئاینیـدا بـووە، خەلیفـەی ئیمانـداران بەهـەزار حـاڵ توانیویەتـی بگاتـە بـەردە ڕەشـەکەی کەعبـەو بـە یارمەتـی پاسـەوانەکانی، بـەڵام کاتێـك زەیـن العابدیـن بـە عەمامەیەکـی سـپیەوە دەرکەوتـووە خەڵکـی خـۆی ڕێگـەی بـۆ کردووەتـەوەو بەبـێ پاسـەوان بـە ئاسـانی دەگاتـە بـەردە ڕەشـەکەو هـەر لەوێشـدا ٢ ڕکات نوێـژ دەکات! کاتێـك خەلیفـە بـە سەرسـامی پرسـیار دەکات ئـەوە ئـەو خەڵکـە بـۆ وا دەکـەن بـۆ تـۆو وایـان نەکـرد بـۆ مـن! لـە کاتێـکدا مـن بەیعەتـم لـە گەردەنیاندایـە؟ ئەویـش دەفەرموێـت انـت تملـك رقابهـم وان املـك قلبهـم، تـۆ گەردەنیانـت بـە دەسـتە بـەڵام مـن دڵیانـم بـە دەسـتە... جـا مامۆسـتایانی بەڕێـز، ئێمـە ئەگـەر ڕاسـت بکەیـت دڵـی خەڵکـمان بـە دەسـتە، دەسـتەڵات دەتوانێـت موچـە بـدات، بـەڵام ناتوانێـت ئـاوی ڕۆحیـان بـدات، خەڵکـی کـە ڕۆحـی ئاسـودەبوو بەرگـەی ناڕەحەتیەکانیـش دەگرێـت، ئێمـە ئێسـتە هـەم جەسـتەمان و هەمیـش ڕۆحـمان برسـیە بۆیـە بـەم شێوەیە هاوارمانـە...

ئێسـتە لـە تـەواوی دونیـادا بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ زانـاکان بـەرەو جۆرێـك لـە ئیجـماع بـوون دەڕۆن، خەڵکـی تاقەتـی ئیختلافاتـی نەمـاوە، جیاوازیەکان و نـاوە جـۆراو جـۆرەکان هەریەکـەو بـۆ کاتێـك و بـۆ کۆمەڵێـك کاریگـەری هەبووە، بـەڵام بـە گشـتی خەڵکـی دەسـت بـۆ ئیسـلام ڕادەکێشـێت نـەك حیـزب یـان فکـر وەیـان مەدرەسـەیەکی تایبەتـی دینـی، پێویسـتە هیمەتـی مامۆسـتاو زانایانـی ئاینـی لـە کەلێـن و قوژبنەکانـەوە بێنـە دەرەوەو لـە دونیایەکـی

گەورەتـردا کاربکـەن، دەبێـت کارێکـی وابکرێـت دەسـتەڵات چـاوی لـە ئێـوە بێـت نـەك بـە پێچەوانـەوە...
دەبێـت تموحـی زانـا لـە ئاسـت ئومـەدا بێـت نـەك تەنهـا قـەوم و سـنوری جوغرافیایەکـی دیـاری کـراو، دەبـوو ئێسـتە لەنـاو زانایـان کـورددا زمـان زانـی عیـبری و ڕووسـی و فەرەنسـی و زمانـە جیـا جیاکانـی دونیامـان هەبوایـەو لـەو وڵاتانـە ئیسـلامی بـە خەڵکـی بناسـاندایەو لـە پاڵیشـیدا کـورد بوونیەکـەی شـانازیەکی گەورەتـر دەبـوو، گـەر لـە ڕابـردوودا ئـەم کارە گـران بـوو بێـت ئێسـتە لـە دونیـای تەکنەلۆژیـاو کرانـەوەی خەڵکـی بـە ڕووی دونیـای دەرەوەدا ئاسـانتر بـووە، بەهـۆی پیشـەکەمەوە سـاڵانە سـەفەری دەیـان وڵات دەکـەم و لـە نزیکـەوە خەڵکـی دەدوێنـم و موتابەعـە دەکـەم فەراغـی ڕۆحـی و بۆشـاییە ڕۆحیـەکان یەکجـار زۆرن، ئیسـلامیش تاکـە دینـە بتوانێـت ئـاوی ڕۆحـەکان بـدات، ئـەوەی ئێسـتە لـە بەردەسـتمانەو بتوانیـن کاری تێـدا بکەیـن دەتوانیـن پشـت و پەنـاو هـاوکاری یەکتربیـن و لەوێـوە بـەرەو فەزایەکـی گەورەتـرو فراوانـتر بچیـن، لـە پێـش هەموویـەوە بتەوکردنـی لایەنـی زانسـتی خۆمـان و پەیوەندیـەکان دەتوانیـن بکەینـە دەسـتپێکی کارە گـەورەکان...
ئـەم وتـارە بـۆ مەراسـیمی دەرچوونـی کۆمەڵێـك مامۆسـتایی ئاینـی لـە بیـارە نـوسراوە.

# دارەکەی ئیمام محەمەد لە بندا ببڕن

شــارۆچکەی دەربەندیخــان بەبــەراورد لەگــەڵ شــارەکانی تــردا ســیمایەکی جوانــی هەیــەو کۆمەڵێــك تایبەتمەندیــش لــە شــارەکانی تــر جیــای دەکاتــەوە، وەك نزیکــی ڕووبــاری ســیروان لێــوەی و چواردەورگیرانــی بــە شــاخ، هەرکــەس ئــەو شــارەی بینــی بێــت و ســاتێك تێیــدا گەڕابێــت دڵگیــر بــووە بەلایــەوە، بــە تایبــەت ئــەم چەنــد ســاڵەی ڕابــوردوو لەگــەڵ بــەرەو باشــچوونی بــاری ئابــووری خەڵکــی زیاتــر گــەورەی بەخۆیــەوە بینیــووەو دانیشــتوانی گوندەکانــی چــواردەوری بەتایبــەت هۆرێــن و شــێخان هاتوونەتــە دەربەندیخــان و خانــوو ماڵیــان تێــدا کــردووە، ئــەو شــارۆچکە چکۆلانــە ئێســتە وای لێهاتــووە جێگــەی خۆیەتــی شــارۆچکەکەی لــێ بکەیتــەوەو تەنهــا بــە شــاری دەربەندیخــان نــاوی ببەیــن لەبــەر فراوانبوونــی دانیشــتوانیی بەچــواردەوری خۆیــد،ا بەتایبــەت بــەرەو ڕووی کانــی ســارد.

مەزارگــەی ئیــمام محەمــەد کــە وەك دەڵێــن پیــاو چاکێــك بــووەو لــەو جێگــەدا نێــژراوە، خەڵکانێــك ســەردانی دەکــەن و پەنــای پــێ دەبــەن بــۆ چارەســەری نەخۆشــیەکانیان بەتایبــەت ئــەو کەسانەی کــە بەســاڵدا چــوون.

جگــە لــەوەی مەزارگــەی ئیــمام محەمــەد مەزارگەیــە کانیاوێکــی جوانــی پاکــی لێیــەو خەڵکــی شــارەکە زۆرێکــی ســوود لــە ئاوەکــەی دەبینیــن بەتایبــەت لــە ئێســتەدا کــە ئــاوی دەربەندیخــان ئاوێکــی پــاك و تەندروســت نــی یــەو هەرکەســێك تەندروســتی بــەلاوە گرنــگ بێــت نایخواتــەوە، یــان ئــاوی مەعدەنــی دەکڕێــت وەیــان لــە ئیــمام محەمــەد ئــاو دەهێنیــت، گرنگــی داریش لــە زۆر ڕوانگــەوە بــەرز نرخێــنراوە هــەم لــە ڕووی ژینگــەوە وە هــەم لــە ڕووی جوانــی ســیماوە، هەربۆیــە زۆرجــار دەبینیــن شــارەوانیەکان دار دەڕوێنــن و ئــەو

هەڵمەتـە دەسـت پـێ دەکـەن، وە کاتێکیـش کەسـێك دارێـك ببڕێـت ئیدانـە دەکرێـت.
بـەڵام ئـەم دارەی ئیـمام محەمـەد بەجیایـە لـە گشـت دارەکانـی تـروو بەڵکـو بـووە بـە جێگـەی خـۆ کوشـتن و دیاردەیەکـی ترسـناك لـە دەربەندیخانـدا، بەشـێوەیەك ئەگـەر کەسـێك ئێـوارە زوو نەیەتـەوە بـۆ ماڵ سـەردانی دارەکـەی ئیمامـی محەمـەدی بـۆ دەکـەن بەتایبـەت ئەگـەر تۆزێـك کێشـەی هەبـوو بێـت، ئەمڕۆ لەگـەڵ برایەکمـدا قسـەمان دەکـرد بـە تەلەفـۆن دەیـووت ئێسـتە پاسـەوانیان بـۆ دارەکـە دانـاوە لەترسـی ئـەوەی کەسـانێك کـە دەیانەوێـت خۆیـان بکـوژن پاسـەوانەکە ڕێگـر بێـت لێـی، وەك نوکتـەش ئـەوەش دەوترێـت کـە پاسـەوانەکەش پاسـەوانی پێویسـتە نـەوەك ئەویـش خـۆی بخنکێنێـت، جـا لێـرەدا مـن ئـەوە دەڵێـم ئایـا لـە جێگـەی خۆیـدا نـی یـە ئـەو دارە لـە بنـدا ببڕدرێـت.
لـە ڕووی شـەرعیەوە وەك مەلایـەك مـن ئـەو فەتـوا دەدەم کـە ئـەو دارە ببڕدرێـت هیـچ کێشـەی تێـدا نـی یـە. نـە بـۆ ئیـمام محەمـەدی ڕەحمەتـی وەك شەخسـەکە وە نـەوەك دینیـش، هەرچەنـد پـێ دەچێـت لای کەسـانێك بڕینـی ئـەو دارە ئاسـان نەبێـت بـەڵام لـە ڕووی شـەرعیەوە لـە جێگـەی خۆیەتـی، چونکـە ئاشـکرایە ئیسـلام هاتـووە بـۆ پاراسـتنی پێنـج شـت یەکێـك لەوانـە پاراسـتنی مرۆڤەکانـە وە هـەر شـتێك ببێتـە مایـەی ئـەوەی کـە مـرۆڤ بـە نـاڕەوا لەنـاو ببـات جێگـەی خۆیەتـی ڕێگـری لـێ بکرێـت، مرۆڤـەکان لـە دارەکان گەورەتـرن، لـە مێـژووی ئیسلامیشـدا کاری لـەو شـێوە ڕووی داوە کاتێـك دارێـك بووەتـە دیاردەیـەك ئیمامـەکان هەسـتاون بـە بڕینـی.
ئەوکاتیـش پێویسـت بـە پاسـەوان نـاکات و ترسـی پاسـەوانەکە خۆشـیمان نابێـت. پاراسـتنی دانیشـتوانی دەربەندیخـان و سـیمای جوانـی ئـەو شـارە

لـە ئەسـتۆی گشـت دانیشـتوانی شـارەکەدایە پێویسـتە بـۆ هەرکارێـك کـە پەیوەنـدی هەبێـت پێـوەی هەڵوێسـتەی لەسـەر بکرێـت و هەوڵـی بنبڕکردنـی بدرێـت.
جارێکـی تـر دووپاتـی فەتواکـەم دەکەمـەوە کـە پێویسـتە ئـەو دارە لـە بنـدا ببڕدرێـت.

## پەیڤێك لە قوڵای دڵەوە بۆ پورزای کۆچکردووم

مـردن ئـەو تاکـە ڕاسـتیەیە کـە بـڕوادارو بێبـاوەڕ بـڕوای تەواویـان پێـی هەیـە، هەربۆیـە لەنـاو زانایانـی ئیسـلامدا ووتـراوە تەنهـا مـردن بەسـە بـۆ ئامـۆژگاری، زۆرجـار بـە زۆر شـێوەی جـۆراو جـۆر ئامـۆژگاری و ڕێنومایـە دینیەکانمـان پـێ دەگات و بەرچاومـان دەکەوێـت، بـەڵام هیچجـار وەك ئـەوە نامـان هەژێنێت کە خۆشەویسـتێکی خۆمـان لـە دەسـت دەدەیـن، هەربۆیـە کاتێـك کـە پێغەمبـەر (ص) ئیبراهیمـی کـوڕی کۆچـی دوای کـردوو بـۆی گریـا هاوەڵەکانـی پێغەمبـەر (ڕ) بەلایانـەوە سـەیر بـوو کـە پێغەمبـەر (ص) گریـاو پرسـیاریان لێکـرد کـە چـۆن؟ دەبێـت پێغەمبـەری خـوا (ص) بگرێـت، پێغەمبەریـش (ص) فەرمـووی خـوای گـەورە لۆمـەی کەسـێك نـاکات لەسـەر گریـان و ناڕەحەتـی دڵ، مـادام ناشـوکری و شـتی نەشـیاو بـە دەمیـدا نەیـەت، ئەمەشـە واقـع بینـی ئاینـی ئیسـلامە کەچـۆن لەگـەڵ حـەزو ناخۆشـی و نـاوەوەو دەرەوەی مرۆڤەکانـدا مامەڵـە دەکات، زۆر کارەسـات و ڕووداو هەیـە لـە ژیانـی مرۆڤەکانـدا بەخۆشـی و ناخۆشـیەوە کـە زۆر مەحاڵـە لەبیـر بکـەن، یەکـەم هەواڵـی کۆچـی دوای پـورزای زۆر خۆشەویسـتم یەکێکە لـەو کارەسـاتە هـەرە هەژێنەرانـە کـە مەگەر مـەرگ لەبیرمـی بباتـەوە، بەدڵخۆشـیەوە لەسـەر کارەوە بـۆ مـاڵ دەگەڕامـەوەو

وێنـەی کـوڕو کچـە چۆلەکـەم دەهێنـاوە بەرچـاوی خـۆم کـە چەنـد ڕۆژێـك بـوو لێیانـەوە دووربـووم بەهـۆی ئیشـەوە، ڕادیۆکـەم داگرسـاندبوو تـا ئەگـەر هەواڵێکـی ناوخـۆی بەریتانیـا هەبێـت لێـی ئاگاداربـم، مـن چاوەڕێـی ئـەوە نەبـووم هەواڵێکـی تەزێنـەر لـە موبایلەکـەوە ببیسـتم، چونکـە ئـەو بـێ دەنـگ بـوو، لـە پـڕ دەنگـی موبایلەکـەم هـات کـە نامەیەکـی بـۆ هـات، منیـش زۆر بـە ئاسـایی و لەسـەر خـۆو بـە وورياييـەوەو لەگـەڵ سـايەقیەکەدا دەسـتم دایـە موبایلەکـەم و هـەروەك زۆر نامـەی ئاسـایی تـر وویسـتم سـەیری بکـەم! هەتـا زۆرجـار نامـەکان ڕیکلامـی کۆمپانیـاکان و جێگـەی هیـچ گرنگـی نیـن و بـە نەخوێندنـەوەی تەواویـان دەیـان سـڕینەوە، بـەڵام ئـەم نامـە زۆر جیـاواز بـوو، ڕیـکلام نەبـوو، نامەکـەش ئاسـایی نەبـوو، یەکـەم جـار بـوو نامـەی لـەو شـێوەیەم بـۆ بێـت، هەربۆیـە نـەم توانـی بەتـەواوی بیخوێنمـەوەو بـە هەڵـەش لێـی تێگەشـتم لەسـەرەتاوە، کـە نامەکـە بـەم شـێوەیە نووسرابـوو (سـڵاو زانـای میمکـە فاتـەم کۆچـی دوای کـرد بەداخـەوە) منیـش ووشـەی (زانای)یـم نەبینـی و هـەروام زانـی میمکـە فاتمەمـە! ئـەو میمکـەی کـە کەسـێکە مەگـەر کەسـێك بیناسـێت لـە ووشـەکانم تێبـگات، یەك پارچـە کانگای خۆشەویسـتی و سـۆزو بەزەییـە، وە گشـت منداڵەکانیشـی وێنـەی خـۆی تێـدا دەبینرێـت، دوای گریانێکـی زۆری بەکـوڵ و بیرکردنـەوەی بیرەوەریەکانـم لەگـەڵ میمکـی بـە بەزەیمـدا هەرچەنـد ڕقـم لـە تەلەفۆنەکـەش دەبوویـەوە، دەسـتم دایـەو تەلەفۆنـم کـرد بـۆ چۆنیەتـی کۆچەکـەی، یەکەمجـار ویسـتم تەلەفـۆن بـۆ زانـا خـۆی بکـەم! بـەڵام کـە سـەیری ژمارەکەیـم کـرد بـە کـۆدەوە خـەزن نەکرابـوو منیـش بەهـۆی سـایەقی کردنـەوە نەمدەتوانـی کۆدەکـەی بۆ دابنێـم ووتم دەی دواتـر تەلەفـۆن بـۆ خـۆی دەکـەم! نەمزانـی ئیـتر تەلەفۆنەکـەی بـە هەمیشـەی داخـراوە، بەیەکجـاری حەپەسـام کـە ووتیـان لـە ڕووداوی هاتووچـۆدا بـووە،

منیش ووتم کێی لەگەڵ بوو؟ ووتیان تەنها خۆی بووە!، ئەوان نەیان زانیووە من نامەکەم بە هەڵە خوێندووەتەوەو، منیش تێ نەدەگەشتم ئەوان چ دەڵێن! بە دەم پرمەی گریان و پڕ لە خەفەتەوە ووتم ئەی؟ ئەو کەی سایەقە؟! ووتیان زانا زانا، ئیتر تا ئێستە ئەو دەنگە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە زانا زانا...منیش هەر ڕەحمی خوای گەورە نەیهێشت بە هەمان شێوەی ئەو تێدا بچم زۆر بە خێرای و بەبەرچاوی ڕەش و گریانەوە بە خێرای لام داوە کەناری جادەکەو ڕاوەستام تا تۆزێك هێور ببمەوە... گەشتنم بەماڵیش جیاواز لە جاران دەستی پێکردوو کوڕو کچەکەم لەبری پێکەنین بە دەمیانەوە بە گریان باوەشم پێداکردن، محەمەدیش بەتەواوی تێگەشت کە مردن چی یەو دێتەلامەوەو دەڵێ من حەزناکەم بمرێت، هەرکەس دێت بۆ ماڵمان بۆ سەرەخۆشی محەمەد پێی دەڵێ مرد عومەر دەگرێ.

ئیتر تا ئەم ساتە گوێم بەناوی زانا دەزرنگێتەوە، وە لەگەڵ هیچ کەسێکی خۆشمدا تا ئێستە ناتوانم باسی ئەو بکەم و کۆتای بە باسەکە بهێنم، زۆرم لەخۆ کرد هیچ نەبێت دڵ نەوای خوشکەکەی بکەم کە لە ئەڵمانیایە، زۆر خۆم ئاسایی کردەوە کە خۆم بگرم و ئاسایی خۆم نیشان بدەم و وەك مەلایەك قسە بکەم، بەڵام هەر دوای سەلام مەلاکە گۆڕا بە منداڵێك و دوای ماوەیەك تەلەفۆنەکەم بەدەست خیزانمەوە بینی، کە ئامۆزاکەم لە نەرویجەوە تەلەفۆنی بۆ کردم بەسەلام دەستی پێکردوو بە گریان کۆتایی پێهات.

هەرگیز ئەو ڕۆژەم لەیاد ناچێت کە پێش چەند ڕۆژێك گەڕانەوەم لە کوردستان دەعوەتێکی نا ئاسایی ڕێکخستبوو لە ماڵی خۆیاندا کۆمەڵێك عائیلەی زۆر بەبێ هیچ موناسەبەتێك وەك بڵێی ئیتر ئەوە کۆتا بینینە،

وەك ئـەوەی خەبەرێكـی پێگەشـتبێت و بیەوێـت بەخۆشـی ماڵئاوایـمان لـێ بـكات، لـە كۆبوونەوەكـەدا ڕوویـان كـردە مـن و هەوڵـدان لەگەڵمـدا كـە چیـتر نەگەڕێمـەوە بـۆ بەریتانیـا، زۆر قسـەیان كـرد، ئەویـش تەنهـا ئـەوەی ووت مـەلا عومـەر كـورە بـۆ كـوێ دەچیتـەوە دونیـا هـەر مردنـە دانیشـە. كەسێكی سـادە دەم بـە پێكەنیـن و سـوعبەت، هەرگیـز باوەڕناكـەم بـە سوعبەتیشـەوە ڕۆژێـك لـە ڕۆژان دڵـی كەسـێكی نیگـەران كردبێـت، تـا ئـەم سـاتەش بیـر دەكەمـەوە ئەگـەر ڕۆژێـك لـە ڕۆژان دڵی عاجـز كردبێتم یان شـتێكی سـلبی بهێنمە یادی خـۆم بـۆ ئـەوەی كەمێـك لـە ئازارەكانمـی پـێ كـەم بكـەم، بـەڵام هیـچ شـتێكی نـی یـەو ئەمـەش وام لێـدەكات ئـازارەكان دیسـان زیاتـر ببێـت. یادگاریـەكان تـا ئێسـتە هەمـووی خۆشـی بـووە لەگەڵیـداو لـە ئێسـتەودوا بیركردنـەوە لـەو یادەوەریـە خۆشـیانە جگـە لـە نیگەرانـی و كولانـەوەی زامەكانـە هیچـی تـر نابێـت. كەسـانێك هـەن هـەر هەڵپەیانـەو بـەم دەسـت و بـەو دەسـت بـە حـەڵاڵ و حـەرام لـە هەموولایـەك دەپچـڕن بـۆ خۆیـان! ئەویـش لـە خانوویەكدا كـە بـە سـەوزە فرۆشـی و شـەونخونی و سـەرماو گەرمـا دروسـتی كردبـوو ژێرەكـەی تەرخـان كردبـوو بـۆ مامۆژنەكـەی و وەك دایكـی خـۆی بەخێـوی دەكـرد، بـە منیشـی دەووت ئەگـەر براكـەم لـە ئەڵمانیـا بگەڕێتـەوە لەسـەرەوە خانوویەكـی بـۆ دروسـت دەكـەم، چاكـەو پیاوەتـی و حـەزی چاكەكـردن لـە ژیانیـدا ڕەنگـی دابوویـەوە، ئـەو خوێندنێكـی وای نەخوێندبـوو بـەڵام بەقـەدەر مامۆسـتایەكی زانكـۆ وانـە لـە كردارەكانـی دەبـاری، ئـەو شـارەزایەكی وای ئاینـی نەبـوو، بـەڵام بەقـەدەر مەلایەكـی عەمامـە پاك وانـەی ئاینـی بـە كـردارە شـەرعیەكانی فێـر دەكـردی، ئـەو دەوڵەمەندێكـی دونیایـی نەبـوو، بـەڵام كـە لەگەڵیـدا دادەنیشـتی وات دەزانـی سـەروەتی دونیـا هەمـووی هـی ئـەوە، ئـەو خـۆی زۆرسـەرقاڵ بـوو بـە مـاڵ و منـداڵ و مامۆژنەكـەی و كاسـبی حەڵاڵـی

خۆیەوە، بەڵام بۆ کاری خەڵکی وات دەزانی بێ ئیشێکەو لەبنی دیواردا دانیشتووە،ئەو بۆ ماڵەوەیان چەترێکی زۆر گەورە بوو کە دەچوو بەشوین خوشك و براکانیدا لە زانکۆو دەیهێنانەوە نەتدەوت ئەم گەنجە خاوەن ماڵەو بەرپرسیاریەتی تری لەسەرە ئەوەندە بە حەماس بوو بۆ ماڵ باوك و خوشك و براکانی، ئەو کە لەگەڵیدا دادەنیشتیت هەستت بە ئارامی دەکرد، کە خوا حافیزیت دەکردوو دەڕۆشتیت هەستت نەدەکرد هیچ تاوانێکت کردووە وەك ئەوەی زۆرکەس لەم ڕۆژەدا ئەوەندە زەمی ئەم و ئەو دەکەن لاتا بە کۆڵێ تاوانەوە هەڵدەستیت لای، ئەو ڕق و کینەی نەدەزانی چی یەو هەستی تۆڵەی هەرگیز تێدا نەبوو، ئەو هەرناوێك خۆشبوایە بۆ بەرانبەر بەکاری دەهێناو دەستەواژەی خۆشەویستی تێدا بەکار دەهێنا، بانگی دەکردم مەلای برام، یان مەلا گیان، بە باوکمی دەگوت لالە عەلیم، ئەو...ئەو...

بە دڵێکی پڕغەم و پەژارەوەو بە ڕازی بوون بە قەدەری خوای گەورە دەڵێم انا للە وانا اللە راجعون

دڵخۆشیشم لەلایەکەوە بەوە کە کەسێکی چاکەکار بووەو لەگەڵ ئەزیەت و ناڕەحەتیەکانی دونیاشەوەو بە کاسبێەکی ناڕەحەت لەگەڵیدا دینی خۆی پاراستبوو، زۆر باوەڕی بەخوای گەورە پتەو بوو، زۆر دڵی بە عەمرەکەی خۆش بوو کە تازە کردبووی، کە پێم دەگەشت زۆرجار باسی عەمرەکەی بۆ دەکردم و ئارەزووی دووبارە چوونەوەو حەجیشی زۆر هەبوو، ئومێد دەکەم و داوام لە خوای گەورە هەیە کە تەنها ئێمە دڵمان تەنگ بێت و زانا گیان ئێستە تۆ لە جێگەیەکی زۆر خۆشدا بیت.

وە داواشم لە خوینەران ئەوەیە لە دوعای خێر بێ بەشی نەکەن. چونکە پێغەمبەر (ص) فەرموویەتی دوعای باوەڕدار بۆ باوەڕدار بەشێوەیەکی

نهێنــی وەرگیــراوە. منیــش دەڵێــم خوایــە گیــان دوعاکانمــان لــێ وەرگریــت و ئــەم شــاهیدیەکی ئێمــەش لەســەرچاکی کاکــە زانــا قبــوڵ بکەیــت، وەك پێغەمبــەر (ص) فەرموویەتــی باســی چاکــەی مردووەکانتــان بکــەن.

## گـەشـت و گـوزاری شـەرعـی

سروشــتی مرۆڤــەکان وەهایــە حــەزی لــە گۆڕانــکاری و شــتی جیــاوازە، حــەز بــەوە نــاکات بەبەردەوامــی لــە دۆخێکــی نەگــۆڕدا بمێنێتــەوە، مەگــەر کەســێك لــەو سروشــتە ڕۆشــتبێتە درەوە، ئەوســا ئەویــش یــان ئەوانیــش وەك مرۆڤانێکــی ئاســایی و تەندروســت ســەیر ناکرێــن و پێویســتیان بــە چارەســەر دەبێــت.

ئاینــی ڕاســتی ئیســلامیش وەك شــارەزایەك بــە حــەزی مرۆڤــەکان هەرگیــز دژایەتیــان نــاکات و نەبووەتــە ڕێگــر لــە ئاســت مراندنــی ئــەو حەزانــەدا، هەربۆیــە دەبینیــن بەشــێوەیەکی سروشــتیانەش ئیســلام مامەڵــەی لەگەڵــدا کــردوون و یاســاو ڕێســای تایبەتــی بــۆ دانــاون، چونکــە نەبوونــی یاســاو ڕێســا وەیــان ڕینموونــی پێویســت لەســەر کارەکان زۆرجــار وا دەکات ئــەو حــەزە سروشــتیە بــە دۆخێکــی ناسروشــتدا ببــات و ئەوســا کەســەکە وەیــان کەســەکان دەخاتــە ئــەو چوارچێــوەوە کــەوا پێویســتیان بــە چارەســەر دەبێــت.

حــەزی گەشــت و گــوزارو گــەڕان بــە جێگــە جیــا جیاکانــدا سروشــتی مرۆڤەکان بــۆلای خــۆی ڕادەکێشــێت، بــە تایبــەت لــە وەرزی بەهــاردا کــە دەشــت و کێــو ســەوز دەبێــت و گۆڕانێکــی ئاشــکرا لــە چــواردەوردا دەبینرێــت، دوای چەنــد مانگێــك لــە ڕەشــی دەشــت و کێــوو ســەرماو ســۆڵە مرۆڤــەکان تووشــی جۆرێــك

لـه بێـزاری دەکات، وە وا دەخوازرێـت جـار جـارە بـۆ گەشـت و گـوزار حـەزی چوونـە دەرەوە دروسـت ببێـت.
لەبـەر هـۆکاری کـرداری زۆری ناشـەرعی و دەرچـوون لـە سروشـتە ئاساییەکە، زۆرێکـی بـە هەڵـەدا بـردووەو بەجۆرێـك لـە جـۆرەکان دژایەتـی ئـەو کەسـانە دەکـەن کـەوا دەردەچـن، بـەڵام ئەمـە ئـەوە ناسـەلمێنێت کـەوا ڕۆشـتنە درەوە بـە مەبەسـتی گەشـت و گـۆزار کارێکـی ناشـەرعی بێـت، بەڵکـو کـرداری ناشـەرعی کەسـەکان ئـەو سروشـتە ئاسـاییە ناشـەرعی دەکات، وەگەرنـا خـۆی بـۆ خـۆی بـە شـێوە سروشـتیەکە کارێکـی ئاسـایی و ڕێگـە پێـدراوە.
هـەروەك چـۆن مرۆڤـەکان خۆشـیان بـۆ خۆیـان و هەتـا بـە بـێ ئاینیـش هەرکەسـەو کۆمەڵێـك کاری تایبەتـی خـۆی بەخـۆی هەیـەو تێیـدا کاری گرنـگ و گرنگـتر هەیـە، لـە گشـت کـردارە ئیسلامیەکانیشـدا بەهەمـان شـێوە، چـۆن دەکرێـت ئاینێکـی پتـەو کامـل ڕەچـاوی کارەکانـی پلـە بەنـدی نەکردبێـت.
ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ سـەرچاوە قورئانیـەکان و گەلانـی پێـش خۆمـان دەبینیـن گەشـت و گوزاریـان کـردووە بـۆ ئـەو مەبەسـتە ڕۆشـتوونەتە دەرەوە.
ئەوەتـا لـە چیرۆکـی یوسـف سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت قورئـان بۆمـان دەگێڕێتـەوە کـە براکانـی یوسـف داوایـان لـە باوکیـان کـردووە کـە یوسـفیان لەگەڵـدا بنێرێـت بـۆ سـەفەرو گەشـت و گـوزارو یـاری کـردن و خۆشـی.
{أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَداً يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ}
ڕەخنـە لـە گەشـتەکەش وەك خۆشـی و سـەیران کـردن قورئـان نکۆڵـی لـێ نەکـردووە، بەڵکـو کێشـەکە لـەوەدا بـووە خیانەتیـان لـە براکـەی خۆیـان کـردووە، ئەمـەش جێگـەی مشـتومڕو بیرکردنـەوەی ئەرێنیـە لەسـەر گەشـت

و گوزارەکـە، کـردارە دزێوەکـە کارە سروشـتیەکەی تێکـداوە، کەسـێك دەچێـت بـۆ سـەیران و خۆشـی سـەیران و خۆشـیەکە گرفتـی تێـدا نـی یـە گرفـت لەوەدایـە زەفـەر بـە براکـەت نەبەیـت، گرفـت لەوەدایـە بەچـاوی خیانەتـەوە سـەیری کەسـی تـر نەکەیـت، گرفـت لەوەدایـە تێکەڵـی و کاری ناشـەرعی تێـدا نەکەیـت، گرفـت لەوەدایـە شـتی حـەرام لـەوێ نەخۆیـت و نەخۆیتـەوە، گرفـت لەوەدایـە نوێژەکانتـی لەسـەر دانەنێـت، گرفـت لەوەدایـە کاری گرنگـتر بەهۆیـەوە لەدەسـت نەدەیـت، گرفـت لەوەدایـە هەمـوو کاتەکانـت هـەر بـە سـەفەرەو سـیاحەتەوە نەکوژێـت.

لـە ئیسـلامدا پارسـەنگی هەیـەو یەکێکـە لـە تایبەتمەندیەکانـی ئیسـلامیش، هەربۆیـە گرنگـە ئـەو پارسـەنگیە لـە کردارەکانمانـدا بپارێـزن و هەمـوو شـت بـە گوێـرەو ئاسـتی خـۆی مافـی خـۆی پـێ بدەیـن، وەك لـە فەرموودەیەکیشـدا هاتـووە:

{إن لنفسـك عليـك حقـاً، وإن لربـك عليـك حقـاً، وإن لضيفـك عليـك حقـاً، وإن لأهلـك عليـك حقـاً، فاعـط كل ذي حـق حقـه} [5]

ئـەوەی گرنگـە لـە سـەفەرەو سـیاحەت و چوونـە دەرەوەدا ڕەچـاو بکرێـت لـە چەنـد خاڵێکـدا ڕوونیـان دەکەینـەوە واتـە چوارچێـوە شـەرعیەکەی:

یەکـەم: گرنگـی دان بـە کات و تەمـەن: تەمـەن کورتـە وە کات گرنگـە، چونکـە ئاشـکرایە خـوای گـەورە مرۆڤەکانـی بـۆ عیبـادەت دروسـت کـردووەو گرنگـە سـەفەرەکانیش بکرێـت بـە بەشـێك لـە عیبـادەت، نـەك لەبیـر چوونـەوەی خـوای گـەورەو فەرامۆشـکردنی کارە شـەرعیەکان.

خوای گەورەش دەفەرمویت

{وهو الذي جعل الليل والنهار خلفة لمن أراد أن يذّكر أو أراد شكوراً}

دووهـەم: گرنگـی دان بـە کارو بەرهـەم هێنـان، هەنێـك کـەس کـە بەهـار

هـات ئیـتر هەرچـی کار هەیـە پشـتگوێی دەخـات و کاتەکانـی هەمـووی بـە سـەفرەو سـیاحەت و هـەر ڕۆژەو بـۆ شـوێنێك دەرچـوون دەدات، هەندێـك لـە گەنجـان بـاوك و دایکیـان لەبیـر دەکـەن و یارمەتیـان نـادەن، ئەمەیـە لـە شـەرعدا ڕێگـە پـێ نـەدراوە بەهـۆی کارێکـەوە کارێکـی گرنگـتر لـە دەسـت بدەیـت، چەندەهـا ئایەتـی قورئانـی هەیـە هانمـان دەدات بـۆ کارکـردن و گرنگـی دان پێـوەی:

}وقل اعملوا فسيرى الله عملكم ورسوله والمؤمنون{

}هو الذي جعل لكم الأرض ذلولاً فامشوا في مناكبها وكلوا من رزقه{

}هل جزاء الإحسان إلا الإحسان{

}هل تجزون إلا ما كنتم تعملون{

}يايحيى خذ الكتاب بقوة{

}وسخر لكم ما في السماوات وما في الأرض جميعاً منه{

هەروەها لە فەرموودەدا

)[6]المؤمن القوي خير وأحب إلى الله من المؤمن الضعيف(

)[7]إن الله يحب إذا عمل أحدكم عملاً أن يتقنه(

)[8]إذا قامـت وفي يـد أحدكـم فسـيلة فـإن اسـتطاع أن لا تقـوم إلا أن يغرسـها فليغرسـها(

هەروەهـا چەندەهـا ئایـەت و فەرمـوودەی تـر لـەو بارەیـەوە هـەن، لـە ژێـر ڕۆشـنایەی ئـەو دەقـە شـەرعیانەدا دەتوانـن ڕەوایەتـی سـەفرەو سـیاحەت و کەیـف و خۆشـی بـە ڕەچاوکردنـی چەنـد خاڵێـك بخەینـە ڕوو:

یەکـەم: لـە دەسـت نەدانـی یـان دوا نەخسـتی عیبادەتـەکان، بـە داخـەوە هەندێـك لـە بەهـارداو بـە بیانـوی سـەفرەو سـیاحەتەوە نوێژەکانـی لـە دەسـت دەدات وەیـان هەندێـك جـار هەتـا نوێـژی هەینیـش لـە دەسـت

دەدات و کەمتەرخـەم دەبێـت لـە ئاسـتیدا، گرنگـە ئەوانـەی کـە سـەفرە دەکـەن بـە تایبـەت لـە ڕۆژانـی هەینیـدا ئاگایـان لـە نوێـژی هەینیەکـە بێـت و بـۆ نوێـژی هەینـی بـڕۆن بـۆ نزیکتریـن جێگـە کـە نوێـژی هەینـی تێـدا بکرێـت.

دووهەم: کاتی زۆرو بێ سوود بەهۆی سەفرەوە نەکوژرێت.

سـێهەم: کاتـەکان شـتی بـە سـوودی تێـدا بکرێـت زۆر باشـە، واتـە بەرنامـە ڕێـژی تێـدا بێـت.

چوارەم: بەهۆیەوە کاری گرنگتر لە سەفرەکە پشتگوێ نەخات.

پێنجـەم: لەگـەڵ هاوڕێـی باشـدا بـۆ سـەفرەو سـیاحەت بکـەن و نزیکـی کەسـی خـراپ و قومارچـی و مـەشروب خـۆر مەکـەون.

مرۆڤـی مسـوڵمان خاوەنـی پەیامـەو پەیامەکـەی گرنگـە لـە گشـت جێگەکانـدا لەبیـر بێـت و خۆشـیەکی کاتـی ئاینەکـەی لەبیـر نەباتـەوە، گـەڕان بـە دەشـت و دەرو ووردبوونـەوە لـە دروسـتکراوەکانی خـوای گـەورەو تێڕامـان لـە گرنگیـان بـە عیبادەتـی گـەورەی دەنووسرێـت.

# ڕووناکی

ڕووناکی خۆشه که له دڵدا بێ
قازانجی نیه که له ڕوودابێ

که له ڕوودا بوو ڕووپامای یه
که له دڵدا بوو خۆش گوزەرانی یه

جا ئه بێ ئه وەش زۆر چاك بزانی
دڵ ڕووناك نابێ گەر ئیمان نەبێ
ئیمانیش نابێ گەر عەمەل نەبێ

جا که هەردوو بوون ئەوسا تەواوە
که تەواویش بوو شوکر له دواوە .

تەنهایی

ئیستە من تە نهام کەس نی یە لەگەڵم
هیچ پەنام نی یە پەنای پێ بەرم
پەنام هەر خوایەو خوای پەروەردگار
هەر ئەویش باشە بۆ پەنای هەموان
چونکه هەرکەسێك پەنا ببەرێ
پەنای ئەو نەبێ و غەیری ئەو بەرێ
ئەو پەنا پوچەو عاقیبەت شەڕە
له ئاخیرەتدا بێ پەناو کەسە

جا ئێستە دەڵێم خوای پەروەردگار
من پەنام تۆیەو غەیری تۆ هیچ کار
تۆش پەنام بدەی بگەی بە فریام
نەجاتم بدەی لە هەموو غوڵام
٢٠٠١ لەندەن

بسم الله الرحمن الرحيم
الحمدلله وصلاة وسلام على رسول لله محمد وعلى اله وصحبه ومن واله.
ربنا لا تزيغ قلبنا بعد اذ هديتنا وهب لنا من لدنك رحمة انك انت الوهاب.
٦٩ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ ءَاذَوۡاْ مُوسَىٰ فَبَرَّأَهُ ٱللَّهُ مِمَّا قَالُواْۚ وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهٗا, الأحزاب
ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە: وەکو ئەوانە مەبن کە ئازاری موسایان دا (تۆمەتیان بۆ دروستکرد، بوختانیان بۆ هەڵبەست) خوای گەورەش (لەو تۆمەت و بوختانەیان) پاراستی و پاکیی ئاشکرا کرد وە ئەو لای خوا زۆر بەڕێزو ئازیزە
٧٠ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا
ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە لە خوا بترسن و پارێزکاربن، هەمیشە قسە و گوفتاری بەجێ و بەسوود بکەن.
٧١ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا
(ئەوسا ئیتر) کردەوەکانتان چاك و بەجێ و پەسەند دەکات، لەگوناهەکانیشتان خۆش دەبێت، جا ئەوەی فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەرەکەی بێت، ئەوە ئیتر سەرکەوتن و سەرفەرازیەکی بێ ئەندازەو بێ سنووری بەدەست هێناوە.

[من يضمن لي ما بين لحييه و ما بين فرجيه أضمن له الجنة] أخرجه البخاري.
واخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين

بسم الله الرحمن الرحيم
الحمدلله وصلاة وسلام على رسول لله محمد وعلى اله وصحبه ومن واله.
ربنا لا تزيغ قلبنا بعد اذ هديتنا وهب لنا من لدنك رحمة انك انت الوهاب

إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ، الاحقاف ١٣
بەڕاستی ئەوانەی کەدەڵێن : پەروەردگارمان الله یەو، پاشان پابەندی ئەو ئیمانە دەبن وڕاست ورەوان پەیڕەوی دەکەن و لەسەری بەردەوامن، ئەوانەهیچ جۆرە ترس و بیمێکیان لەسەر نی یە و دڵتەنگ نابن
أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ خَٰلِدِينَ فِيهَا جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ، الاحقاف ١٤
ئەوانە بەهەشتین و ژیانی نەمریی تیایدا دەبەنەسەر، لەپاداشتی ئەو
إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَبۡشِرُواْ بِٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ ،فصلت ٣٠ کاروکردەوانەدا کەئەنجامیان دەدا.
ئەوانەی بەڕاستی وتیان: پەروەردگارمان (الله) یە، لەوەودوا بەردەوام پابەندی ئەو ڕێبازە ڕاستە بوون، ئەوە لە سەرەمەرگدا دەستە دەستە فریشتە دادەبەزن بۆلایان، پێیان دەڵێن: هیچ ترس و بیمێکتان نەبێت

لـه داهاتـووو، هیـچ غـەم و پەژارەیەکتـان نەبێـت بـۆ ڕابـردوو، مژدەتـان لـێ بێـت بـەو بەهەشـتەی کـە لـە کاتـی خـۆی بەڵێنتـان پـێ دەدرا...

نَحۡنُ أَوۡلِيَآؤُكُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَشۡتَهِيٓ أَنفُسُكُمۡ وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ، فصلت ٣١

(خـوای گـەورە و فریشـتەکانیش دەفەرمـوون): ئێمـە یـارو یـاوەرو هـاوکارو پشـتیوانی ئێوەیـن لـە ژیانـی دنیـا و قیامەتیشـدا مژدەتـان لـێ بێـت لـە بەهەشـتدا هەرچـی ئـارەزووی دەکـەن و داوای دەکـەن بۆتـان ئامادەیـە...

جـاء رجـل إلى النبـي - صـلى اللـه عليـه وسـلم – فقـال: «مـرني بأمـر في الإسـلام لا أسـأل عنـه أحـدا بعـدك، فقـال النبـي - صـلى اللـه عليـه وسـلم - (قـل آمنـت باللـه ثـم اسـتقم)

واخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين

الإعجاز مشتق من العجز.
والعجز: الضعف أو عدم القدرة.
والإعجاز مصدره أعجز: وهو بمعنى الفوت والسبق.
والمعجزة في اصطلاح العلماء: أمر خارق للعادة، مقرون بالتحدي، سالم من المعارضة.
وإعجاز القرآن : يقصد به: إعجاز القرآن الناس أن يأتوا بمثله. أي نسبة العجز إلى الناس بسبب عدم قدرتهم على الآتيان بمثله.
وقد تحدى الله المشركين أن يأتوا بمثل القرآن أو أن يأتوا بعشر سور من مثله ، فعجز عن ذلك بلغاء العرب، وأذعنوا لبلاغته وبيانه وشهدوا له بالإعجاز، ومازال التحدي قائما لكل الإنس والجن.
((أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُواْ بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ وَادْعُواْ مَنِ اسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ اللّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ)). سورة هود آية ١٣
((قُل لَّئِنِ اجْتَمَعَتِ الإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَن يَأْتُواْ بِمِثْلِ هَـذَا الْقُرْآنِ لاَ يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيراً)). سورة الإسراء آية٨٨

# ئیعجازی زیندوو بوونەوە نموونەی پەنجەمۆر

أَيَحْسَبُ الْإِنسَانُ أَلَّن نَّجْمَعَ عِظَامَه ٣
دەشـتوانین پێشـەو سـەرپەنجەکانی مـرۆڤ سـاز بکەینـەوە: أیحسـب الإنسـان أن لـن نجمـع عظامـه ئایـا ئادەمیـی پێـی وایـە کـە هەرگیـز ئێسـکە (رزیوەکانـی) پـاش مـردن کۆناکەینـەوە ؟! (عەدیـی کـوڕی رەبیعـە) بەپێغەمبـەری وت: (صلـی اللـە علیـە و سـلم) رۆژی قیامـەت چۆنـە؟ کـەی دێـت..؟ چـۆن دەبێـت..؟ پەیامبـەر (صلـی اللـە علیـە و سـلم) بەدرێـژی بـۆی باسـکردو، (عەدی)یـش وتـی: ئەگـەر بەچاویـش بیبینـم هـەر بـڕوات پـێ ناکـەم! وەگوتـی: باشـە ئاخـر پێـم ناڵێیـت خـوا ئـەو ئێسـکە رزیوانـە چـۆن کۆدەکاتـەوە..؟ جـا بـۆ دووپاتکردنـەوەی ئـەو رووداوە ئـەو ئایەتـە هاتـە خـوارەوە فەرمـووی:
بَلَىٰ قَادِرِينَ عَلَىٰ أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُ ٤
بەڵـێ ئێمـە بەتواناییـن کـە تەنانـەت نەخشـە و خەتـی سـەر پەنجەکانیشـی وەکـو خـۆی ڕێـك و پێـك بکەینـەوە، بـە هەمـوو نەخـش و نهێنیەکانیـەوە، لەکاتێـکا نەخشـەی سـەرپەنجەی هیـچ کەسـێ لەهـی کەسێکیتر ناچـێ، دەتوانیـت بـۆ پـتر وردەکاریـی ئـەو ڕاسـتیە سـەرێك لەکتێبـی: (وتـەی زاناکان و بـاوەڕ بەخـوا) بدەیـت.
و اخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمین

## ڕەواندنەوەی گومان لەسەر ٢ ئایەتی قورئانی پیرۆز

زۆرن ئەو کەسانەی شەمشەمە کوێرە ئاسان و چاویان بە ڕۆژ هەڵنایەت!. خۆیان هیچ نین و دەیانەوێت خەڵکیش خۆیان ئاسا بن!. هەموو بەهاو ڕەوشتێکی بەرزیان خستۆتە ئەولاوە بۆ بەرژەوەندی ناڕەواو، وە خۆ دەرخستن!. توتی ئاسان بەناو نوێ گەرییەوە!. لە ڕاستی تێناگەن و بەرەنگاری دەکەن!. خۆ پەرستن و مێشکی تێگەشتنیان بەدەستی خۆیان داخستووە!. شەڕی خۆیان بەکەسانی تر دەفرۆشن!. عەرەبی نازانن و بەرەنگاری «سیبەوەی» دەکەن!. هیچ تەفسیرێکیان نەخوێندوەتەوەو خۆیان بە تەبەری و ئیبن کەسیر ناگۆڕنەوە!. قورئان بە دانراو دەزانن و، ئایەتێکیشیان پێ دانانرێت!. قورئان بە ئەفسانە دەزانن و، بەخەو مەتەڵیش سەرسام دەبن!. بانگەشە بۆ شتانێك دەکەن کە خۆشیان پێی ڕازی نین!. داوای مافی ئافرەتان دەکەن و، بازرگانی بە مافی ئافرەتانەوە دەکەن!. بانگەشە بۆ مافی مرۆڤ دەکەن و، مافی مرۆڤیش پێشێل دەکەن!. لافی ئازادی لێ دەدەن و ئازادی بەرانبەر پێشێل دەکەن!. خوایان بە خوا قبوڵ نی یە مرۆڤ دەکەنە خوای خۆیان!. بە موو بە گوێی خوا ناکەن و بە مووش لە فەرمانی گەورەکانیان لا نادەن!. بەناو کوردایەتی دەکەن و بە هەزارەها کورد دەکەنە دوژمنی خۆیان!. باسی گەندەڵی دەکەن و لەخۆیان گەندەڵ تریش نی یە!. بانگەشە بۆ خوێندن دەکەن و، خۆشیان خوێندەواریان نی یە!.

هەموو ئەو وتانەی سەرەوە پێم باش بوو هەروەك پێشەکیەك بێت بۆ چوونە ناو باسەکەوە. بێگومان ئەوانەی کە دژ لە قورئان و ئیسلام دەدوێت بە ناڕەوا کەم تازۆری هەموو ئەوشتانەی باسمان کرد تێیاندایە.

نمونـەی کەسـیش زۆرن. زۆر بەداخـەوە کەسـانێك کۆمەڵـە قسـەیەك بووەتـە ویـردی سـەر زمانیـان و هـەردەم دەیڵێنـەوە وەك وا بێـت شـتێکی زۆر گرنگیـان بەرهـەم هێنـا بێـت؟! بـەو جـۆرە ووتانـە هـەم خۆیانـی پـێ ناشریـن دەکـەن وە هـەم ئـازاری بەرانبەریشـیان دەدەن!. مسـوڵمانان بـە دواکەوتـوو دەزانـن بەهـۆی وابەسـتە بوونیـان بـە قورئانـەوە کەچـی ژیانـی خۆیـان هـەر ئـەو کۆمەڵـە ووتەیـە هـەردەم دووبـارەی دەکەنـەوە. زۆر شـتم پێیـەو وەزۆرشـت بەردڵـی گرتـم بـە شـێوەیەك وا بەرەبەیانـە کاتژمێـر شـەش و نیـو وە هێشـتا نەخەوتـووم. دەچمـە نـاو باسـەکەمەوە کـە دووانـە لەسـەر کۆمەڵـە ئایەتێکـی پیـرۆزی قورئانـی کـە هـەردەم دوژمنانـی مسـوڵمان و حەقایەتـی، ئاینـی پیـرۆزی ئیسـلامی پـێ تاوانبـار دەکـەن. بـە پشـتیوانی خـوا یـەك بەیەکـی ئـەو ئایەتانەتـان بـۆ تەفسـیر دەکـەم بـە پشـت بەسـتن بـەو تەفسـیرانەی کـە جێگـەی متمانـەن لەوانـە: تەفسـیری ئیـبن کەسـیر، قورتوبـی، جەلالەیـن، تەبـەری. بـۆ ڕەواندنـەوەی ئـەو گومانـە ناشـیاوانەی کـە بەرانبـەر بـە قورئـان دەکرێـت بـە ئومێـدی ڕەواندنەوەیـان. بـۆ تەفسـیر کـردن و ڕاڤەکردنـی ئایەتەکانـی قورئـان بێگومـان کۆمەڵـە زانیاریـەك پێویسـتە لەوانـە:

١-زانینـی عەرەبیەکـی تـەواو بـە ڕێزمانیـەوە، بـەڵام ئـەو کۆمەڵـە نـەك هـەر عەربیـش نازانـن بەڵکـو حەرفـە جەڕەکانیشـیان نەبیسـتووە!.

٢-گەیشـتن لـە ئایەتەکـە وەیـان ئایەتـەکان بەشـێوەیەکی تـەواو،و وەك خـۆی، چونکـە ئاشـکرایە لـە ٨٠٪ ی قورئـان ڕوونـە بـەڵام لـە ٢٠٪ ڕون نییـە واتـە تێگەشـتنیان ئاسـان نـی یـە پێویسـتیان بـە ئیجتیهـاد هەیـە ئەویـش بـە زانـاو پسـپۆڕی خـۆی دەکرێـت نـەك دەم ڕووت!.

٢-زانینـی هـۆکاری دابەزینـی ئایەتەکـە وەیـان ئایەتـەکان، کـە ئەویـش

یارمەتـی دەرێکـە بـۆ گەشـتن لێـی، ناکرێـت بـێ ئـاگا بیـت لـە هـۆکاری دابەزینـی وەیـان دابەزینیـان و فەتـوای لەسـەر بدەیـت و خەڵکـی پـێ گومـڕا بکەیـن.

٣-زانینـی شـوێنی دابەزینـی ئایەتەکـە بـۆ نمونـە لـە مەککـە دابەزیـوە یـان لـە مەدینـە، وە زانینـی ئـەو شـتانەی کـە پەیوەسـن بەوانـەوە، بـۆ نمونـە ئایەتێـك لـە مەککـە دابەزیـوە چ حوکمێـك دەردەخـات وەهەروەهـا مەدینـە، ناکرێـت بـێ ئـاگا بیـت لەوانـەو بـە موسـەیتریوە قسـەی لەسـەر بکـەی!؟.

٤-ڕەچاوکردنـی پـاش و پێشـی ئایەتەکـە، ناکرێـت ئایەتێـك پەیوەنـدی بـە پێشـی وەیـان پاشـیەوە هەیـە بەتەنهـا حوکمـی لەسـەر بـەی. بـۆ نمونـە ئایەتـی ٤ی سـورەتی الماعـون کـە دەفەرمـوێ [فَوَيْـلٌ لِلْمُصَلِّـينَ] واتـە وەیـل بـۆ نوێـژ کـەران، دەی خـۆ گونجـاو نـی یـە نوێژکـەران توشـی ئـەو سـزا بـبن خـۆ ئەگـەر وابێـت دژایەتیەکـی لـە ئاینەکـە خۆیـدا دەبێـت ئـەو هەمـوو ئایـەت و فەرموودانـەی تـر کـە باسـی نوێـژ دەکـەن وە نوێـژ کۆڵەکـەی دینـە وەك لەنـاو خۆشـماندا هـەر بـەو شـێوەیە نـاسراوە، یەکـەم شـتێك کـە مـرۆڤ لـە گـۆڕدا پرسـیاری لـی دەکرێـت نوێـژە وەك لـە فەرمـوودە ڕاسـتەکاندا هاتـووە باسـەکە باسـی نوێـژ نـی یـە زۆر لەسـەری نـاڕۆم، بـەڵام ئـەم ئایەتـە پەیوەنـدی بـە پاشـییەوە هەیـە ئەویـش ئایەتـی ٥ی هەمـان سـورەتە کـە دەفەرمـوێ [الَّذِيـنَ هُـمْ عَـنْ صَلَاتِهِـمْ سَـاهُونَ] کـە مەبەسـت ئـەو نوێژکەرانەیـە کـە دووڕوون (المنافقـون) واتـە لـە ڕووەوە لەبەرچـاو خەڵکـی دا نوێـژ دەکـەن بـەڵام خۆیـان نوێژکـەر نیـن وەك ئیـبن عەبـاس ڕەزای خـوای لێبێـت دەفەرمـوێ لەتەفـسری ئیـبن کثیـردا. لەبیرمـە مامۆسـتایەك! لـە کوردسـتان لـە پۆلـدا ئـەو ئایەتـەی هێنابـووەوە بـۆ قوتابیـەکان و لۆمـەی کردبـوون لەسـەر نوێـژ کـردن!.

٥-زانینی ناسیخ و مەنسوخ ئەو حوکمانەی کە پەیوەستن پێوەی.
ئـەو خاڵانـەی سـەرەوە تەنهـا کەمێکـی زانیاریـن دەبیـت بزانرێـت ئەگـەر بێـت و سـەیرێکی پەرتوکـی (تعریـف الدارسـین، بمناهـج المفسـیرن) بکەیـن لـە نوسـینی دکتـۆر صـلاح عبـد الفتـاح الخالیـدی لـە لاپـەڕە ٥١وە تـا ٦٠ باسـی ئـەو زانیاریـە گرنگانـە دەکات بـۆ موفەسـیرتەنها سـەردێڕەکانیتان بـۆ دەنوسـم:
١-زانیـاری لەسـەر قورئـان. زۆر کـەس هەیـە هـەر نازانێـت بـە ڕاسـتی بیخوێنێتـەو ئـەوە باسـی زانیـاری تەجویـد هـەر مەپرسـە کەچـی تەفسـیر دەکات!.
٢-زانیـاری لەسـەر سـونەت. چونکـە پەیوەسـتە بـە قورئانـەوە نـەك نەزانـێ صحیـح و ضعیـف چـی یـە تەفسـیر بـکات ئـەو باسـی دەرهێنانـی فەرمـوودە (التخریـج) هـەر مەپرسـە کـە نەشـیان بیسـتووە لەوانەیـە وا تێبکـەن ئێسـتە ئێمـە باسـی فیلـم دەرهێنـان و کلیـپ بکەیـن!.
٣-زانیـاری لەسـەر ژیانـی پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت وە هەروەهـا ژیانـی هاوەڵەکانـی ڕەزای خوایـان لـێ بێـت. نـەوەك لەبـری ئەوانـە گۆرانـی بێـژان و یاریچیـەکان بناسـێت!.
٤-زانیـاری لەسـەر مێـژووی قورئـان. وەك لەسـەرەوەش ئاماژەمـان پێکـرد وەك مەککـی و مەدەنـی ناسـخ و مەنسـوخ و هـۆکاری دابەزینـی.
٥-زانیاری لەسەر بنەمای تەفسیری قورئان.
٦-زانیـاری لەسـەر عەرەبیەکـی ڕەوان. چونکـە قورئـان بـە عەرەبیـە بـەڵام بـۆ هەمـوو جیهـان نـەك هـەر بـۆ عـەرەب.
٧-زانیـاری لەسـەر ڕیزمانـی عەرەبـی (العلـم بالنحـو والـصرف). نـەك فیعـل و اسـم لێـك جیـا نەکاتـەوە.

**٨-زانیـاری لەسـەر بەلاغەتـی قورئـان (البلاغـة). نـەوەك نەزانـێ تشـبە و تمثیـل چـی یـە!.**
**٩-زانیـاری لەسـەر خوێندنەوەکانـی قورئـان (العلـم بالقـراءات القرآنیـة). نـەوەك هـەر یـەك خوێندنـەوەش نەزانـێ!.**
**١٠-زانیـاری لەسـەر بیـرو بـاوەڕی ئیسـلامی. بەلانـی کەمـەوە هـەر نەبێـت شـەرحی عەقیـدەی تەحـاوی بینـی بێـت نـەوەك بۆخـۆی عەقیدەیەکـی دانابێـت!**
**١١-زانیـاری لەسـەر ئوصوڵـی فیقـە. نـەوەك هـەر فیقەیـش نەزانـێ چ جـای ئوصـوڵ!.**
**١٢-زانیـاری لەسـەر مێـژووی نەفامـی و جاهیلـی عـەرەب پێـش ئیسـلام. نـەوەك خـۆی لـەوان نـەزان و جاهیـل تـر بێـت!.**
**١٣-زانیـاری لەسـەر مێـژووی گەلانـی پێشـوو. بـۆ نمونـە وەك گەلـی نـوح و ثمـود، هەروەهـا گەلـی فیرعـەو، نـەوەك خـۆی بۆخـۆی فیرعـەون بێـت!.**
**١٤-زانیـاری لەسـەر مەزهەبـە فیکریـە جیـاوازەکان. نـەوەك وابزانێـت ئێمـە گوێـزی بـۆ ئەژمێریـن!.**
**١٥-سـەقافەتێکی زانسـتی سـەردەمیانەی هەبێـت. نـەك سـەردەمیانە بـە کلیـپ و دەگـەو ڕەقـس بزانێـت!.**
**مەبەسـت لـە زانسـتی سـەردەمیانە ئـەم زانسـتانە دەگرێتـەوە: فەلـەك، طـب، ئابـوری، کۆمەڵـگا، سیاسـەت، کشـتوکاڵ، توجـارەت، زانیاریـە دەرونیـەکان، ڕاگەیانـدن، پەیوەندیـەکان، بنەماکانـی حوکم...تـاد. نـەوەك لەزمانـی دکتـۆرو دەرونـاس و ئەوانـەوە بـدوێ و خـۆی بۆخـۆی تەقـەی سـەری بێـت!. ئـەو خاڵانـەی سـەرەوە گرنگـە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە تەفسـیر دەکـەن. هەروەهـا کۆمەڵێـك خاڵـی تـر هەروەهـا گرنگـە کـە لـە خـو ڕەوشـی**

موفەسـیردا هەبـن بـە كورتـی ئاماژەیـان پـێ دەكەیـن هـەروەك لـە هەمـان پەرتوكـی دكتـۆری ناوبـراودا هاتـووە لاپـەڕە ٦١ تـا لاپـەڕە ٦٦.
١-دەبیـت موفەسـیری قورئـان بیـرو بـاوەڕی تـەواو ڕاسـتی هەبیـت. نـەوەك دژی بێت چونكـە بێگومـان ئەوكاتـە گـوێ نـادات وابێـت یـان نـە وەك دەبینین چـۆن ئـەم قورئانـە بووەتـە چقڵـی چاویـان و هـەردەم دژایەتـی دەكـەن!.
٢-دەبێـت پابەنـد بێـت بـە سـونەتی پێغەبـەر درودی خـوای لـێ بێـت وە هاوەڵانیـەوە ڕەزای خوایـان لـێ بێـت وە هەروەهـا ئەوانـەی دوای هـاوەڵان هاتـوون (التابعیـن) وە پیاوچـاكان (سـلف الصالـح).
٣-دەبێت بیرو بیركرنەوە تەواو بێت. نەوەك هەر بیری لای هورگی بێت!.
٤-نابێـت گاریگـەر بـوو بیت بەو بـە فكـرە جیـاوازەكان. وەك القدریـة، الرافضة، الخـوارج، المعتزیلة..هتـد. نـەوەك خـۆی بۆخـۆی لەوانـەش خراپـتر بێت!.
٥-دەبێـت متمانـەی بـە مسـوڵمانان هەبێـت. نـەوەك بەگومانـەوە بڕوانێتـە هەمـوو سـوڵمانان و خۆشـی پیـاوی ئەمـلاو لا بێـت!.
٦-نابێـت خاوەنـی هـەواو ئـارەزوو بێـت. نـەوەك هـەر هـەواو ئـارەزووی مەبەسـتی بێـت!.
٧-دەبێـت ڕاسـتگۆ بێـت لـە گـەڵ خـوادا لـە كردارەكانیـدا. نـەك نەزانێـت ڕاسـتی چـی یـە!.
٨-دەبێـت خـۆ بەكەمگـر بێـت لـەم دونیایـەدا. نـەوەك هـەر سـەیری ئاسـمان بـكات و خەڵـك بەكـەم بزانێـت!.
٩-دەبـێ بیـری لای دوا ڕۆژ بیـت. نـەك هـەر نەزانێـت ئـەم دونیـاش چـی یـە! هەمـووی بـە درۆ هەڵكـەوت بزانێـت، لەكاتێكـدا بچوكتریـن نمونـەی بـۆ بێنیتـەوە بڵێیـت ئەمـە هەڵكەوتـە دەڵـێ نـا نـا نـا چـۆن دەبێـت!.
١٠-ڕێـڕەوی قورئانـی گرتبێتـە بـەرو ئـەو ئاراسـتەی گرتبێـت. نـەوەك هـەردەم

لەبیـری دژایەتیـدا بێـت!.
١١-دەبێـت دوور بێـت لـە گوناهـو تـاوان و خـراپ و خراپـەکاری. نـەوەك خـۆی کانـگای تـاوان و خراپـەکاری بێـت!.
١٢-دەبێـت پێداگـر بێـت لەسـەر قورئـان، نـەوەك بـە پێچەوانـەوەو لەسـەر بنەمایەکـی هیـچ!.
١٣-دەبێـت خـۆ پارێـز بێـت لەوشـتانەی کـە قورئـان داوامـان لـێ دەکات خۆمانـی لـێ بپارێزیـن، لەوانـە خـۆش ویسـتنی دونیـاو هـەواو ئـارەزوو، خـۆ بـەزل زانیـن. نـەوەك خـۆی بـە پێغەمبەریـش دوردی خـوای لـێ بێـت نەگۆڕێتـەوە!.
١٤-دەبێـت بیـرو هۆشـی لەسـەر خـۆ بێـت، بـۆ نمونـە شـتی لەبیـر نەچێتـەوە، هـەردەم بیـری لـەلای خـۆی بێـت، وەڵامدانـەوەی تـەواو بێـت، ژیـری لەسـەر خـۆی بێـت. نـەوەك ئێسـتە قسـەیەکی بـۆ بکەیـت دوای کەمێـك هـەر وەك وابێـت ئەویـش نەبـوو بێـت و شـێت لـە چاویـا فەیلەسـوف بێـت!.
لەوانەیـە بڵێـن باشـە خـۆ ئـەم باسـە ڕەواندنـەوە هەندێـك گومـان بـوو لەسـەر هەندێـك ئایەتـی قورئانـی پیـرۆز کەچـی مانـدوو بوویـن لـە خوێندنـەوە هێشـتا نەگشـتیەنە هیـچ ئایەتێـك؟ لەوەڵامـدا دەڵێیـن گرنگـە ئـەو خاڵانەمـان لـە پێـش چـاو بێـت تـا چیـتر کەسـانیك نەتوانـن بـە قسـەی بریقوبـاق بێـن بـاس لـە قورئـان بـکات بـە گومـان خسـتنە دڵـی خەڵکـی یـەوە وە خۆشـی ئـاگاداری لـە دونیـا نەبیـت خۆتـان دەتوانـن دادگـەر بـن ئەگـەر گومانێکتـان بیسـت لەسـەر هـەر ئایەتێـك سـەیری گومـان دروسـتکەرەکە بکـەن بزانـن ئـەو خاڵانـەی تیایـە؟ خـۆ ئەگـەر وەڵامەکـەی نەخێـر بـوو ئـەی ئیـتر بـۆ گومـان دروسـت ببێـت؟. زۆر قسـەمان هەیـە لەسـەر ئـەو کەسـانەی کـە ئـەم جـۆر پروپاگەندانـە بـڵاو دەکەنـەوە وازی لـێ دەهێنیـن و دەڕۆینـە سـەر

هەندێك لەو ئایەتانە بۆ زیاتر تێگەشت و چونمان بەرەو قورئانی پیرۆز ئەو قورئامەی کە تاکە بەرنامەی خۆشنودی هەردوو دونیایە.
یەکێك لەو ئایەتانەی کە ئیسلامی پێ تاوانبار دەکەن ئەم ئایەتەیە:
[وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلَّا تَعُولُوا] النساء ٣ واتە: ئەگەر ترسان لە ئەنجام نەدانی دادپەروەری لەگەڵ کچە بێ باوکەکاندا (ئەگەر بیانکەنە هاوسەری خۆتان، ئەوە واز لە ئەوان بهێنن)،ئەوە لە ئافرەتانی تر کە حەڵاڵن بۆتان ژن مارە بکەن دوو دوو، یان سیان سیان، یان چوار چوار ،(ئەڵبەتە لەیەك هاوسەر زیاتر مەرج و بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە) خۆ ئەگەر ترسان لەوەی کە نەتوانن دارپەروەر بن (لە نێوان هاوسەرەکانتاندا) ئەوە با یەك ژن مارە بکەن، یان ئەو کەنیزەکانەی کە هەتانن (کە دیاردەیەکی کاتی بوو، ئیسلام بنەبڕی کرد)، ئەوەی کە باسکرا نزیکترە لەوەی ستەم نەکەن (ئەگەر پەیڕەوی بکەن) بڕوانە تەفسیری ئاسان.
کورتەی ئەم ئایەت ئەوەیە کە ڕێگە پێدراوە تا چوار ژن مارە بکرێت بەڵام بە مەرج ئەویش دادگەرییە لە نێوانیاندا. لەسەردەمی نەفامیدا ڕێژەی دیاری کراو نەبوو بۆ ژن هێنان کەسی وا هەبووە ٥٠ ژنی هەبووە! هەبوو زیاترو وە هەبوو کەمتی هەبووە، شەریعەتی ئیسلامی سنورێکی بۆ دانا ئەویش ٤ ژنە وە بەمەرج وەك لە ئایەتەکەدا دەردەکەوێت. دادگەری مەرجە وە هۆی نادادگەری لە نێوان ژندا سزای خوای گەورەی بە دواوەوەیە. هێنانی تا چوار ژن کۆمەڵێك گرفت چارەسەر دەکات وەك ئەو گرفتانە بە ئاشکرا دەبینرێن لەوانە: قەیرەی، بێوەژنی بێ سەرپەرشتیار، بنبڕ وەیان کەمکرنەوەی داوێن پیسی. لە زۆربەی

کۆمەڵگاکانـدا دەبینیـن ڕێـژەی ئافـرەت زۆرتـرە لـە پیـاو ئەویـش بەهـۆی کۆمەڵێـك هـۆکارەوە. ئـەو هەمـوو ئافرەتـە چ بکـەن؟ ئایـا ئـەو ئافرەتانـەی کـە دژی پیاوەکانیانـن لـەوەی ژنێکـی تـر بهێنـن ئەگـەر خۆیـان بخەیتـە جێگـەی ئـەو ئافرەتـەی کـە پیاوەکـەی دەیهێنـێ چ دەڵـێ؟ خـۆ ئەگـەر بڵێـن شـتێکی خراپـەو نابێـت خـۆ دەبـوو کـەس شـوی نەکردایـە بـە پیـاوی ژنـدار. ئافرەتێـك بـە تەنهایـی و لەگـەڵ مـاڵ باوکـی وەیـان بەتەنهـا بێـت باشـە وەیـان لەگـەڵ پیاوێـك کـە ژنێکـی هەیـە بـۆ نمونـە؟ کوڕێـك ویسـتی کچێکـی ئەمەریکـی بهێنـێ کـە تـازە مسـوڵمان بـوو بـوو کچەکـە بـە کوڕەکـەی ووت مـن تـۆم بـە دڵـە بـە هەمـوو شـیوەیەك بـەڵام تەنهـا مەرجێکـم هەیـە ئەویـش ووتـی مەرجەکـەت چـی یـە ووتـی ژنـی تـر نەهێنیتـە سـەرم ئەویش پێـی ووت مـن تەنهـا پرسـیارێکت لـێ دەکـەم ووتـی چـی یـە ووتـی باشـە تـۆ ئێسـتە پێـت باشـە شـوو بکەیـت بەمـن ئەگـەر ژنێکـی تریشـم هەبێـت وەیـان هـەروا بەبـێ مێـرد دابنیشـی هەمـوو ژیانـت وەڵامـی نەبـوو چونکـە پرسـیارەکە زۆر واقعـی بـوو. لـە ڕاسـتیدا فرەژنـی مافێکـی باشـە بـۆ ئافرەتـان وە ڕەحـم و بەزەیەکـی خـوای گەورەیـە، ئەگـەر بێـت و سـەیری پیـاو بکەیـن ناتوانێـت ژنێـك بهێنـێ کـە مێـردی ببێـت یانـی ژنێـك و دوو مێـرد کـۆ نابنـەوە وە ئەگـەر پیاوێـك لـە کۆمەڵگەیەکـدا ژیـاو ژنـەکان هەمـووی مێـردی بـوو دەبێـت ئـەم پیـاوە هەرچۆنێـك بـووە دان بـە خۆیـدا بگرێـت و هیـچ چارەسـەرێکی تـری نـی یـە چونکـە ناتوانێـت شـەراکەتی بـکات لەگـەڵ پیاوێکـی تـردا، بـەڵام ژنەکـە ئاسـاییە بـۆی. قسـە زۆرە لەسـەر ئـەم فـرە ژنیـە بـەڵام حـەز ناکـەم زۆر درێـژی بکەمـەوە بـەڵام ئەگـەر تێڕامانێـك بکەیـن لـە ژیـان و بارودۆخـی ئـەو کەسـو لایـەن و حیزبانـەی کـە دژ بـەم ئایەتـەن ئـەوان چیـان پێیـە بـۆ چارەسـەری کارێکـی وا. دەبینیـن زۆرێـك دژی فرەژنیـە بـەڵام خۆشـی زیاتـر

لـه چـوار ژنیشـی هەیـە!؟. دەبینیـن زۆرێـك دژی فرەژنیـە بـەڵام ژنەكـەی خـۆی پشـتگوێ خسـتووەو هـەر شـەوێك لەگـەڵ ئافرەتێكـدا دەخـەوێ! ئەمەیـە مافـی ئافـرەت لەهەمـوو لایەكـەوە سـوك و مافیـان پێشـێل دەكرێ لەلایـەك لەگـەڵ ئافرەتێـك كـە بـە پـارە یـان بـەدزی لەگەڵـی ڕادەبوێـرێ، لەلایـەك خیانەتـی لـە هاوسـەرەكەی خـۆی كـردووە كـە ئەمـە ئێسـتەی ئەوروپـاو ئەمەریـكاش قبوڵـی ناكـەن ئەوانـەی كـە هیـچ دینێكیشـیان نـی یـە وەیـان شـوێنی ناكـەون. ئـەو پرسـیارەمان ئاراسـتەی چەندەهـا كـەس كـردووە كـە ئایـا ئەگـەر مێردەكـەت خیانەتـت لـێ بـكات چـی دەكەیـت؟ بـێ سـێ و دوو یەكسـەر دەیانـووت جیـا دەبمـەوە لێـی چونكـە هـەر ئەوەنـدە دەسـتەڵاتی هەیـە. ئـەوە بـاس لـە پیـس بوونـی كۆمەڵگـە بـە منداڵـی بـێ بـاوك هەرمەكـە كـە پـڕی دایەنگاگانـن وەیـان تەنهـا لـەلای یـەك لایەنـن، بەبـێ سـۆزی دایـك و بـاوك وەیـان یەكێكیـان، ئـەی لـە كوێیـە مافـی منـداڵ!؟ مافیـان ئەوەیـە بەبـێ كـەس لەدایـك بـن!؟ مافیـان ئەوەیـە سـەرگەردان بـن!؟ مافیـان ئەوەیـە دایـك و بـاوك تەنهـا بـە ووشـە بزانـن!؟ ئـەو هەمـوو كێشـە كـە بەهـۆی بەدڕەوشـتیەوە دروسـت دەبێـت كـە لەباسـكرندا نایـەن ئەوەنـدە زۆرن. جـا بۆیـە زۆر زۆر جێگـەی خۆیەتـی ئەگـەر یەكێـك كاری بەدڕەوشـتی كـرد لەگـەڵ ئەوەشـدا خیزانـی هەیـە زۆر جێگـەی خۆیەتـی بـە بـەرد لەنـاوی بـەی چونكـە میكرۆبـە بـۆ كۆمەڵگـە وە بەڵكـو ئـەو ئـازارە ببێتـە مایـەی ئـەو تاوانـە گـەورەی و وە ببێتـە وانـەش بـۆ خەڵكانـی تـر تـا ئـەو مافـە نـەدەن بـە خۆیـان كـە جـۆرە خیانەتێكـی بەوشـێوە بكـەن ئـەو هەمـوو تاوانـەی لـێ بكەوێتـەوە لەسـەروی هەموویانـە گوێڕایـەڵ نەبوونـی بـۆ فەرمانـی خـوای گـەورە. جـا گـەر ئێسـتە دوای ئـەم ڕوونكردنـەوە بگەڕێینـەوە سـەر ئایەتەكـە. لـە تەفسـیری قورطوبیـدا لەسـەر ووشـەی (خفتـم) هاتـووە

ئەگـەر کەسـێك گومانـی بـوو لـەوەی کـە دادگـەر نابێـت لـە نێـوان ژنەکانیـدا بـا یەکێـك بهێنـێ، چ جـای ئـەو هەمـوو تاوانـە بەرانبـەر ئافرەتـان دەکرێـت لـە خیانـەت کـردن لییـان و وەبازرگانـی کـردن پییانـەوە!؟ بـەڵام لێـرەدا جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە زۆرێـك چ لـە وولاتـی خۆمـان وە چ لەوولاتانـی ئیسـلامی بەشـێوەیکی گشـتی ئەوکەسـانەی کـە ژنـی دووهـەم یـان زیاتـر دەهێنـن لەسـەر ئـەو بنەمـا کـە شـەرع داینـاوە دەیهێنـن!؟ بەڵکـو زۆرێـك هـەر لـە ڕقـی ژنـە کۆنەکـەی ژنێکـی تـر دەهێنـێ! کـە بەڕاسـتی ئەمـە ئـەوە دەگەیەنـێ هـەر لەسـەرەتاوە نیەتـی پـاك نەبـووە! لـە ئایەتەکـەدا وەك ڕونمـان کـردەوە ووشـەی (خفتـم)دا دەرکـەوت.

## وورد بوونەوە لەسەر ئایەتی فرەژنی

دەبیسـتم هەریەکـەو بـۆ خـۆی لەسـەر ئایەتـی فرەژنـی دەدوێ وەك وابێـت مەتـەڵ بێـت، بـەڵام کەسـیش نـی یـە بڵـێ واللـە هەڵـت هێنـا ئیـتر بەسـە، لەوانـەی کـە بۆچونـی خۆیـان دەدەن لەسـەر ئـەو ئایەتـە زۆریـان ناشـزانن ئایەتەکـە بـە ڕاسـتی بخویننـەوە ! قسـە لـە شـتێکدا دەکـەن کـە شـارەزاییان لێـی نـی یـە! بۆیـە لـە ئیسـلامدا ئەگـەر کەسـێك وەڵامـی پرسـیارێکیش بداتـەوە بـەڵام لەسـەر بنەمایەکـی زانسـتی نەبـوو بێـت ئەگـەر وەڵامەکەشـی ڕاسـت بێـت هـەر تاوانبـارە لەوانەیـە بڵێـن بـۆ خـۆ وەڵامەکـەی ڕاسـتە؟ بـەڵام هـۆی تاوانباریەکـەی ئەوەیـە کـە مومارەسـەی کارێکـی کـردووە بەبـێ بنەمایـەی زانسـتی، لـە ئیسـلامدا ڕێگـە پێنـەدراوە کـە لەسـەر بنەمـای نەزانـی بۆچۆنـی خـۆت بڵێـی وە ئـەم کارە زۆر خراپـترە ئەگـەر قسـەکەش لەسـەر ئایەتـی قورئانـی بێـت، کـە ئـەو هەمـوو مەرجـەی

بـۆ دانـراوە، وە یەکێـك لـەو مەرجانـە دەبێـت عەرەبـی بزانیـن بـە ڕێزمـان و ووردەکاریەکانیـەوە نـەوەك تەقـەی سـەرت بـێ لـە عەرەبیـداو بەئـارەزوو ئیجتیهـاد بکـەی...! جگـە لـەوەی کـە دەبێـت ئـاگـات لـە هـۆکاری دابەزینـی ئایەتەکـە بێـت، مێـژووی، زانسـتەکانی قورئان..تـاد، بـەڵام ئەوانـەی کـە ئەمـڕۆ دێـن و قسـە لەسـەر ئـەم ئایەتـە دەکـەن دەتوانـم سـوێند بخـۆم بـە خـوا کـە زۆریـان نازانـن ئـەو ئایەتـە لـە چ سـورەتێکدایە! چونکـە گوێـم لـێ بـوو لـە کەناڵەکانـەوە لـە چەندەهـا کەسـی جیـا جیـا کاتێـك کـە دەیـان ویسـت ئایەتەکـە بڵێـن زۆریـان هـەر بۆیـان نەدەهـات وە هەندێکیـان بـە پچـڕ پچـڕو نیـوەو ناتـەواو سـەروگوێیان دەشـکاند! پێـم خۆشـە بچمـە خزمەتـی ئـەو ئایەتـەی کـە بـاس لـە فرەژنـی دەکات وە ڕوونـی بکەمـەوە بـە پشـت بەسـتن بـە چەنـد سـەرچاوەیەکی بـڕوا پـێ کـراو، لـەو تەفسـیرانەی کـە بەناوبانگـن لەنـاو کۆمەڵـی سـونەو جەماعەتـدا چەنـد ڕوونکرنەوەیـەك لـە ڕوانگـەی فیقهـەوە هـەر لەسـەر هەمـان بابـەت.

خـوای گـەورە لـە قورئانـی پیـرۆزدا لـە سـورەتی النسـاء ئایەتـی سـێ دەفەرمـوێ { وَإِنْ خِفْتُـمْ أَلَّا تُقْسِـطُوا فِي الْيَتَامَـى فَانْكِحُـوا مَـا طَـابَ لَكُـمْ مِـنَ النِّسَـاءِ مَثْنَـى وَثُـلَاثَ وَرُبَـاعَ فَـإِنْ خِفْتُـمْ أَلَّا تَعْدِلُـوا فَوَاحِـدَةً أَوْ مَـا مَلَكَـتْ أَيْمَانُكُـمْ ذَلِـكَ أَدْنَى أَلَّا تَعُولُـوا} ئەڵبـەت ئێمـە لێـرەدا تەنهـا بـاس لـەو بەشـە دەکەیـن کـە مەبەسـتی فرەژنیەکـە دەردەخـات لـە تەفسـیری ابـن کثیـردا لـە ڕاڤـەو شـیکردنەوەی ئـەم ئایەتـەدا کۆمەڵێـك فەرمـوودەی باسـکردووە بـاس لـەوە دەکات کـە کاتێـك ئـەم ئایەتـە دابـەزی هاوەڵـی وا هەبـوو زیاتـر لـە چـوار ژنـی هەبـوو، وەك ئاشـکرایە کـە فرەژنـی شـتێك نـی یـە کـە ئیسـلام دایهێنابێـت وە پێـش ئیسـلام کەسـی وا هەبـوو زیاتـر لـە چـوار ژنـی هەبـووە، وە هەبـووە دە ژنـی هەبـووە لەیـەك کاتـدا، هەشـبووە زۆر

زۆر زیاتـر، بـەڵام ئیسـلام ئـەم فرەژنیـەی دیـاری کـرد وە کورتـی کـردەوە لـە چـوار ژنـدا، وەك لـە فەرمودەکانیشـدا هاتـووە کـە پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت، بـە هاوەڵەکانـی دەفەرمـوو ئەوانـەی کـە زیاتـر لـە چـوار ژنیـان هەبـوو پێـی دەوتـن کـە چواریـان بهێڵنـەوەو باقیەکەیـان تـەڵاق بـدەن، ئەگـەر زیاتـر لـە یـەك ژن حـەرام بوایـە ئەمـری پـێ دەکـرن کـە یەکێکیـان بهێڵـن و باقـی هەمـووی دیکـەی تـەڵاق بـدەن، ڕاجیـاوازی نـی یـە لـەوەی کـە تـا چـوار ژن حەڵاڵـە، بـەڵام هەندێـك بەتایبـەت لەنـاو شـیعەکاندا زیاتـر لـە چواریـش بەحەڵاڵیـان دانـاوە، کەسـێك نەهاتـووە بڵـێ دوو ژن ڕێگـە پێنـەدراوە، ئەمـەش بـەوە ڕەد ناکرێتـەوە ئەگـەر سـی و نـۆ کـەس دەنگـی بـۆ بـدات وەیـان سـی و پێنـج، خـۆی شـتێکی نەشـیاوە کـە ئایەتـی قورئانـی بخرێتـە دەنگـەوە! کەخـراش دەنگیشـی هێنـا بـۆ ئیـتر بەرەنـگاری دەبنـەوە! لـە ڕاسـتیدا ئەمـە ئـەوە دەردەخـات کـە دیموکراسیشـیان قبـوڵ نـی یـە! خـۆ ئەگـەر وا بوایـە نەدەبـوو چیـتر قسـەیان بکردایـە، بـەڵام زۆر بەداخـەوە کەسـانێك دەیانەوێـت دژایەتـی بیـرو باوەڕمـان ببنـەوە بـەڕەد کردنـەوەی ئایەتـی قورئانـی. لـە تەفسـیری الجلالینـدا لـە ڕاڤـەی ئـەم ئایەتـەدا هاتـووە کـە دەتوانـن تـا چـوار ژن بهێنـن بەئـارەزووی خۆتـان مەگـەر ترسـی ئەوەتـان هەبێـت کـە نەتوانـن مەسروفـی بـۆ دابیـن بکـەن، کەوابـوو ئەگـەر توانـرا ئـەوە بکرێـت هیـچ ڕێگرێکـی تـر نـی یـە وەك لـە فیقـە السـنة دا هاتـوو لـە بەرگـی دوو لاپـەڕە ١٨٦ دەڵـێ: أبـاح اللـه تعـدد الزوجـات و قـصره علـی أربـع، وأوجـب العـدل بينهـن في الطعـام والكسـوة والمبيـت.، واتـە خـوای گـەورە ڕەوای کـردووە فرەژنـی وە کورتـی کردووەتـەوە لـە چـواردا لـە چـوار زیاتـر دروسـت نـی یـە، وە هەروەهـا واجبیشـی کـردووە کـە دادگەربـن لـە نێوانیانـدا لـە خـواردن، پۆشـاك، جیگـەی نیشـتەجێ، کەوابـوو ئـەوەی داواکـراوە لـە

دادگەریدا سێ شتە ١-خواردن ٢-پۆشاك ٣-جێگەی نیشتەجێ. وە کەسێك توانی ئەو سێ شتە بکات بۆی هەیە ژن بهێنێ ئەگەر هیچ دەنگیش نەهێنێ...خوای گەورە ئەو ڕەوایەی پێ بینیوە کە دروستکەرو دادگەرە وە بێگومان هەرئەویش باشترو شیاوترە، ئەگەر کەسانێکیش پێیان ناخۆش بێت، ئەو کەسانەش کە دەڵێن کە کەس ناتوانێت دادگەر بێت وەك خوای گەورە دەفەرموێ {ولن تستطيعوا أن تعدلوا بين النساء ولو حرصتم، فلا تميلوا كل الميل فتذروها كالمعلقة} ئەم ئایەتە بێگومان دژایەتی لەگەڵ ئایەتی پێشوودا نی یە، چونکە گونجاو نی یە کە ئایەتی قورئانی پیرۆز دژی یەکتری بن وە بێگومان واش نی یە، کە ئەوەش یەکێکە لە موعجیزەکانی قورئانی پیرۆز کە هەموویان گونجاون لەگەڵ یەکتریدا ئەو ئایەتەی کە لە یەکەم ساڵدا هاتووەتە خوارەوە لەگەل ئەو ئایەتەی کە ساڵی کۆتای هاتووەتە خوارەوە گونجاون پێکەوە وەك خوای گەورەش دەفەرموێ لە سورەتی النساء ئایەتی هەشتاو دوو { أَفَلا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلافًا كَثِيرًا } ئەگەر ئەم قورئانە لەلای خوای پەروەردگارەوە نەبوایە دژایەتی زۆری تێدا دەبینرا، ئەم ئایەتە وەڵامەوە بۆ ئەو کەسانەی کە ئایەتی {ولن تستطيعوا أن تعدلوا بين النساء ولو حرصتم، فلا تميلوا كل الميل فتذروها كالمعلقة} لێك دەدەنەوە بەڵکو مەبەست لەم ئایەتە خۆشەویستی و مەیلی دڵی یە کە ئەویش شتێك نی یە کە ئینسان خۆی بتوانێت زۆر تەحەکومی تێدا بکات، خۆ کەسی واهەیە هەر یەك ژنیشی هەیەو خۆشیشی ناوێت! ئەی خۆ دەبوو بە پێچەوانەوە بوایە، زۆرکەسێك منداڵەکانی خۆی وەك یەك خۆش ناوێت یان دایك و باوکی وەك یەك خۆش ناوێت با بە زاهیریش وا بڵێ بەڵام بێ گومان وا نی یە، هەموو

کەسێك دەتوانێت ئەو پرسیارە لە خۆی بکات.
هەر لە هامان لاپەڕەی فیقە السنة داهاتووە لە مانای ئەو ئایەتەدا دەفەرموێ: فاءن العدل المطلوب هو العدل الظاهر المقدور علیة ولیس هو العدل في المودة والمحبة، فاءن ذالك لا یستطیعه أحد، بل العدل المنفي هو العدل في المحبة والمودة والجماع، جا ئەمە ڕەدێکە بۆ ئەوانەی کە بەوشێوە ئەو ئایەتە لێك دەدەنەوە، وە بەڕاستی ئەمە هەڵەیەکی ترسناکیشە لەهەمان کاتدا چونکە بۆ؟ ئەوەی کە ئەم مشتومڕەو ناڕەزاییەی دروست کردووە لەبەر بەرگری کردنە لەو ئایەتە قورئانیە کەچی لەم لاوە دژی ئایەتێکی تریش دەبنەوە! کە بەڕاستی زۆر جێگەی تێڕامان و ئەسەفە کە کەسانێك بەو شێوەیە بڕواننە قورئان، کە دەشیان دوێنی دەڵێن قورئان پیرۆزە! ئەی پرۆزە چۆن دەبێت ئاوای لێ بکرێت! پیرۆزە دەبێت ووردبینەوە لێی و خۆمانی لێ شارەزا بکەین و کاری پێ بکەن ئەگەر دژایەتی بکەین و کاری پێ نەکەین و هەر بەدەم بڵێن پیرۆزە ڕاستی قسەکانمان دەرناخات. لە تەفسیری طەبەری و قورطبویشدا هەمان شت زیاتر درێژەی هەیەو وە دووبارەی دەکەنەوە کە تا چوار ڕێگەی پێدراوە مەگەر نەتوانرا کە دادگەری ڕەچاو بکرێت، ئەو کاتە تەنها هەر یەکێك دەبێت بهێنێ، هەتا ئەگەر نەشی توانی دادگەر بێت لەگەڵ یەکێکیشدا بێگومان ئەویش هەر دروست نی یە چونکە ئەو کاتە ستەمی لێ دەکات وە ستەمیش لە ئیسلامدا ڕێگە پێنەدراوە، هەروەها ئەم ڕێگە پێدانەش نە واجبە وە نە سونەتیشە بەڵکو شتێکە ئیسلام ڕێگەی پێداوە واتە (مباحە) وە باردۆخەکانیش جیاوازن هەربۆیە دەبینین خەڵکی پێویستیان پێی دەبێت، بەڕاستی هەرگیز بە مافی ئافرەتی نازانم ڕێگری لێ بکرێت لەم بارەوە لەکاتێکدا

زەواجـی مسـیار بێدەنگـن لێـی لەگـەڵ بەدڕەوشـتی و خراپـەکاری، چ ڕێگـە چارەیـەك هەیـە بـۆ ئـەو هەمـوو بێوەژنـەی کـە زۆربـەی مێردەکانیـان لـە شـەڕی ناوخـۆدا کـوژاوە! چ ڕێگـەی چارەیـەك هەیـە بـۆ هەمـوو ئـەو قەیـرە کچانـە کـە کـوڕەکان زۆرینـەی لـە تـاودا وولاتیـان بەجـێ هێشـتووە، حکومـەت هـەروەك چـۆن هۆکارێـك بـوون بـۆ زۆربوونـی ئـەو قەیرانـە، چـۆن دەبێـت قەیرانێکـی تریشـیان بـۆ دروسـت بکـەن، ڕێگـەی چارەکانیـش زۆرن هـەر بـە فرەژنـی نـی یـە، ئـەو هەمـوو کـوڕە کـوردە لـە ئەوروپـان کـە ئامـادەن هـەر قەومێکـی تریـان دەسـت بکەوێـت دێننـی لـە کاتێکـدا جیاوازیەکـی زۆر لـە هەمـوو ڕووەکانـەوە هەیـە، بـۆ کار ئاسـانی ناکـەن بـۆ ئـەو کوردانـە بگەڕێنـەوە ئایـا ئەمـە زۆرێـك لـەو کێشـانە چـارە سـەر نـاکات؟

یەکێکی تر لەو ئایەتانەی کە گومانی لێ دروست دەکەن ئەمەیە

[فَـإِذَا لَقِيتُـمُ الَّذِيـنَ كَفَـرُوا فَـضَرْبَ الرِّقَـابِ حَتَّـى إِذَا أَثْخَنْتُمُوهُـمْ فَشُـدُّوا الْوَثَـاقَ فَإِمَّـا مَنًّـا بَعْـدُ وَإِمَّـا فِـدَاءً حَتَّـى تَضَـعَ الْحَـرْبُ أَوْزَارَهَـا ذَلِـكَ وَلَـوْ يَشَـاءُ اللَّـهُ لَانْتَـصَرَ مِنْهُـمْ وَلَكِـنْ لِيَبْلُـوَ بَعْضَكُـمْ بِبَعْـضٍ وَالَّذِيـنَ قُتِلُـوا فِي سَـبِيلِ اللَّـهِ فَلَـنْ يُضِـلَّ أَعْمَالَهُـمْ] محمـد ٤ واتە:(ئـەم فەرمانـە بـۆ کاتـی بەرەنـگار بوونەوەیـە لـە گـۆڕەپانـی جەنگـد) جـا کاتێـك کـە گەشـتن بەوانـەی کـە بـێ بـاوەڕ بوون،بێنـە دەسـت لییـان و لەگەردنیـان بـدەن (ئەگینـا ئـەوان ئێـوە دەکـوژن) تـا کاتێـك کوشـتاری زۆریـان لـێ دەکـەن، ئینجـا کـە هێزیـان نەمـا، بەدیـل بیانگـرن بـە تونـد باڵبەسـتیان بکـەن، ئەوسـا یەکێـك لـەم دوو کارەیـان لەگەڵـدا ئەنجـام بـدەن: یـان بـە پیاوەتـی و منـەت؛ یاخـود بـە گۆڕینـەوەو فیدیـە ئازادیـان بکـەن، تاشـەڕ کۆتایـی دێـت و ئاسـەواری نامێنێـت و دوژمنتـان چـەك دادەنێـن، بڕیارەکـە ئاوەهایـە، ئەگـەر خـوا بیویسـتایە خـۆی تۆڵـەی لـێ دەسـەندن، بـەڵام دەیەوێـت بەیەکـتر تاقیتـان

بکاتەوە، ئەوانەش لە پێناو خوادا شەهید بوون، هەرگیز پاداشتی هەوڵ و کۆششیان بەزایە نادات.
زۆرن ئەو ئایەتانەی کە لەسەر جیهاد و هەوڵ و تێکۆشان دەدوێن تەنها ئەمەمان هەڵبژارد چونکە ئەم ئایەتە زیاتر توندی پێوە دەردەکەوێت وەك ئەوان دەڵێن! هەموو ئایەتەکانی تر لەسەر جیهاد دەتوانین بڵێین هەمان قەوانە ئەوان لێی دەدەنەوە. وەك وابێت ئەم ئایەتانە پێچەوانەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئەو شتانەیە. با بێینە سەر ئایەتەکە شەمشەمەکوێرەکان ئەم ئایەتە وا لێك دەدەنەوەو وێنەیەکی وا نیشانی خەڵکی دەدەن کە ئەوەی ئیسلام بێت دەبێت شمێشێرێکی پێ بێت و ئەوەی مسوڵمان نەبێت و پێی گەشت ملی بپەڕێنێت چونکە جیهادە! ئەمەش کۆمەڵانێکی پێ دەخەڵەتێ! ئەگەر شارەزایان نەبێت لە قورئان و ئیسلام، بەڵام کە دێنەسەر ئەو ئایەتانەی کە ئەوان وای لێك دەدەنەوە نەك پێچەوانەیە هەر زۆر بەهەڵەشدا چوون، چونکە ئەو ئایەتانە باسی کاتی جەنگ دەکەن وەك لە فەفسیری طەبەریدا هاتووە: [الْقَوْل فِي تَأْوِيل قَوْله تَعَالَى : { فَإِذَا لَقِيتُمْ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْب الرِّقَاب } يَقُول تَعَالَى ذِكْره لِفَرِيق الْإِيمَان بِهِ وَبِرَسُولِهِ : { فَإِذَا لَقِيتُمْ الَّذِينَ كَفَرُوا } بِاَللَّهِ وَرَسُوله مِنْ أَهْل الْحَرْب , فَاضْرِبُوا رِقَابهمْ .] ئاشکرایە ئەم کارانە مسوڵمانان لەکاتی شەڕدا دەتوانن بیکەن، خۆ گونجاو نی یە هەرکەسێکت پێگەشت بیکوژیت! مێژووی هەزار ساڵەی ئیسلام شایەتحاڵی ئەمەشن، کە مسوڵمانان چەند بە بەزەیی بوون، وەکاتێك کە شەڕیش بووە وەك لە چەندەها فەرموودەشدا هاتووە کە ئەمانە نەکوژن: پیر، ئافرەت، منداڵ، شەڕنەکەر. وە نەشکاندی دارو درەخت و کاولکاری نەکەن. لەوانەیە بپرسن بڵێن ئەی ئەوەنی یە لەم

ئایەتـەدا دەڵـێ بـدەن لـە ملیـان ئـەم چ بەزەییەکـە؟ وەڵامەکـەی ئەوەیـە ئەمـە کاتـی شـەڕەو کـە دەسـتەویەخە بەرانبـەر یەکـن ئـەی خـۆ ئەگـەر ئـەم نـەدا لـە ملـی ئـەو ملـی خـۆی دەپەڕێنـن. مـن پرسـیارێك ئاراسـتەی هەمـوو ئـەو کەسانە دەکـەم کـە ئـەم جـۆرە گومانانـە دروسـت دەکـەن ئەگـەر دەسـتەویەخە بـووەوە لەگـەڵ یەکێکـداو ویسـتی بیکوژێـت ئـەو چ دەکات؟ بـا مسـوڵمانیش نەبێـت دەڵێـت فەرمـوو دانیشـە بـا گفتوگـۆ بکەیـن! خـۆ ئەگـەر بڵێـی بەڵـێ تـا خـۆت دەخوێنیتـەوە ئـەو ملـی هەڵکەنـدووی. چونکـە شـوێنەکە جێگـەی ئـەوە نـی یـە. خـۆ ئەگـەر بێینـە سـەر دونیایـی تازەگـەری ئەمـڕۆ نمونـە زۆر زۆرن لەسـەر ئـەم جۆرەکارانـە کـە کەسـانی نـا مسـوڵمان کاری وا دەکـەن خۆشـیان پێیـان هـەزم ناکرێـت، بـا زۆر دوور نەڕۆیـن لێدانـی ئەمەریـکا لـە عێـراق چـی تێـدا دەکرێـت!!! ووڵاتەکـە داگیـر دەکات! خێـرو بەرەکەتەکـەی دەبـات! منـداڵ دەکوژێـت! ژن دەکوژێـت! پیـر دەکوژێـت! دارودرەختەکانیـش دەسـوتێنن و کاولـی دەکـەن! ماڵەکـەت دەڕوخێنـن، هەوڵـی گوڕینـی دینەکەشـت دەدەن، بـێ ئەخلاقـی بەرانبـەر ئافرەتـەکان دەکـەن، خەڵك دەکـەن بـە نیشـانە شـکێن بـۆ خۆشـی خۆیـان، دزی دەکـەن، بـە دواکەوتـوو خەڵکەکـەش لەقەڵـەم دەدەن و ئیدیعـای بـۆ دەکـەن، وە زۆرێکـی تریـش ئینجـا لێشـت ڕازی نیـن!!! هەمـوو ئەوانـە کـراوەو حاشـا هەڵنەگـرە، تـا ئێسـتەش بەردەوامـە. نمونـەی لـەم جۆرانـە زۆر زۆرن بـەڵام وروژاندنیانـم پـێ خـۆش نـی یـە حیزبەکانـی خۆمـان چیـان کـرد لەنـاو یەکـدا؟ خـۆ کێشـەکەیان دیـن نەبـوو. ئەگـەر بـە ئینسـافیەوە بڕوانینـە کارەکان ڕاسـتیەکانمان بـۆ دەردەکەویـت. کورتـەی ئـەم باسـە ئەوەیـە کـە کاتـی شـەڕ کاتـی شـەڕە ئەگـەر تـۆ بەرانبەرەکـەت نەکوژیـت ئـەو تـۆ دەکوژێـت. لێـرەدا پرسـیارێك ئاراسـتەی ناحـەزان دەکـەم باشـە ئەگـەر

مسـوڵمان لـە مەیدانـی جەنگـدا جەنگـی نەکـرد بەرانبەرەکـەی چ دەکات بێگومـان زۆر بەئاسـانی هەموویـان دەکـوژن ئـەی بـۆ ئـەو مافـە دەدەن بـەوان کـە مسـوڵمانەکان بکـوژن بـەڵام بـە مسـوڵمانەکان نـە. ئـەو جـۆرە قسـانە بـێ مانـان زۆر نەگونجـاون، مسـوڵمان لەکاتـی شـەڕدا خەڵـك دەکـوژێ کارێکـی ئاسـاییە بـۆ ئـەو کاتە...بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەدا یاسـایی خۆیشـی هەیـە چونکـە هەڵگیرسـانی شـەڕ ئاسـان نـی یـە وە کـە چاریـش نەمـا ئەوسـا بـە گوێـرەی خۆیشـی دەیـکات لەگـەڵ ڕەچاوکردنـی پیـرو، ژن و، منـداڵ و... هتـد کۆتایـی بـەم ئایەتـە دەهێنـم بـەوەی ئەگـەر مسـوڵمانان ووڵاتێکیشـیان فەتـح کـرد دزیـان لێناکـەن، ڕەزو دارەکانیـان ناسـوتێنن، ماڵەکانیـان وێـران ناکـەن، سـوکایەتیان پێناکـە، تەنهـا شـتیك کـە بیکـەن لێسـەندی جزیەیـە ئەویـش لەبـری ئەوەیـە کـە زەکات نـادەن چونکـە مسـوڵمانان زەکات دەدەن ئـەوان نایـدەن جـا بـۆ ئـەوەی پارسـەنگیەك دروسـت ببێـت دەبێـت جزیـە بـدەن کـە ئەویـش بـۆ کۆمەڵگەکـە خۆیانـە هـەروەك زەکاتـی مسـوڵمانەکان وە جزیـەش لـە منـداڵ و ژن و نەداریـش ناسـەندرێت خـۆ ئەگـەر نـەدار بـوون یارمەتیشـیان دەدرێـت، دەبێـت پارێزراویـش بـن یانـی لـە ئەمانـدا بژیـن مسـوڵمانان دەبێـت ئـەو ئەمانەیـان بـۆ دەسـتەبەر کردبێـت ئەگینـا مافـی جزیەدانیشـی لەسـەر نامێنـێ، هـەروەك ئەگـەر مسـوڵمانیش بـوو جزیەدانـی لەسـەر لادەچێـت چونکـە ئەوکاتـە زەکات دەدات. بـەڵام ئەگـەر سـەیری داگیـر کردنـی عێـراق بکەیـن بەتـەواوی بـە پێچەوانەوەیـە ئیـتر نازانیـن دیموکراتیەکـەی ئەمەریـکا لـە کوێدایـە، سـەروەتی خەڵـك دەبرێـت، لـە ئەمانیشـدا نـی یـە هەمـوو چرکەیـەك موعـەرەزە بـۆ کوشـتن، سـوکایەکی بـە خەڵکەکـەی دەکرێـت بـە هەمـوو جۆرەکانیـەوە، هەڵوێسـتی دەسـڵاتدارانیش دیـارن چیـان پـێ دەکرێـت!

# سەرچاوەکان

١-قورئانی پیرۆز
٢-تەفسیری ابن کثیر
٣-تەفسیری طەبەری
٤-تەفسیری قورطبی
٥-تەفسری الجلالین
٦-فقه السنة بەرگی دوو

١ واتە ئاینی ئیسلام ڕێگەی پێدابێت مەبەست ئەو کارانەیە کە لە چوارچیوەی شەرعدا بێت

٢ ئایەتی ٢٨٦ سورة البقرة

٣ ١٨٧١١١ – بلغوا عنى ولو آية، وحدثوا عن بني اسرائيل ولا حرج ومن كذب علي متعمدا فليتبوآ مقعده من النار الراوي:عبدالله بن عمرو بن العاص-خلاصة الدرجة}:صحيح-{امحديث:البخاري – المصدر:الجامع الصحي الصفحة او الرقم ٣٤٦١

٤ ٦٥٢٦ - ما منكم من أحد إلا سيكلمه ربه ليس بينه وبينه ترجمان ، فينظر أيمن منه فلا يرى إلا ما قدم من عمله ، وينظر أشأم منه فلا يرى إلا ما قدم ، وينظر بين يديه فلا يرى إلا النار تلقاء وجهه ، فاتقوا النار ولو بشق تمرة ) . الراوي: عدي بن حاتم الطائي - خلاصة الدرجة: [أورده في صحيحه] وقال : قال الأعمش : وحدثني عمرو بن مرة ، عن خيثمة : مثله . وزاد فيه : ولو بكلمة طيبة - المحدث: البخاري - المصدر: الجامع الصحيح - الصفحة أو الرقم: ٧٥١٢

٥ رواه الترمذي

٦ رواه البخاري

٧ رواه البيهقي


٨ رواه البخاري

# پێڕست

پێشەکی........................................................... ٣
لە ڕوانگەی قورئانەوە ............................................. ٤
ئیسلام و ئامانجەکانی.................................................. ٧
ئەرکانەکانی ئیمان (أرکان الایمان)................................ ٣٨
ئەرکانەکانی ئیسلام (أرکان الاسلام)............................... ٣٨
بانگەواز (الدعوة)..................................................... ٣٩
سەرم سوڕماوە........................................................ ٤٠
کورتەیەك لەسەر حەڵاڵ و حەرام................................... ٤١
هۆکاری لاچونی تاوان لەسەر تاوانبار............................. ٤٤
مسوڵمان لە نێوان عەقڵ و شەیتاندا............................... ٤٨
دیاردەی خۆ کوشتن لە ئەوروپا دیوی نادیار..................... ٥٣
ئامۆژگاری بۆ خەڵکی بەسرە......................................... ٥٥
گەڕانەوە بۆ ئیسلام بە نموونە......................................٥٧
لێخۆشبوون ومیهرەبانی بەڕێوەیە ................................٦٢
هەڵوێستەیەك لەگەڵ خۆمان و ڕەمەزەندا........................ ٦٢
کاریگەری دراماکان لە مانگی ڕەمەزاندا......................... ٦٤
تێگەیشتن لە قورئان.................................................. ٦٧
گەورەترین و بەهێزترین کۆبونەوە (زەنگێك بۆ حەجخوازان)..........٨٠
چۆن کەسێکی سوپاسگوزاربم؟ ئەوەش وەڵام.................... ٨٤
ڕووت و قوتی ئازادەو داپۆشراوی قەدەغە دەکرێت................ ٨٥
ڕەوشی ئافرەتانی کورد لە ئەوروپا.............................. ٨٨

عەقیقــە وەك مافێكــی گــەورەی منــداڵ......................... ٩٢
قۆناغــی هــەرزەكاری.............................................. ١٠٠
خوازبێنــی و ژن هێنــان.......................................... ١٠٣
ڕوونكردنەوەیەكی ورد و جوان لەسـەر قـەزاو قـەدەر.................... ١١٠
ڕێـزو وەفـاداری بـۆ مامۆسـتا......................................... ١١٢
خوێنـدن لـە دوورەوە وەیـان لەسـەر تـۆڕی ئەنتەرنێـت................. ١١٥
جیاوازی توێژینـەوەی زانكۆكانی ئەوروپا و كوردسـتان.................. ١١٦
چۆنێتـی دانانی ووشـەی نهێنـی بـۆ نوسـینەكانمان.................... ١١٩
دزی و ڕۆژمانەنووسـی................................................ ١٢٢
كات پێشـكەوتنە.................................................. ١٢٤
بۆشـای كردنـەوە بـۆ نەیـاران.......................................... ١٢٦
ئائەمەیـە سـەلیقەو دانایـی مسـوڵمانێتی!............................ ١٢٨
سـەمەرەیەكی تـری جیهانـی تازەگـەری.............................. ١٣١
یوتیـوب تەمەنێكـی كـەم جەماوەرێكـی زۆر............................ ١٣٤
بەكارهێنانــی كرێدیـت كارد........................................ ١٣٥
قیبلـە: بوونـم بەسەرنووسـەر لـە دەریـای نـوور........................ ١٤٠
دارەكـەی ئیـمام محەمـەد لـە بنـدا ببـڕن............................... ١٤٨
پەیڤێـك لـە قـوڵای دڵـەوە بـۆ پـورزای كۆچكـردووم..................... ١٥٠
گەشــت و گــوزاری شــەرعی......................................... ١٥٥
ڕووناكــی......................................................... ١٦٠
ئیعجـازی زینـدوو بوونـەوە نمونـەی پەنجەمـۆر......................... ١٦٥
ڕەواندنـەوەی گومـان لەسـەر ٢ ئایەتـی قورئانـی پیـرۆز.................. ١٦٦
وورد بوونـەوە لەسـەر ئایەتـی فرەژنـی................................. ١٧٦

ئەم پەرتوکە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك وتاری هەمەجۆر کە بۆ گۆڤارو پێگەو بڵاوکراوەو چالاکی جۆربەجۆر نوسراوە، لێرەدا کۆکراوەتەوە لە دوو توێی ئەم پەرتوکەدا بە ئومێدی سودی زیاترو خزمەت بە بواری ئیسلامی و ڕۆشنبیری.



# پەیامی ئیسلامی قیبلە

د.عومەر عەلی
٢٠١٨

زنجیرەی
١٧

ISBN 978-168454167-6